# گەلاوێژی نوێ

گۆڤارێکی ئەدەبی - ڕوناکبیریی مانگانەیە

## ئازادی.. داهێنان.. ئەقڵانییەت

خاوەنی ئیمتیاز:
**محمد دلێر أمین**

**ژمارە (٨)**
**ساڵی دووەم**
**تەمووزی**
**١٩٩٨**

سەرنووسەر:
**حسێن عارف**

سکرتێری نوسین:
**ئازاد بەرزنجی**

دەستەی نووسەران:
**عبدالله تاهیر بەرزنجی**
**لەتیف هەڵمەت**
**قوبادی جەلی زادە**

نەخشەساز:
**عبدالحسین عبدالله**

پسپۆڕی هونەری:
**ئیسماعیل خەیات**

## ژمارە (٨):

(١٥٠) لاپەڕەیە. بابەتەکانی لە ئامێزی ئەم لاپەڕانەدان: لێکۆڵینەوە (٤١)؛ شیعر (٩)؛ چیرۆك (١٢)؛ دیدار (٨)؛ بەڵگەنامە (٦)؛ سینەما (٦)؛ شانۆ (٤٥)؛ گەشتی رووناکبیری (١٩) لاپەڕەیە.

## بابەتەکان:

### لێکۆڵینەوە:


- خوێندنەوەیەکی چەپانەی لاوکی (دەروێشی عەبدی) ....... لەتیف هەڵمەت ....٤
- حەوت بەندە فارسیە دوپاتەکیەکەی مستەفا بەگ.... کوردێکی مێژوونووس..١٣
- بونیادگەری: چەمك و پێناسەو مێژوو............... و: کەریم دەشتی.........٣٦


### شیعر:


- پەیکەرێك لەبەرد ...................... ئەرخەوان ............ ٤٦
- شەوبین .....................................جەزا عەلی ئەمین......... ٤٨
- زەمەنی لەپێکەوتن ........................ عیرفان احمد .......... ٥٠
- یاداشتەکانی مانگ ......................... کوردۆ کاروان ............ ٥٢


### چیرۆك:


- خۆرنشین .................................. مەهاباد قەرەداغی .........٥٥
- دواحیکایەت ................................ عەتا محەمەد ..............٦٠

## دیدار:

- چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند (عەلی جۆلا)..... گ.ن ..................... ٦٧

## بەڵگەنامە:

- نامەکەی بۆدلێر ........................... و: ئومێد ئاشنا .......... ٧٥

## سینەما:

- سروودێك بۆ قارەمانێکی کێشی قورس ...... و: ابوبکر کاروانی ......٨١

## شانۆ:

- پێشڕەوایەتی لەشانۆدا ...............................محەمەد صدیق .......... ٨٧
- لەخاچ دانەوەی مەسیح .......................... و: ئازاد بەرزنجی ....... ٩٥

## گەشتی ڕووناکبیری:

- ........................ عەبدوڵڵا تامیر/فاروق... ١٣٢

❖ زنجیرەی بابەتەکان پەیوەستە بەدەرهێنانی هونەریی گۆڤارەکەوە.
❖ نوسینەکان دەربڕی بیروڕای سەربەستی نووسەرەکانیانن.

# خوێندنەوەیەکی چەپانەی لاوکی (دەروێشی عەبدی)و.. پانتایی لە لاوکەکەدا

لاوکی دەروێشی عەبدی چەند دەقێکی جۆر بەجۆری هەیەو من لەسەر ئەو دەقەی دواوم‌و کارم کردووە کە کاک محمدی مەلا عبدالکریمی مودەڕیس لەکتێبێکدا بەناونیشانی (کۆمەڵێک لاوک‌و حەیران) کۆی کردۆتەوە بێگومان لاوک هونەرێکی رەسەنی کوردی‌یەو زیاتریش تایبەتە بەکوردستانی باکوورەوەو ئەم هونەرە لەسەرەتادا هونەری دیوەخانی میران‌و بەگزادان بووەو لاوکی کورت هەیە کە ماوەکەی چەند خولەکێکەو لاوکیش هەیە چەند کاتژمێر یاخود چەند شەوێک دەخایەنێ‌و ناوەڕۆکی لاوکیش هەمەجۆرەو لاوک هەیە باسی کارەساتی دوو عاشق دەکاو لاوک هەیە باسی کارەساتێکی خێڵەکی یانەتەوایەتی دەکاو لاوکیش هەیە لەبارەی جوامێری قارەمانێکەوە دەدوێ‌و هەرچۆنێ بێ دەتوانین بڵێین لاوک ئاوێنەی قۆناغێکە لە قۆناغەکانی ژیانی نەتەوەی کوردو لە رێگای ئەم هونەرە بالآیەوە ناوی سەدان عاشق‌و



لەتیف هەڵمەت

نیشتمانپەروەرو پیاوچاک‌و ستەمکارو شوێن‌و جێگاو گوند پارێزراوە کە ئەگەر لاوک نەبوایە هیچ شتێکمان لەبارەیانەوە نەدەزانی.. هەر کارەساتێک‌و لاوکێکی بۆ گوتراوە هەر جوانەمەرگ بوونی عەشقێک‌و لاوکێکی بۆ هەڵبەستراوە هەر عاشقێک‌و بەجۆرێک لاوکێکی دەربارەی دڵدارەکەی گوتووە..و ژان‌و سوێی عەشقی خۆی تیادا خستۆتەڕوو..

لاوک ئەگەرچی زۆربەی بارو دۆخەکانی هەقایەتی گوێی ئاگردان‌و هەقایەتی خورافی تیادا بەدی دەکرێ.. بەلآم لەو دوو هونەرە میللی‌یە جیایەو تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو جۆرێک لەجۆرەکانی کێش‌و سەرواش پێڕەو دەکاو لە بۆتەیەکی شیعر ئامێزدا خۆی دەخاتە روو..

لاوکیش وەکو چیرۆکی ئەفسانەیی‌و چیرۆکە میللی‌یەکانی وەک شیرین‌و فەرهادو ناسرو ماڵ ماڵ‌و مەم‌و زین‌و قۆچ عوسمان‌و زەمبیل فرۆش‌و لاس‌و خەزال‌و دەیان بەیت‌و چیرۆکی میللی دی رەگەزی خێرو شەڕی تیادایەو هەردوو رەگەزەکە بەردەوام لەململانێ‌و زۆرانبازی دان. لاوک بێژ لەسەردەمی دەرەبەگایەتی‌دا لەدیوەخانی میرو ئاغایان لاوکی دەگوت‌و لەم بارەیەوە شاعیری گەورە هێمنی موکریانی لە پێشەکی توحفەی موظەفەری‌یەدا دەڵێ: خۆش خوان وەک هونەرمەندێک چاوی لێ نەدەکراو رێزی لێ نەدەگیرا بەلآم لەکوێخاو گزیرو سەرکارو پاکارو باب نۆکەرو غولام‌و چاپەزو بەردەست ماقووڵتر بوو.. هەقی

بوو لە دیوەخان لەسەر چۆك دابنیشێ‌و خەنجەر بچەقێنێ‌و ئانیشکی وێ بداو جا گوتن بڵێ خۆشخوان لەحزوری ئاغا نانی دەخواردو دەگەڵ مام میرزا لەسەر یەك سینی دادەنیشت‌و بەرماوە خۆر نەبوو. کەواتا بارودۆخ لەبار بووە بۆ ئەوەی دەنگخۆشان لەم بوارەدا داهێنانی خۆیان بکەن‌و کەلەپوورێکی مەزنمان لەلاوك بۆ بەجێبهێڵن کە لاوکی (دەروێشی عەبدی) یەکێکە لەو کەلەپوورە نەتەوایەتیەمان‌و ئاوێنەی قۆناغێکە لە قۆناغەکانی ژیانی کوردەواریمان‌و شێوە کلاسیکیەکانی ئەدەبی حەقایەت‌و چیرۆك لە فۆلکلۆرەوە سەری هەڵداوە بەتایبەتی حەقایەت‌و داستانی پاڵەوانبازی.. پاڵەوان لەم جۆرە ئەدەبەدا دروستکەری راستەوخۆی رووداوەکانەو دەربڕی راستەقینەی داب‌ونەریت‌و رەوشتە بەرزەکانی گەل‌و کۆمەڵەو تایبەتمەندێتی ئیستاتیکی هەموو جۆرەکانی ئەدەبی چیرۆك‌و حەقایەتی میللی پەیوەستی راستەوخۆی بەئایدیۆلۆژیای میللی‌و ویست‌و خواستەکانی گەلەوە هەیەو ئەگەرچی ئێستا زۆربەی حەکایەت‌و داستانەکان مۆرکی چینایەتی‌یان پێوە دیارە بەڵام لەراستی‌دا بنەمای ئەم دەقانە کە زۆربەیان تاسەرەتای ئەم سەدەیە زارەکی بوون زادەی بەهرەی‌کۆمەڵگای پێش قۆناغی



باشلار

چینایەتین‌و کاتێ ئەفسانەی سەرەتایی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو بووە بەئەفسانەی ئایینی یابووە بەمیسۆس.. پاڵەوان دووناودوون دەکاو دەبێ بەخواوەندو ئافەریندە بەڵام کەم جار وای لێ دێ بپەرسترێ. ئەدەبی چیرۆکی میسۆلۆژی مرۆڤی پێش مێژوو رەنگدانەوەی ژیانی ئەو سەردەمەی مرۆڤایەتیەو باسی ململانێی مرۆڤ لەگەڵ سروشت‌و دۆزینەوەی ئاگرو پەیدابوونی کشت‌و کاڵ‌و راو شکارو.... هتد مرۆڤ دەکات.

لە میسۆلۆژیای زۆربەی گەلاندا دوو پاڵەوانی رۆشنبیر هەن‌و گەلێ جار بران یەکێکیان شەڕخوازەو یەکێکیان خێرخوازەو ئێمە دەتوانین بڵێین (ئاهورامزدا)و (ئەهریمەن) کە یەکەمیان خێراخوازەو دووەمیان شەڕخوازە.. لەمیسۆلۆژیای کوردی‌دا (پێش سەرهەڵدانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام) دوو پاڵەوانن هەمیشە ئامادە بونیان هەیەو هەموو دەمێك کاری چاك‌و بەکەڵك دراوەتە پاڵ ئاهورامزداو هەموو کارێکی وێرانکاری‌و شەڕخوازیش دراوەتە پاڵ ئەهریمەن.

لە میسۆلۆژیای کوردی‌دا ئاهورامزدا هێزی رووناکی‌یەو لەمیسۆلۆژیای یۆنانی‌دا پرۆمیسیوس ئاگر لە خواوەندەکان دەدزێ‌و پێشکەشی مرۆڤی دەکات.. لە میسۆلۆژیای کوردی‌دا ئاهوورامزدا هەیە کە خوای رووناکی‌یەو هەر لەبەر خاتری ئەو بەردەوام لەپەرستگا زەردەشتی‌یەکاندا ئاگر نێڵەنێڵی هاتووەو ئاگرەوانی بووەو بەردەوام ئاگرەکەی جۆش داوەو نەیهێشتووە بکوژێتەوەو هەندێ لەزانایانی ئەورووپا لەوانەی کە زانای تایبەتی بواری فۆلکلۆرن راستەوخۆ حەقایەت دەخەنە خانەی ئەفسانە کۆنەکانەوە، لەوانە (راکالان‌و دی فریس‌و هتد) جا بەپێی بیروڕای ئەو زانایانە بەلای منەوە حەقایەت یالاوك یاداستانی چەتۆ دەچێتە ئەو خانەیەوەو رەنگە پاشماوەی یاتارمایی ئەفسانەیەك بێ‌و لەوساوە چەندین گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێ‌و لەم دەقەی‌دا گیرسابێتەوە کە ئێستا لەبەر دەستماندایە.. لەحەقایەتدا بەپێچەوانەی ئەفسانەوە کە مۆرکی کۆمەڵگەی هەیە پاڵەوانبازی تاکە کەسی بەدی

دەکەین‌و دوای سەرەنجام‌و چارەنووسی تاکە کەسی دەکەوین کە ئەو تاکە کەسەش پاڵەوانی حەقایەت‌و داستانەکەیە.. لە حەقایەتدا زیاتر بایەخ بە(بابەت)و ناوەڕۆك دەدرێ‌و زۆر جار فۆرم پشتگوێ دەخرێ بەتایبەتی لەو حەقایەتانەدا کە بەشێوەی شیعر دەهۆنرێنەوە جێی خۆیەتی کە بڵێم نەك هەر فۆرمی لاوکی چەتۆ بەڵکو فۆرمی زۆربەی زۆری ئەو روداوو حەکایەتانەی کە بەشێوەی لاوك خراونەتە روو هەروەها ئەو داستانە دڵداری‌و نەتەوایەتی‌و ئایینی‌و کۆمەڵایەتی‌یانەش کە بەشێوەی شیعر هاتوونەتە کایە لەبارەی فۆرمەوە گەلێ کەموکوڕییان تیادا بەدی دەکرێ‌و جێی ئەوە نیە لەو بارەیەوە بدوێم چونکە ئەم باسە لەبنەڕەتدا بۆ ئەو مەبەستە تەرخان نەکراوە، دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین کە لە هەندێ حەقایەت‌و چیرۆکی گوێ ئاگرداندا پاڵەوان مێینەیە.. من خۆم حەقایەتێکی ئەفسانەییم لە بیرە بەناوی -شائیسماعیل- ئەم حەقایەتە من هەشت نۆ سالان بووم پیرەژنێکی گەڕەکەکەمان بۆی گێڕاومەتەوە لە حەقایەتەکەدا شا ئیسماعیل دەگاتە قەڵایەك لە کەللە سەری ئادەمیزاد دروستکراوە.. لەوێ پاڵەوانێك فەرمانڕەوایە هەرکەسێ بگاتە ئەوێ زۆرانی لەگەڵدا دەگرێ‌و بەسەریا زاڵ دەبێ‌و سەری دەبڕێ‌و کەللە سەرەکەی دەخاتە کەلێنێکی قەڵاکەوە.. شا ئیسماعیل دەتوانێ پاڵەوانەکە بدات بە زەویداو دەیەوێ بەر خەنجەری بدات لەپڕ مەمکی پاڵەوانەکە سەرنجی رادەکێشێ‌و دەستی سارد دەبێتەوەو پاڵەوانەکەش پێی دەڵێ من کچم لەدڵی خۆمدا بڕیارم دابوو هەر کەسێ بمداتە زەویدا شووی پێبکەم... هتد.

پاڵەوانی مێینە لەگەڵێ حەقایەت‌و چیرۆکی تری کوردی‌و زمانەکانی تردا هەیە هەر بۆ نموونە لە ئەفسانەیەکی گریکیدا هاتووە کچێك هەبووە بەناوی (میدۆزا)و سەیری هەرکەسێکی بکردایە دەبوو بە(بەرد).

لەهەندێ داستان‌و چیرۆکی تردا پاڵەوان ئاژەڵە یادێوە هەر بۆ نموونە ئەفسانەیەکی گریکی باسی ئەوەدەکات کە سەگێکی دڕ بەناوی -سەربرووس- پاسەوانی جیهانی ژێر زەمینە.. یاجاری وا هەیە لە ئەفسانەو حەقایەتەکەدا باڵندەیەك رێگا بۆ پاڵەوان خۆش دەکات تاکو بکاتە خواستی خۆی.. هەر بۆ نموونە لە حەقایەتە کوردیەکاندا هەمیشە مەلیك ئەحمەد کوڕە بچکۆلەی پاشایەو لەبەر ئەوەی پاڵەوانێکی خێرخوازەو خەڵك خۆشیان دەوێ.. براکانی فێڵی لێ دەکەن‌و هەڵیدەدەنە جیهانی ژێرزەمینەوە بەڵام سیمرخ فریای دەکەوێ‌و دەیباتەوە بۆ جیهانی سەر زەمین..

شایانی باسە ئەفسانەی پاڵەوانە عیملاق‌و سۆپەرمانەکان دەورێکی گەورەیان هەیە لەبواری هاتنە کایەی حەقایەتی پاڵەوانی تاکە کەسی داستان‌و چیرۆکی پاڵەوانبازی شیعر ئامێزدا. ئەم بابەتە دەقانە زادەی ئەفسانەو میسۆسن بەڵام گۆڕانکاری‌یەکی ئەوتۆیان بەسەردا هاتووە تەنها رەشانگی ئەفسانەکەی تیادا بەدی دەکرێ ئەویش لێکۆڵینەوەیەکی زۆری دەوێ‌و زانای تایبەتمەند نەبێ کەسانی ئاسایی نازانن کە زادەی کامن ئەفسانەن‌و لە پێچ‌و پەناو ناوەڕۆکدا لەگەڵ چ ئەفسانەیەکدا دەقانگیر دەبن.

هەرچۆنێ بێ پاڵەوانی حەقایەت‌و چیرۆکی گوێ ئاگردان تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو پەیوەستە بەبارودۆخی جوگرافی‌و مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی‌و بیرو بۆچوون‌و ئایدیای ئەو قۆناخەوە کە تیایدا هەڵکەوتووە.

بەهەمان شێوە پاڵەوانی چیرۆکی گوێ ئاگردانی کوردی‌و چیرۆکە میللی‌یەکانمان‌و پاڵەوانی لاوکە شیعر ئامێزەکانمان مۆرکی تایبەتی خۆیان هەیەو رەنگدانەوەی ئەو قۆناخی ژیانە لەکردارو هەڵسوکەوت‌و رەوشتیاندا بەدی دەکەین کە تیایدا ژیاون‌و رۆڵەی راستەقینەی کۆمەڵگاکەی خۆیانن.

ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین دەبینین داستان‌و سەربووردەو حەقایەتە میللی‌یەکانمان

جیهانێکی میسۆلۆژیای سەرنج ڕاکێشن‌و هەریەکەو تەوەرەی تایبەتی خۆیان هەیەو هەندێکیان لەبارەی تاکە کەسێکەوە دەدوێن‌و هەندێکیان لەبارەی خێڵێکەوە یادوو عاشقەوە یادوو قارەمانەوە یاجەنگێکی خێڵەکی یانەتەوایەتیەوە دەئاخڤن‌و دەپەیڤن. گەلێ جار جگە لە مرۆڤ‌و سروشت هێزو توانا نادیارەکانیش.. وەکو (جنۆکەو پەری‌و خدری زیندەو... هتد) دەوریان تیادا دەبینن..

هەر بۆ نموونە لەدەقە میللی‌یەکەی داستانی مەم‌و زین‌دا پەری‌و لەهەندێ حەقایەتی گوێ ئاگرداندا دێوو درنج‌و لەهەدێکی تردا خدری زیندە لەشێوەی دەروێشێکدا دەور دەبینێ‌و گۆڕانکارییە ئەفسانەیی‌و جادویی‌یەکان لەم جۆرە روداوانەدا بەشێوەیەکی نەگونجاو لە جوگرافیای دەقەکەدا قوت نابنەوە بەڵکو بەجۆرێك ئامیتەی جەستەی دەقەکە دەبن قەناعەت بەخوێنەرو گوێگر دەکەن کە بەبێ بوونی ئەوان دەقەکە ناتەواوە.

لەهەندێ دەقدا رۆحی کەسایەتییەکان دوونادوون دەکەن لە هەندێکی تردا هێزێکی جادوویی دەیانکات بەبەردو پشیلەو سەگ‌و هتد.. شایانی باسە رەگەزە ئەفسانەیی‌یەکانی حەقایەت‌و داستانە کوردی‌یەکان لەبنەمای میسۆلۆژیای کوردی‌یەوە هاتوونەتە کایەوەو بمانەوێ‌و نەمانەوێ لەهەندێ لەم دەقانەدا کە هێشتا زۆربەی زۆریان زارەکین.. جەڤەنگە ئیسلامی‌و نائیسلامی‌یەکان تێکەڵاو دەبن ئەمەش سەرەنجامی داهێنانێکی میللی نەتەوەیەکە کە کەلەپوورە نەتەوایەتیەکەی پەیوەستە بەهەزاران ساڵی رابوردووەوەو ناتوانێ خۆی لێ داماڵێ‌و ئەگەر خۆی لێ داماڵێ ناتوانێ بژی.. دەبێ ئەوەش بڵێین حەقایەت‌و داستانە میللی‌یەکانمان چەند خەیاڵاوی بن سەرجەمیان بنەمایەکی راستەقینەو مەودایەکی مێژوویان هەیە لە میسۆلۆژیای نەتەوایەتیماندا..

لاوکی دەروێشی عەبدی داستانێکی میللی کوردی‌یەو بەجۆرێك لەجۆرەکانی شیعر هۆنراوەتەوە.. ئەم داستانە تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو لەسەر گرێیەکی درامایی داڕێژراوە کە ترۆپکی کارەساتی داستانەکەیە..

پاڵەوانی داستانەکە (دەروێش عەبدی) وەجاخ زادەیەکی یەزیدی‌یەو عاشقی عەدلە خانم دەبێ کە کچی تەمەر ئاغای کوردو موسڵمانەو کارەساتەکەش لە جیاوازی ئاینی هەردوو عاشقەکەوە دەس پێدەکات چونکە ئاینی ئیسلامی


شتراوس

پیرۆز بوار نادات کچانی موسڵمان شوو بەپیاوانی ناموسڵمان بکەن.. ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەتڵەسی داستانەکە بدەین دەبینین بریتی‌یە لە چەند قۆناغێك..:—

قۆناغی یەکەم: ئەوەیە کە دەروێشی عەبدی عاشقی عەدلە خانمی کچی تەمەر ئاغا دەبێ.. کە حەوت برای ئازاو دڵڕەقی هەیە.

قۆناغی دووەم: ئەوەیە دەروێشی عەبدی جل‌و بەرگی دەروێشی لەبەردەکاو پەنا دەباتەبەر دیوەخانەکەی تەمەر ئاغاو لەوێ دەبێ بەقاوەچی دیوەخان.

قۆناغی سێیەم: ئەوەیە شەڕێك لەنێوانی خێڵەکەی تەمەر ئاغاو دوژمنەکانی‌دا روودەدات‌و

دەروێشی عەبدی ئازایەتییەکی بێ مانەند دەنوێنێ و دەوری سەرەکی لە تێکشاندنی لەشکری دوژمندا دەبینێ و دەنگو باسی ئازایەتی دەروێشی عەبدی لە هەموو لایەك بڵاودەبێتەوە.

قۆناغی چوارەم: ئەوەیە کە باسو خوازی جوامێریو پاڵەوانیەتی دەروێشی عەبدی دەگاتە عەدلە خانمی کچی تەمەر ئاغاو ئەویش لە دوورەوە عاشقی دەبێ.

لە قۆناغی پێنجەمدا: خۆشەویستی نێوان دەروێشی عەبدیو عەدلە خانم ئاشکرا دەبێو هەرچەندە براکانی عەدلەخان عوگێدو ئازا دەبن ناوێرن لە رووی دەروێشی عەبدیدا بوەستنو دەزانن چ قارەمانێکی ئازاو چ جوامێرێکی بەدەستو بردە لەبەر ئەوە دەکەونە پیلانو فرتو فێڵ بۆ کوشتنو لەناوبردنی دەروێشی عەبدی کورە ئازاو وەجاغزادەی یەزیدیان.

لە قۆناغی شەشەمدا: براکانی عەدلە خانم هەل وەدەست دێنو لەکاتی نان خواردندا لە پشتەوە هەڵدەکوتنە سەر دەروێشی عەبدیو دەیکوژن.

لە قۆناغی حەوتەمی دەقەکەدا کە دوا قۆناغیەتی عەدلە خانم لاوانەوەیەك دەروێشی عەبدی دەلاوێنێتەوە لەلاوانەوەی (زین) بۆ (مەم)ی دەزگیرانی گەرمترو لەلاوانەوەی گەلگامش بۆ ئەنکیدۆی هاوڕێی بەسۆزترو لەلاوانەوەی ئایشێ گوڵ بۆ (مەمێ)ی کوڕی قووڵتربێ.

ئەمە جەستەی دەقەکە بوو.. ئەنجا کاتی ئەوە هاتووە باسی کاکڵەی دەقەکەش بکەین.

ناوەڕۆکی دەقەکە هەمو دابو نەریتە بەرزو نزمو نابووتو پیرۆزە مرۆڤایەتیەکانی گرتۆتە خۆی وەکو (خۆشەویستیو رقو کینەو دڵسۆزیو وەفاو پیلانو فرتو فێڵو ئازاییو ترسو درۆو راستیو جوانیو نابووتیو مرۆڤایەتیو بەندو باوی خێڵەکیو هتد).

شایانی باسە ناوەڕۆك لەدەقی لاوکی دەروێشی عەبدیدا لەهەندێ مەودایدا لەگەڵ ناوەڕۆکی هەندێ دەقی دیدا یەکانگیر دەبێ هەر بۆ نموونە لەدەقێك لەدەقەکانی شیرینو فەرهاددا ئەوە روونکراوەتەوە کە فەرهاد وێنەیەکی شیرین دەبینێ ئیتر عاشقی دەبێو بۆی دەگەڕێ تادەیدۆزێتەوە.. لە دەقی دەروێشی عەبدیشدا قارەمانی لاوکەکە واتا دەروێشی عەبدی، باسی جوانیو شۆخو شەنگی عەدلەخانم دەبیستێو ئیتر عاشقی دەبێو دەڕوا لە دیوەخانەکەی ماڵی باوکی عەدلە خانمدا دەبێ بەقاوەچی.. لە دەقی حەقایەتی گوێ ئاگردانماندا میرزادەیەك یاپاشازادەیەك عاشقی جوانی کچێك دەبێو سەری خۆی هەڵدەگرێو جلی شوانی لەبەر دەکاو لەماڵی باوکی کچەکە دەبێ بەشوان.. هەروەها کۆتایی دەقی مەمو زینو شیرینو فەرهادو خەجێو سیامەندو محمدو سێوێو هتد.. بەتەراژیدیایەکی خوێناوی تەواو دەبێ.

لاوکی دەروێشی عەبدیش لەناوەڕۆکدا کۆتاییەکەی بەهەمان جۆرە تراژیدیای خوێناوی تەواو دەبێو گەلێ دەقی رۆژهەڵاتیو گریکی لەسەرەنجامدا لەگەڵ ئەم دەقانەدا چون یەکنو ئەم دەقانگیرییەش چەند جۆرێکی هەیە لەوێژەی تازەشدا نموونەی زۆرەو بەرای هەندێ لەرەخنەگران هەموو دەقێك لەدەقێکی ترەوە لەدایك دەبێ. لەراستیشدا داستانو حەقایەتی گوێ ئاگردانو سەرگوزشتەی پاڵەوانان بنەمایەکی قووڵی هەیەو پەیوەستی توندو تۆڵی دروست کردووە لەگەڵ ویژدانی کۆمەڵدا لەبەر ئەوە دەماو دەم لە وەچەیەکەوە بەوەچەیەکی دی دەگاتو لەو هاتووچۆیەشدا لەهەر ناوچەیەك بڕێ گۆڕانکاری تیادا دەکرێ بۆ ئەوەی لەگەڵ بارودۆخی ئەو کۆمەڵەدا بگونجێ.

هەموو حەقایەتێك گرنگیەکی مێژوویی هەیەو دەبینین لە داستانی -الف ليله وليله- (هەزارو یەك شەوە)دا هەقایەت گێڕانەوە شەهرەزاد لە شمشێری تۆڵەی شەهریار رزگار دەکاتو شکۆو ڕێز لە دڵی شەهریاردا بۆ ژنان دەگێڕێتەوە.

لیڤی شتراوس رای وایە کە حەقایەت سەرجەم لە هەڵوەشاندنەوەو پرش‌و بڵاوبوونەوەی ئەفسانەوە دێتە کایەو جانیتر یابڕگەکانی حەقایەت لەگەڵ پاشماوەی ئەفسانەکاندا ئامێتە دەبن یاخود حەقایەتەکە لەپەیوەستی‌یەکی‌یەوە لەگەڵ دەقی ئەفسانەکەدا کە هەر تارمایی‌یەکەی ماوەتەوە دروست دەبێ.. ئەفسانەش خۆی لەبنەڕەتدا وەکو لیڤی شتراوس‌و دومیزیل دەڵێن: (ئەفسانە بەر لە هەموو شتێك ئاخافتنەو ئێمە لەرێی دەقەکانی ئەفسانەوە ئاشناو شارەزای میسۆلۆژیا دەبین).

وەکو لە پێشدا روونم کردەوە هەندێ بەشی دەقی دەروێشی عەبدی دەقانگیرە لەگەڵ هەندێ دەقی تردا و لەوانەیە پاشماوەی ئەفسانەیەك بێ‌و ئەم داستانەی لێ هاتبێتە کایە کە بەناوەڕۆك‌و رووالەتیەوە بابەتێکە ئاوێنەی قۆناخێکی تایبەتی نەتەوەکەمانەو زۆر بەئاسانیش دەتوانین کەش‌و لاف‌و گەزافی قۆناغی دەرەبەگایەتی تیادا دەستنیشان بکەین.. ئەوەتا دەروێشی عەبدی ئەگەرچی عەشق بەڕواڵەت بەرگ‌و سیپاڵی دەروێشی پێ پۆشیوەو لەدیوانی (زۆر تەمەر پاشای میللی) باوکی عەدلە خانمدا بووە بەقاوەچی.. خەیاڵ‌و خواست‌و خەونەکانی هەر میرزادانەیەو نەیتوانیوە لەناخەوە لەتایبەتمەندێتی چینەکەی خۆی کەچینێکی باڵایە بەتەواوی یاخی بێ:

* (منێ نامەوێ ماڵەکی تێری تەژی
منێ دەمەوێ ئەوەڵ دین‌و ئیمان
ژنەکی جوان.. ماینەکی ببەز
جووتە تاجییەکی بکوژ
کۆنەکی رەشی عەلەبی



سارتر

مێکوتەکی لداری داربناوی
منێ رابم بەرێ کۆنێ
بدەمە چیایێ قەرەج داغێ
پشتێ کۆنێ
بدەمە گەزەنگێتەی هەتاوێ..)

* * *

ئەم خواستانەی دەروێشی عەبدی کە لەو بڕگەیەی لاوکەکەدا دەستنیشان کراوە زۆربەیان خواستگەلێکی پەیوەستن بەروانگەی بیرکردنەوەی کەسانی ناو چینی بەرزی کۆمەڵەوە.. وەکو ژنی جوان‌و ماینی چالاك‌و جووتێ تانجی راوکەرو رەشماڵێکی حەلەبی‌و رووی رەشماڵەکەی لە چیای قەرەج داغ بکات‌و پشتیشی لەگزنگی هەتاوو هتد وەکو وتم راستە دەروێشی عەبدی بەڕواڵەت بەرگی گەدایی پۆشیوە، بەڵام لەناوەڕۆکدا هەر میرزادیەو وەکو میرزادەیەکی قۆناغی دەرەبەگایەتی بیر دەکاتەوەو خۆ ئەگەر دەروێشی عەبدی عاشقێکی بەبنەچە هەژار بوایە لەدوای ژن، خواستی ئەوەبوو ببێ بەخاوەن گاجووتێك‌و داسێك‌و شەنێك‌و هەوجارێك‌و گوێدرێژێك‌و پارچە زەوی‌یەك..

دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە عەدلە خانمیش (ئەوین) جێگا چینایەتییەکەی خۆی پێ لەبیر نەبردۆتەوە بەڵکو ئەویش کە کچە میرزادەیە هەروەکو کچێکی میرزادە هەڵسوکەوت دەکات‌و دەئاخڤێ ئەوەتا لەبڕگەیەکی لاوکەکەدا دەڵێ:

- (منێ رابم شەوێ
لە سیپارا نیوە شەوێ لەگەڵ
دەروێشی عەبدی
بکراسەکی مەلەزکەتانی مەگروومی
بنووم لخێوەتێ
کورۆ.. دەروێشۆ ئەوێ گاوێ
مردنی ماڵ وێران
بیر کێ دێ....
.................
.................

کورۆ دەروێشۆ ئەتوسواربە
لجوانە ماینەکێ شینکێ قەزوانێ
ئەمان لگەرێ دیلانێ لعاوێ یا
گۆوەندێ مەکە
تەرادو مەترووده وەیدە غارە
نەخۆ لشینکێ جەدلانێ بیو
بکەویە خوارە
نەخۆ خەلک و عالەمێ گوندێ مەبێژن
عەدلە خاتوونێ
عاشقی تووتیەکێ نەی سوارە..
هتد).

* * *

هەر بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەی لە پێشدا کردمان با لە برگەیەکی تری لاوکەکدا گوێ لە عەدلە خاتوون بگرین بزانین چ دەڵێ:-

(کورۆ دەروێشۆ ئەتوو وەرە
راموسە سەرێ رووەمەتا سورا گوڵ گولێ
خۆشترە لەتەمرێ بەغدایێ
لە کشمشا مویسلێ
للیمۆیا مەندەلی یێ
لهنجیرا ژەنگارێ
لترێ یێ باکورمانێ
لهنارێ شەقلاوێ
هەر کە بێ ناوکە بێ دەنکە...
هتد).

* * *

هەموو دەقێکی زارەکی و نووسراو پانتاییەک یاچەند پانتاییەکی تایبەتی خۆی هەیە..و پانتاییش مانای شوێن دەبەخشێ و لەدەقی نووسراوو زارەکیشدا چەند جۆرە شوێنێک هەیەو واتا چەند جۆرە پانتاییەک هەیە وەک پانتایی -دێ- پانتایی -شار- پانتایی -داخراو- پانتایی -کراوە-و چەندین بگرە دەیان جۆرە پانتایی دی شایانی باسە نووسەری رووسی -یوری لۆتمان-و لێکۆڵەرانی ئەڵەمانی وەکو (روبیر بیتش)و (هیرمان میبر) هەروەها لێکۆڵەرانی فەرەنسایی وەک (جۆرج بۆنی)و (جیلبر دوران)و (دولان بۆدنۆف)و (هنری میتیران)و (غاستۆن باشلار)و دەیان نووسەری دی لەبارەی ئەو جۆرە پانتاییانەوە گەلێ دوواون و سەدان وتارو دەیان کتێبیان نووسیوە.

من لێرەدا سێ پانتایی دی دەخەمە سەر ئەو پانتاییانەی کە ئەوان باسیان نەکردووە ناویان دەنێم پانتایی -نەبینراو.

ئەوەش پانتایی (چینایەتی)و پانتایی (نەتەوایەتی)و پانتایی (ئاینی)یەو لەم روانگە تازەیەوە دەڵێم: دەقی لاوکی دەروێشی عەبدی جگە لەو پانتاییانەی کە رەخنەگران دیاری یان کردووە بۆ دەق سێ پانتایی تری تێدایە: پانتایی نەتەوایەتی و پانتایی چینایەتی و پانتایی ئاینی شایانی باسە پانتایی دەوری باڵای هەیە لە گۆرانکاری رووداوەکانی دەقدا هەر بۆ نموونە ئەو رووداوانەی لە قوتابخانەیەکدا روو دەدەن جیاوازن لەو رووداوانەی لەکێڵگەیەکدا روودەدەن....و ئەو رووداوانەی زادەی پانتاییەکی ئایینین جیاوازن لە رووداوی پانتاییەکی چینایەتی..

پانتایی چینایەتی لەو ئاوات و خواست و لاف و گەزافانەدا دەردەکەوێ کە عەدلە خانم و دەروێشی عەبدی لەبرگەکانی لاوکەکەدا دەیخەنە روو کە ئەویش پانتایی چینی دەسەڵاتداری ئەو سەردەمەیە کە چینی دەرەبەگە.

پانتایی نەتەوایەتی دەقەکەش لەو داب و نەریتە کوردانەیەدا دەردەکەوێ کە هەندێکیان تاکو ئێستاش بەردەوامن.. مەبەستی من لێرەدا زیاتر پانتاییە چینایەتییەکەیە لەبەر ئەوە لەبارەی پانتاییە نەتەوایەتییەکەوە نادوێم و هەروەکو دەسپێشکەرییەک لەم بوارەدا دەستنیشانم کردو لەبوارێکی تردا زیاتر لەبارەیەوە دەدوێم..

سەبارەت بەپانتایی ئایینیش تاقەتی گێرەو کێشەم نیەو ناوەرۆکی بابەتەکەشم لەبنەرەتدا بۆ ئەو مەبەستە نیەو هەر ئەوەندە لە بارەیەوە دەڵێم کە پانتایی ئاینی لە دەقەکەدا هۆیەکی سەرەکییە بۆ نائومێدی ئەوینی عەدلەخان و دەروێشی عەبدی و جوانەمەرگ بوونی ئەم عاشقە شەیدایە بەدەستی براو ئامۆزاکانی عەدلە خانم.. بەشێوەیەکی زۆر ناڕەواو تەراژیدی.. وەکو لاوکەکە باسی دەکات توێشووی هەفتەیەک ئامادە دەکرێ و هەمو لاسوار دەبن و دەچن بۆ راو لەچەمی -گرزوونێ- لەوێ براو ئامۆزاکانی عەدلە خان هەڵ وەدەس دێنن و بەشێوەیەکی زۆر نامەردانە هەڵدەکوتنە سەری و لەت و پەتی دەکەن و تووری دەدەنە ناو ئاوی چەمەکەوە.

دیسان دەچمەوە سەر پانتایی چینایەتی دەقەکەو بەشێکی دی لە ئاوات و خواستەکانی عەدلە خانم دەخەمە روو کە بەتەواوەتی پانتایی چینایەتی عەدلەخانمی تیادا بەرجەستە بووە کە پانتایی‌یەکی دەرەبەگانەیە ئەوەتا دەڵێ:


(منێ رابم سینگێ خۆ بکەمە سینی
مەمکێ خۆ بکەمە فنجانێ قاوێ
رابم خۆ بەگوڵاوی برشێنم
میسالا گوڵانۆ گوڵەبندان
بچمەوە پێش کوڕە دەروێشی خۆ
گاوەکی بسەکنم هەر گاوەکی..
دەروێشی عەبدی دێتەوە
لەگەڵ سەلەفەکی عەگیدان و
میرچاکان
منێ رابم جلەوی کوڕە دەروێشی خۆ بگرم
جووتەکا رامووسانا کەرەم بکەم
لەلاڕومەتی راستێ
لەلا رومەتی چەپێ
لەبەر لۆمەیی عەبدان
لشەرمێ خودێ
هەتا بەخۆ لێ‌ی بکا عەلەیکی سڵاوی)

* * *

پانتایی زەق لەم دەقەی لاوکی دەروێشی عەبدی‌دا ئاشکرایە کە پانتایی چینێکی دەسەڵاتدارەو عەدلەخانم و دەروێشی عەبدی ئەگەرچی لە ئایندا جیاوازن و ئەگەرچی پانتایی جیاوازی ئاینی ئەم دوو دڵدارە بە ئاشکرا لەدەقەکەدا بەدی دەکرێ لەهەمان کاتدا ئەوە بەدی دەکرێ نەك هەر عەدلە خانم خۆی کچی بنەماڵەیەکی چینی باڵای کۆمەڵە بەڵکو دەیەوێ لەو پیاهەڵدانەیدا بەدەروێشی عەبدی‌دا ئەوە بسەلمێنێ کە درەوێشی عەبدیش کوڕی بنەماڵەیەکی چینی دەسەڵاتداری کۆمەڵە بۆ چەسپاندنی ئەوەش باسی ئەوە دەکات کە دەروێشی عەبدی هەمیشە هاوڕێ‌ی عەگیدو میرچاکانە.

دەتوانین بڵێین پانتایی لە قۆناخێکەوە بۆ قۆناخێکی دی‌و لەکێشەیەکەوە بۆ کێشەیەکی دی دەگۆڕێ.. هەر بۆ نموونە.. پانتایی لە بەرهەمە هونەرییەکانی مایکل ئەنگلۆدا پانتایی‌یەکی ئایینی‌یەو لە رۆمانی -وڕێنە-ی سارتەردا پانتایی‌یەکی بونگەرییەو لەلای کافکا بێ هودەیی‌یەو لەلای شاعیرێکی سەردەمی پێش ئیسلامی عەرەب پانتایی یاهەوارە کۆنە بووە یاخود ژیانی بیابان.. بووەو لەلای شاعیرێکی وەکو ئەبوو نەواس پانتایی مەیی‌و مەیخانە بووەو لەلای شاعیرێکی وەکو محمود دەروێشیش پانتایی نیشتمانە.. بۆیە دەڵێ:

(نیشتمانەکەم جانتا نی‌یەو
منیش رێبوارنیم)



کافکا

لــەلای عاشــقان لەشــی خۆشەویستەکەیانەو هتد دەبێ ئەویش بڵێین کە زۆر جار دەقێك چـەند پانتاییـەکی جیـاواز دەگرێتە خۆی.. هـەر بۆ نموونـە پانتایی لە رۆماندا هەموو شوێنو دەمێکی جۆربەجۆری شتکەلێکی جۆربەجۆری لـە ژمارەبـەدەر دەگرێتە خۆی هـەر لەروو بەری سپێتی کاغەزەکەوە کە لەشی رۆمانەکەی بەسەردا دابەشکراوە تاکو دەگاتە شوێنو کاتو شتەکانو زمانو رووداوەکانی ناو رۆمانەکە.. دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ هەر پانتاییەو دەکرێ بەچەند بەشێکەوە هەر بۆ نموونە پانتایی (شوێن) تەنها پانتاییەك نییەو چەسپابێو ناوێکی لێ نرابێ.. بەڵکو بیروڕای جیاواز جیاواز لەبارەی پانتایی (شوێن)ەوە هەیە هەر بۆ نموونە نووسەری ناسراو (یۆری لوتمان) پانتایی (شوێن) دەکات بەچەند بەشێکەوە.. وەکو پانتایی ئەو شوێنەی خۆمی تیامو ئەو شوێنەی کە دەسەڵاتێکی تیایەو شوێنە گشتییەکان کە موڵکی تاکە کەسێ نینو موڵکی دەسەڵاتی گشتین.. هەروەها شوێنی بێ کۆتایی کە کەس دەسەڵاتی تیادا نیە وەکو بیابانێکی چۆڵکراو.. کە دەسەڵاتی کەسی بەسەردا ناسەپێ.. پانتایی نەبینراوی لاوکی (دەروێشی عەبدی) کۆمەڵگایەکی دەرەبەگایەتی پڕ لە چەوساندنەوەیە.. چەوسانەوەی چینایەتی ئەمە سەرباری ناکۆکی تیرەبازیو جیاوای ئایینی.. لەم پانتاییەدا عەشقێك رووەدات.. عەشقێك لەدایك بووە.. ئەویش عەشقی نێوان عەدلە خانو دەروێشی عەبدییە. وەك لاوکەکە دەستنیشانی کردووە.. عەدلەخانم میرزادەیەو خاوەنی حەوت براو چەندین ئامۆزای ئازایە.. دەروێشی عەبدیش وەکو لاوکەکە دیاری کردووە وەجاغزادەیەکی یەزیدییە.. سەرەنجامی عەشقەکەشی سەرەنجامێکی تراژیدییە وەکو سەرەنجامی زۆربەی زۆری عاشقانی کۆنو نوێی سەرانسەری هەموو جیهان.

ئێمە لەم لاوکەدا ناتوانین جێ زای دەروێشی عەبدیو جێ زای عادلەخانو شوێنی کوشتنەکەی دەروێشی عەبدی بکەین بەپانتایی بۆ ئەم دوو عاشقە یا بۆ ئەم کارەساتە چونکە لەبنەڕەتدا رووداوەکانی ئەو دڵدارییە خوێناوییە زادەی پانتایی دین.. زادەی ئەو پانتاییەن کەزادەی بیری خۆمن (پانتایی ئایینیو پانتایی چینایەتیو پانتایی نەتەوایەتی) هەردوو عاشق کوردنو هەموو توخمە چاكو خراپەکانی کۆمەڵگای کوردەوارییان تیادایەو هەردووکیانیش لەچینی دەرەبەگنو هەموو لافو گەزافێکی ئەو چینەیان تیایەو بەڵام لە ئایندا جیاوازن.. (عەدلە خانم) موسڵمانەو (دەروێشی عەبدی) یەزیدییە.. بنەمای کارەساتی ئەم دوو عاشقە لەم پانتاییەوە دەس پێدەکاتو دەگاتە ترۆپکی ترۆپك.. ئەم پانتاییەش وەکو وتم زادەی بیری خۆمەو ناوم ناوە پانتایی نەبینراو.. ئیتر ئەمە رایەکی تایبەتی خۆمەو رای هیچ کەسێکیش نابێ بەقانوونو هەمیشە هەموو بیروڕاو بۆچوونێك قابیلی گفتوگۆو مشتو مڕو پەیقینو قسە لەسەرکردنە.

* * *

## سەرچاوەکان:


١- موسوعة نظرية الادب/ القسم الاول/ ترجمة د. جميل نصيف.

٢- المدى ژمارە/ ١٢/١٩٩٦.

٣- المدى ژمارە/ ٦/ ١٩٩٤.

٤- الاسطورة في شعر السياب/ عبدالرضا علي.

٥- دیوانی مەحمود دەروێش.

٦- (کۆمەڵێك لاوكو حەیران) کۆکردنەوەی محمدی مەلا کەریم.

٧- توحفەی مظفریة، هێمنی موکریانی.

٨- الحكايه الخرافيه/ فردريش فۆن ديرلاين.



# حەوت بەندە فارسیە دووپاتەکیەکەی

## (تەرجیع بەند)

## مستەفا بەگی کوردی صاحبقران

**کوردێکی مێژوونووس وشە فارسی‌یەکانی گۆڕیوە بەکوردی‌و لێکیداوەتەوەو لێیکۆڵیوەتەوە**

### بەرکوڵی وتە

ئەم دیاری‌یە ناچیزە پێشکەشە بەو رۆشنبیرانە، کە بەهاو نرخی ئەدیبان‌و شاعیرانی سەر ئامەدی ئەدەبی کوردی (کلاسیك) ئەزانن.. سەری رێزو کڕنووشیان بۆ دائەهێنن‌و لەبەردەم بەرهەمیانا ئەچەمێنەوەو ددان بەوەدا ئەنێن، ئەو گەلەی کۆنی نەبێ تازەکەی لاواز دێتە ناو، ئەمام کە لەسەر بنجی قایم هەڵبچێ بەری بەکەڵك‌و فراوان ئەبێت.. پێشکەش بەو ئەدەبە یەکتاناسی‌یە، شەیداییە. دڵداری‌یە، داستانە جەنگانی‌یە، هەڵنانی‌یەو داشۆڕینانی‌یە کە زبانی کوردیان بردە ریزی زمانانی جیهانەوەو مەیدانیان نەدا کە زبانەکەیان سەری تیابچێت، وەکو ئازادی‌و دەسەڵاتەکەیان. پێشکەش بەمستەفا بەگی کوردی – کە یەکەم کەس بوو نازناوی (کوردی)ی بۆ خۆی هەڵبژارد، بەو ئەدیب‌و شاعیرانەی دەربەستی ناوی‌کوردن، نامێڵن چڵکاو گڵاوی بکات...

م.ك

٢/١٠/١٩٨١ز

٢٠/محرم/١٤٠١ك

٨/گەلارێزان/٢٧٦٨کوردی

### پێشەکی

بەناوی ئێزەدی میهرەبان‌و بەخشندە

مستەفا بەگی صاحبقران، کە بەنازناوی (کوردی) ناسراوە، لەبنەماڵەیێکی بەناوبانگی خەڵقی سلێمانی‌یە، سەرگوزەشتی ژیانی ئەفسووناوی‌یە، لەو بارەوە هەواڵ‌و باس تێکەڵ‌و پێکەڵە، مامۆستا سەجادی زۆرشتی دەربارەی نووسیوە. ستایشی زۆری کردووە، ئەوانەی چەندین جار دیوانەکەیان چاپ کردووە، زۆر قسەو قسەلۆکیان دەربارەی تۆمارکردووە، تەنانەت (گیوی موکریانی) هەندێ پڕووپووچی داوەتە پاڵی‌و سەرزەنشتی کردووە... من لەم پێشەکی‌یەدا نە سەرگوزەشتی دەنووسم، نە بەرگری لێ دەکەم، تەنیا ئەمەوێ دوپاتەکی‌یە فارسی‌یەکەی بکەم بەکوردی، واتای وشەکان روون بکەمەوە، کە خوێندەوارانی کوردی فارسی نەزان، بۆیان دەردەکەوێ ئەم هەستیارە کوردە چ بلیمەتێ بووە!

کوردی سەردانی ئێرانی زۆربووە، لەگەڵ هەستیاری زەنگەنەی کورد (قائانی)دا کە سەرئامەدی شاعیرانی دەرباری (ناصرالدین شای قاجار) بووە شەڕە شیعریان زۆر کردووە، جار

جاره لەنێوانیانا گەییوەتە گاڵتەو قەشمەری.. گوایە: جارێکیان لە دەرباری شاهـ دا لە کۆشکی شاهی‌دا، لەکەناری چاڵەئاوێکی (حەوض) لەمەڕمەڕ درووستکراودا دانیشتووئەبن، هەرکەسە بەرهەمی هەستی خۆی خوێندۆتەوە، (قائانی) وەخت بووە بەرامبەر بە (کوردی) بۆڕ بخوا.. زۆر سەری سووڕ ئەمێنێ لە قەریحەی صافی (کوردی)، کەجوانترین دوڕو گەوهەری نایاب، لە رشتەی هەورێشمیندا ئەهۆنێتەوەو ناتوانێ بەرانگاریی بکات، کە ورد دەبێتەوە دەبینێ (کوردی) سەری بەسەر چاڵاوەکەدا شۆڕ کردۆتەوە، لەوێوە شەیتانی شیعری، سروشی ئەداتێ، سەر هەڵئەبڕێ ئەبینێ پەیکەری نیگاری جوانێکی بەپشتی سەرەوەیە، وێنەی لەچاڵاوەکەدا دیارە، پڕتەو ئەداتە دڵی کوردی، جا لەپڕ بەگۆچانەکەی دەستی ئاوی حەوزەکە ئەشێوێنێ، کوردی رائەپەڕێ بەچەپۆك بەر ئەبێتە لێدانی کەللەی سەری تاسی (قائانی) کە سوورو بێ موو ئەبێت.. دانیشتوان لەم کارەی (کوردی) کە کارێکی منالانەیە، سەریان سوڕ دەمێنێ، کوردی بەدەم قاقای پێکەنینەوە ئەڵێت: (ئاغایان ببورن لە کوردستاندا باوە کە مانگ بگیردرێ خەڵك لە دەفری مس ئەدەن، تەقە ئەکەن، بەڵکو شەیتانان مانگ بەربدەن، من مانگم گیرابوو، تەنها کەللەی سووری قائانی لە دەفری مس ئەچوو، بۆیە کەوتمە کوتانی، بەڵکو مانگ لەچنگی شەیتان رزگاری ببێ.. دانیشتوان سەرجەم ئافەرین لە هەستی تیژی قائانی دەکەن‌و لەتەڕ دەستی کوردی،و بەم جۆرە بەزمەکە بەپێکەنین ئەبەنە سەر.. (بەڵام تاچەند راستە؟؟؟).

* * *

لەتاران بووم، لە کتێبخانەکەی (موعتەمەدی کانی مشکانی)دا کەشکۆڵێکی پەڕپووت هەبوو، ناوی نووسەرەوەو کۆکەرەوەی پێوەنەمابوو، ئەم حەوت بەندە دووپاتەکی‌یەکەی (ترجیع بەند)ی کوردی تیابوو، بەفارسی نووسرابوو کە هی مستەفا بەگی صاحبقرانی خەڵکی سلێمانی‌یە کەنازناوی (کوردی)یە، ئەم داستانە شیرینەشی لەبەرەوە نووسرابوو، کە بەکوردی پێشکەشتانی ئەکەم:

ئەگێڕنەوە: مستەفا بەگی کوردی لەتارانا کاتی بەسەر بردووە، لەم دواییەدا، کەمێ تێکچووبوو، دێوانەئاسا بەجلێکی شڕوپڕی نیوە رووتەوە بەکۆڵانەکانا ئەسووڕایەوە، گوایە (فەخر العولەمای سنە) -کە خۆی یەکێ بووە لەشەیدایانی کوردی‌و هەمیشە بەدوایا وێڵ‌و عەودالّ بووە- لەکۆڵانێکا بەرووت‌و قووتی ئەیبینێ، زۆر بەتوندی پیا هەڵئەشاخێ‌و ئەڵێ: (زۆر مەخابنە بۆ تۆی خاوەنی حەوت بەندە دووپاتەکی‌یەکەی (أنتَ شمسُ الهدی ونُورُ الحقِّ...) ئابەم جۆرە خۆت رسوابکەی، روت‌وقووت بەناو خەڵکا بسوڕێیتەوە، کابراکەت بەدەرەوەبێ...!!!) مستەفا بەگ لەوەراما ئەڵێت: جارێ تۆ خشڵەکەم (یا خشتەکەم) مەشکێنە، رستەکە مونادایە، نەك مبتداو خبر، وەها بیخوێنەرەوە: (أنتَ شمسَ الهدی ونورَ الحقِّ...) ئینجا بابێینە سەرباسی ئەوەی کە من رووت‌و قووتم کابراکەم بەدەرەوەیە، نازانم چ جیاوازیێ هەیە لەنێوانی لووتم‌و کابراکەما؟؟ بۆچ لووتم بەڕووت‌و قووتی بەبەرزی چارەمەوەیە، هیچ باسێکی نیە، بۆچ کابراکەم کە لەناوگەڵمایەو لەنێوانی دوو رانما ئەگەر رووت بێ نەنگە؟؟ مەگەر هەردووکیان پارچەی رووتی لەشم نین؟ (فەخر العولەما) لەوەراما ووتی: بەشی یەکەمی قسەکەت کە وتت خشڵەکەم مەشکێنە رستەکە مونادایە (بانگ کراو)ە، نەك مبتداو خبر جێی خۆیەتی، بەڵام دووەم کە وتت: چ جیاوازیێ لەنێوانی لوتم‌و کابراکەمدا هەیە؟ ئەمەیان راست نیە هەم پێچەوانەی ئایینەو هەم دژی داب‌و نەریتی خەڵکی ولاتە، هەم داهێنانێکی ناشایستەیە کە لە تۆوە دەربکەوێ، سەیرکە حافظی شیرازی ئەڵێت:

((در کار گلاب‌و گول حکم ازلی این بود:
که این شاهد بازاری‌و ان پرده نشین باشد))

واتا: لەبارەی گوڵاووگوڵەوە فەرمانی ئەزەلی بەم جۆرە بووە: کە گوڵ لەبازاڕا دابنرێ، بەڵام گوڵاو بخرێتە شووشەوەو پەردەپۆش بێ...

* * *

هەڵبەستە دوپاتەکی‌یەکەی کوردی، حەوت بەندەکە ئەوەندە بەرزوگران بایە، لە فارسی‌دا کەم وێنەیە بەندی مرواریییە لە رشتەی هەوریشما هۆنراوەتەوە جا بۆ ئەوەی رۆڵەیانی کورد لە بەروبوم و لەتام و بۆی ئەم ئەدەبە بێ بەهرەو بەش نەبن و بۆ ئەوەی دەقەکەش لەناو نەچێ و لە ئایندەدا (ئەدەب دزێك) نەیکا بەهی خۆی، بڕیارم دا لەسەر چەند روونوسێکی جێ متمانە وشەو رستەکان بگرمەیەك و راست و چەوت و چێڵی‌یەکان دییاری بکەم و یەکالآیان بکەمەوەو فارسی‌یەکە وەرگێرم بەکوردی.. ئەم سیپارەیە هەر بەم جۆرە مایەوە تا لە تاران گەڕامەوە، ئنجا بەهۆی ئەدیبی بەڕێز کاکە حەمەی مامۆستا مەلا کەریمەوە هەواڵی چەند دەسنووسێکم زانی:-

١- روونووسی لای کاکە حەمە بەچیڕی (خەت) ئەدیبی خۆش نووس (سەید طاهری هاشمی) بۆی نوسراوەتەوە لەگەڵ روونووسەکەی لای مندا هەندێ وشەیان جیاوازبوو، دوور نیە سەید طاهیری هاشمی بەسەلیقەی خۆی ئەو وشانەی گۆڕیبێ و هی تری بەڕاستتر زانیبێ و لەجێی دانابێ..

٢- نۆ دانە روونوسی کاك حەمە بۆر (محەمەد مستەفا هۆشەنگ) کە خۆی بەتەلیفۆن باسی جیاوازی‌یەکانی بۆ ئەکردم، بەلاَم ئەوانەی روونووسەکانیان لەکاتی خۆیا نوسیوەتەوە کۆلکە فەقێ و کۆلکە مەلا بوون، فارسییان نەزانیوە، بەکەیفی خۆیان وشەکانیان دەس کاری کردبوو، لەیەکێ لەو دەست نوسانەدا دوو هەڵبەستی زیاد هەبوو لەهی کوردی نەدەچوون، هەروا لەیەکێکیانا چەند هەڵبەستێك ناتەواو بوو، تەنها زانیم کە یەکێکیان هی عەلی کەمال باپیری شاعیر بووە.

٣- روونووسێکی مامۆستا سەجادی کە لەگەڵ روونووسەکەی لای حەمە بۆر - کە لە بنەڕەتا هی عەلی کەمال باپیر بووە هیچ جۆرە جیاوازی‌یەکی ئەوتۆیان نەبوو.. هەموو روونووسەکان چەندین هەڵبەستیان ناتەواو بوو.

* * *

کوردی بێ گومان ئەم پارچە هەڵبەستە حەوت بەندی‌یەی بەشان و شکۆی پێغەمبەری مەزنا (د.خ) وتووە، هەندێ وایان داوەتە قەڵەم کەحەوت بەندەکە دەربارەی ئیمامی عەلی‌یە (خ.خ) بەلاَم من ئەوە بەدوور ئەزانم کە کوردێکی سوننی مەزهەب، بەم جۆرە بەشان و شکۆی ئیمامی عەلی‌دا هەڵ بدات، با لە ئێرانیشا بێ.. هەندێ بەدگومانیش وتویانە: دەربارەی (بەهائەللایەو) مەبەستی کوردی لە رستەی (ظهور الحق) بەهایە کە پێشەوای رچی (بەهائی‌یە).. ئەوەی راست بێت تۆمەتێکی ناڕەوایان داوەتە پاڵی....

شتی سەیر ئەوەیە: کە بەندی حەوتەم -وەکو شەشەمەکەی پێشووی- موژدەی بەدوادا هاتنی دوو بەیتە دووپاتەکی‌یەکانی تیا نیە (کای دمت.... تا ظهور الحق)... وادیارە ئەو بەیتە موژدەدەرە پەڕیوە، من لەجێی ئەو نیتکم بۆ داناوە (..........).

لە روونووسەکەی لای مندا پاشبەندی (قافیە)ی چەند هەڵبەستێك لە (هیم)ەوە بۆتە (میم)... واتا (...... + + فارغ از هر ثواب وهر گنهیم).

کە وشە پاشبەندەکان هەموو (هیم)ن وای لێ دێ:

(.......... + + شاکر جود ان ولی نعیم)

پاشبەندی دە بەیت (هیمە)، پاشبەندی هەشت بەیتیش (میمە)..

هەندێ وایان زانیوە: کە کوردی ویستوویە بیکات بە هەشت بەند، بەلاَم من لام وایە لای هەموو ئاری نژادەکان، بەڵکو لای گەلانی تریش، ژمارەی حەوت (٧) پیرۆزە (حەوت عاسمان، حەوتەوانەی گەورە، حەوتەوانەی بچوك، حەوت فریشتەی پیرۆز....تاد) وشەی هەشت تەنها لەناوی بەهەشت و هەشت دەرگاکەیا هاتووە، کوردی ئەیتوانی دەیان وشەی وەکو ئەم وشانە (کوتە هیم- همرهیم- گلەهیم- بدەهیم- سپەهیم...) بکات بەپاشبەند، بەلاَم وادیارە ویستوویە یاری بەپاشبەندەکان بکات، گەرچی لە پیتەکانی ترا نەیکردووە... دەبێ ئەم گومانانەو، ئەم راستکردنەوەیانە، بمێنێ تا دەستنوسێکی خودی مستەفا بەگ، لە کون و قوژبنی

کتێبخانەیێکەوە سەرهەڵبدات، لێرەدا بەهەلی ئەزانم دییاردی بۆ ئەوە بکەم کە شێخ رەزای تاڵەبانیش سێ بەندی دووپاتەکی هەیە، رەنگە بەپەیرەوی لە هەڵبەستە جوانەکەی کوردی کردبێت:

((ای جهان آفرین ثناگویت ** دوو عالم معطر زبویت)) تاد...

لەپاومانا بەهیوام ئەوانەی ناشارەزای زبانی فارسین، بتوانن بەهۆی ئەم لێکدانەوەیانەوە تامو چێژ لە هەڵبەستە شیرینو نایابەکانی وەربگرنو لە وشە قورسەکانی بگەن... ئیتر پەنا بەئێزەدی مەزن..

* * *

## بەندی یەکەم

((ای ز شیپور تو جهان پر شور
وز نوای تو عالمی مسرور))

واتا: ئەی بەکەرەنای تۆ دنیا پڕ لە زەڵەو شۆرش... وەی وەی لە ئاوازی نەوای تۆ گێتییەك بەکەیفو دڵخۆش..

وشەکان: ز، سووکی (ئەز)ە ئەکات (لە) لە کرمانجی ژووروودا بووە بە (ژ)و لە گۆرانیدا بووە بە(جە)و لە کرمانجی خوارووودا بووە بە(لە)، جار جارە پیتی (و) دەکەوێتە بەرەوەی دەبێتە (وەز).. شەیپور = کەرەنا، بوقی سپایی (مەبەست بانگی ئایینە) جهان = دنیا، شور = زەڵە، هەراو هوریای خۆشی، ئاهەنگێکی مۆسیقیشە، نوا = ئاواز، ئاهەنگێکی مۆسیقیشە (لەیەکێ لە روونووسەکانا لەباتی شور نووسراوە نور کە لەگەڵ شەیپوور ناگونجێ..

((از وصال تو ملك جان آباد
وز خیال تو شهر دل معمور))

واتا: بەگەیشتن بەتۆ وڵاتی گیانو دڵ ئاوایە.. بە وراوەی تۆ شاری دڵ ئاوەدانە..

وشەکان: از= لە، جان= گیان- روح، اباد= ئاوا، شهر = شار...

((بهوای تو عاشقان دلشاد
بو لای تو دوستان منصور))

واتا: بەئەڤینی تۆ (بەو بایەی لای تۆوە دێ) شەیدایانو حەزلێکەران دڵشادن.. بەدۆستایەتیی تۆ (یا بەنۆکەرێتی تۆ) دۆستان زاڵو سەرکەوتوون.

وشەکان: هوا = با- ئەڤین، ولا= دۆستی- نۆکەرێتی. لەیەکێ لەروونووسەکانا لەباتی (منصور) نووسراوە (مسرور) کە ئەبێتە تەکرار.

((گمرهان طریق حیرت را
سایەء نور نخل وادی طور))

واتا: تۆی بۆ وێڵ بووانی رێی سەرگەردانی.. سێبەری نورو تاپوی روناکی (؟) و دارخورمای شیبوی طوری.

وشەکان: گمرهان= رێ بزرکردووان، طریق= رێ، حیرت= سەرگەردانیو سەرلێشێواوی، سایە= سێبەر، نور= روناکی (لام وایە وشەکە نور نیە نەورە = واتا گەڵا، گۆپکە، گوڵاڵە) چونکە سێبەر دژی نورە، نخل= دارخورما، وادی = شیبو- دۆڵ، طور= زورگو هەڵەت. لەروونووسێکی لای حەمە بۆرا (سایەئەت) نووسراوە، کە راستترە، چونکە لە سەرەتاوە بە(منادا) دەسی پێ کردوە، لەنوسخەکەی مامۆستا سەجادیدا لەباتی (وادی) (کوە) نوسراوە، کەلەگەڵ (طور) هەریەکنو هەڵبەستەکەش نارێك ئەکات.. لە نوسخەیەکی ترا لەباتی (گمرهان) نووسراوە (مگرهان؟)..

ئەم هەڵبەستە دیاردییە بۆ دوو رووداو: یەکەم بۆ داستانی موسا (د.خ.) پاش ئەوەی هەشت ساڵ شوانی بۆ (شعیب) کردو بوو بەزاوایو گەڕایەوە بۆ میصر لە دەوروبەری شیبوی (طوی)و زورگو هەڵەتەکانی (طور سیناء) گڕێکی بەرچاو کەوت، بەخێزانەکەی وت: ئێوە پشوویەك بدەن تائەرۆم هەواڵی ئەم تروسکەیە ئەزانم، لە کەناری شیوەکەوە، لەجێ پیرۆزەکەوە، بانگی لێ کرا... تادوایی داستانەکە (سورەی قەصەص ٢/٣٠).

دووەم: دییاردییە بۆ (مریەم کچی عیمران) کەبێ مێرد بەپفی روح الئەمین ئاوس بوو، کە هەستی بەژانی منداڵ بوون کرد، لە شەرمانو لە ترسی زبانی خەڵك، شاری بەجێ هێشتو رووی

کردە ناو باغە دارخورمایێ کە بۆی هاتبوونە بەرو سێبەریان لێی کردبوو عیسا (د.خ.) لەوێ هاتبووە جیهانەوە. (سورەی مریەم) (١٩) ئایەتەکانی (١-٣٥)، بەپێی ئەوەی کە موسا (د.خ) بەخێزانەوە بەرێدا بەرەو میصر چووە، شارەزابووە، دەبێ مەبەست لە رێ گوم کردووی وێڵ مریەم بێت کە لە ترسی تانووتی خەڵق سەر لێ شێواوبووە...

((نغمه ات رشك لحن داوودی

پاسخت حل مشکلات زبور))

واتا: ئاوازت جێی بەغالەتی ئاوازی داوودیە.. وەرامت بکەرەوەی گرێ کوێرەی زەبوورە))

وشەکان: نغمە= ئاواز - ئاهەنگ، رشك= بەغیلی - بەرانگاری، پاسخ= وەرام- بەرپەرچ، زبور= مەزامیری داوودی پێغەمبەری جووەکانە..

((هم دلت درّ غیب را حقه

هم لبت گنج رازرا گنجور))

واتا: هەم دڵت بۆ دوری نایابی نادییار نقێم دانە.. هەم لێوت بۆ گەنجی نهێنیو راز گەنجوانە (هەڵبەستەکە دییاردیە بۆ ئەم فەرمایشە (قلب المؤمن عرش الرحمان)= دڵی خاوەن باوەڕ بارەگای خوای میهرەبانە..

وشەکان: هم= دیسان، حقە= نقیم دان، لب= لێو، گنجور= پاسەوانی گەنج.

((ذرەء مشعل تو مهر بود

آنچە در کائنات کردە ظهور))

واتا: گەردیلەی شاپڵێتەی تۆ خۆرە، بۆ ئەوەی لەگیتیو پەیدایشا هاتۆتە دی.

وشەکان: ذرە = ئەو گەردیلانەی لەبەر تیشکی خۆر دێنە بەرچاو..

مشعل= چرا شاپڵێتە، مهر= خۆر- میترا- خۆشەویستی، بەڵام من بەدوری نازانم کە وشەکە (مسێر) بێت کە بەعەرەبی ئەکات: بەرێخەر، چونکە وشەی میهر لەبەیتی دوایییا دووبارە دەبێتەوە.. آنچە= ئەوەی، در= لە، کائنات= پەیدایش- گەردوون- هەستی، کردە= کردویە، ظهور= هەڵاتن- پەیابوون.. لەم هەڵبەستەدا دییاردییەکی نهێنی هەیە بۆ ئایینی میترا پەرەستی...

((مهر از مشعل رخت روشن

ماه از نور جبهەات پر نور))

واتا: هەتاو بەهۆی چرای رووتەوە روونو رۆشنە... مانگ لە شەوقی توێڵی تۆوە گەشو بەشەوقە..

وشەکان: مهر= هەتاو، مشعل= چرا- شاپڵێتە، رخ= رومەت، رۆشن= روون- گەش، ماە= مانگ- هەیڤی، نور= شەوق- روناکی، جبهە= توێڵ- نێوچاوان (ئەمە دەقی نورالقمر مستفاد من نور الشمس)ە.

لەروونوسێکی لای حەمە بۆرا (مظهر پرتو جمال تواند) = واتە دییاردەی بەشەوقی جەماڵی جوانی تۆن.. بەڵام لەگەڵ نیوەکەی دوایی ناگونجێت دییارە ئەم نیوەیە هی بەیتێکی کەوتووە..

((جز صفاتت نگوید الا گنگ

غیر ذاتت نجوید الا کور))

واتا: جگە لە باسی رەوشتو سروشتت، کەس باسی تری نیە، مەگەر کەرو لاڵ، بەدوای خود تۆدا نەبێ، کەس پەیجوویی کەسی تر ناکا مەگەر کوێر.

وشەکان: جز= جگە، صفات= سوروشتو رەوشت، نگوید= ناڵێ، الا= مەگەر، گنگ= پتەلاڵ، غیر= جگە، ذاتت= خود تۆ، نجوید= پەیدۆزی ناکات، الا= مەگەر، کور= کوێری بێ چاو.

بەشی یەکەمی ئەم هەڵبەستە دییاردیە بۆ ئایەتی (وإنْ من شيء إلاّ يسبّح بحمده) بەشی دووەم دییاردیە بۆ ئایەتی (إنّ شرّ الدّواب عندالله الصُّمُّ البُكمُ الذين لايعْقلون) (١) سورەی ئیسرائیل (١٧-٤٤) (٢) سورەی ئەنفال (٨-٢١).

((وی خوش آن دم سوی مقتل خویش

یابم از یار خاص خود دستور))

واتا: ئای چ خۆشە ئەو کاتەی کە بەرەو کوشتارگای خود خۆم، بەدەستبێنم لەیاری تایبەتی خۆمەوە فەرمانی کوشتن..

وشەکان: وی خوش= ئاە چەند خۆشە، آن دم= ئەوکاتەی، بەسوی= بەرەولای، مقتل= کوشتارگا، خویش= خۆم، یابم= بەدەس بێنم، ازیار= لەیار، خاص خود= وێژەی خۆوە،

دوستور= فەرمانی كوشتن.. (لەڕوونووسێكی لای حەمە بۆردا نووسراوە -خۆشنوود- كە نەلەگەڵ قافیەكە ڕێكەو نەمەبەستێ بەدەستەوە ئەدات.. ئەوەی ڕاست بێت ئەم بەیتە لە ڕوونوسەكەی لای مندا نیە، تەنها لە ڕوونووسەكەی مامۆستا سەجادیو لە ڕونوسێكی لای حەمە بۆردا هەیە، بەڵام لەهی كوردی ناچێ، دوور نیە هی (قرە العین)ی بەهائی بێت خرابێتە ئێرە..

((پای كۆبان زشوقو دست افشان

فاش گویم به نالەء پر شور))

واتا: بەچووپێو هەڵپەڕكێ لەتاو تاسەو ئارەزوواو بەدەست هەڵتەكاندن.. بەئاشكرا ئەڵێم بەناڵینێكی پڕ جۆشو خرۆش.

وشەكان: پای كوپان= پێ كوتان، شوق= تاسەو ئارەزوو، دست افشان= بەدەست هەڵتەكاندنەوە، فاش گویم= بەئاشكرا ئەڵێم: بەنالەء پر شور= بەناڵینێكی پڕ لەجۆشو خرۆشەوە.

لەهەندێ ڕوونووسەكانا لەباتی (شور) نوسراوە (شەیپور - سەمتور- طەنبور) كە ئەمانە هەموویان بۆ زەڵەو هەراو هوریا بەكار دێن..

((كای دمت نفحەء سرافیلی

مورد وارداتِ جبریلی))

((أنتَ شمسَ الهدی ونورَ الحقّ

اظهِر الحقَّ، یاظهورَ الحق))

واتا: ئەی هەناسەت مانەندی هەناسەی بێن خۆشی سرافیلی جێ بەزینگەو بۆ لا هاتنی جبریلی... تۆی ڕۆژی ڕێ نوێنیو، ڕۆشنیو پرتەوی ڕاستی... دەربخە ڕاستی، ئەی دەركەوتنی ڕاستی..

وشەكان: دم= هەناسە-پف، نفحە= پەرت بوونەوەی بێنی خۆش، مورد= جێبەزینو هاتنەخوارەوە، وارد= هاتو- دابەزیو، شمس= خۆر- هەتاو، هدی= ڕێ نومایی- ڕێ بردن، نور= روناكی- ڕۆشنی، حق= ڕاست- ڕاستی- ڕاستەقینە، ظهور= دەركەوتن- پەیدابوون، سرافیل= ناوێكی جولەكەیانەیە لە قورئانا ناوە بۆ فریشتەیێك.

لەتەوراتی فارسی یا بابی شەشەم (اشعیا) ٢-٦ ناوەكە (سرافین)ە بە(ن) كەچی لە قاموسی كتێبی موقەدەسدا لاپەرە ٤٧٣ ناوەكە (سرافیم)ە بە(م.) كە دەبێ هەڵەبن چونكە پاشكۆكە (ایل = خوا)یە، جگە لەوە دەبێ (نفحە) لەهەموو رونووسەكانا هەڵەبێت چونكە هەموو زانایانی ئاینی سورن لەسەر وشەی (نفخەء) بەپێی قورئان (ونفخ في الصور فإذا هم من الاجداث الی ربهم ینسلون) سورەی (یس) ئایەی ٥٠.

مورد= بەزینگە- جێی بۆهاتن، واردات= هاتنی پەی دەرپەی، جبریل= فریشتەی سرووش- ناوێكی جولەكانەیە سێ جار لە قورئانا هاتووە، بنەڕەتەكەی (گەبرێل)ە...

وشە عەرەبیەكان: انت= تۆ، شمس= خۆر- هەتاو، هدی= ڕێ نومایی، نور= روناكی پرتەو، حق= ڕاستی- ڕاست- ڕاستەقینە، اظهر= دەربخە- ئاشكرابكە.. یا ظهور= ئەی دەركەوتن، ئەگەر وشەكە چاوگ بێت، ئەگەر فەعولی گەیینەری مەبەستی فاعل بێت (ظهور) ئەوا دەبێتە ئەی دەرخەری ڕاستی.

هەندێ وایان داوەتە قەڵەم كە مەبەستی كوردی لە (ظهور الحق) بهاء اللەی پێشەوای ڕچی بەهاییتیە بەڵام بەهەڵەدا چوون...

سەرنج: جارێكی تری ئەم دوو بەیتە، واتاو لێكدانەوەی پێویست نیە.. ئەبێتە دووپاتەكی (تەرجیع).

* * *

**بەندی دووەم**

((آن گدایان، كه خلق را ننگند

شهریاران تختو اورنگند))

واتا: ئەو هەژارو گەدایانەی كە لەلای خەڵكی پەڵەی ڕەشی كۆمەڵن... هەر ئەوانن پادشایانی تەختو شكۆن.

وشەكان: آن= ئەو- ئەوانە، گەدا= سوالكەر، خلق= خەڵك- كۆمەڵ، ننگ= ناشرین- پەڵەی ڕەشی عەیبو عار، شهریار= پادشاه، (ئەم وشە قوربەسەرە لای ئێمە بووە بەشالیار) =

(وەزیــر) اورنــك= شــكۆ.. (لەروونوســەكانی لای حەمەبۆردا لەباتی آن (ایــن)و لـەباتی خلـق (نـام)و لەباتی شهریاران تخت (پادشاهان عرش)ە.

((گنج در آستین‌و کیسه تهی
پای بر عرش‌و زیر سر سنگند))

واتا: گەنجینەیان لە ئاسوێنەو بەریاخەڵ دایەو کیسەیان خاڵییە، پێیان بەسەر عەرشەوەیەو ژێر سەرو سەرینیان بەردە...

وشەکان: ئاستین= فەقێیانە– ئاسوێنە– یا بەریاخەڵ، کیسە= جورکەی پارە، تهی= بۆش– بەتاڵ، برعرش= بەسەر عەرش‌و تەختەوە، زیرسر= لەژێر سەرا، سنگ= بەرد...

((چون خزانە نهان بویرانە
همچو گوهر نهفتە در سنگند))

واتا: هەروەکو گەنجینەیێکن لەکەلاوەدا.. هەروەك گەوهەری شاردراوەن (ئەڵماس) لەناو جەرگەی بەردا..

وشەکان: چون= وەکو، نهان= شاردراوە– نهێنی، ویرانە= کەلاوە کۆن، همچو= هەروەك، گوهر= بەردی بەنرخ (وەك ئەڵماس)، نهفتە= نوستو– خۆشاردەوەوە، در سنگ= لەناو بەردا.

((خلوتی پوش کاخ شاهد ماست
كآن درآن مجمعی هماهنگند))

واتا: گوشەپۆشی کۆشك، گەواهی ئێمەن کە ئەوان لەو کۆگایەدا (لەو کۆڕەدا) هاومەبەست‌و هاوبیرن...

وشەکان: خلوتی= تەنیایی– گۆشەگیری، پوش= پۆشیو (واتا خەڵوەت پەسەند کردوو)، کاخ= کۆشك تەلار، شاهد= گەواه= شایەت، ماست= ئێمەن، كآن= کەئەوان، درآن = لەناو، مجمعی= کۆگا– کۆبوونەوە– دیوەخان (کۆڕ)، هما هنگ= هاومەبەست‌و هاوبیرن.. (ئەم هەڵبەستە زۆر بێ تام‌و خوێیە، لە وردەکاری کوردی دوورە، وادیارە کابرایێکی بەهائی تەنیا ویستویە وشەی –مجمعی= کۆگای بەهائی– بخاتە ناو بەندەکەوە).

((همە پیل افنگان آهو وش
ملك اخلاق‌و آدمی رنگند))

واتا: گەداکان هەموو فیل رمێن‌و ئاسك شێوەن.. فریشتە رەوش‌و مرۆ رەنگن..

وشەکان: همە= گشت– هەموو، پیل= فیل، افنگان= رمێنەران– فرێ دەران، آهو= ئاسك، وش= شێوە، ملك= فریشتە، اخلاق= خووڕەوشت، آدمی= پیاو– مرۆ، رنگ= دیمەن. لەروونووسێکی لای حەمەبۆردا لەباتی (پیل) نوسراوە (دەست) بێ گومان کابرایەکی کوردی فارسی نەزان وای زانیوە کە پیل مەچەکە بۆیە کردویە بە (دەست).. وادیارە ئەم هەڵبەستە دیاریدییە بۆ ئەوانەی لەشاری مەدینە لە مزگەوتەکانا بەبرسێتی ئەژیان، پاشان چوون بەرەو شەڕ لەگەڵ سپای ساسانیدا کەوتنە شەڕەوەو بەشمشێر لە لووتی فیلەکانیان ئەداو بەبرینی خورطوم لەپێیان ئەخستن..

((گاە در کنج دلبری مبسوط
گە زطول زمانە دلتنگند))

واتا: جار جارە لەکونجی خۆشەویستی‌و میهرەبانیا دڵخۆش... جار جارە لەدرێژی رۆژگار دڵتەنگ‌و بێزار..

وشەکان: گاە= جارێ، درکنج= لەگۆشەی، دلبر= دڵرفێن، مبسوط= کەیف خۆش (یا ڕاکشاو)، گە= جارێ، زطول= لەدرێژی، زمانە= رۆژگار، دلتنگ= پەست‌و غەمگین.. لەهەندێ روونووسەکانا لەباتی کنج، (گەنج) نوسراوە، هەروا لەلای حەمەبۆر لە روونوسێکا لەباتی دڵتەنگ دەرتەنگ نووسراوە..

((طائر وهم‌و مسرع افکار
در بیابان وصلشان لنگند))

واتا: باڵەندەی گومان‌و بیری تیژ، لەچۆڵی دەشتی بەوانا گەییشتندا لەنگ‌و شەلن..

وشەکان: طائر= پەرەندە– مەل، وهم= گومان، مسرع= چوستی– تیژ، افکار= بیرو ئەندێشە، دربیابان= لە چۆڵی بێ ئاودا، وصل= پێ گەیین (لای مامۆستا سەجادی لەباتی وصل – وصف– ە کە ئەکات: (لەدەشتی پان‌و پۆڕی هەڵنان‌و وەسپی ئەوا شەل‌و لەنگن)

((هم دراقلیم دل چو سلطانند
هم بر افواج جان چو سرهنگند))

واتا: هەم لەو وڵاتی دڵدا وەکو پادشاو خاوەن دەسەڵاتن.. هەم بەسەر هێزەکانی گیانو دڵا سەردارو سەرکەوتین..

وشەکان: اقلیم= هەرێم- وڵات، چو= وەك، سولطان= پادشاە، برافواج= بەسەر تیپەکانا، سرهنگ= سەرۆکی بەنگ (لەدەورانی صەفەویدا دژی زاراوەی عرسمانی نازناوی سولطان ئەدرا بەموديری ناحیە) هەنگ= لەزاراوەی سپاییا تیپێکە هەموو جۆرە چەکێکی هەبێت بەرامبەر بە(جحفل)ی عەرەبی، لەزاراوەی ئەمڕۆدا، سەرهەنگ یەك (مقدم)و سەرهەنگ تەمام (عقید)ە.

((از لب لعل وگیسوی مشکین
طبله در طبله، تنگ در تنگند))

واتا: بەهۆی لێوی گوڵاڵە ئاساو بەهۆی زلفی رەشی میسك رەنگەوە قوتوی ددانی مرواری لەقوتودایەو کەزیو پرچیش توند توند تەنراوە...

وشەکان: ازلب= بەهۆی لێوی، لعل= لالە- گوڵی سوور (بەردی گرانبای وڵاتی بەدەخشان، گیسو= پرچ- کەزی، مشکین= رەشی میسك- رەنگ میسکاوی بۆن خۆش، طبلە= نقیم دانی مرواریو گەوهەر، تنگ= پێچراوە توند توند (دژی گوشاد).

((دل زکف دادگان شوریدە
شوخ و شیرینو شاهدو شنگنند))

واتا: دڵ لەدەس داوانی شەیدای پلەژاو.. گاڵتەچیو جوانو دڵدارو شەنگن..

وشەکان: کف= لەپی دەست، دادگان= داوان، شوریدە= پلەژاوی- شەیدا، شوخ= قۆزو گاڵتەچی، شیرین= قنج، شاهد= دڵدار، شنگ= گەش- دەم بەپێکەنین...

((از سرافیل عشق دریك دم
تادم صور واپسین دنگند))

واتا: لەو کاتەوە کەفریشتەی ئەڤین دڵیان ئەفرێنێ، تا ئەو کاتەی کە ئیسرافیل فو ئەکات بەکەرەناکەیا، دوواترین فو، ئەوان هەر دەنگن، زیندوونو دەنگی خوا خوایان دێ.

وشەکان: عشق= ئەڤین- شەیدایی، واپسین= هەرەدواترین، دنگ= صەدا، صور= کەرەنا- شاخی کون کراو بۆ فووپیاکردن (لەرونووسەکەی کاکە حەمەدا لەباتی -دنگند- رەنگەند نووسراوەو دییارە هەڵەیە.. ئەم هەڵبەستە دییاردییە بۆ ئایەتی: ثم نفخ فیه اخری فإذا هم قیام ینظرون / سورەی زمر ئایەت ٦٧

((انبیائی که در مدارس غیب
کشف کشافو فر فرهنگند))

واتا: پێغەمبەرانێ کە لە قوتابخانەی نەبینراوی پشت پەردەدا روون کەرەوەو دۆزەرەوەی بدۆزەنو پیتو برشتی خوورەوشتن.. (بچۆرەوە بۆ هەڵبەستی دوایی).

وشەکان: انبیا= پێغەمبەران، مدارس= قوتابخانەکان، غیب= گوم- نهێنی پشت پەردە، کشف= دەرخستن- دۆزینەوە، کشاف= بدۆزە- دەرخەر (ناوی تەفسیرێکی قورئانیشە کە زەمەخشەری دایناوە)، فر= پیتو بەرەکەت، فرهنگ= زبان- ئادابو رەوشت (لێرەدا مەبەست کتێبە عاسمانییەکانە) ئەم هەڵبەستە لای من نیە، لە هەندێ روونووسی لای حەمە بۆرو مامۆستا سەجادیدا هەیە).

((با ددوجن بصدقو وفا
لیك با دیو نفس در جنگند))

واتا: پێغەمبەرەکان لەگەڵ جانەوەرانو درنجاندا بەدۆستایەتیو دڵپاکیو ئەمەگ ناسییەوە ئەژین، بەڵام لەگەڵ خود دێوی دەروونیدا هەمیشە لەشەڕان...

وشەکان: با= لەگەڵ، دد= جانەوەر، جن= دێوو درنج، صدق= دۆستیو راستی، وفا= ئەمەك، لیك= بەڵام، دیو نفس= دیوی دەروونی، درجنگ= لەشەڕا..

((جانو دل را زپرتو نظری
کحل ابصارو صیقل زنگند))

واتا: بۆ گیانو دڵ لەتیشکی چاو ئەندازییەوە، کلی چاوانو تاسو لووس کەری رەنگان (لە گوناه پاکیان ئەکەنەوە).

وشەکان: جان= گیان، پرتو= شوق- تیشك، نظر= سەرنج- چاوئەنداز، بینین، کحل= سورمە- کل، ابصار= چاوان (ئەگەر کۆی بصر بێت) وەیا

(بینین) ئەگەر مصدر بێت.. صیقل= رنیار- ڕەونەق دەر، پەڵەو لەکەلابەر (لەڕوونووسەکەی لای کاکە حەمەدا -زنگند- ئەمە باشترە، واتا لابەری ژەنگی گوناحن)

((غافل از خویش‌و بیخود از مستی
واقف از روم‌و آگه از زنگند))

واتا: بێ ئاگا لەخۆو لە خۆ چوون، لەبەر مەستی.. بەڵام ئاگاداری روم (سپی رەنگان)و ئاگاداری زەنگی‌یەکانن (قوڵەرەشەکان) واتا گەرچی ئەوان لە ئەڤینی خوایی‌یا نوقمن، بەڵام ئاگایان لەهەموو کارو باری جیهانە..

وشەکان: غافل= بێ ئاگا، ازخویش= لەخۆ، بیخود= لەخۆچوو (لەڕوونوسێکی لای حەمەبۆردا لەباتی بێخود -بیهوش- نوسراوە، کە بەیتەکە لەنگ ئەکات) واقف= ئاگادار، ازروم= لەروم، (واتا ئەو گەلانەی کە لە ژێر دەستی روم= عوسمانی- یا رومی بیزەنطي) از زنگ= لەزەنگی‌یەکانی ئەفەریقا.

(گوش سوی خروش‌و دف برکف
نای برنای‌و چنگ بر چنگند)

واتا: گوێیان هەڵخستووە بۆ جۆش‌و خرۆشی کۆڕی ذکرو، دەفیان بەسەر لەپو دەستەوەیە، بلوێری لە قامیشی نەی دروستکراویان بەسەر لێوەوەیە، لەگەروەوە پفی پیا ئەکەن‌و چەنگی موسیقی‌یان بەچنگەوەیە، ئەم وشەی چەنگە کراوە بەعەرەبی بۆتە (صنج)

وشەکان: گوش= گوێچك، سوی= بۆلای، خروش= زەڵەو ناڵە ناڵ (لەڕوونووسێکا سروشە باشترە)، دف برکف= دەف بەدەستەوە، نای= بلوێری لە قامیش (نەی) دوروست کراو، نای= گەروو، لە روونوسێکا (برلب) نوسراوە، بەڵام (برنای) وردەکاری تیایە، چنك= پەنجەی دەس، چنك= کەرەسەیێکی موسیقی‌یە عەرەب کردویانە بە صنج‌و مۆسیقارەکان پێی دەڵێن هارپ.

((مطربان خموش نغمە سرای
با خروش چنین هم آهنگند))

واتا: سازنە بەزم گێڕەکان کە بێ دەنگو زۆر جوان گۆرانی ئەڵێن، لەگەڵ ئەم جۆرە زەڵەو جۆشە هاوبەزم‌و هاودەنگن..

وشەکان: مطرب= سازنەی بەکەیف هێنەر، خموش= بێ دەنگ- بێ سەروصەدا، نغمە= ئاواز- مەقام، سرای (بەسەرو بەبۆر= سەرای، سورای) گۆرانی بێژ- گۆرانی هەڵبەست، باخروش= لەگەڵ ئەم زەلەو ناڵەو فەریادا (لەڕوونووسێکا لەباتی خەموش -خوش- نووسراوە، واتا لەگەڵ کرۆکپیشا هێشتا هەر خەریکی مەقام وتن‌و مەقام داڕێژتنن، وهاو دەنگن لە دووپات کردنەوەی ئەم دوو پاتەکی‌یەدا.

((کای دمت نفحەء سرافیلی
مورد واردات جبریلی))
((انتَ شمسَ الهدی ونورَ الحقِّ
أظهِر الحقَ یاظهورَ الحقِّ))

* * *

## بەندی سێیەم

((باز دل را چە عکس پیداشد؟
شاهد معنوی هویدا شد؟))

واتا: دیسان بۆدڵ چ وێنەیێ (یا بۆ بازدڵ چ ناهەمواریێ) رووی‌دا؟ دڵبەری مەبەستی - (یا بەناو دڵبەر) دەرکەوت؟

وشەکان: باز= دیسان (یا بازی باڵەندە)، عکس= وێنە (یا ناهەمواری)... لە روونووسێکا لەباتی بازدل (بازاین) نووسراوە، لە روونوسێکی لای حەمەبۆردا (باز از آیینە)یە، پیدا= دیار، شاهد= دلبەر- معشوقە- گەواه، معنوی= مەبەستی (یا دژی راستی) (لە روونووسێکی لای حەمە بۆرا لەباتی معنوی بووە بە باطنی)، هویدا= ئاشکرا.

((باز آن پردە دار پردە نشین
چهرە بنمودو عقل پیداشد))

واتا: دیسان ئەو خاوەن پەردەیەی لەپەردەدا دانیشتووە رووی خۆی دەرخست‌و ئاوەزو ژێر هاتەوە سەرخۆی (یا ژیر شەیدا بوو).

وشەکان: باز= دیسان، آن= ئەو، پردە دار پردەنشین= لە پەردەدا دانیشتووە، چهرە= چارە- روو، بنمود= نیشاندا، عقل= ئاوەز-

ژێر– هۆش، پیداشد= پەیدا بووەوە– هاتەوە جێی خۆی.

لە ڕوونووسەکەی کاکە حەمەدا (شیدا) واتە شێتو عەودالّ.

((همچو روح القدس پیام ازخویش

داد آزان پس بشکل عیسی شد))

واتا: هەروەکو فریشتەی سروش (روح القدس= جبریل) پەیامو هەواڵی خۆی گەیاندو ئنجا خۆی خستە قەوارەی عیساوەو چوو..

وشەکان: همچوو= هەروەکو، روح القدس= جبریل فریشتەی سروش، پیام= هەواڵ– خەوەر، ازان پس= لەوە پاش (لەڕوونوسێکی لای حەمەبۆردا لەباتی ازان پس نووسراوە –آنگاه– واتا: ئەو حەلە، بۆ سەنگی هەڵبەستەکە باشترە). بشکل= بەدیمەنی– بەقالّبی عیساوە چوو..

ئەم سێ هەڵبەستەی ڕابووردوو دییاردین بۆ چوین پەیدابوونی عیسا (د.خ.) سەرنجی سورەی مریەم بدەن ئایەتەکانی ١٥–٣٤

((آرنی گو به طور شوق آمد

پرتو انداز نخل سیناشد))

واتا: بە وتنی (آرنی= نیشانم بدە)ەوە، بەوپەڕی ئارەزوو و هەوەسەوە (ئەگەر طەور بێ، ئەگەر طوربێ ئەوا مەبەست کێوی طورە) هاتو شەوقی دایە باغی خورمای سینا.

وشەکان: ارنی= نیشانم دە، گو= وێژانە، بە طور= بەچەشنی ئارەزووتاسە (یابۆ کێوی طور) (لای حەمەبۆر لەباتی –شوق– عشق نووسراوە)، آمد= هات، پرتەوانداز= تیشك هاوێژ– شەوق هاوێژ، نخل= خورما (لای مامۆستا سەجادی – کوە– نووسراوە).

((باز آن شمع بزم خلوت غیب

مجلس افروز ومحفل آراشد))

واتا: دیسان ئەو مۆمی ڕۆشنیبەخشی ئاهەنگی خەڵوەتی پشت پەردەیە بووبە ڕۆشن کەرەوەی دیوانو ڕازێنەرەوەی کۆڕی ڕەندان..

وشەکان: شمع= مۆم– چرا، بزم= شایی– ئاهەنگ، خلوت= تەنهایی– گۆشەگیری، غیب= گوم– پشت پەردە، مجلس= دیوخانە– نشینگە، افروز= داگیرسێن– هەڵایسێن، محفل– کۆڕ– جێ ئاهەنگ (وادیارە ئەم زاراوەیە هی بەهائییەکانە لەباتی مجمع خراوەتە ئێرە)، آرا= ڕازێنەرەوە، (خلوت غیب)= زاراوەیێکی دەروێشانەیە واتا: کۆبوونەوەی پشت پەردە، نەبینراو.

((باز زآن نوشخند شیرینش

عالمی پر زشورو غوغاشد))

واتا: دیسان بەهۆی ئەو پێکەنینە شیرینە پڕ کەیفەوە، گێتییەك پڕ بوو لەزەڵەو هەراو هوریای خۆشی..

وشەکان: باز= دیسان، زآن= لەئەو، نوشخند= پێکەنینی شیرین ((لای حەمەبۆر (شیرین وش) واتا شیرین ڕەنگ))، عالمی= گێتییەك، پرز= پڕ لە، شور= کەیفو هەرا، غوغا= ئاژاوە– زەلە..

((جلوەگر شد بصورت وامق

برقع افگندو عین عذراء شد))

واتا: خۆی نواند لەوێنەی (وامق)دا.. کە ڕووبەندی هەڵماڵی بوو بەخود (عذراء).

وشەکان: جلوەگر= خۆنیشان دەر– شەوق ئاوێژ، بصورت= بەوێنەی، برقع= ڕووبەند– پەچە، افگند= لادا– فڕێدا، عین= کوتو موت، عذراء= یاری وامق... ئەم بەیتە دییاردییە بۆ داستانی دڵداریو شەیدایی ((وامق وعذراء) کە عونصوری شاعیری ئێرانی لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا بەفارسی هەڵی بەستوە..

((گە زدنبال ناقەء مجنون

گە بمحمل نشستو لیلی شد))

واتا: جار جارە بەدوای وشتردا شێتو وێت بوو.. جار جارە لەکەژاوەدا بوو بووە لەیلا..

وشەکان: گە= جارێ، دنبال= بەدوای، ناقە= وشتری مێدا، مجنون= شێتو وێت (ناویشە بۆ قەیس)، گە= جارێ، بەمحمل= لەکەژاوەدا، نشست= دانیشتبوو (مەبەست سواربوونە) وبوو بە لیلی.. ئەم هەڵبەستە دییاردییە بۆ داستانی قەیس عامری یاری لەیلای عامری.. ئەم داستانە بەزۆر زبانان هۆنراوەتەوە: فارسی– تورکی– عەرەبی– کوردی، لە هەموویان بەناوبانگتر هینەکەی نیزامی گەنجەیی شاعیری کوردە، کە

بەفارسی هۆنیویەتیەوە، خانای قوبادی پەیڕەوی لێ کردووە..

((هد هد آسا خبر بملك سبا

برد، چون جم بتخت صفا شد))

واتا: وەکو پەپوولە سولەیمانی هەواڵی برد بۆ وڵاتی سەبا، بەڵام وەکو جەمشید لەسەر تەختی کەیف دامەزرا..

وشەکان: هدهد= پەپولە سلێمانی، آسا= وەکو، خبر= هەواڵ- پەیام- بەمەلیك بۆ وڵاتی، سبا (شاری سبا لەیەمەنی کۆنا)، برد= برد، چون= وەکو، جم= جەمشید پادشای پێشدادیاتی ئێران، بتخت= لەسەر تەختی، صفا= کەیف دانیشت.. ئەم هەڵبەستە دیاردییە بۆ داستانی سلێمانی کوڕی داوود کە تەختی شاژنی پادشای یەمەنی داگیرکرد (قەراڵیچە بەلقیس) بۆ ئەم داستانە سەرنجی سورەی (نمل) بدەن لە قورئانی پیرۆز ئایەتەکانی (٩/١-٤٤).

((شش جهت چار مام يك جوهر

سه موالید هفت آبا شد))

واتا: شەش لا، چوار رەگەز، تاقە گەوهەر، سێ بەرە، حەوت عاسمان.

وشەکان: شش جهت= شەش لا (سەر، خوار، باکوور، باشوور، خۆرهەڵات، خۆرئاوا)، چارمام= چوار رەگەزی دایکانە (ئاو، با، خۆڵ، ئاگر)، یك جوهر= تاقە گەوهەر- بنەرەتی سوروشت و کردگاری، سەموالید= سێ بەرە (ووشکی، سەوزی، گیان داری)، هفت آبا= حەوت باوان (حەوت عاسمان، حەوتەوانە، حەوت فریشتەی دەربار) ئەم هەڵبەستە دیاردییە بۆ یەکەم جار هاتنەدی سروشت بەپێی بیرو باوەڕی کۆنی (ئارییەکان، یەزیدییەکان، یۆنانییەکان و کتێبە عاسمانییەکان).

((گاه بر صورت خليل آمد

گاه در جسم لات و عزی شد))

واتا: جارێ لە دیمەنی ئیبراهیمی خەلیلدا دەرکەوت و جارێ لە قاڵبی لات و عوزادا..

وشەکان: گاه= جارێ، برصورت= لەسەر دیمەنی، خلیل= دۆست (ئیبراهیمی خەلیل باوکی پێغەمبەران)، گاه= جارێ، درجسم= لەقاڵبی پەیکەرەی، لات و عزی= (دو بوتی ناودار کە عەرەب ئەیانپەرستن لە کەعبە دانرابوون، بەسەرۆکی بوتەکانی تر ئەدرانە قەڵەم) لەم هەڵبەستەدا دیاردی بۆ دوو داستان هەیە:

یەکەم: بۆ ئیبراهیمی خەلیل و بت شکاندنەکەی کە لەسەر ئەو کارە خرایە ئاگرەوەو ئاگرەکە نەیسووتاند (سورەی عەنکەبوت/ ئایەتەکانی ١٥-٢٥).

دووەم: بۆ شکاندنی بوتەکانی ناو کەعبە (لات و عزی) کە یارانی محمد (د.خ.) شکانیانن (سورەی النجم/ ئایەتەکانی ١٨-٢١)..

((طوطي نطقم از خوشي است

باز شکر شکست و گويا شد))

واتا: تووتی وتن و قسەکردنم لەبەر خۆشییە کە کەوتە شەکرشکاندن و گوتن و دووان..

وشەکان: طوطی= مەلی قسەکەر (باڵندەیێکە فێری قسەکردن ئەبێت عەرەب ناویان ناوە ببغاء، وادییارە لەهیندستانەوە ئەهێنرێ)، نطق= وتن- نقەکردن، ارخوشی است= لەبەر کەیف و شادی، لای کاکە حەمە (از خموشی رست= واتا لە بێ دەنگی و کپی رزگاری بوو) ئەمە باشترە ( ئەگەر سەی تاهیر بەسەلیقەی خۆی نەیگۆڕیبێ)، باز= دیسان، شکرشکست= شەکری شکاند، گویاشد= کەوتە قسەو بووە وێژەر..

((ساقي مير بزم مجلس بود

باز چون باده سوی ميناشد))

واتا: مەی گێڕ خۆی سەرۆکی بەزم و شادی دیوەخانەکە بوو بەڵام دیسانەوە بادەو پەرداخ ئاسا خۆی کوتا بەرەو لای سوراحییە مەیەکە..

وشەکان: ساقی= مەی گێڕ- ئاوگێڕ، میر= سەرۆك، بزم= ئاهەنگ- شایی، مجلس= دێوخانە- نشینگە، آهنگ= کەیف و بەزم... لای کاکە حەمە بەیتەکە بەم جۆرە نوسراوە: (ساقی بزم ومیر مجلس بود) لەبیرمان نەچێ پاشکۆکان (سەرواکان) هەموو (شد)ە، لای حەمەبۆر لەباتی مجلس نووسراوە (مەی کەش) کە لێرەدا هەڵەیە، باز= دیسان، چو= وەك، بادە= پیاڵە- کاسەی

شەراب، سوی= بۆلای، (لای حەمەبۆر نووسراوە – روی– کە بێ جێیە)، مینا= سوراحی– ئاوێنە– عاسمانی شین..

((گاه چون شمع وگاه چون پروانه
گاه خورشیدو گاه حرباء شد))

واتا: جارێ مۆم بوو ئەسووتا، جارێ پەروانەی دەوری چرابوو، ئەبووە پێناو، جارێ خۆربوو، جارێ قۆڕی‌و دولقەدەر بوو کەلەبەر خۆرا هەزار لوغانەن.

وشەکان: گاه= جارێ، چون شمع= وەك مۆم، گاه چون پروانه= جارێ وەك پەروانە، لای کاکە حەمە (چون)ی دووەم نیەو زیادە، کە ئەوە بۆ سەنگی هەڵبەستەکەش راستە.. خورشید= خۆر– هەتاو، حرباء= دولقەدەر– قۆڕی، کە لەبەرخۆرا ئارنگ ئەدات..

((مدتی در رکاب بنده‌ء خویش
قنبری کردو باز مولا شد))

واتا: ماوایێ لە ئاوزەنگی بەندەو نۆکەری خۆیا کاری قەنبەریی (کە نۆکەری خۆی بوو) بەجێ هێناو بووەوە دیسان بە ئاغا).

وشەکان: مدتی= ماوایێ– دەمێ، در رکاب= لەئاوزەنگی (سوارو پاییاو)، بندەء= نۆکەری، خویش= خۆی، قنبری کرد= بەندەیی کرد (وەکو قەنبەر کەبەندەی ئیمامی عەلی بوو) ئەم هەڵبەستە دییاردییە بۆ دوو داستان: یەکەم/ ئیمامی عەلی جار جارە قەنبەری بەندەی خۆیی سواری وشترەکەی ئەکردو خۆی لە ئاوزەنگی یا پیادەرێی ئەکرد، دووەم/ رافضیيە توندڕەوەکان، تەنانەت (شەبەك) باوەڕیان وایە کاتێ پێغەمبەر چووە بۆ (معراج) سەرنجی داوە (عەلی) لەسەر عەرشی باڵا دانیشتووە، ئەم لەبەردەمی کڕنووس ئەبا، کە گەڕاوەتەوە سەرنجی داوە عەلی هەر یارەکەی جارانەو خۆیشی هەر پێغەمبەرەکەی جارانە.. دور نیە ئەم بەیتە هی رافضیيەکان‌و عەلی ئیلاهیيەکان بێت خرابێتە ئێرەوە، باز= دیسان، مولی شد= بووەوە ئاغاکەی جاران..

((بر سر شاخ صدره از دم و روح
ایم سخن بر زبانم القا شد))

واتا: لەسەر پۆپەی دارە نەبگەکەوە لەدەم و گیانەوە (لەدەمی روح القدس) ئەم وتەیەم خرایە سەر زبان: کای...

وشەکان: برسر= لەبان، شاخ صدره= لقی داری سدرەوە (مەبەست صدرة المنتهی) لەدەم‌و رەوانەوە (لای کاکە حەمە دم روح)و (لای حەمەبۆر ازدم غیب) لەم هەڵبەستەدا دییاردی بۆ چوونە معراجی پێغەمبەر هەیە (د.خ.) کە جبریل بردویە بۆ بەردەم عەرشی خواو، خود جبریل نەیتوانیوە لەداری ((سدره)) تێپەڕێ (ئەم باسە لە سورەی النجمی قورئانی پیرۆزدا لە ئایەتەکانی ٢–١٧و لە تەفسیرەکانا داستانەکە دوورو درێژ هەیە) ئەم بەندە گەواهێکی تەواوە کە ئەم هەڵبەستە دەربارەی پێغەمبەرە نەك دەربارەی بەهائەاللاە)

((کای دمت نفحه‌ء سرافیلی
مورد واردات جبریلی))
((أنتَ شمسَ الهدی ونورَ الحقِّ
أظهِر الحقَّ یاظهورَ الحقِّ))

* * *

## بەندی چوارەم

((خیز جانا نوای دیگر زن
خرمنم را شرار فروهر زن))

واتا: رابە گیانەکەم سازو مەقامێکی تری بژەنە، خەرمانەکەم (جۆخینەکەم) بدەرەبەر پریشکی ئاگری فروهەری نەورۆزی...

وشەکان: خیز= هەستە– رابە، جانا= گیانەکەم، نوای= مەقامێکی– سازێکی، دیگر زن= تری لێ بدە، خرمنم را= خەرمانەکەم (جۆخینەکەم) بخەرە بەر شرار= پریشکی ئاگری فرەوەهەر، فریشتەی فەروەردینی نەورۆز (ئەم هەڵبەستە دییاردییە بۆ رزگاربوون لەسەرمای زستان‌و هاتنی بەهارو نەورۆزو کردنەوەی ئاگری نەورۆزی کورد، چون ئێرانیيەکان ئاگری نەورۆز ناکەنەوە)

((دفع سودای فاسد غم را
بر رگ دل زغمزه نشتر زن))

واتا: بۆ لابردنی نەخۆشیی مالخولیـای بێگـەنی خەم‌و خەفەتی دڵ لەرەگی دڵ بەنیشتەری تیلایـی چاو، تیغ لـێ بدە..

وشــەکان: دفــع= لادان– لابــردن، ســـودا= نەخۆشیی ئـەڤین– مالیخولیـا، فاسـد= خـراپ– بێگەن، غم= خەفـەت– خـەم، بر رگ= لەریشـە– لـەرەگ، زغمـزە= لـەتیلایی چاوەوە– بەگۆشــەی نـازی چـاو (لای حەمـەبۆر لـەباتی دڵ، جـان نووسـراوە) نشـتر= نیشـتەر– چـەقۆی تیـژی تیمارکار، زن= لـێ بدە..

((موسی آسا برغم سحاران
یك عصائی بنفس اژدر زن))

واتـا: وەکـو موسـا (د.خ) بـۆ بـەرانگاریی جادوگـەران‌و سـحربازان (کـە ئـەو گاڵۆکەکـەی دابەزەوی‌یا هـەموو مـارە جادوویـیـەکانی قوتـدا) تۆش گاڵۆکێ لە ئەژدەری دەروونی خۆت بدە..

وشـەکان: موسـی= موسـا پێغەمبـەر (د.خ.) ((شاعیرانی ئێرانی هەمیشە موسی‌و عیسی بە(یێ) نەوەك ئەلف ئەدرکێنن))، آسا= وەك، برغـم= دژی بەرانگاری، سحاران= سیحر بـازان– جادووگـەران، عصا= داردەس– گاڵۆك، بنفـس= لـەدەروون– لـە سوروشت، اژدر= مـاری گـەورە– ئـەژدەها، زن= لـێ‌بدە.. ((بـۆ باسـی موسـاو گاڵۆکەکـەی‌و جادوگـەران سـەرنجی سورەی (شـعراء) قورئـانی پـیرۆز ئایەتـەکانی (٣١-٤٦)و تەفسـیرەکان بدەن))..

((ضربت از تو دل ازتو جان ازتو
خواه شمشیرو خواه خنجر زن))

واتـا: کوتـەك لـەخۆت، دڵ لـەخۆت، گیـان لـەخۆت، ئەتـەوێ شمشـێری لـێ دە، ئەتـەوێ خەنجەری لـێ‌بدە..

وشەکان: ضربت= کوتك، از تو= لەخۆت، دل= هی خۆت ((لەرونووسێکدا لـەباتی دڵ تـن (لـەش) نووسراوە))، جان = گیان، خواه= ئەتـەوێ (لـەم هەڵبەستەدا کوردی دییاردی بۆ دوو شت دەکات: یەکەم/ بۆ ئەوەی شت بەدەس بوون (جزء اختیار) درۆیـە، هـەمووی بەدەسـتی کردگـاری توانایـە. دووەم/ صۆفی‌یـەکان باوەڕیان بەتوانـەوە لـەخود خودادا هەیە کە پێ‌ی دەوترێ (فناء في الله) بەپێی ئـەم فەرمایشـتە کـە پێـی دەوتـرێ فـەرموودەی پـاکیزە (حدیث قدسي): مـایزال العبـد یقـترب الي بـالنوافل حتـی احبّـه فـاذا احببتـه کنـت یـدە الـتي یبطش بها، وسمعة الـذي بـه، وبصره الـتي یبصر بها...) واتا= بەندەی من بـەکردەوەی چـاك لـەمن نزیك ئەبێتەوە بەجۆرێ کە مـن ئـەبم بـەو دەسـەی کاری پێ دەکا، بەو گوێ‌یەی پێـی ئەبیستێ، بەو چاوەی پێـی دەبینـێ، تـاد...) (دوور نیـە ئـەم قسـەیەش دەس هەڵبەسـتی شـێخ‌و صۆفـی‌و دەروێشی درۆزنی فیشاڵچی بێت)..

((تو شه تخت (ما عرفناك)ی
خیمه از ممکنات برترزن))

واتا: تۆی پادشای تـەخت، کـە وتوتـە: خوایـە تۆمان نەناسیوە بەو جۆرەی کـە دەبـێ بناسرێ‌ی (سبحانك ماعرفنـاك حـق معرفتـك) تـۆ چادرەکـەت لەژوور هەموو پەیدایش‌و بەناو هاتوویەکـەوە هـەڵ بدە..

وشـەکان: توشـە: ئـەتۆی پادشـای، تخـت ماعرفنـاك= نـەمان ناسـیوی، خیمـە= خێـوەت– چادر، از ممکنات= لە پەیدابووان– گونجاوان، برتر زن= ژوورتر داکوتە... ئـەم هەڵبەسـتە گـەواهێکی تـری ئاشکرایە کـە حـەوت بەندەکـە دەربـارەی پێغەمبەرەو دەربارەی (بەهائە اللاە نیە)

((شاهباز نشیمن قدسی
تا سر برج لامکان پر زن))

واتا: تۆ شابازی لانـی پاکژی، تاسـەری کـەلوو کۆنگەرە تا بێ جێی (ئیترجێ نەمان) شەقەی باڵت بێ‌و بفرە...

وشەکان: شاهباز= بازی تەوار، نشیمن= لانـە– دێوخانە، قدس= جێـی خـاوێن‌و پـاکژ، تاسربرج= تابانی کۆنگەرەو کـەلوو– لـە روونووسـێکا لـەباتی بـرج (اوج) نووسـراوە – واتـا کەشکەڵانی فەلـەك، دووا پلـەی بـەرزیی، لامکـان= جـێ نـەمان، پـر= باڵ...

ئەم هەڵبەستە دییاردی‌یـە بـۆ چوونـە معراجـی پێغەمبـەر (د.خ.) کـە گەڕاوەتـەوە وتویـی: (بلَغتُ مرتبـةً لامکانَ فیهـا لمَلَـكٍ مقرّبٍ ولا لنبيٍّ مُرسَـل)

واتا: گەییمە پلەیێ کە لەوێدا جێ نیە بۆ هیچ فریشتەیێکی لەخوا نزیکو بۆ هیچ پێغەمبەرێکی فرستادەش!!

((ای کە داری هوای دلبر ما
نقش مهرش بهر دلی برزن))

واتا: ئەی ئەو کەسەی هەتە لەسەرا ئارەزووی ئەڤینی دڵبەرەکەی ئێمە نەخشی خۆشەویستیی ئەو (یا نەخشی مۆری ئەو) بەهەموو دڵێکا بچەسپێنە..

وشەکان: ای کە= ئەی ئەو کەسەی، داری= هەتە، هوای= ئەڤینی- ئارەزووی، دلبر= دڵڕفێن- یار، ما= ئێمە، نقش= مۆر، مهر= خۆشویستن، بهر= بەهەموو، دلی= دڵێکا، بر زن= لێ بدە..

((کیمیای سعادت ار خواهی
بر درش چو سکە بر زرّ زن))

واتا: ئەگەر ئەتەوێ بگەی بەکیمیای بەختیاری لەبەر دەرگاکەیا خۆت بدە بەزەوییا وەك سکە بەسەر زێڕا.

وشەکان: کیمیا= مس کردن بەزێڕ (زاراوەیەکی کلاسیکە، مەبەست ژەنگی دڵ لابردنە)، سعادت= بەختیاری، ارخواهی= ئەگەر ئەتەوێ، بردرش= لەبەر دەرگاکەیا، چو= وەك (لەروونووسەکەی لای کاکە حەمەدا رخ = روو)، سکە= قاڵبی دراو، بر زر زن= بەسەر زێڕا لێ بدە..

((دست کوتاه کن زدق الباب
قامتت حلقە سازو بردرزن))

واتا: دەس هەڵبگرە لەدەرگا کوتاندن، بەژنت بکە بەهەڵقەو بیدە بەدەرگاکەیا..

وشەکان: دست= دەس، کوتاه= کورت بکە- وازبێنە لە، دق الباب= دەرگا کوتان، قامتت= بەژنو باڵای خۆت، حلقەساز= بکە بەهەڵقەڕێزی دەرگا، وبردرزن= بیماڵە بەدەرگاکەدا.

((گر در آن آستانە رە یابی
پشت پای بقصر قیصر زن))

واتا: ئەگەر بۆ دەرگای ئەوبەرماڵە ڕێگەت بەدەست کەوت، پێ لەقەیێ لەکۆشکی قەیصەر هەڵ بدە..

وشەکان: گر= ئەگەر، در آن آستان= بۆ دەرگای ئەو بەرماڵە، رە یابی= ڕێ بەدەس بێنی، پشت پائی= پاژنەپێ- پاش لەقەیێ، بقصر= لەکۆشکی، قیصر= چار روس- قەڕاڵ، زن= بماڵە.

((ور نهندت بجبهە داغ قبول
داغ غم بر دل سکندر زن))

واتا: ئەگەر نایان بەتوێڵتا دروشمی پەسەندکران (جاران بەندەی زەڕخرپدیان مۆر ئەکرد توێڵیان بەمۆر داغ ئەکرد) داغ غم= تۆش مۆری خەفەت بنێ، بردل سکندر= بەدڵی ئەسکەندەرا بنێ..

وشەکان: ور= ئەگەر (وشەکە سووکی وەئەگەرە)، نهندت = پێتابنێن (لەروونووسەکانی ترا ننهندت نوسراوە =ئەگەر مۆری بەندەییت پیا نەنێن) (ئەمەیان هەڵەیە، ئەگەر مۆری بەندەیی پێوە نەنێن چۆن ئەتوانێ داغی خەمو خەفەت بنێ بەدڵی ئەسکەندەرا)، بجبهە= بەتوێڵا، داغ= نیشانە- دروشم، قبول= پەسن، داغ غم= شیشی گەرمی خەفەت، بردلی= بەسەر دڵی ئەسکەندەرەوە بنێ..

((سر بپای سگان کویش نە
دست رد بر سریر سنجر زن))

واتا: سەرت بخەرە بەرپێی سەگانی گەڕەکەکەی، دەس بنێ بەتەختو ئەورەنگی سوڵتان سەنجەرەوە، بەکەلکت نایێ.

وشەکان: سر= سەر، بپای= بەپێی، سگان= سەگەکانی، کویش= کۆڵانەکەی- گەڕەکەکەی، دست رد= دەستی بەدوادا دانەوەی، بر سریر= بەسەر تەختی سەنجەرا بدە، نەتەوێ.

((از سر افگن خیال افسرو زرّ
سنك درگاه دوست بر سرزن))

واتا: لەسەر دەرکە وراوەی پرووپووچی تاجو زێڕ، بەردی دەرگای دۆست بماڵە بەسەرتا..

وشەکان: از سر= لەسەر، افگن= فڕێدە، خیال= ئەندێشە- وراوە، افسر= تاج- کولاە، زر= زێڕ، سنگ درگاه= بەردی دەرگای دۆست، بر سر زن= بدە بەسەر خۆتا..

((قلم رد بر پنج مصحف نە
کرنك رد بچار دفترزن))

واتــا: خامــەو قەڵــەمی پەســن نــەکردن‌و بــەدواوەدان بخشێنە بەسەر پێنــج ســیپارەکەدا، قوڵنگەی ڕەت کردنەوە بدە لە ڕەگ‌و ڕیشەی چوار دەفتەرەکە.

وشەکان: قلم= خامە- ئەوەی پێی ئەنووسرێ، رد= دانـەدواوە- نەویستن، برپنـج= بەسەر پێنج (لە ڕوونووسێکا نووسراوە بیخ = ڕەگ) مصحف= سـیپارە- کتێبـە عاسمانی‌یـەکان، (وشــەکە لەبنەڕەتا حەبەشی‌یە بەپێی داستانە ئایینی‌یەکان پێنج مصحف، صەت سیپارەبوون یەکێ بۆ ئادەم، ٢١ بەش، دووەم بـۆ شیث ٢٩ بەش، سێیەم بۆ نـوح ٣٠ بەش، چوارەم بـۆ ئیبراهیم ١٠ بـەش، پێنجەم بۆ موسا بەر لە تەورات ١٠ بەش).

لە ڕوونووسێکا لەباتی (نە) (کش) نووسراوە..، کرنك= قوڵنگە، رد= دانـەدواوە (لەڕوونووسـێکا - حـد- نوســراوە کــە ئــەکا کوژاندنــــەوە، لەڕوونووسەکانی کاکە حەمەو مامۆستا سەجادی‌دا لەباتی: کرنك، کزلك، نووسراوە کەهەڵەیە)، بچار= لەهەر چـوار، دفـتر= کتێب (لەبنەڕەتا وشەیێکی یۆنانی‌یە ناوە بۆ چەند لاپەڕەیێ کاغەز کەپێکـەوە پێچرابـن)، مەبەسـت لـەچوار دەفتـەر: تـەورات، زەبور، ئینجیل، قورئان)ە، ئەم هەڵبەستە لەچاوی ئـایینی‌دا، کوفـرو ناڕەوایـە، بــەلام لــەزاراوەی صوفیانـەدا شتی وا باوە، دووریـش نی‌یـە هــەر لەبنەڕەتا هی کـابراییێکی بەهائی بێت خستبێتیە ئەم حەوت بەندەوە.

((جرعەء برکش‌و بدین آهنك

شورو غوغا بر اهل محشرزن))

واتـا: قومێ هەڵقوڕێنـەو بەم مەقامـە زەڵـەو ئاژاوە بخەرەناو خەڵکی مەحشەرەوە کە لە مـەرگ هەستاونەوە.

وشەکان: جرعە= قوم- مژ، برکش= بکێشە بـە سەراو هەڵقوڕێنـە، لای کاکە حەمـە (سـرکش)ە، بدین -یا- بـاین= بەئـەم ئاهەنگە، شور= زەڵـەو هـەراو هۆریـا، براهـل محشـر= بەسـەر خـەڵکی مەحشــــەرا ( مـــەیدانی کۆبوونــــەوەی ڕۆژی ڕەستاخێزا) ئەمە بخوێنەوە:

((کای دمت نفحەء سرافیلی

مورد واردات جبریلی))

((أنتَ شمسَ الهدی ونورَ الحقٍّ

اظهِرِ الحقَّ یاظهورَ الحقِّ))

* * *

**بەندی پێنجەم**

((وقت قرب وصال میبینم

عشق رو در کمال میبینم))

واتا: کاتێ نزیکی بەیەك گەیشتن‌و ژان ئەبینم.. ئەڤین ڕووبەگەیین بەرەو باڵا ئەبینم.

وشەکان: وقــت= کــات- دەم، قــرب= نزیـك بوونـەوە، وصـال= بەیــەك گەیشـتن- ژوان، (لای کاکـە حەمـە قـرب‌و وصـال) هەڵەیـە..، میبینـم= ئەبینم، عشق= شەیدایی- دڵداری، رودرکمال= ڕوو لە بەرەو باڵاچوون‌و پێگـەیین ئـەبینم... لای کاکـە حەمە لەباتی (عشق رو) (عشق را) نووسراوە..

((باندیمان خسرو اندر راز

خسرو باجمال میبینم))

واتا: لەگەڵ یـاوەران‌و هاودەمـانی خەسـرەودا، لـە نهێنـی ڕازو نیـازدا خەسـرەوی خێـوی جوانـی ئەبینم..

وشەکان: با= لەگەڵ، ندیم= هـاودەم- یـاوەر، خسـرو= پادشـای ساسـانی بـەناوبانگ، انـدر راز= لـەڕازو نیـازی قسـەی نهێنـی‌دا، خسرو باجمـال= خەسرەوی جوان (وادییارە مەبەست لەخەسـرەوی دووەم فەرهادی دڵداری شیرینە)..

((آنچە در کائنات کردە ظهور

مظهر لایزال میبینم))

واتا: ئەوەی لە هەستی‌یا پەیدایـەو هاتۆتـە دی بەدیاردەی خوای هەمیشە ماوی پایەداری ئەبینم..

وشــەکان: آنچــە= ئــەوەی، در کائنــات= لەپەیدایش‌و هەستی‌یا، کردە ظهـور= هاتۆتـە دی، مظهر لایـزال= دییـاردەی خـوای هەمیشـە مـاوو پایـەدار، میبینـم= ئـەبینم (ئـەم بەیتـە تـەنیا لای کاکە حەمە هەیە)

((آنچە در کارگاە نقش صور

ذرەای زان جمال میبینم))

واتا: ئەوەی لەکارخانەی نەخشاندنی وێنەکانا بەرچاو ئەکەوێ، ئەوە بەتۆزقاڵێ لەو جوانیە دێتە بەرچاوم..

وشـەکان: آنچـە= ئـەوەی، درکارگـاە= لەکارخانەی، نقش صور= رەنگاندنی وێنەکانا- پەیکەرەکانایە، ئەوە تۆزقاڵێ لەو جوانی‌یەیە کە ئەیبینم..

((صف ارواح را در آن منزل
جا بصف النعال میبینم))

واتا: ڕزی فریشتەکان لەو هەوارەدا، جێیان لە ڕزی پێڵاوەکانا ئەبینم (مەبەست جێی فریشتەکان لەو ئاستانەدا کە پێغەمبەری تیابووە، جێی ئەوان لای پێڵاوەکان بووە).

وشەکان: صف= ڕز- ریز، ارواح= رەوانەکان- فریشتەکان، درآن منزل= لەو قۆناغە- لەو هەوارەدا، جا= جێگە، بصف النعال= لە ریزی کەوشەکانا ئەبینم...

((پرتو مهر خلعت جانان
بی کسوف وزوال میبینم))

واتا: تیشکی خۆشەویستی خەڵاتی دۆستەکانو گیانەکان (یاخۆری) بێ گیرانو لاریوونەوە ئەبینم (واتای ئەم هەڵبەستە لەگەڵ هەڵبەستی دوایی دەرئەکەوێ).

وشەکان: پرتو= شەوق، مهر= خۆر، خلعت= خەڵات- دیاری، جانان= گیانان، بی کسوفو زوال= بێ گیرانو لاربوونەوە.

((باندیمان بخلوت شیرین
خسرو باجلال میبینم))

واتا: لەگەڵ هاودەمانو یاراندا لەنیشتنێکی خەڵوەتی شیریندا خەسرەوی خاوەن شکۆ ئەبینم..

وشەکان: باندیمان= لەگەڵ هاودەمانو یاران، بخلوت شیرین= لەکۆبوونەوەی نهێنی خۆشدا (شیرین ناوی خاتونی خەسرەویشە)، خسرو باجلال= خەسرەوی خاوەن شکۆ (وادییارە مەبەستی معراجو کۆبوونەوەی پێغەمبەرە لەگەڵ خوای خاوەن شکۆ، بەپێی باوەڕی ئایینی‌یەکان) ئەم بەیتە کە جیاوازی لەگەڵ بەیتی ٦٣دا تەنها

چەند وشەیێکە، تەنیا لە روونووسێکی لای حەمەبۆردا هەیە)

((راز داران خاص آن خلوت
همه عیسی خصال میبینم))

واتا: راز پارێزانی تایبەتی ئەو کۆنگەرەو کۆبوونەوەیە، هەموو لەرەوشتی عیسی (د.خ.) دێنە بەرچاوم...

وشەکان: رازداران= نهێنی پارێزان، خاص= تایبەت، آن خلوت= ئەو کۆڕە نهێنی‌یە، همە= گشت، عیسی خصال= عیسا رەوشت ئەبینم..

((پاسخو حرف اهل آن مجلس
همە رمز وصال میبینم))

واتا: وەرامو وتووێژی خەڵکی ئەو کۆڕو نشینگەیە هەمووی قسەی سەرپۆش بەیەک گەیشتنو ئەڤین دێتە بەرچاوم..

وشەکان: پاسخ= بەرپەرچ- وەرام، حرف= قسە، (لە روونووسێکا گفتگوهای، بەلام وادییارە نووسەرەوە خۆی دایناوە) اهل= خەڵکی، مجلس= دیوخانە- نشینگە، همە= هەموو- گشت، رمز= دروشمی نهێنیو سەرپۆشراو، وصال= بەیەک گەیشتن...

((درس وبحث وبیان این مکتب
عاری از قیل وقال میبینم))

واتا: خوێندنو لێکۆڵینەوەو روون کردنەوە لەم قوتابخانەو فێرگەیەدا رووتو دوور لە چەنو چوونو وتووێژ ئەبینم..

وشەکان: درس= خوێندن، بحث= لێکۆڵینەوە، بیان= روون، عاری= رووت، دور از قیلو قال= دوور لە وتو وات.

((حل اشکال ورمز آن استاد
بی جوابو سؤال میبینم))

واتا: کردنەوەی گرێ کوێرەیو هەڵهێنانی دروشمی سەرپۆشراوی ئەو مامۆستایە، بێ وەرامو بێ پرسینەوەو چەنو چوون ئەبینم...

وشەکان: حل= کردنەوە- زانین، اشکال= گرێ کوێرە- باسی نەزانراو بەسانایی، رمز آن استاد= قسەی سەرپۆشراوی نەزانراوی ئەو مامۆستایە. (دییارە مەبەستی پێغەمبەرە د.خ.)، بی جوابو سؤال= بێ وەڵام- بێ پرسینەوە، (چون سروشە

((طوطي نطق را در آن محضر
پشت آیینه لال میبینم))

واتـا: تووتـی درکـاندنی قسـە، لـەو رووبـەڕوو دانیشـتنەدا وەکو توتیـی نـاو ئاوێنـە لاڵ دێنـە بەرچاوم..

وشەکان: طوطي= تووتی (پەڕەندەی ناسراوە) بـەڵام مەبەست پیاوانی لەبلەبان‌و قسـە ڕەوانـە، نطـق= درکـاندن- قسـەکردن، درآن محضـر= لـەو دانیشـتنە رووبەڕووییـەدا (لای حەمـەبۆر لـەباتی محضـر= محفـل نووسـراوە کـە کـاری کابرایـەکی بەهائی‌یە)، پشت آیینە= لەبەردەم ئاوێنـەدا، لال= بێ زبان‌و لاڵ دێنە بەرچاوم..

((طائر وهم را در آن مجلس
خستەو بی پرو بال میبینم))

واتـا: پـەڕەندەی خـەیاڵ‌و گومـان - کـە بەتورکـەیێ هـەموو جیهـان ئەگـەڕێ- لـەم دێوخانەیەدا ماندوو باڵ شکاو دێتە بەرچاوم.

وشەکان: طائر= فڕندە- فڕۆك، وهم= گومـان- خەیاڵ، در آن مجلس= لـەو نشـینگەیەدا، خسـتە= ماندوو، بی پروبال= بێ باڵ‌و پەڕ دێنە بەرچاوم..

((بختی عقل را در آن هامون
همە دور از عقال میبینم))

واتـا: وشـتری هـۆش‌و ئـاوەز لەزریـەی هـامونی (هەزار بەهەزاری جەنگـەڵ‌و ژاژدا) هـەموو بـەرەڵاو ئەژنۆ نەبەستراو دێنە بەرچاوم...

وشەکان: بختی= وشـتری دوکۆیانـەی تایبـەتی بۆتی‌و پشتوییەکان، عقل= هۆش- ئـاوەز- ژیـر، در آن هامون= لەو زەریاچەیەدا (هـامون لـەنێوانی سیستان‌و ئەفغانستانایە هەموو زیندەیێکی تیا بزر ئـەبێ)، همـە= هـەموو- گشت، دور ازعقـال= بـێ پـەتی ئـەژنۆ ئـەبینم.... وشـتر ئەگـەر ئـەژنۆی نەبەسترێتەوە، هـەج ئـەبێت‌و ئـەڕوات، بۆیـەش عـەرەب هـەر ئـەو پەتـەی پێـی وشـتری بەسـەرا سەپێنراوە، کە سەرشـێت دەبـێ‌و هۆشـی بێتـەوە بـەرا ((لای کاکـە حمـە لـەباتی (دور ازعقـال) نووسراوە (بردو زانو عقال)...)).

ئەمـە باشـترە، ئەگـەر مامۆسـتا سید تاهـیری هاشمی بەسـەلیقەی خـۆی راسـتی نەکردبێتـەوە..

ئەمە وەهاو گوایە: کـوردی وشـترو عـەقڵ‌و عـەقالی (عەگالی) بۆیـە لـێرەدا کۆکردۆتـەوە، دییاردیە بۆ ئەوەی کە شاپوری ساسانی عەقالی وشتری ناوەتە سەر عەرەب.

((تشنەرا زیر پای خضر نبی
چشمە ای بس زلال میبینم))

واتا: بۆ تینوانی زانسـت‌و زانیـاریی خواناسـی، لـەژێر پێـی خـدری زینـدەدا کانیـە ئـاوی شـیرین‌و سازگار ئەبینم..

وشەکان: تشنە= تینو، زیر پـای= لـەژێر پێـی، خضر= خدری (کوڕی ئیلیای کوڕی مەلکان) گوایە ئەو داستانەی سورەی الکهف لە قورئانی پـیرۆزدا، دەربارەی ئەوە، چینی دەروێشان‌و صۆفیان خدر بەسەرۆکی خۆیان ئەزانن، لایان وایە ئاوی حـەیاتی (زیندەییتی) خواردۆتەوە تارۆژی رەستاخێز هـەر ئـەمێنێ.. بـەڵام ئـەوەی کـە کـوردی نووسـیویە (نەبی) ئەو (نەبی= پێغەمبـەر) نـەبووە، پیاوچاك بووە، لەوڵاتی کوردەواریـدا هـەر کەسـە لـەچۆڵێکا کارەساتێکی لـێ بقەومایەو لەناکاو کەسێ بەفریایا بگەیشتایە، ئەوترا: خدری زیندە بەفریایا گەیشت، لەبەر ئەوە کەڵەکی خـدری زینـدە لەهـەموو کون‌و قوژبنێکی کوردستانا هەیـە، چونکـە وڵاتـی کوردو ئەفغان جێی داستانی پڕوپووچی وڕاوەییـە، بەڵام پاش ئەو کارەساتەی لە کوردسـتان‌و ئەفغانسـتان رووی‌دا، شوکور بۆ خوا ئیتر ئەم باسانە بڕایەوە..

((در رکاب محمدی خودرا
هندویی چون بلال میبینم))

واتـا: لـەناو ئەوانـەدا کـە لـە ئـاوزەنگی محمـد (د.خ) دا پیـادەڕێ ئەکـەن منیـش خـۆم بـە ڕەشکۆڵەییێکی وەك بەلال دێتە بەرچاو..

وشـەکان: در رکـاب= لـەئاوزەنگی داپویـین، خودرا= خۆ وەکو، هندوئـی= رەشـکۆڵەیێکی وەك بلالی حەبەشی دێتـە بـەرچاو (بـلال کـوڕی رەبـاح) بـەندەی ئـازادکراوی ئەبوبـەکر (خ.خ.) بـانگوێژی ئازار چەشتووی دەستی قورەیش.

((قطع این راە جز بلطف دلیل
رهروان را محال میبینم))

واتـا: بڕیـن‌و پیـاچوونی ئـەم رێگەیـە (رێـی راستی‌و دروستی) بەبێ نەوازشی رێ نیشاندەرێکی

ڕێ ناس، بۆ ئەوانەی کە سەری ڕێیان گرتووە ئەوین زۆر نەگونجاوو نەلواو دێتە بەرچاوم..

وشەکان: قطع= بڕین، این را= ئەم ڕێیە، جز= جگە، بلطف= بەنەوازشیو ناسکی، دلیل= رابەر، محال= نەگونجاو-- نەلواو.

((قدسیان بر افراز علیین[1]
ذکرشان این مقال میبینم))

واتا: فریشتە پیرۆزەکان لەسەری سەرووەوە وێردی سەر زبانیان ئەم وتەیەیە: (کای دمت...)

وشەکان: قدسیان= فریشتە پاکژو پیرۆزەکان، بر افراز= لەسەر، علیین= بارەگا بەرزەکانی خوا، ذکرشان= وێردی زبانیان- زەمزەمەیان ئەم وتەیەیە:-

((کای دمت نفحەء سرافیلی
مورد واردات جبریلی))
((انتَ شمسَ الهدی ونورَ الحقّ
اظهرِ الحقَّ یاظهورَ الحقِّ))

* * *

## بەندی شەشەم

((وقت عشق است وصبح موسم دی
خیز جانا بیار بربط و نی))

واتا: کاتی ئەڤینو دڵدارییە، بەیانەو کەشی زستان (یاجەژنی سەرماوەز) هەستە گیانە تارو نەی بێنە...

وشەکان: وقت= کات، عشق= رابواردن- ئەڤین، صبح= سەرلەبەیانی، موسم= وەرز، دی= سەرماوەز (هەوەڵ مانگی زستان) (هەروا نۆیەم مانگیشە کە فارسەکان ئەیکەنە جەژن) ئەشێ: دی (واتا: دە هەستە بێت)، خیز= راپەڕە، جانا= گیانەکە، بیار= بهێنە، بربط= تار (کەرەسەیەکی مۆسیقییە)، نی= شمشاڵ- بلوێر، ((لای کاکە حەمە لەباتی (وقت عشق) (وقت صبح است)و لای حەمە بۆر نیو بەیتەکە ئاوەهایە (وقت عشق است وصبح عیسی پی) پەیجویی عیسا بکە))..

((از خراباتیان مست طلب
جام جمشیدو تخت وافسرکی))

واتا: لە کەلاوەنشینە مەستەکان داوای جامی جەمو تەختو بەختو تاجی کەی بکە...

وشەکان: از خراباتیان= لە کەلاوەنشینان- پیرانی موغان، طلب= داوا، جام جمشید= کاسەی شەراب (یا ئەو ئاوێنەیەی کە جەمشید هەموو جیهانی تیا ئەبینی)، افسر= تاج- پۆپنە، کی= کوێخا گەورە (بنەماڵەی کەیانی دووەم زنجیرەی پاشایی ئێران) کە گۆیا ئەوانەن پاشایانی ماد..

((ترک تاتارو بادەء خلر
رد سیم، گردهم بملکت ری))

واتا: جوانێکی تاتاریو بادەی شەرابی خوللەری سووری سێهەمین سووڕ، ئەگەر بدەم بەوڵاتی رەی...

وشەکان: ترک= جوان، تاتار= یەکێ لە ڕەگەزەکانی کۆنی تورانی، بادە= پیاڵە- کاسە، خلر= شارۆڵکەی خوللەری سەر بە شیراز کە ترێو شەرابی سووری زۆر بەناوبانگە، رد= گەڕ- خول- سووڕی سێهەمین، گردهم= ئەگەر بدەم، بملکت ری= وڵاتی رەی، (لەسەرەتادا ناوی رگا بوو، یەکێ لە پایتەختەکانی مادو خەرابات نشینانی موغەکان کە بە شەراب خواردنەوە بەناوبانگ بوون)

((نخوری بر زنخل آزادی
نبری تا نهال کام از پی))

واتا: ناخۆی بەری دارخورمای ئازادی، تا نەمامی ئارەزووەکان لە ریشە دەرنەهێنی..

وشەکان: نخوری= ناخۆی، بر= میوەو بەری دار، زنخل آزادی= لە دارخورمای ئازادی (ئازادیو سەربەستی لە شیرینییا وەکو خورما وایە)، نبری تانهال= تا نەبڕی نەمامی، کام= ئارەزوو، از پی= لەرەگو ریشەوە

((نکنی طوف محمل لیلی
نکشی تا هزاران لطمەء حی))

واتا: ناکەی زیارەتی کەژاوەی لەیلا، تا نەچێژی هەزاران کوتەکی زیندووان (یا هەزار گەستنی مار)...

وشەکان: نکنی= ناکەی، طوف= زیارەت- بەدەوراهاتن، محمل= کەژاوەی وشتر، لیلی= یار- دڵدارەکەی مەجنون عامری، نکشی= نەکێشی- نەچێژی، لطمەء= شەپەلاغ- کوتەک ((لای حەمە

بۆر لەباتی (لطمه) (صدمه) نووسراوه))، حی= زیندووان، (ئەشێ داتاشراوی -حیه- بێ کە ئەکا مار).

((نه همدست بحلقهء مستان
تا چو یاران نغلطي أندر قي))

واتا: نابی بەهاودەمو هاودەستی زنجیرەو کۆڕی مەستان، تاوەکو یاران (یا خوماران) نەگەوزێیەوە لەناو ڕژانەوەدا.

وشەکان: نەهمدست= نابی بەهاودەمو هاوپیالە، بحلقهء= لەناو چەمەرەو جفزو کۆڕی مەستانا (لای کاکە حەمە نیوە بەیتەکە بەم جۆرەیە: نبری ره بحلقهء مستان= ڕێ نابەی بەرەو کۆڕی مەستان)، تا چویاران= تا وەك یاران- دۆستان (لای حەمە بۆر نیوەکە بەم جۆرەیە: ندهندت بحلقهء مستان جا= لەریزی مەستانا جێت نابێتەوە)، نغلطی اندر= نەگەوزیتەوە لەناو، قی= ڕژانەوەی خۆتا...

((پی کن اسب خیال رجعت را
تا بری سوی منزل او پی))

واتا: پارچەو دووکەرت بکە ئەسپی وڕاوەو ئەندێشەی گەڕانەوە تابەی بەرەو هەواری ئەو، پەی شوێن پێ..

وشەکان: پی= دووپارچەکردن- لەرەگو ریشە دەرهێنان، اسب= هەسب- چارەوا، خیال= وڕاوەو ئەندێشە، رجعت= گەڕانەوە، تابری= تاوەکو ببەی، سوی= بەرەولای، منزل او= ماڵی ئەو- هەواری ئەو، پی= شوێن پێ (پەی دەرکردن ئەوەیە شوێن پێی دز بدۆزیەوەو بەدوایا بڕۆی...) لێرە مەبەست پەیرەوی چاکانە..

((پی ما گمرهان اگر گیری
پی بری سوی راه رشد از غی))

واتا: شوێن پێی ئێمەی ڕێ بزرکردووان ئەگەر هەڵبگریو، بەدوامانا بێی، پەی ئەبەی بەرەو ڕێی راستەقینەو پێ گەیین، لە گومڕایی ئەڕەخسی...

وشەکان: پی ما= شوێن پێی ئێمەی، گمرهان= ڕێ بزرکردووان، اگر گیری= ئەگەر بگریو بەدوامانا بێی، پی بری سوی راه رشد= پەی ئەبەی بەرەو ڕێی راستەقینەو پێ گەیشتن، ازغی= لە گومڕاهی‌یەو بەرەو رزگاری.

((ای پسر! تاکی از پدر گویی؟
جود حاتم چەکند بعدی؟))

واتا: ئەی ڕۆڵە تاکەی باسی باوکت دەکەیو پیا ئەنازی؟ پیاوەتیو دەس بڵاوی حاتەم چ دەخڵو سوودی هەیە بۆ عودەیی کوڕی ئەگەر خۆی پیاو نەبێ.

وشەکان: پسر= ڕۆڵە- کوڕ، تاکی= تاوەکو کەی، ازپدر گویی= باسی باوکت ئەکەی ئەڵێی باوکم جوامێر بوو و سوارچاك بوو، جود حاتم= دەس بڵاویو سەخێتی حاتەم (حاتەمی طائی کەتاڵانی ئەهێنا هەر ئەو ڕۆژە هەمووی بەسەر خەڵکەکەدا بڵاوئەکردەوە نەوەك لەشکری دوژمن بدا بەسەر سەریداو بیباتەوە، بەم جۆرە ناوی بەسەخی دەرچوو بوو)، چەکند= چ دەکا، بعدی= بۆ عودەیی کوڕی (ئەگەر رەزیلو خوێڕیو دەس قوچاو بێت)...

((مستیو خوابو بیخودی تاچند؟
هستی وعجبو سرکشی تاکی؟))

واتا: سەرخۆشیو خەواڵوویی بێ ئاگاییو لەسەرخۆ نەبوون تاچەند؟؟؟ خۆ بەشت دانانو خۆپەسەند کردنو سەرچڵی تاکەی؟؟

وشەکان: مستی= سەرخۆشی، خواب= خەو، بیخودی= بێ ئاگایی لەخۆ، تاچەند؟ خۆ بەشت زانینو بوغرایی، عجب= خۆپەسەندیو فیز، سرکشی= سەرچڵیو یاخێتی تاکەی؟؟؟

((بشنو از پند من بسمع قبول
گر زیان دیدی -الضمان علي-))

واتا: گوێ ڕایێڵە بۆ پەندو نەصیحەتی من بەگوێچکەیێ کە پەند وەربگرێ، ئەگەر زیانێکت لەوە کرد، خەسارەت بژاردنەوەکە لەسەر من..

وشەکان: بشنو= بژنەوە- ببیستە، از پند من= لەئامۆژگاری‌یەکانی من ((لای مامۆستا سەجادی (این پندمن)ە))، بسمع قبول= بەگوێی ڕایەڵی قسە پەسەند کردن، گر زیان دیدی= ئەگەر زیانت دیت- تووشی نسکۆ هاتی، الضمان علي= بژاردنی زیانەکەت لەسەرمن.. رستەی (الضمان علي) گۆیا یەکەم جار خاتوون عائشەی ژنی پێغەمبەر (د.خ.) وتویە: (بنت ثمان، علي الضمان) کچ بە هەشت

سالّی بدە بەشو، مەترسە لەبەرگە گرتنی ئەوەیان من دلّنیایی زیانەکەی ئەکەم.

((شە ظهور الحق از دو عالم دان
نائب خاندان فخر لؤی))

واتا: پادشای دەرخەری راستیو راستەقینە لەهەردوو گێتیدا بزانە جێگری بنەماڵەی شانازیی (لوئەی)ن..

وشەکان: شە= پادشاە، ظهور الحق= دەرخەری راستی (یا دەرکەوتنی راستی)، از دو عالم= لەدوو گێتیدا، دان= بزانە- بناسە، نائب خاندان= جێگرەوەی بنەماڵەی، فخر لؤی= جێ شانازیی لوئەی (لوئەی کوڕی غالب کوڕی فهر) لەباپیرە هەرە گەورەکانی پێغەمبەر (د.خ.)... ((لەلای کاکە حەمە (نائبو فخر خاندان لؤی)ە، ئەگەر وابێ دەبێ مەبەست لەم هەڵبەستە ئیمامی عەلی بێت کە (کوردی) بەنائبی داوەتە قەڵەم، بەلام بێ گومان مەبەست بەهائەاللا نیە))

((شد بساط سخاش چون مبسوط
گشت فرش بساط طائی طی))

واتا: کە خوانی جوامێریو سەخێتی ئەو هاتە مەیدانو راخرا، ئیتر سفرەو رایەخی حاتەمی طائی پێچرایەوە پێزی نەما..

وشەکان: شد= کەبوو- کەگەڕا، بساط= رایەخ- مفرە، سخاش= دەس بڵاویو جوامێری، مبسوط= راخراو، گشت= وەرگەڕا، فرش بساط= رایەخی ماڵەوەی طائی طی پێچرایەوە.. لای حەمە بۆر لەباتی (سخا) (عطا)و لەباتی (بساط) هەر (عطا) نووسراوە.

((ای خوشا وقت آن کە حاصل کرد
دوستی باسگان درگە وی))

واتا: ئای خۆش بەحالّی ئەو کەسەی کاتی ئەوەی بەدەس هێنابێ کە دۆستایێتی ببەستێ لەگەڵ سەگەکانی دەرگای ئەوا.

وشەکان: ای خوشا= ئەی خۆش بەحالّی، وقت آن کە= کاتێ ئەو کەسەی، کە حاصل کرد= کە بەدەستی هێنا، دوستی= ئاشنایێتی، باسگان= لەگەڵ سەگانی، درگە وی= دەرگای ئەوا.

((چند عشقش بەدل نهان دارم
سوختم صبرو عاشقی تاکی؟))

واتا: چەنێ ئەڤینو حەزی ئەوم لەدڵا پەنهانو شاراوەیە، ئەوا سوتام خۆڕاگرتنو ئارام بوونو شەیدایی تاکەی ؟؟

وشەکان: چند= چەنێ، عشقش= ئەڤینی ئەو- حەزلێکردنی ئەو، بدل= لەدڵا، نهان دارم= نهێنی شاردومەتەوە، سوختم= سووتام، صبر= ئارامیو خۆڕاگرتن، عاشقی= شەیداییو حەزلێکاری تاکەی؟؟

((خواهم این قصە سر بازار
فاش گویم بنغمەء دفو نی))

واتا: ئەمەوێ ئەم داستانە لەچەقی بازارا بەئاشکرا بدرکێنمو بەدەنگو ئاوازی دەفو شمشاڵەوە بڵێم: (کای دمت.....

وشەکان: خواهم= ئەمەوێ ((لای کاکە حەمە (خوانم) نووسراوە کە لەگەڵ (فاش گویم) بدرکێنم ئەبێ بەتەکرار))، این قصە= ئەم داستانە، سر بازار= لەچەقی بازارا، فاش گویم= بدرکێنم- ئاشکرا بکەم، بنغمەء = بەئاوازی- بەئاهەنگی (لای حەمەبۆر لەباتی نغمەء ، نالەء نووسراوە کە لەگەڵ دەفو نەی نابێ)، دفو نی= هەردوو کەرەسەی مۆسیقی ناسراون..

((کای دمت نفحەء سرافیلی
مورد واردات جبریلی))

((أنتَ شمسَ الهدی ونورَ الحقِّ
أظهِر الحقَّ یاظهورَ الحقِّ))

* * *

## بەندی حەوتەم

((ما پناە جهان بی پنهیم
راە گوم کردە رهروان رهیم))

واتا: ئێمە پەناگای دنیای بێ پەناگانین، رێ بزرکردوانینو بەرێدا رۆیانی رێگاین..

وشەکان: ماپناە= ئێمە پەنای، جهان= دنیای، بی پنە= ئەوانەی پەنایان نیە، راە گم کردە= رێ بزرکردووان ((بەدوری نازانم لێرەدا (را) یێ کەوتبێ))، رهروان= رێ بەران- رێ گرتوان، رهیم= رێگەین...

((بى كلاهان بوريا مسند
زيور تخت و زينت كلهيم))

واتا: ئێمەین بێ کولاهانو بێ تاجان کە حەسیری لەژاژ دروست کراو رایەخو سەرینمانەو، خشڵو زێروزیوی تەختو پلێپلەو نەخشو نیگاری تاجین..

وشەکان: بى كلاهان= بێ کڵاوان- بێ تاجان، بوريا= حەسیری ژاژ، مسند= پاڵپشتو رایەخ، زيور= زەڕو زیوی نەخشی تەخت، زينت كلهيم= ئارایشو رازێنەوەی تاجین..

((خاك ساران راه، خاك نشين
تاج وديهيم وتخت پادشهيم))

واتا: ئێمەی خاك ئاسای زەبوونی سەر زەوی لەخاکا گەوزاوەو لەسەر زەوی دانیشتوو تاجو پۆپنەو جقەو تەختی پادشاین..

وشەکان: خاکسار= خاك ئاسا زەبون، خاك= زەوی خۆڵ، نشين= دانیشتوو، تاج= تانج، ديهيم= تاج پۆپنە، تخت پادشە= عەرشی پاشاین.

((بر زمين افتاده سايه صفت
بر فلك نور بخش مهرو مهيم))

واتا: ئێمەی لەسەر زەوی کەوتوو سێبەر ئاسا، بەسەر چەرخی عاسمانەوە ئێمەین ڕۆشنایی ئەبەخشین بەخۆرو بەمانگ..

وشەکان: بر زمين= بەسەر زەوی‌یا، افتاده= کەوتوو- راکشاو، سايه صفت= سێبەر ئاسا، برفلك= بەسەر چەرخی عاسمانەوە، نوربخش= ڕۆشنایی‌و شەوق دەرین، مهرومە= خۆرو مانگ..

((شهرياران جهان معنى
حامى ملكو حافظ سپهيم))

واتا: ئێمەین پادشایانی پشت پەردەی گێتی (مەبەستی نەمایەیی) ئێمەین پارێزەری وڵاتو پاسەوانی هێزو لەشکر.

وشەکان: شهريار= پادشاه، جهان= گێتی- دنیا، معنى= مەبەستی پشت پەردە نەك (مادی= مایەیی)، حامى= پارێزەر، ملك= سامان- وڵات، حافظ= پاسەوان- پارێزەر، سپە= هێز- لەشکر...

((چون زلف دلبران لرزان
سر پر از آشوب ودل پراز گرهيم))

واتا: ئێمە وەکو تاتای پرچی جوانانی دڵڕفێن ئەلەرزێنەوەو ئەلەرزین سەرمان پڕە لە ئاژاوەو دڵمان پڕە لەگرێ.

وشەکان: چون زلف= وەك پرچ- کەزی، دلبران= دڵ رفێنان- جوانان، لرزان= لەرەلەر کار، سرپراز= سەر پڕ لە، آشوب= ئاژاوە، دل پر از= دڵ پڕ لە، گره= گرێو ناهەمواری.

((گرچو احمد به -قاب قوسينيم-
ورچو (يوسف) بەقعر تيره چهيم))

واتا: ئەگەر ئێمە وەکو ئەحمەد (پێغەمبەر د.خ.) لەوپەڕی بەرزیی (قاب قەوسیەندا بین) وەیا وەکو یوسف (د.خ.) جێمان بنی چاڵاوی تاریك بێ..

وشەکان: گرچو= ئەگەر وەکو، (احمد)= مەبەستی پێغەمبەرە (د.خ.) کە گەییوەتە جێی بەرزی (قاب قەوسەین) پلەیێکە لە عەرشی خوایی/ سورەی النجم/ ئایەتەکانی ٥-٧......، ورچو= وەیا وەکو یوسف (د.خ.) کوڕی یەعقوب لە پێغەمبەرانی ئیسرائیلی/ سورەی یوسف/ ئایەتەکانی ١-٢١......، قعر= بنی تەکی، تیر= تاریك، چە= چاە= بیر- چاڵی قووڵ..

((ديده بر بسته از نعيم دو كون
بر ره دوست طالب نگهيم))

واتا: ئێمە چاومان پۆشیوە لەخۆشی‌و کەیفی هەردوو جیهان، لەسەرەڕێی دۆستا وەستاوین داواکاری تەماشایەكو سەرنجێکی ئەوین..

وشەکان: دیده بربسته= چاو پۆشیوو- پێچاوە، ازنعيم= لەخۆشی‌و نازو نیعمەتی، دو کون= هەردوو گێتی، بر ره دوست= لەسەرەڕێی دۆست- یار- ئاشنا، طالب= داواکاری، نگه= نگاه- تەماشا، ((دیباردی‌یە بۆ داستانی (یوسفو زلێخا) کە پاش ئەوەی زلێخا لە حەسرەت دیداری یوسف هەردوو چاوی کوێر بوو بوو لەسەرەڕێی دائەنیشت بەڵکو یوسف ئاوڕێکی لێ بداتەوە))...

((گرچه خورشيد چرخ توحيديم
ذرهء مهر مظهر الهيم))

واتا: ئێمە، گەرچی خۆری چەرخی عاسمانی خوا بەیەك زانا نین، بەڵام گەردێکین لە خۆشەویستی (یاخۆری) دییاردەو نیشانەی خوایی.

وشەکان: گرچە= ئەگەرچی، خورشید= خۆر- هەتاو، چرخ= گەردون- عاسمان، توحید= خوا بەیەك دانان- خوا بەیەك زانان، ذرەء مهر= گەردێ لەخۆری، مظهر= دییاردە- چاو ئەناز، الهیم= خوداین...

((چشم پوشیده از جحیم ونعیم
فارغ از هر ثواب و هرگنهیم))

واتا: چاوپۆشیوو لەهەموو خۆشیو ناخۆشی،و خاڵی لە هەموو کارێکی باشی خاوەن پاداشتو لە هەموو گوناحو تاوانێ...

وشەکان: چشم= چاو، پوشیدە= پۆشیو- وازهێناو- لە ترسی، جحیم= جەهەنەمو سزای ناخۆشی، نعیم= نازو نیعمەتی، فارغ= دەس پەتی، ازهر ثوابو= لەهەموو پاداشی کاری چاکەو، ازهر گنهیم= پەتی لەهەموو تاوانو گوناحێکین...

(( ++++++++++++++++++
++++++++++++++++++++))

لێرەدا دەبوایە هەڵبەستێکی رێ پاك کەرەوە بۆ دووپاتەکیەکە هەبوایە بەڵام وادیارە، ئەو هەڵبەستە کەوتووە، بۆیە جێگەکەیم بەخاڵی هێشتەوە.

((کای دمت نفحهء سرافیلی
مورد واردات جبریلی))
((أنتَ شمسَ الهدی ونورَ الحقِّ
أظهرِ الحقَّ یا ظهورَ الحقِّ))

* * * * *

### سەرنج

ئەگەر وابدەینە قەڵەم کە پارچە هەڵبەستەکانی (کوردی) حەوت بەندە دەبێ، وا دانێین کە لێرەدا تەواوە، ئەگەر وابەینە قەڵەم کوردی (سەروا - قافیە)کانی لە (هیم)ەوە گۆڕیوە بۆ (میم) نەدەبوو لەم ناوەندەدا (دووپاتەکییەکی قوت بکردایەوە، بۆ ئەوی بەهەڵبەستێ خەبەریشی لێ دابێ) هەرچۆن بێ ئەم هەڵبەستانەی لەمەو دووا، یا لە بەندی حەوتەمەوە تەنیا بۆ بەزم سەروای گۆڕیوە، ئەو حەلە دووپاتەکی (کای دمت..) لەناوەندا زیادەو ئەم یارییەشی لەمەوبەر لە بەندەکانی تریدا نەکردووە، بەڵام لەم گۆڕینی سەروادا کە بووە بە(میم) تەنها هەشت بەیتە، ئەوانی تری هیچیان (جگە لە دووپاتەکییەکە) لە دە بەیت کەمترنین.. هەرچۆن بێ رۆژێك لەرۆژان دەستنووسێکی کوردی ئەدۆزرێتەوەو ئەم گرێ کوێرەیە ئەکاتەوە.

* * *

پاشماوەی بەندی حەوتەم یا بەندی هەشتەم
((ما ندیمان رنج وبزمو غمیم
طالب دردو شایق المیم))

واتا: ئێمە یاوەرانو هاودەمانی ئەرکو ئازارو بەزمو خەفەتین، داواکاری دەردو پەتاو ئارەزووکاری ئێشو ئازارین...

وشەکان: ما ندیمان= ئێمە یاوەرانو هاودەمان، رنج= عەزیەتو ئازار، بزم وغمیم= زەڵەو شاییو خەفەتو ناخۆشی، طالب= داخوازی، درد= پەتاو ناخۆشی، شایق= ئارەزووکار بەتاسەوە بۆ، الم= ئێشو ئازار...

((بسته زنارو کوفته ناقوس
ساکن دیرو راهب صنمیم))

واتا: زونار لەپشت بەستوینو ناقوس لێدەرین، دانیشتووی دێرو خانووی تەریکینو خزمەتگوزاری بوتەکانین..

وشەکان: بستە زنار= زونار لەپشت بەستوو (پشتێنی رەشی موغو قەشەکان)، کوفته ناقوس= کوتەرو لێدەری ناقوس (زەنگی کلێسا)، ساکن= ئارام گرتوو- دانیشتوو، دیر= ئەشکەوتی خەڵوەکێشانی ژنو پیاوی مەسیحی، راهب= رەبەن- واز لەدنیا هێناو، صنم= بوت.

((پا بگل رفته سر براز غوغا
دست برجامو چشم بر کرمیم))

واتا: پا بەقوڕە لێتەداچوو، سەر پڕ لەئاژاوەو خەوو خەیاڵ، دەس بەجامی شەرابەوە، چاوەڕێی بەخششی جوامێرانەین..

وشەکان: پابگل رفتە= پابەقوڕاوا ڕۆیشتوو، سر پراز غوغا= سەر پڕ لە ئاژاوەو خەوو خەیاڵ، دست برجام= دەس بەکاسەی شەرابەوە، چشم= چاو، برکرمیم= لەبەخششی جوامێرانەی خواین.

((طوطی نطقو شاهباز قدس
بلبل خلد وآهوی حرمیم))

واتا: توتیی قسەخۆشو بازی تەواری ناو قەفەسو بولبولی بەهەشتو مامزی ناومالّی خواین..

وشەکان: طوطی= توتی- ئەو پەرەندەیەی زۆرتر لەهێندستانەوە ئەهێنریٚو فێری قسەکردن ئەکریٚ، شاهباز= بازی گەورە- بازی تەواو، قفس= کولانەی لەتەلو شوڕك دروست کراو.... (لای کاکە حەمە لەباتی قەفەس نووسراوە شکار) زۆر باشترە چونکە بازو قەفەسیان نەووتووە، ڕەنگە وشەکە لەبنەڕەتا (قنص) بووبێ یەکێ کردبێتی بەشکار کە فارسیو کوردیو زاراوەیێکی لەبارترە)، بلبل= مەلیکی چینی چۆلەکەیەو دەنگی خۆشە، خلد= بەهەشت- جاویدان، آهو= مامز- ئاسك، حرم= مالّی خوا- کەعبە، (جاران حەوشی کەعبە پڕ بووە لە گیانلەبەرانی کێوی، کۆترو ئاسكو شتی تر.

((گاه گریان بسان ابر بهار
گە نم ژالە گاه موج غمیم))

واتا: ئێمە جارجارە گرینۆكو فرمێسك ڕژێنین وەك هەوری بەهار، جارجارە شەونمی سەر گولّە وەنەوشەو جارجارە شەپۆلی خەفەتو خەم..

وشەکان: گاه= جاریٚ، گریان= فرمێسك ڕژێن- گریان کار، بسان ابر= وەکو هەور، گە= جار جارە، نم= شەونم- تەڕیی سەرگولالەو ژالەو وەنەوشە- ئاونگ، موج= شەپۆل، غم= خەفەت.

((خضر رفتار ومنزلت ادریس
مصطفی طلعت و مسیح دمیم))

واتا: ئێمە خدری زیندە ڕەفتارو.... کردەوەو پایەو هەوارمان وەکو ئیدریس، ڕوومان پڕتەوبەخش وەکو (مصطفی پێغەمبەر د.خ.) هەناسەمان پاکژو شیفا بەخشە وەکو عیسا د.خ.

وشەکان: خضر= خدری زیندە، (لە پێشا دیاردیمان بۆ کردووە)، رفتار= ڕەوشت- کردار، منزلت= پایە، ادریس= یەکێکە لە پێغەمبەرانی ئیسرائیلی خوا پایەبەرزی کردووە (ورفعناه مکانا عليا) سورەی مریەمی قورئانی پیرۆز ئایەتەکانی ٥٦-٥٧ هەندێ نەزان وایان داوەتە قەلّەم کە (مکانا علیا = مەبەست عاسمانە).....، طلعت= چارەی خاوێنی وەکو خۆرهەلاتوو- پڕتەوبەخشی، مصطفی= نازناوی پێغەمبەر محمد (د.خ.)، مسیح= نازناوی عیسا د.خ کە بە پفو هەناسەی دەم نەخۆشی چاك کردۆتەوە.

((گر چو سلطان ملك اجلالیم
بندهء خاص مفخر امیم))

واتا: هەرچەندە ئێمە پادشای ولاتی شکۆو ئەوڕەنگین، بەلاّم نۆکەری جێی شانازیی گەلانین (د.خ.)

وشەکان: گر= ئەگەر، چو= وەکو، سلطان= پادشاه- دەسەلاتدار، ملك اجلال= ولاتی شکۆدارین، بندهء= نۆکەری- خزمەتکاری، خاص= تایبەت، مفخر امم= جێی شانازیی گەلانی ئیسلام.. ((لای کاکە حەمە لەباتی (گر)ی سەردێڕ نووسراوە (گە).......)).

((مترنم بذکر این نغمه:
شاکر جود آن ولی نعیم))

واتا: سروود وێژانە: بەوێردی ئەم ئاهەنگە سوپاس بژێری بەخششی ئەو خاوەن نیعمەتەین..

وشەکان: مترنم= زەمزەمەکارانە- سروود وێژانە، بذکر این= بەیادی ئەم، نغمه= ئاهەنگە- مەقامە- گۆرانییە، (گای دمت...)، شاکر= سپاس گوزاری، جود= سەخێتیو دەس بلاّویو بەخششی ئەو، ولی نعیم= خاوەن نازو نیعمەتەین..!!..

((گای دمت نفحهء سرافیلی
مورد واردات جبریلی))

((انتَ شمسَ الهدی ونورَ الحقِّ
أظهِرِ الحقَّ یاظهورَ الحقِّ))



### بونیادگەری

# چەمك و پێناسەو مێژوو

وەرگێڕانی بەدەسکارییەوە: کەریم دەشتی

زیاتر لە دوو هەزار ساڵە.. هیراکلیسی یۆنانی (٥٣–٤٧٠ پ.ن) رایگەیاندووە کە –گۆڕان– خەسڵەتی بوونی مرۆڤایەتییە، ئەم راگەیاندنەش وەرچەرخانێك بوو لەرەوتی مێژووی مەعریفەدا، هەروەها ئەو کەتەگۆریایەی کە (زەینونی ئایلی ٤٨٩ پ.ن) سەبارەت بەداپچڕانی مێژوویی خستیە روو دەربارەی بزاوت و سکون بوون بە کەتەگۆریایێکی مێژوویی، بانگێ بوو سەبارەت بەمردنی چەندین فۆرمی مەعریفی و قۆناغێکی تازەی لەرووی هۆشی واقیعی هێناکایەوە؛ هەروەها گۆتەی بروتاگوراس (٤١١ پ.ن) (مرۆڤ پێوانەی شتەکانەو حەقیقەتیش ڕێژەییە) وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لە تیۆری مەعریفەی مرۆڤایەتی هێنا کایەوە.

هەروەها (ئەبیکور) (٣٤١–٢٧٠ پ.ن) (کە خواکانی بەوەدانا کەنین و هەوڵی ئینکارکردنیانی داو گوتی رزگارکردنی مرۆڤ لەترسی ئەوخودایانە زەرورەتە) بوو بە بەرهەمێکی مێژوویی گەورە لەمەودای هۆشی واقیعیدا هەرواش دابڕانێکی مێژوویی بوو، فۆرمێکی تازەی مەعریفەی هێنا ئاراوە، وەك تێپەڕبوونێك بوو لەمەعریفەی باو، هەروەها داوەتی کلود لیڤی شتراوس بۆ ئەوەی پشت بەدەلالاتی لەفزی رێك ببەستین لەکاتی لێکۆڵینەوە لە بونیاتی خزمایەتی پلەیەکدا، هەروەها ئەو بەربەستانەش لەبێن بەرین لەمیانی ئەفسانەکان (بیری میتۆدی) و زانست، چونکە زمانی قسەکردن مێژووی خۆی هەیە، کە ئەویش مەعریفەیە وەك مەعریفەی مێژوویی لەو کۆمەلگەیەی پشت بەنووسین دەبەستێ بەتایبەت لە کۆمەلگەی خۆیدا، کەواتە بیری دەشت ئەو مەعریفەیە قوولْ دەکاتەوە کە پشت بەنێوەندی وێنەیی دەبەستێ و ساختومانی زەینی دروست دەکات و ئاسانی ئەوە دەکات کە دونیا ئەقڵەنە بکات بەو برەی کە لێی بچێ[1].

بەم بۆچوونەی خۆی بانگی ڕۆشنبیری خۆی و شێوازی بەدیارخستنی ئەو ڕۆشنبیرییەی کرد لەنێو چەقدا. هەرواش داوای کرد کە تێپەڕی ئەو بەکلس بوون و چەق بەندی رەگەزییە بکرێ، هەر لەو بانگەیدا گووتی: (ڕۆشنبیری حەقیقی کاری خۆی بەقودرەتی خۆی دەکات هەروەها بەهێزی خۆی).

بیرۆکەی دابڕانی ئەبستمۆلۆژی/ دابڕانی مێژوویی لای میشیل فۆکو لە هەوڵەکانی بۆ رزگاربوون لە فۆرمی بیرۆکە باوەکان، هەتا ئەوانەش کە لە کۆمەڵگەی خۆی هەبوون لەچاخی خۆی، بەتایبەتی لەمیراتی (داچۆڕگەی مرۆڤایەتی) کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە سەری هەڵدا، ئەوەش لەکاتی ئیش کردنی لەهەڵکۆڵینی مەعریفیدا لەڕێگەی ناوەعییەوە، لەپێناوی رزگارکردنی مرۆڤ و دوبارە کەشف کردنی مرۆڤ لەنێو خودی مرۆڤدا.. هتد[2]، لەو شتانەوە سەری هەڵدا.

لەڕێگەی ئەو گۆشەنیگایەی (مرۆڤایەتی) ئەلتوسیر لەنێو پالێتۆ مارکسیەکەیەوە (مارکس)ی دەخوێندەوەو

## شتراوس:
## لە پایەی کۆمەڵایەتیی و دەنگ و سەدای بونیاتگەری رازی نیە

هەوڵەکانی بەگەڕ دەخست، بۆ نەخشەکێشانی سنوری دابڕانی مێژوویی لەمیانی خۆی و چاخی پێش خۆی بەهەموو هزرڤانەکانیەوە، وەك چۆن لەقسەی ئەودا هاتووە کە (مارکسیەت لەرووی نەزەریەوە مێژوویی تر نیە لە مرۆڤایەتی) — واتە رووی مێژوویی زیاتر نیە لە رووی مرۆڤایەتی- پاشان بەدیقەت تر روونی دەکاتەوەو دەڵێ (لەسەرمە کە بەدیقەت بڵێم لەرووی مرۆڤایەتیەوە بێ لایەنە هەروەها لەرووی مێژووییەوە)(٣).

هەر لەچوارچێوەی دابڕانی مەعریفی مێژووییەوە -جاك دریدا- هەوڵ دەدات فەلسەفەیەکی تازە بخاتە ئاراوە تێپەڕی چەمکی جیاوازی Difference بکات بەرەو چەمکی گۆڕان کە چەمکێکی دیکەی چوونە ناوو نیشتەجێکاریە.

گۆڕان لێرەدا دابڕانێکی دژ ئامێزەو رووەو چونێکی پێچەوانەیی یە سەبارەت بەپێشەخۆی (ئەوەم هەڵبژاردووە کە لە دەرەوەی تێرمەکان) ئەدەب، فەلسەفە.. هتد نیشتەجێ بم، واتە لەدەرەوەی کایە مەعریفیەکان، کە هەن، ئارەزوومە کە مەودا بکەمەوە لەبەردەم هەموو پرۆژەیەکی فیکری یاخود مەشروعیەتی پرسیاری گرنگ، لەدەرەوەی ئەو پەرژینە مەعریفیانەی بۆمان ماوەتەوە، جا ئەگەر ئەو هەوڵە شکستی هێنا.. یا هەرچەند شکست بهێنێ، ئارەزووم ئەوەیە کە رەفزی غائیەتی پرۆژەکە بکەمو دەست نیشانی ئاقارەکەی بکەمو ئیدی واز بێنین لەوەی کە داوای لێ بکەین یاموحاسەبەی بکەین و بڵێین (چیمان لێ دەسکەوتن؟)(٤) بەپێی ئەم رەوتە دەتوانین لەگەڵ کۆمەڵێ ناوی دیکە بەرێکەوین لە (هزری رۆژئاواییاو) بەتایبەت لە فەرەنسا ئەو تایبەتیەش ماناو ناوەڕۆکی خۆی هەیە وەك چۆن دوایی دەیبینین.

لێرەدا دەپرسین — چی روویدا؟ چی روودەدات؟ ئەوە چ دابڕانێکی مێژوویی یە کە جاڕی بۆ دەدرێ؟ چ دابڕانێکی ئەبستمۆلۆجی یە ئەو دابڕانە؟ خەسڵەتەکانی ئەم بانگ و هاوارە چی یە؟ کە بانگی لەدایك بوونی مەعریفەیەکی نوێ دەدات؟ نهێنی ئەم شۆڕشە چی یە لەکایەی زانستە مرۆیی یەکان؟ ئەو شۆڕشە راگەیەنراوە لەسەر چی بونیات نراوە؟

لەسەرەتای لێکۆڵینەوەکە زانیمان بالای — هیراقلیطس، أبیکور، زینون الایلی، بروتاگوراس ی هزری چۆن جیلوی کرد، ئایا نوێکانی ئەوانە دابڕان بوو لەگەڵ پێشتری؟ ئایا بۆچوونی ئاواو شۆڕشی ئاوا لەچاخەکانی داهاتوو ئامادەگی نەبوو؟ ئایا بانگی فەیلەسوفی قورطبە (ابن رشد ٥٢٠-٥٩٥ك / ١١٢٦-١١٩٨ز) ئەوەی کە پەیوەست بوو بەپەیوەندی نێوان زانست و شەرع و کایەی مەعریفی کە هەریەکەیان وەرچەرخانێکی بنەڕەتی بوو لەمێژووی مەعریفەو نەزەریەکانی یاوەك چۆن پێی دەڵێن (دابڕانی ئەبستمۆلۆژی) بەبێ ئەوەی رەفز بێ بۆ مێژووی پێش ئەو کایەیانەی سەرەوە؟ وەك چۆن دەڵێ (ئەوەی لەسەر ئیمامەکانی موسڵمانان پێویستە واز لەکتێبەکانی بهێنن لەوانەی کە باسی زانست دەکات تەنها ئەوانە نەبێ کە ئەهلی زانستن.. هەروەها پێویستە لەسەریان واز لە کتێبەکانی بورهان — سەلماندن بهێنن ئەگەر ئەهلیەتی ئەوەیان نیە؟)(٥)

واتە دەبێ هەر زانستێ ئەهلی خۆی هەبێ و هەر مەعریفەیێ لەهەر کایەیێ ئەهلی خۆی هەبێ، خاوەن پسپۆڕی خۆیان هەبێ، هەروەها ئایا تیۆری -ابن خلدون- ٧٣٢-٨٠٨ ك/ ١٣٣٢-

## جان ماری ئۆزیاس:
## بونیاتگەری بریتیە لە لیڤی شتراوس




١٤٠٦از دەربارەی مێژوو و نوسینی مێژوو وەرچەرخانێك نەبوو لەم مەودایەدا؟ كە بانگێكی تازەو شۆڕشێكی تازە بوو كە مامەڵە كردن لەگەڵ مێژوو و لێوردبوونەوە لەمێژوو، بەر لە هەر بڕیاردانێك یا سەقام گیركردنی هەر گوتەیەكو هەر ئەنجامێكی ئەو گوتەیە، كە دەڵێت: (لێكۆڵینەوە كەمەو لایەنی بژاركردن سستە، هەڵەو وەهمی هەواڵەكان خەلەلی تیایە، لاسایی كردنەوە رەگاژۆیە سەبارەت بەمرۆڤ و نەخۆشە، ژیان لەسەر سنگی هونەرەكان دوورودرێژە، مێرگی بێ سەوادی لەنێوان خەڵك گەورەو ترسناكە، هەق بەرگری سوڵتانی خۆی ناكا، یاطلیش بەتروسكەی نەزەری شەیتانەكانی خۆی قەزف دەكات...هتد؟(٦)

كاتێ كە فەیلەسوفی فەرەنسی رینیە دیكارت (١٥٩٦-١٦٥٠م) لەسەدەی هەڤدەهەمدا بەدیار كەوت، بیرۆكەی ئەو فەیلەسوفە لەجەوهەردا داوایەك بوو بۆ تێپەڕكردنی (باو) لەڕوی فیكری و مەعریفیەوە لەچاخی خۆی و دەست بكرێ بە فیكری تازەو مەعریفەی تازە كە ئەوانە لەجەوهەریاندا دابڕانن لەرەوتی رابردوو سەبارەت بەو فۆرمە مەعریفی و فیكریانەی كە پێشتر هەبوون، لەهەمان كاتدا، لەسەرەتای تێرامانەكانی خۆیدا ئەوەمان پێشكەش دەكات كە جەوهەری بانگی فیكری خۆی بوو دەڵێت (پێویستە لەسەرمان بۆ ئەوەی زانستەكان لەسەر بنەڕەتێكی سەقامگیر هەڵسێنینەوە بۆیەكجار لە ژیانمان دەبێ هەموو بیروڕای كۆن رەت كەینەوە)(٧)

هەر لەم پێودانگەدا هەمان ئەو دابڕانە لە (ادموند هوسرل ١٨٥٩-١٩٣٩)دا دەبینین كە بەدوای ئەوەدا چوو كە دیكارت دەستی پێ كرد (ئێمە وەك فەیلەسوفەكان پرنسیپێك پیادە دەكەین دەكرێ پێی بڵێین مەزهەبی چاكردنەوەی خاڵی سەرەتا، هەموومان هەركەس بۆ خۆی و بۆ خودی خۆی دەست پێ دەكەین، هیچ شتێ رەچاو ناكەین لە جۆرەكانی ئیقناع كردن كەتاوەكو ئێستا قبوڵمان كردووە، تەنها حەقیقەتی زانست قبوڵ كەین، وەك چۆن دیكارت وای كرد لێگەڕێن با بەردەوام بین لەسەر تێرامانی خۆمان بەزانستێكی راست كە لەسەر بنەمای سەقامگیر كردنی رەها كاربكەین، لەنێو بیرۆكەی زانستی گشتگیردا)(٨) لەچلەكانی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەوەی كە ماركس خستیە روو لە مەنزومەی هزری مەعریفیدا گەورەترین دابڕانی هزری بوو سەبارەت بە پێشەخۆی، قۆناغێكی تازەی راگەیاند كە لەسەر بنەمای تەجریدو تێ رامان نەبوو، بەڵكو لەواقیعو بزاوتی واقیعدا هەڵدەقوڵاو وێنەی دژەكانی بۆ فیكر دەگواستەوە، بەكورتی چەمكی دژبوون كە دابڕان و بەردەوامی بەخۆوە گرتبوو لەیەك كاتدا وەرچەرخانێكی گرنگ بوو بەڵكو گۆڕانێكی بنەڕەتی بوو لەبیری باوو بەرەواج لە چاخی خۆیدا.

بەمجۆرە بابەتی چوارەم لە -فیورباخ- سەرەتای ئەو چەمكەمان پێشكەش دەكات، ئەو بونیاتەی كە هەموو شێوەكانی دژبوون دەگرێتەخۆ بەو وەصفەی كە كیانێكی بزاوتی مێژوویی هەروا كۆمەڵایەتی ئابووری و سیاسیشە. (فیورباخ) لەواقیعی -ئیغتراب- نامۆبوون-ی زاتی ئاینی سەرهەڵدەداو دونیا دەكاتە دوو بەش بەشی ئاینی و دونیای واقیعی، كاری ئەویش لەوەدا چوارچێوە بەند دەكرێ



که دونیای ئایینی راکێشته نێو بنکەی زەمینی ئینجا روونی دەکاتەوە کە (لەواقیعدا بنکەی زەمینی خۆی خۆی دەپچڕێنێو خۆی دەگوازێتەوە بۆ هەور بەو وەسفەی مەلەکوتێکی سەربەخۆیە ناکرێ راڤەی بکەین تەنها بەدوو بەشبوونی زاتیو دژبوونی ناوەکی کە هەمیشە لەگەڵ ئەو بنکە زەمینەییەیە، بۆیە یەکەمجار پێویستە لەوەی دوایی بگەین لە دژبوونەکانیدا پاشان دەبێ بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە راستی کەینەوە لەرێگەی لابردنی ئەو دژایەتیانە بۆیە بۆ نموونە نهێنی خانەوادەی پیرۆز لە خانەوادەی زەمینی کەشف دەکات، دەبێ رەخنە خانەوادەی زەمینی رەخنە لەخۆی بگرێ لەروی نەزەریەوەو بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانەو پراکتیکی بیگۆڕین، ئەم بابەتەی دوایی (یازدەهەم) دەربارەی فیورباخ ترۆپکی ئەو چەمکە شۆڕشگێڕییەیە لەروی بانگ کردنی بیری نوێوەو چوون بەرەو ژیان بەپێی تێڕوانینێکی نوێ (فەیلەسوفەکان هیچیان نەکردووە ئەوە نەبێ تەفسیری دونیایان بەشێوەی جۆراوجۆر کردوە کەچی گرنگی ئەوەیە کە بیگۆڕین).(٩)

پاشان ئەوەی دوای ئەو مێژووە روویدا (مێژووی پەیدابوونی ئەو بابەتانە بەسەدەو هەندێك) هەوڵی خستنە دڵی ئەوەبوو کەدەبێ تەواو بێ، هەروەها ئەوەی دەبێ روویدات، دەبێ جیاوازبێ بەگشتی لە هەموو شێوەیەکی هزریو مەعریفی، یاخود بە داڕشتەیێکی دیکەبێ، ئەو داوەتەی کە لە هاواری ئەو شێوە نوێیە بوو لە مەعریفە هەوڵ بوو بۆ دەرکێشانی رەگی هەموو هزرێکی پێشوو، هەروەها دان نەنان پیایانا، هەرچەندە زۆر لەوانە لەمادەی فیکری ئەوانی پێشوو داڕێژرانەوە بەتایبەت مارکسیەتو فرۆیدیەتو نیتشەویەت (بەتێکەڵ بوون لەگەڵ یەك) هەروەها لەو تەسریحاتانەی کەدەیاندا سەبارەت بەوەی کە باو بووە هەتا ئێستاو ئیدی چیتر تەعبیر لە تایبەتمەندێتی قۆناغی ئێستا ناکات لە هەموو روێکەوە.

چونکە هەموو مەزهەب و تەوژمو رێبازێکی مەعریفی کە لە چاخێکدا باو بووە کە مێژوو زاکیرەی خەڵك دەیانپارێزێ، لە گۆشەنیگاییێکەوە -کورتی هێناوە- و نەیانتوانیوە هەموو ئەزمەکانی کۆمەڵی نوێ بگرنە خۆ، هەروەها نەیانتوانیوە، سەرکێشیەکانی سەردەمو تەگەرە چارەنووسیەکانی وجود بگرنە خۆ، کە ئێستاکە بونیادگەری پێی وایە ئەو دەتوانێ کارێکی وابکات چونکە وا زەعم دەکات کە لە چاخی خۆی دەژی لەهەموو روێکەوە.. تابەمجۆرە بونیادگەری دەخوێنینەوە Structuralisme.

ئەوەش مانای ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە لەحەقیقەتی بونیادگەری دەبێ لەسەر چەند بنەماییێکەوە سەرهەڵبدا کە هەموویان پێناسەی بونیادگەری بەهەموو عەلامەتە جیاکانیو رەهەندی مێژوویییەوە دروست دەکەن، ئەم بنەمایانەش ئەمانەن:

- دەسەڵاتی مەرجەعی بونیادگەری.
- چەمکی بونیادگەری.
- پێناسەی بونیادگەری.
- روی دوو فاقەی بونیادگەری.

### ١) دەسەڵاتی مەرجەعی بونیادگەری:

ئاسان نیە دەست نیشانی دەسەڵاتی مەرجەعی بونیادگەری بکەین، واتە لەسەرچاوە مەعریفیەکانی بکۆڵینەوە، یاخود لەناوە فیکریەکانی بکۆڵینەوە کە سەرەتایان بۆ دروست کردووەو دەورێکی گرنگیان بینیووە لە جیلوە پێ بەخشینو لەدەست نیشان کردنی سنورە ناودارەکانی کە ناتوانین پشت گوێیان بخەین، بونیادگەری هەر خۆی لە رێگەی نوێنەرەکانییەوە دەست لەسەر ئەوە دانانێ کە کێ سەرەتای بۆ دروست کردووە، یاخود ئیلهام بەخشی بنەڕەتی کێ بووە، هەروەها غەریب دێتە بەرچاو لەلایەن زۆربەی خوێنەرانەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نوێنەرەکانی خودی بونیادگەری

کەهەرچەند بونیات گەران بەڵام بەراشکاوی تەعبیر لەخۆیان ناکەن، جا ئەو سەرچاوانەی کە دەتوانین دەست نیشانی بکەین بۆ شارەزابوون لە بونیادگەری زۆرن، هەروەها ئاقاری جۆراو جۆری هەیە تاڕادەی دژ بەیەك بوون.

هەن وای دەبینن کە بونیادگەری لەروی ئۆرگانیکییەوە پەیوەستە بەزانستی سروشتی (بیولوژیا) فیزیولۆژیا لەلایەك‌و لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەستە بەزانستی تیۆری (ماتماتیك، لۆژیك) بەبێ ئەوەی لەناویانا بتوێتەوە.

جا لەبەر ئەوەی (جاکوبسن) کە (تینیاتوف)یشی لەتەکەوەیە وایدەبینێ کە بونیادگەری (واتە سیستەمی سیستمەکانە)[١٠] هەروەها شتراوس لەیەك لە چاوپێکەوتنەکانی‌دا رەگ‌و ریشەی بونیادگەری دەگەڕێنێتەوە بۆ ١٩٥٠و ١٩٦٠و دەڵێ لە فەرەنسا لەدایك نەبووە، زۆر جاران دەستی لەسەر ئەوە داگرتووە کە بونیادگەری دەگەڕێتەوە بۆ چاخی راپەڕین خەتی رۆیشتنیشی بەفەلسەفەی سروشتی لای (گوتە)دا تێپەڕ دەبێ هەروەها پەیوەستە بەکاروباری زمانەوانی لای (ئۆبولوت)و (سوسیر)و کارە بیولوژیەکانی (لارسی تومبسون)[١١].

هەر خۆشی لەو چاوپێکەوتنەدا دان بەوەدا دەنێ کە زۆر کارتێکراو بوو بە (فرۆیدو مارکس) ئەوەشیان بەخوێندنەوەی کارەکانی بەدیار دەکەوێ، واتە تێکهەڵکێشانی زانستی کۆمەڵایەتی (سوسیولوژی) مارکس‌و سایکۆلۆژیەتی فرۆیدو چەکدار بوون بە سوسور لە مەنزومەی زمانەوانی‌دا.

لە بەرهەمەکانی میشیل فوکودا ئامادەگی سێینەی تێکهەڵکێشراوی ئەو هزریارانە



دەبینین (نیتشە، فرۆید، مارکس):

یەکەمیان: لە پشتی ووشەوە بەدوای مانادا دەگەڕێ، لە تەئویلاتەکانی دەکۆڵێتەوە، لای ئەو هیچ مەدلولاتێکی رەسەن نیە، ووشەش هەر خۆی تەئویلاتە.

دووەم، وایدادەنێ کە شعور لەسەر لاشعور وەستاوە.

سێهەم: تێپەڕی هزری باو دەکاو رایدەگەیەنێ ئەو حەقیقەتە باوو کارپێکراوەی کۆمەڵگەی خۆی شتێکی سادەو ساکارە سەبارەت بەبۆرژوازیەت[١٢].

لە بەرهەمە هزریەکانی لای (ئالتوسیر) کەوا بەدیار دەکەوێ مارکس لەوێدا کۆنترۆڵی هزر دەکات، بەڵام بەچەند پاڵ نراوێك شەحن کراوە/ فرۆیدیەت‌و سێبەری کانطیەت بەتایبەتی لەکارەکانی سەبارەت بەمارکس (لەپێناوی مارکس)داو (خوێندنەوەی سەرمایە).

بەڵام (جاك دریدا)ی خاوەنی فەلسەفەی – جیاوازیاری– ئەو فینومینولوژیای هۆسرەلی لەبەرهەمەکانی‌دا لەگەڵ هیدگر+ نیتشە– رەنگ دەداتەوە، هەروەها وابەدیار دەکەوێ کە – جیل دولوز– فەیلەسوفێکی بەحەماس بووە بۆ نیتشەو لەڕێی ئەوەوە بینای فیکری خۆی دەکات، هەروەها (لاکان) پشتی بە فرۆید (بایەخدان بەناوەعی+ زمانەوانی) بەست.

لەدواییدا (فردنیان برودویل) هەوڵ دەدا بینای مێژوو بکات لەرێگەی ووتەزاکانی –مقولات– زمانەوانی سوسێرو ناوەعی فرۆیدو جەبریەت‌و دابڕانی باشلاری. ئەوەی بۆمان بەدیار دەکەوێ لەم رووەوە بەمجۆرەی خوارەوەیە:

## ١- گاستون باشلار لەدابڕانی ئەبستیمولوژی:

ئەو بیریارە فەرەنسی‌یە (لە ١٨٨٤ لە فەرەنسا لەدایك بووە) هەمیشەو (بەدرێژایی ژیانی) ئەو پرسیارە هەموو هزری ئەوی خەریك كردووە كە دەڵێت (فەلسەفە چۆن دەبێتە زانست؟ یاخود فەلسەفە چۆن (دادەمەزگێ) (بەدەزگابوون) وەك زانستو لەهەمان پلەی زانستدا؟ ئەو وای دەبینێ كە لە ئاستی مەعریفەی -مومارەسە- كراودا ئاستی هزری فەلسەفی هەیە (هەرێمی ئاڵۆز هەیە، ئەشكەوتەكان، هەتا لەلای ئەقڵی روناكبەخش كە سێبەر بەردەوامی بەژیانی خۆی دەدا، ئەوە لای مرۆڤی تازە ئاسەواری مرۆڤی كۆنینە دەمێنێتەوە...)[١٣].

پەیوەست دانی فەلسەفە بەزانست هەوڵێكە بۆ رزگاركردنی لە یەقین لەتەنگەبەری ئاسۆگەیدا، مەعریفەت، لە گشتگیری‌و وای لێ بكەین ببێتە زانستێكی ورد (ئەو مەعریفەی دیقەتی كەمە، یاخود ئەو مەعریفەیەی كە مەرجەكانی دەست نیشانكردنی خۆی لەگەڵ نیە بە ووردی مەعریفەیەكی زانستی نیە، مەعریفەی گشتی مەعریفەیەكی سەرئاو كەوتووە.)[١٤]

ئەلێرەدا لێكۆڵینەوە لەتەگەرەی ئەبستمۆلۆجی لەمەودای زانسداو چەمكی دابڕانی ئەبستمولوجی‌و گفتو گۆ لەكایەی زانست بریتیە لە كردنەوەی دەرگای مەعریفی یاخود وای لێبكەین كراوە بێت‌و لەجوڵەدا بێ‌و لە سەقامگیری‌دا نەژێت بەڵكو لەبزاوتنداب‌ێ لەرێگەی گفت‌و گۆوە.

گفت‌و گۆش لێرەدا (مانای دابڕانی نیە بەڵكو مانای بوونەوەیە، فەلسەفەی جەدەلیش فەلسەفەی كراوەیە كە هەمیشە قبوڵی ئەوە بكات كە بەردەوام چاوبخشێنێتەوە لەحەقیقەت‌و پرنسیپەكانی)[١٥]


بەڵام ئەو پیلە كردنە لەسەر زانست‌و دیقەتی زانست ئایا بریتی نیە لە وثوقیەت كە پێویستی بەدەست نیشان كردنی كۆمەڵایەتی هەیە.

زانست پێناسە ناكرێ و لێی تێناگەین تەنها بەوە نەبێ كە بەرهەمێكی ئەقڵی‌یە، ئەقڵیش بە دەوری خۆی زانست پێشدەخات لەنێو پەیوەندییێكی جەدەلدا، هەروەها ئەو ئەقڵە ئەگەر مەعریفە وەبەرهەم بهێنێ، ئەوە جۆراو جۆرە زانستیش لەنێوانیا، لە گەوهەردا بونیادێكی كۆمەڵایەتی مێژوویی‌یە بەچەند پلەیەكی رەنگاو رەنگ‌و بەچەند رەهەندێكی كۆمەڵایەتی جۆراوجۆر.

جا ئەگەر (باشلار) دەڵێت (زانست بەشێوەییێكی گشتی ئەقڵ فێر دەكات‌و پێوستە لەسەر ئەقڵ بخرێتە ژێر باری



زانست، زانستی زۆر پێشكەوتوو، زانستێ كە پەرە دەسێنێ)[١٦] هەوڵ دەدا ئەو ئابلۆقەیە بشكێنێ كە بەسەر ئەقڵەوە فەرز كراوە لە رووی كۆمەڵایەتی خۆی‌دا بەناوی زانست، بەو مانایە دێ كە باشلار لەواقیعێكی تەنگژەبوودا دەست پێدەكات كە ئەقڵیش لەگەڵ خۆی دەخاتە تەنگژەوەو رێی پێنادات كە پەرە بسێنێ‌و مەعریفەكانیش لەگەڵیا پەرە بسێنن، لەرێگەی واقیعێكی سەقام گیری‌دا، داوەتەكەشی لێرەدا لەو گۆشەنیگایەوە سەرهەڵدەدا كە خاڵی نیە لە میثالیەت لەباوەڕی بە زانستەوە، كە نەیتوانیوە كە فەلسەفە بزانستێنێ بەزانست كردنی فەلسەفە پێویستی بەگۆڕانی ئەو واقیعە هەیە سەقام گیری خودی فەلسەفەی لەدواوە دەوەستێ‌و ئەقڵی باو/ كە كارپێكراوە لە بەرهەمە زانستەكەی، روخسارێكی پێشكەوتن خواز بەخۆوە هەڵدەگرێت، (بەرهەم هێنراوە تەكنیكیەكانی) لە



نۆربەیانا، هەروەها روخسارێکی دیکەی -تاریکی- کە تەگەرە دەخاتە بەردەم ئەو داهێنراوانە لە رەهەندە مرۆییەکاندا، واتە لێرەدا تەنگژە هەیە، تەنگژەی ئەو ئەقڵە لە بەروکاربوونی باوی سەرمایەداریدا بەم جۆرە ئەو وتەزایە (مقولە)ی -فادی- دەربارەیان راست دەردەچێ کە لەگەڵ باشلاردا لەهەر کەسێکی دیکە زیاتر لە فەیلەسوفەکانی سەردەم دەرك بەوە دەکەین کە ئەقڵانیەتی بۆرژوازی دەچێتە نێو قۆناغی تەنگژەوە.

بۆیە پێشنیار دەکەین کە باشلار وابیبنین کە یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە زۆر بەڕوونیو پڕ دەلالەتەوە، تەعبیر لە تەنگژەی فەلسەفەی میثالی فەرەنسیو ئەو هەوڵانەی بۆ پێشکەش کردنی لەسەر ئاستی فەلسەفی دەدرێن دەکات[١٧].

٢- فردنیان دی سوسور لە شۆڕشی زمانەوانی خۆیدا:

بەدان پیانانی خودی بونیادگەرایان ئەو سوسوری ١٨٧٥-١٩١٣ زمانەوان- دارسێنەری بونیادگەریە[١٨]-و یاخود بەدی هێنەری بنەما سەرەکیەکانیەتی[١٩]، جاچی پێشکەش کردووە؟ ئەو کتێبەی کە هەیەتی بەناوی (چەند وانەیەك لە زمانەوانی گشتی) کتێبێکی گرنگی چەرخی تازەیە لەکایەی پەرەسەندنی زماندا کە دەربارەی -دەنگ، سروشتی دەنگ، بونیادی ناوەوەی، وەرچەرخانی بەدرێژایی زەمەن، ئەوەی کە لەو دەنگەدا دەژی، رەگی زمان، پەیوەندی دەنگو زمانو قسە، لێکۆڵینەوە لەزمان لەروی سکونیەتو بزاڤیدا هەروەها مەنزومەی پەیوەندیەکانی ناوەوەی دەنگو ئەوەی پەیوەستە بەقسەی زارەکی (نەنووسراو) قسە دەکات، واتە ئەو وا لەشتی زمانی دەکات کە زانستێکی سەربەخۆ بێت، ئەو لێرەدا دامەزرێنەری زمانەوانی هاوچەرخە، ئەو پێی وایە ئەرکی گرنگی ئەلسونیەت ئەمانەن:

- پێشکەش کردنی وەسفو مێژووی زمانەکان، واتە گێڕانەوەی مێژووی خانەوادە زمانیەکان ودووبارە بونیاتنانی زمانی دایك.
- گەڕان بەدوای هێزی ناو هەموو زمانەکان بەشێوەیەکی گشتی بەردەوام، ئینجا هەڵێنجانی یاسا گشتیەکان کە لەوانەیە هەموو دیاردەکانی مێژووی بچنەوە سەر.
- دەست نیشان کردنی خۆیو دان بەخۆنان[٢٠] ئەوەش مانای ئەوەی کە هەموو زمانەکان لەیەك ئاستدا دابنرێن، هەروەها رەگو ریشەیان بدۆزینەوە لە رێگەی بزوێنەرەکانیان، ئەوەش کە ئەو زمانە کۆدەکاتەوە سەریەك، وایان دابنێین کە: چەند هێزێکن بەخودی خۆیان هەن.

بەپێی ئەم تێ ڕوانینە دەتوانین بڵێین ناسینی گەلێك لەرێگەی خودی زمانەکەیدا دەبێت ئەوەش لەگۆشە نیگای سوسورەوەیە کە دەڵێ (لەژیانی تاکو کۆمەڵدا بایەخی زمان لە هەموان زیاترەو لەهەموو رەگەزێکی دیکەش مەترسیدار ترە).[٢١]

لە جیاوازی کردنی لەمیانی قسەو زمان، ئەو وای دەبینێ کە لوغە تەنیا بەشێکی گەوهەری -

لیسانە- لەهەمان کاتدا بەرهەمی کۆمەڵایەتی مەلەکەی -لیسانە- کە بۆ چەند ئاستێك درێژ دەبێتەوە: فیزیائی و فیزیۆلۆژی و سایکۆیی،[٢٢] بەڵام سەبارەت بەپەیوەندی نێوان زمان و قسە، زمان لێرەدا کۆمەڵایەتی یە، بەرهەمێکە تاك بەهەڵچوونەوە وەریدەگرێ، بەڵام قسە بەپێچەوانەی ئەوەوەیە کارێکی فەردی ئیرادەو ئەقڵە.[٢٣]

بەڵام سەبارەت بەزمان و نووسین، وایدەبینێ کە ئێمە (گشتگیری زمان ناناسین تەنها لەڕێی نوسین نەبێ) ئەو خاڵانە بەوە دادەنێ کە لەناو دژایەتی دان لەنێوان نوسین و لەفزدا کە (زمان بەبەردەوامی پەرەدەسێنێ بەڵام نووسین بەرەو سەقام گیری دەڕوات) هەروەها (مێژووی ووشە لەفزی خۆی دەسەلمێنێ لێرەدا نەك رەسمی رۆیشتنی خۆی)[٢٤]

ئەلێرەدا بایەخ پێدانی زۆری شتراوس بەدیار دەکەوێ لە لێکۆڵینەوەی سەبارەت بەئەنثولوژیای گەلانێ کە زمانی زارەکی ممارەسە دەکات کە مێژووی خۆیان لێ بەدیار دەکەوێ، مێژووی بوونیان لەزمانیان و بەس، هەروەها لێرەدا پەیوەندی نێوان دەنگ لەوەرچەخانی زەمەنی و دەنگدان لەسەقام گیری دا هەیە، فەتحی زمانەوانی گەورەی سوسێر لەچوارچێوەی مێژوودا لەوەدا بەدیار دەکەوێ کە پەیوەندی لەمیانی -هاوزەمانی و زەمانی بوون بەدیار دەخات ئەو چەمکە دوانی یەی کە بەردی بناغەیە لای زۆربەی بونیادگەرایان!

سوسور دەڵێت: لەگەڵ زەمان بوون مانای هەموو ئەو شتانەیە کە پەیوەستە بەلایەنی سکونی ئەو زانستەمان هەموو ئەو شتانەیە کە پەیوەندی لەگەڵ پێشکەوتن هەیە ئەم دوانەش بەیەکەوە مانای حاڵەتێك دەگەیەنن (حاڵەتی زمان) هەروەها مانای چەند قۆناغێکی پێشکەوتنی یەك لەدوای یەك دەدات.[٢٥]

لەدوایی دا بڕیار دەدات و دەڵێت:

تاکە ئاواتی ئەلسونیەت و حەقیقەتی ئەلسونیت زمانە کە لە زاتی خۆی و بۆ زاتی خۆی تەماشا بکرێت.[٢٦] هەوڵەکانی سوسوری لەکایەی زماندا لە پێناوی پەرەسەندنی ئەلسونیەتە.

یەکەمین کەس کە پشتی بەمەنزومەی زمانی سوسوری بەستا - شتراوس بوو لەلێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە ئەفسانەو بونیاتی یەکەمین و فیکری وەحشی.

### ٣- سیگموند فرۆیدو بایەخی ناشعور لە وجودی مرۆیی:

سیگموند فرۆید لەهەمووان زێتر کاریگەر بووە بەسەر بونیادگەرایان لەمەودای ناوەعی و ناشعورداو لەکایەی - سایکۆلۆژیەتی قوڵایی واتە شی کردنەوەی کەسێتی یەکان یاخود دەقە فیکریەکان.

ئەوەی کەلای فرۆید دەیبینین ئەوەیە کە زۆری بایەخ داوە بەناشعور کە بوو بەبنەمای سەرەکی گەوهەری لای (لاکان)ی بونیادگەر کە ناوەعی لای ئەو کلیلی کەسێتی یەو کلیلی کەشف کردنی نهێنی یەکانێتی[٢٧]

هەروەها زۆربەی کارەکانی مێشیل فوکو- شتێك نیە جگە لە پشت بەستن بە(زانستی دەروونی قوڵایی بەچەمکی ناوەعی) کە زمانحاڵی حەقیقەتێکی دیاریکراوە یەکەم خوێندنەوە کەشفی ناکات، خوێندنەوەی سادەو فینومینولۆژی دەق یاخود بۆ بەڵگەنامەیێکی مێژوویی بەڵکو گوتار خۆی لەرێگەی ئارکیولوژیای مەعریفە کەشف دەکات.

هەروەها شتراوس لەخوێندنەوەی کۆمەڵگەی ئەفسانەی هەوڵ دەدات ئەفسانە بزانستێنێ،یاخود هەوڵ دەدات داکۆکی لێ بکات بەوەی کە ئەفسانە زانستە یاخود حەریفیەتی، ئەوا ئەو لێرەدا لایەنێکی فرۆیدی پەرە پێدەدات.

### ٤- مارکس و چەمکی خۆی بۆ دژ بوون:

ئامادەگی مارکس وەك دەسەڵاتێکی مەرجەعی لەنێو تێزەکانی بونیادگەری بەهەموو جۆرێك یەکجار زۆر، ئەوەش لەچەمکی -دژایەتی-دا هەروەها

لە -پەرەسەندن-داو لەهەردوو چەمکی -دابڕان‌و بەردەوامی-دا جیلوە دەدا!

چەمکی -دژبوون- لەتێزەکانی (مارکس- ئینگلز) دەربارەی- فیورباخ-دا دەدۆزینەوە، کەوەك بزوێنەری وجود بەدیار دەکەوێ، وجودی هۆشمەند، دیاری کراو، جەدەلی، وەك چۆن لە -دژ بەیەك بوونی هێزی بەرهەم هێنەرو شێوەی موعاشەرە بەم وەصفەی کە بناغەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی‌یە، ئەوەش کە پەیوەستە بە(پەرەسەندنی دژبوون لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵ‌و زروفی چالاکیە زیندووەکانیان‌و دژ بوون لە میانی تاکەکانی کۆمەڵ‌و مەرجەکانی چالاکیە زیندووەکانیان دژ بوونە لەنێوان هێزی بەرهەم هێنەرو شێوەی موعاشەرە)[٣٢] هەروەها چەمکی دژ بوون لەنێو چوارچێوەی یەك بونیاتدا بەدیار دەکەوێ، نەك لەڕێی ئەوەی کە لای بونیادگەرایانی دەبینین لەچەمکی (هاوزەمانی‌و زەمانی بوون) بەڵکو لەشیکردنەوەی مارکس بۆ گەوهەری ئەو -سەرمایەی- کە کەڵەکەی سەریەك دەبێت هەتا کۆتایی خۆی لەناوەوە دەدۆزێتەوە، لە ڕێگەی زروفی بابەتی‌و لەڕێگەی تەفاعول کردنی (مل ملانێ)-و- (مونافەسە)و چوونە ناویەکی بونیاتی سەرخان‌و ژێرخان، مارکس بەدیقەت کەشفی ڕێکخستنی ناوەوەی سیستەمی سەرمایەداری کردووە.

### ٥- نیتشەو دابڕانی مێژوویی گەورە:

نیتشە ١٨٤٤-١٩٠٠ لەهەموان زیاتر ئامادەگی هەیە لەتێزەکانی بونیادگەری جۆراوجۆر، واقیعی بەهەموو فەلسەفەکانیەوە ڕەت کردەوە، ڕەوشتی هەموو ڕەت کردەوەو بەدوای ماناو بەهادا گەڕا لەڕێگەی ئەو چەمکە ناودارەی خۆی (نەهلیستیەت) کە بریتی‌یە لەمەرگی ئیلا بۆ ئەوەی مەرگی خودی مرۆڤ ڕابگەیەنێ، هەروەها سنوری مرۆڤی کەم کردەوە تائاستی -غەریزە-و بەرەو ئیرادەی هێزی سوپەرمان - نیتشە هەتا لە -وجودیەتیش- دا ئامادەیی زۆری هەیە بەڵام کاریگەرێتی زۆری بەسەر (جاك دریدا)و (فوکو)وە هەیە.

### ٢- چەمکی بونیاتگەری:

بونیاتگەری بۆ (بونیات) دەگەڕێتەوە لەجیلوەی زانستی ریاضی‌و فیزیایی کە کۆمەڵێك ڕەگەز دروستی دەکەن کە لەنێو خودی خۆیدا بەرجەستەیە، لەڕێگەی تەفاعول کردنی پەیوەندی‌یەکانیدا نەشونەما دەکاو ڕێکدەکەوێ، لەلایەك وەك نەسەقێکی زانستی کە بەشێوەیەکی نیمچە یاسایی داڕێژتراوە بەدیار دەکەوێ لەلایەکی دیکەوە نموونەیێکی نزیکە لەواقیع لەرووی پەیوەندی بەو واقیعە، لەرووی لۆژیکیەوەش وەریدەگرێ، لەلایەکی دیکەوەش روون بوونەوەییێکی پاڵاوتە وەپێش واقیع دەکەوێت لە بەسیستەم بوونی.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بونیاتگەری ناخرێتە نێو چوارچێوەیێکەوە ئەوەش هەر لەبەر ئەو میثالیەتەیە کە دەیەوێ‌و لەبەر ئەو واقیعەیە کە بۆی ڕەسم کراوە.

(بیاجیە) دەڵێت: (بونیە لەسێ سیفەتی سەرەکی‌دا پێك دێت، ڕستە، وەرچەرخان، زەبتی زاتی، دەکرێ بۆ بونیاتگەری ئەم چەند خاڵە بخەینە روو:

أ) هەموو هەوڵی بونیاتگەری بۆ ئەوەیە لە زانست نزیك ببێتەوە، ئەوەش لەوە بەدیار دەکەوێ کە هەموو -مفرەداتێکی لە زانستی نوێ وەرگرتووە لەکایەی ماتماتیك‌و فیزیاو بیولۆژیا.

ب) چەمکی بونیاتگەری یەك چەمك نیە واتە دەست نیشان ناکرێ، هەرچەند سیفاتی - هاوبەش هەیە لە میانیانا، هەموو دەسەڵاتەکانی مەرجەعی بونیادگەری لەیەکەوە نزیکن یاتۆزێ جیاوازن وەك پەیوەندی نێوان (ئالتوسیرو جاك لاکان) (شتراوس‌و فوکو) (جاك دریداو برودیل).

ج) ڕەهەندی زاتیەت لەم چەمکەدا ڕون‌و ئاشکرایە، چونکە ئەوەی بونیاتگەری دەیەوێت زانست نیەو تێپەڕی زاتیەت

ناکاتو هەروەها ناتوانێ ناخی کۆمەڵ بەجێ بهێڵێت کە بونیادگەر تیا جوڵە دەکات، بونیاتگەری هەموو ئایدیۆلۆژیایەك رەت دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ئایدیۆلۆژیەتی خۆی دەزگاکاری بکات.

ء) بونیاتگەری لە چەمکە دیارەکەی زانستێکی داپۆشراوو بەئایدیۆلۆژیا لەغم رێژکراوە، زۆر لەو هاوارەوە دوور نیە کە بەر لەچەند دە ساڵێکدا دەکرا سەبارەت بە (کۆتایی مێژوو).[41]

## ٣- پێناسەی بونیاتگەری:

ئێمە ناتوانین پێناسەیێکی تەواو بۆ بونیاتگەری بکەین چونکە بونیاتگەریەکان خۆی رەتی پێناسەیەك دەکەن بۆ بونیاتگەری، یاخود رەتی ئەوە دەکەنەوە کە پێناسەیەك بۆ میتۆدی خۆیان بکەن. هەر خۆیان زۆر کەشفو چەمكو مانا دەهێننەوە کە ئێمە دەتوانین لەرێگەی ئەو شتانەوە پێناسەی ووشەی (بونیاتگەری) پێشکەش بکەین، بەڵام توانای نیە چوارچێوەبەندی بکات.

لە پێشەکی کتێبی (جان ماری ئۆزیاس) هاتووە (بونیاتگەری بریتیە لە لیڤی شتراوس)[42]. (فوکو) هەوڵ دەدات لەناو چەمکێ کاریکا وێنەی بونیاتگەریمان پێ بدات کە بریتیە لە چەمکی (نەسەق) کە دەڵێت:

(مەبەستم لە ووشەی نەسەق کۆمەڵە پەیوەندیێکە سەقام گیر دەبێو دەگۆرێ بەسەربەخۆیی لەو شتانەوە کە پەیوەستن لەناو یەك)[43]

(شتراوس) هیچ پێناسەیەکی بۆ بونیاتگەری نیە ئەوە نەبێ لە قسەکانی وادیارە کە (لەپایەی کۆمەڵایەتیو دەنگو سەدای بونیاتگەری رازی نیە)[44].

جان بیاجە دەڵێت: (بونیاتگەری رێگەیەکە نەك عەقیدە)[45]

ئەم باسە بەپێی ژمارەی پەراوێز لەم سەرچاوانە ئامادەکراوە لەلایەن نووسەری بابەتەکە کە من بەدەستکاریو کورت کردنەوەو ساناکردن وەرم گێراوەتە سەر زمانی کوردی.

* * *

**پەراوێز:**

١- لیڤی شتراوس (الفکر البری)
٢- مجلة الوحدة المغربیة.
٣- مجلة (بیت الحکمة).
٤- آلتوسیر وآخرون.
٥- مقابلة مع جاك دریدا (الکرمل العدد٣١).
٦- ابن رشد (فلسفة ابن رشد).
٧- ابن خلدون (المقدمة).
٨- دیکارت (تأملات میتافیزیقیة).
٩- هوسرل - تأملات دیکارتیة.
١٠- منتخبات/ ت/ الیاس شامین.
١١- بنیویة جاکوبسن (الفکر العربي المعاصر) العدد ١٨ - ١٩٨٢.
١٢- شتراوس (مجلة الفکر العربي) العدد ٦/١٩٨٠.
١٣- کرمل - العدد١١.
١٤- باشلار (تکوین العقل العلمي).
١٥- فلسفة المعرفة عند باشلار.
١٦- نفس المصدر.
١٧- نفس المصدر.
١٨- نفس المصدر.
١٩- آلتوسیر - یوسف غازي.
٢٠- دەسوسر فردنیان ت(یوسف غازي).
٢١- نفس المصدر.
٢٢- نفس المصدر.
٢٣- نفس المصدر.
٢٤- نفس المصدر.
٢٥- نفس المصدر.
٢٦- نفس المصدر.
٢٧- علم النفس ومبادئه من فروید الی لاکان/ ت وجیه اسعد.
٢٨- برودیل - التأریخ والعلوم.
٢٩- فوکو/ حفریات المعرفة.
٣٠- سیغموند فروید (ماوراً النفس) ت جورج طرابیشي.
٣١- نفس المصدر.
٣٢- مارکس/ مجلد الاول ج١/ المنتخبات.

له (٤١-٤٥) له نوسینەکە هێمای بۆ نەکراوە.

* * *

**سەرچاوە:**

گۆڤاری/ النهج - ژمارە ٣١/ ساڵی حەوتەم. نوسینی/ ابراهیم محمود.

# پەیکەرێ لە بەرد یان پەیکەرێ لە گوڵ



ئەرخەوان

**پێشکەش**
**بە قوبادی**
**جەلی زادە**

*ئێوارانێ ئەو دەمەی دوو شەپۆلە رەنگی:*
*ئەرخەوانیی شەرمن و*
*نارنجیی بزێو*
*ئاوێزانی یەکتر ئەبوون و*
*کەژاوەی خۆریان ئاوا ئەکرد*
*ئەبوویتە شنەیەك و دەستت ئەکردە*
*ملی روحم*
*هەموو شەقامەکانی شار ئەگەڕان*
*ئەو ئێوارەیەی ویستت*
*فێرە فڕینم کەیت*
*ئاسمان جێگەی باڵەکانی منی تیا نەبۆوە*
*ئەو شازادە مەلانەی*
*هاتنە پێشوازی لەدایك بوونی مردنێك*
*هەر زوو بەفر باڵەکانی تەزاندن*
*با.. شەپۆلەکان*
*لەدرگای روح نەدەن*

*جارێکی کە نەورەسەکان نایەنەوە ئەم کەنارە...*
*پاییز دڵۆپە ئەسرینەکانی*
*ئەبارێنێتە سەر لێوی تینوی خاك*
*ئەویش خۆشترین بۆنی ئەداتێ*
*پاییزە...*
*مەهێڵە پەنجەکانی خەزان*
*پرچی زەردی خەمەکانم ئاڵۆز بکەن*
*من خەمەکانم خۆش ئەوێ*
*چونکە تۆی تیای..*

*کێ شازادە خەوتووەکانی*
*کۆشکی فەرامۆشی بێدار کردەوە*
*گوناهی گەیشت*
*کێ چراکانی تاریکستانی تەمەنی پێکرد*
*تاوانی کرد*
*کەناریە تەنیاکەی نێو قەفەزی*
*هەڵواسراو بەدیواری مەرگا*
*چرکەکانی تەمەنی ئەژمارد*

کێ نەغمەکانی لێ تێك دا
خەتای فەرموو
ئەو ئێوارەیەی وەك شنەیە
دەستت کردە ملی روحم
رەنگی چاوەکانتم بەدی نەکرد
چرپەی چرپەکانتم نەبیست
پەنجەکانتم بۆ نەخوێنرایەوە
رەشەبایەك

روحی فڕان

پرسییان؟
- ئەو روحە بۆ کوێ ئەبەی؟
- ئەو روحە بۆ واپەشێوە؟
- ئەو روحە سپی‌یە بۆ ئەگری؟
رەشەبا پێی ووتن:
ئەمە رۆحی عاشقێکە
کەس لەنهێنی زمانی گوڵەکانی تێ ناگا
ئەم بەردەوام گوڵ ئەگرێت و
ئەوەتا بۆتە پەیکەرێ لە گوڵ
ئەوانیش پەیکەرێ لەبەرد بەدی ئەکەن
ئەوان:
لەمانای مەزنی عەشق تێ ناگەن
نازانن لەگەڵ روحا ئاوێتەبن
ناتوانن لە سۆمای چاوەکانا بتوێنەوە
لە سەمای پەروانەو تامی سووتان حاڵی نابن
با ... رەشەبا
روحم بەرێ بۆ مەملەکەتی تەنیایی
لەوێ گوڵەکان بەبێ خەم
کەزیەی سووریان بەهێمنی
ئەدەنە دەستی تریفەو
گوێ بۆ رازی پەپوولە رادێرن...

**پەخشان**

# شەوبێن

جەزا عەلی ئەمین

تەنکە شەوێکی خامۆش
بۆ چاوان نەرم
ئارامی لێ دەباری
پشتێنە چیای سەر سەرمان
بۆ هەناسەیەکیش شنە دانانێ
خوا دەزانێ، لە کەیەوە
تێک دەئاڵێن!
گوڵی شەوێ
دەڵێی یەکەمجارێتی
ئاوا دەپشکوێ!
* * *
سەدای (عەزیزی ماملێ)
رووکاری شەوی دەشڵەقاند
فێنکتر لەجاران
پەڕی دڵمی دەلەراند!

ناو ناوە
شەو وەک پشکۆ بێ
بەفووی (بەستەکانی) دەگەشایەوە!
* * *
مانگ درەنگانێ هاتەدەر
پلوسکی زێڕاوی
بۆ لوتکان بەردەدایەوە
جا، بوولێڵی
لە نەدیوان دادەماڵی
* * *
لەدیوەخانی ئەم شەودا
ساڵە ژەنگاوییەکانی گیان
بێ پرس، خۆ پێکدادەدەن
تا هەپرون بەهەپرون نەبن
کۆڵ لێک نادەن!
دەڵێی نۆرەی رەنووی
کوڵو کەسەری ژەنگە ساڵە ئەم شەو!
* * *
هاوەڵینە!
ئەی ئەوانەی لەودیو سنووری
سەرنجەوەن
بریا ئەنگۆش لێرەبان
تا کراسە (خم)ی رۆحتان دانابایە
وەکی من تریفەتان پۆشیبایە!
بڕوا بکەن ئەگەر بڵێم:
دڵە شەکەتەکەی شار
بەدووکەڵی پاسو جنێوی سیاسی
ئاخنراو

ئەوشۆ شاباڵان لێکدەدا
دەنووکی ئاڵ، دەنێ بەکانی‌یە
روون‌و پاکەکانی زریوەوە!
جا هەنگینی، گوڵە بەرامەی رەوەزان
بەخۆدا دەدا.
بەبەرچاومەوە دڵ چەندین جار
خۆی لەنسێی چیا هەڵکێشا
تاکو سبەی
روناکی‌و فێنکی بۆ گەرمێنێ بەرێتەوە
ناهەقی ناگرم
دڵ لێرانە زەنا زەنای شاری نابیسێ
بێ ئاگایە لەوەی
کێ دەڕواو نایەتەوە
کامە دەدۆڕێ‌و بەخۆ نازانێ
یاخو چ بیچمێ
لەسەر کورسی سیاسەت مردار بۆتەوە
بۆگەنی شارەو شار دەڕوا
کەچی کەس زات ناکا
چاڵە گڵێك‌و پارچە خامێکی
لێ خەسارکا.
* * *
لە زینوەکانی ساڵلارە
تاچاو هەڵخەی
هەر بێ دەنگی دیارە!
دیدە
نیگا ساردەکانی شاری
بەجریوە دەگۆڕێتەوە
مەگە لێرە
گیان بەئاوی خامۆشی بشۆرێ
وەها!
جارێکی دی گەرداوی نەبێتەوە!
* * *
شەو لەباتی وەی
پەڕی تاریکی‌و ترسی لێ بێتەوە
کەچی کانی گزنگی لێ دەڕژێ!
شەوە رۆژ دوولا هاتەوە
باڵندەی خەو بەچاوم نازانێ
دەڵێی قەتی نەدیوە!
بە وڵاتی بادا دەگەڕێم
گوێ رادەدێرم
باڵۆرەی بێریانی دیدە گڵاوی دەبیسم
هی بەهارێ!
راوی هەنگوینی ئەشقی لێ دەتکێ
لەو بڵندانەوە
کێلە سووری شەهیدانی
پێش شەڕی خۆبەخۆ دەبینم
دەلەرنەوەو دەڵێن:
لەداخی حیزبان! لێرەش نەحەساینەوە
هەر بینا لەخوێنی خۆ ژیوان بووینەوە!
* * *
حەیف ئەم هەرێمە ئاوای بەسەرهات
ئێستاکێ شەوی چیاو چۆڵی
لە رۆژی نێو شارانی رۆشنترە!
حەیفێ!

**شەوی ١٠ی ئابی ١٩٩٧**
**هەواری (ساڵلارە)**

# زەمەنی لەپێکەوتن

## بۆ (پەیڤین)ی کچم

عیرفان ئەحمەد



*گەر سەحەرێك جووتێ چاو لەژێر سەرینەکەتا جێ مابوو*
*بیانخەرە سەر رەفەکانی میهرەبانی.. ئەوانە چاوی قەسیدەن.*
*گەر نیوەشەوێ پەپوولەیەکی مەستت دی،*
*لەنێو پەڕەکانی کتێبەکەتا.، لەخاچی دە.*
*با ووشەکان لەسەر باڵی دەربچن*
*بامەرگێکی ناسکانە بمرێ.*
*وەکو مەرگی ئاسکێکی پێ پەتی.*
*باوکت تارماییەکە لەبەر پێی پیاوە ڕووناکەکانا مانی گرتووە.*
*نەخۆڵ ئەخواو نە مانگەشەو دەخواتەوە.*
*باوکت خوێندکارێکی (یافع)ە.*
*لە ماتماتیکی سروشتا سەوزی لە باخچە دەردەکاو پایز دەگرێ بەدەستی یەوە.*
*تۆ سەرگەرمی خەونە ساردەکانی منداڵێت بە.*
*ئێمەش سەرگەرمی ئارمەکانی شکستین.*
*لەسەر ئاڵا سپی یەکان ئەیچنینەوە.*
*گوێ مەدە بەئێمە ، وێنەی گەڵا زەیتوونێ لەسەر ئەتەمینی روح بچنە.*
*بەدەنووکی بەختەوەرییەوە.*
*تۆ.. سەرقاڵی پەنجەرەکانی ساوایەتی بە.*
*ئێمە دەرگا رزیوەکانی چارەنووس، برژانگ رێژ ئەکەین.*
*لەوەرزی هەڵوەرینا تۆوی گوڵەکان کۆدەکەینەوە.*
*بۆ زەمەنی هەڵنەوەرین یەکی قاموسێکمان پێیە.*
*عەشقیش یەك زمانی هەیە.*




وەلێ کچم بەدوو لەهجەی جیاواز دەگرین.
گوڵێکم پێیە هیواخوازم تازەمەنی گەورەبوونت سیس نەبێ.
نیشتمانێکم هەیە پڕپەتی لەبتو خواپەرستی.
نیشتمانێکم هەیە لەناو گەرووی بایەقووشەکانا
چارەنووس خوێنێکی خۆڵاوی‌یە بەدەم خاکەنازی ئەجەلەوە.
گوناهی من بوو پێم نەگووتی
وریابە ئەی (نوتفە)ی مەجهول.
لەژێر گەرمە غاری ئەسپی باوکایەتیما مەڕوێ.
با لەدووای چاندنی عەشق سەحرای فیراق نەدورینەوە.
وام لێهاتووە لەدرەنگ داگیرسانی گڵۆپی شەقامەکان بەگومانم.
ناوێرم ئەتکێتەکانی خۆشەویستی ئیمزا بکەم.
بەنووکتە تەڕەکانی باخچە پێ بکەنم.
ناوێرم بڵێم ڕۆمانە ڕەشەکان
بەپەڕی تاوسەکان مەنووسنەوە.
بەسەر سمێڵی پشیلەکاندا قەسیدەی وەفا هەڵمەدەن.
دایکم ئەیگووت
کەم ناخنۆك بگرە لە هەنگوینی چراکان.
با رووناکی بەلالغاوتا نەیەتە خوارێ.
باکەس سێبەری نێوان دانەکانت نەخوێنێتەوە.
زەمەنی لەپێکەوتنە بچکۆلەکەم.
تەنها دیواری دڵم ماوە دارە دارەی پێوە بکەیت.
تەنها جانتاکەی شانم ماوە بیکەیتەوەو
بۆ نوقڵی ترش‌و شیرینی
سەفەری باوکایەتیم بگەڕێی.
بۆ ئەو ئەتڵەسی خۆشەویستی‌یەی رووبارەکانی خوێنن.
وشکایییەکانی پڕن لە کەللە سەر.
ئاسمانیشی پڕە لە ئەستێرەی بێ جریوەو
قفڵێکی ژەنگاویش لەمانگەشەو دراوە.

* * *



کوردۆ کاروان

# یادداشتەکانی مانگ

گیتارە هێمنەکە
بەڵێنە جوانەکانی
ون کردووە
مناڵیمان شوعلەی
سۆزی ئەو کۆترانەن
ناگەنە ئەوبەر کەناری
فرمێسکە دڵخۆشەکان
لە بورجی ئەم سەدەفە
دەست پاکانەوە
میوەکانی عەشق
نابنە بادە گێڕی گزنگە
بەد مەستەکان
مەمکی ئاسمانێکی غەمگین
نقێمی ئاوەکانی
لێ داخستین
ئەو مێخەکە ڕوخۆشە
گوڵاوی بەردەکانی
لێ سەندینەوە
گۆرانی ئاوێنە میهرەبانەکە
بەدەستی دارستانە
شەرمنەکان ئەسپێرین

وەك پێکەنینی زەیتوون
تێکەڵ بەئاوی
عەشقیان کردین
پەلکەگیای مرواریەکان
پەنجە بێ دەنگەکانی تریفەیان
پێ ڕەوا نەبینین
زەماوەندی مردووەکان
بردیانین‌و
پێخەفی بارانە کریستاڵیەکە
پەلکە زێڕینەی فریشتەکانی
لێ شاردینەوە
شەوە ئاوییەکان
لە خەیاڵی سێوەکانا
بەهەشتی گریانمان
ئەڕازێننەوە
لە گومانی ئەو هەورە ئەچین
گوڵە ئەرخەوان
باوەشی بۆ ئەگرنەوە
بۆنی تەنیایی سەفەرو
بۆنی گەزۆبارین ئەگرین
فرمێسکی ئەو هێلانەیە

دەستەکانی ئاسمانی
عەشقن
جێی ماڵاوایی برینی
گوڵەکان و
هەناسەی (ڤینۆس)
فریویان داین
ئاونگی ئەم وەهمە
سێوێکە لە گەمەی خەیاڵ
ماچێکە لە شکۆفەی پەشیمانی
قافڵەکان بارمتەی
کام عەزابن
لەئاوێنەی تەنیایی
بیابانەکانا
نوستوون
بەیانی پێغەمبەری نەورەسەکان
ئەبێتە میوانی ئارەزووەکانی
شەفەق
بەیانی یاداشتەکانی (مانگ) لەسەر دەستی
جوانترین قۆزاخەی ماتەمی خوداکانەوە
کز کز ئەگرین
بەیانی یاقووتی باخچەکان
دەرگا لەزەنگەکانی گومان
ناکەنەوە
مردن لە سۆراخی شەونمە
پەژمووردەکانا
وەك مرواریيە حەزینەکان
ئەگەشێتەوە
هەر ئەستێرەیەو روخسەت
لەشەوە پیرەکان وەرئەگرن
لەم گەنجینەی حەقیقەتی
دڵەڕاوکێیەوە





یەکەم موچڕکەی
دۆسیەی گوناهەکان
لەڕەحمی مەعبەدێکی
غوبارستانا
ئەشکێن
گۆڕەکان شەوێك داڵدەی
ئەو شمشێرە گرژو مۆنانە
نادەن
سڵاو لەکەرنەڤاڵی تارماییە
گلاوەکان دەکەن
نەمگووت خەیاڵی برینی ئەو هەنارەین
لەمەرگی لێوەکانی دوێنێی
ئەو باخچەیە چنراوین!
بازنەکانی
ئەو ماڵە تاریکە
لە سێوەکانی خەیاڵتانا
بوون بەئەفیوون
ئەفیوونی ئەو شەهوەتەی
لە رەحمی ئاوێنەی مەعبەدێکا
مۆمیا کران!
فرمێسکەکان کتێبێکن لە خۆڵەمێش
هەیکەلێکن لەخەونی
ئەو چرکانەی
کراسی نزاکان لەبەر پێی
جوانی ترسەکانا رائەخەن!
تەنیا پرتەقاڵ
زیارەتی برینەکانی هەتاو ئەکات
کەرووبار ماسیەکانی
بیر ئەچێتەوە
شەپۆلە بەوەفاکان
ئاوێنەی ئەستێرەکان دائەگرنو

نازی تریقەی لەکان ئەکێشن
درەخت عەشقی لەوەدایە
گەوهەری گریانی
ئاگر ئەنووسێتەوە!
بەرد ئاوازێکی هەیە لەبێدەنگی
دەست لەچاوەکانی نادەن
(با) ماچی گوڵاڵە سوورە ناگۆڕێتەوە
بەئاوریشمی
ئەو تەلارەی خوێنی
چراکانی لێ ئەچۆڕێت
سێوەکان ئیفلیج بوونی کوچەی
ئەم ئەوینە رەجاڵە هەڵئەگرنەوە
گۆرانی ئاوێنەکان
ویقاری جوگرافیای رۆحن
لە بارانی گوڵە سپیەکانی
رەها بوونەوە
ئەستێرەی کۆترەکانی پاکیزەیی
ئەبەنەوە هەواری موحیبەت
وای ئەمە وەهمی ئاونگو
شۆخی برینەکانی هەتاوە
بۆنی تەنیایی سەفەرو
بۆنی ژوانی ئاوو ئاگر
ئەگرن!

* * *

چیرۆک

# خۆرنشین

مەهاباد قەرەداغی / سوید

حەزدەکا مەرگ ببینێ بەلام دیمەنی خۆرئاوا بوون نەبینێ، ئەوکاتانەی رەنگی نارنجی خۆرنشین دەبینێ تاهێزی تیابێ هاوار دەکاو هاوار دەکا، تا ماندوو دەبێو دەبووریتەوە، ئێواران دەیبەنە ژوورەوە تا ئەو دیمەنە نەبینێ، بەلام ئەشیبینێ، هەستی پێ دەکات، هاوار دەکات، هاوارێکی وادیوارو پەنجەرەکانی ژوورەکە دەلەرێنێتەوە. دەوروبەری چۆڵ دەکەن، زۆر جار پەلاماری شووشەو چەقۆی داوە تا خۆی بکوژێو ئاسوودەبێ. جگەرەشیان لێ قەدەغە کرد، چەند جارێ جگەرەی لەسەر جەستەی خۆیا کوژاندۆتەوە، دەیەوێ بەهەر شێوەیەك بێت ئازاری خۆی بدات تا ئەندێشەیکەم بێتەوە، کە جگەرەکانی لەسەر جەستەی خۆیا دەکوژاندەوە هەستێکی ئاسوودەیی پڕی دەکردەوەو رووی دەگەشایەوە.

دەمێکە ئاوێنەی نەدیووەو نازانێ ئەو سیما ئەسمەرە قەشەنگەی کە جاران پڕ بوو لە شادیو ئاسوودەیی ئێستا رەش داگەراوەو چەندان هێڵ لەناوچەوانیدا نەخشەی پیرییەکی ناوەختیان کێشاوە. سالێکە لە هیچ ئاوێنەو شووشەی پەنجەرەیەکدا بەدیداری خۆی نەگەیشتووە. ئاوێنەکانیان لێ شاردۆتەوە، یەکەم دوژمنایەتی لەگەڵ ئاوێنەدا بوو، کاتێ بەشەکەتی بەمۆڵەت گەڕایەوەو (وەفا) وەکو جاران بەروویەکی گەشەوە باوەشی بۆ گرتەوە، بەلام ئەو هەر وەکو لەو جیهانەدا نەبێ بێ ئەوەی ورتەیەکی لەدەم بێتە دەرەوە وەژوور کەوت. وەفا هەستی بەشەکەتیو ناڕەحەتیو ناهەمواری باری دەروونی کرد، بەلام نەیدەزانی ئاخۆ چی روویداوەو بۆ رەنگ لەرووی مێردەکەی هەڵگیراوە؟ ویستی بەو موژدە خۆشە دڵشادی کات کە چوار ساڵە چاوەڕوانی دەکەن.


— موژدە کوڕێکمان بوو!

ئەم هەواڵە نەك هەر دڵخۆشی نەکرد بەڵکو هێندەی تر چرچو لۆچی خستە نێوچەوانییەوە. بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکات چووە ژووری نوستنو پاڵ کەوت، چ کارەساتێك ئەم پیاوەی گۆڕیوە؟ وەفا کەوتە گومان لەو بێ دەنگییە چاوەڕوان نەکراوەی، هاتە لایەوە، دەیدواند، پرسیاری دەکرد، بەلام گوێی لەهیچ وەلامێك نەبوو، سەیری بنمیچەکەی دەکردو رامابوو، دەتگوت لەسەر رووی بنمیچەکە داستان دەخوێنێتەوە، رەنگە لە هەموو ژیانی رابردووی خۆی رامابێ، لەکاتی لاویی خۆی، لەکاتی منالیی خۆی، رەنگە بیر لەیەکەم جووتە پێلاو بکاتەوە کە باوکی بەبۆنەی چوونە قوتابخانەوە بۆی کڕی، بەلێنی دابوویە گەر چوو بۆ قوتابخانە جووتێ پۆتینی سووری بۆ بکڕێ، شەوان کە دەنووست بیری لەوە دەکردەوە کە کەی گەورە دەبێو تەمەنی دەبێتە شەش ساڵو دەچێتە قوتابخانە. هێندە بیری لە قوتابخانەو پێلاو پێکەوە کردەوە وای دەزانی هەر دوو وشەکە یەك مانا دەدەن. قوتابخانەو پێلاو بابەتی بیرکردنەوەو مەودای خەیالی ئەوبوون، سێ ساڵ بیری لە قوتابخانەو پێلاو کردەوە، دەچووە بن دەستی دایکیو دەیپرسی:

— کەی دەچم بۆ قوتابخانە؟

= کاتێ ددانی شیریت بکەوێ دەچیتە قوتابخانە.

بەپەنجە وردەکانی ددانەکانی پێشەوەی خۆی دەگرت‌و توند دەیلەقاند بۆ ئەوەی پێش وەخت بکەوێ. جارێکیان لەحەژمەت پیلاودا بەبەرد ددانی پێشەوەی خۆی دەکوتا بۆ ئەوەی لەق بێت‌و بکەوێت، دەیویست فێڵ لەتەمەن‌و زەمەن بکاو چی زوترە تەمەنی ببێتە شەش ساڵ. ددانەکانیشی کەوتن‌و هێشتا مابووی بەپێڵاو قوتابخانە شادبێت.



— دایە ئەوە ددانەکانی پێشەوەم کەوتن؟

= رۆڵە هێشتا ساڵێکت ماوە بۆ قوتابخانە.

خەونی دەدی دەچێتە قوتابخانەیەکی سوور کە لە شێوەی پۆتین دروست کراوە، لەسەربانی قوتابخانەکەدا ئالایەکی ولات دەشەکێتەوە، ستوونی ئالاکە بەگوریسێکی باریکی سوور راگیراوە، گوریسەکە هەر لە قەیتانی پێلاو دەچێ.

بوو بەشەش ساڵ‌و خرایە قوتابخانەو پێڵاوە سوورەکانی لەپێ کرد. لەخۆشی پێڵاوەکان قوتابخانەکەشی خۆش دەویست، مامۆستا هەرچی لەدەم دەردەچوو ئەم لەبەری دەکرد، بەڕێوەبەری قوتابخانە هەمووساڵێ دیارییەکی دەدایە، بەلام هیچ دیارییەکی بەقەد ئەو پێڵاوە سوورە دڵشادیان نەدەکرد، تەنانەت ئەو رۆژەشی کە یەکەم قاتی لەبەر کردو یەکەم بۆینباخی بەست تابچێت بۆ کۆلیج بەقەد پێڵاوە سوورەکەی دڵشادی نەکرد.

=کوڕم بەقسەی من بکەو بچۆ بۆ کۆلێجی سەربازیی.

— بابە گیان حەزم لە کۆلیجی ئەندازیاریە.

= کوڕم ئەمڕۆ نان تەنها لەسەربازیدایە، ئەوەتا سەدان ئەندازیار بێ کار کەوتوون‌و کرێکارییشیان دەست ناکەوێ، بەهەزار دەردەسەری توانیم پەروەردەت بکەم، ئێستاش پیر بووم‌و توانای کارم نەماوە، بەقسەم بکە باتۆش بێکار نەکەوی.

چوو بۆ کۆلیجی سەربازیی، باوکی دەگەشایەوە بەبینینی بالای بەرزی کوڕەکەی بەو جلە سەربازییانەوە، کەهاوینان بەرگی سپی‌و زستانان بەرگی شینی لەبەر دەکردو کلاوی شەفقەدارەکەشی زۆر لێدەهات، سەرەڕای ئەوەش کە سەری سفر تاشراو بوو سیمای هەر سەرنج راکێش بوو، هەر بەو جلەشەوە سەرنجی وەفای راکێشا، کە یەکتریشیان ناسی‌و لەکەنار دیجلەدا رازو نیازیان گۆڕی‌یەو یەکتریان خۆش ویست، خۆشەویستی‌یەکی مەزن بوو کە لە نێوانیاندا رووی‌دا.

لەگەڵ وەفادا زەماوەندیان کردو چوار ساڵە پێکەوە دەژین، ماوەیەک بوو بیریان لەمنداڵێك دەکردەوە ژیانیان روناکتر بکاتەوە، بەلام ئەم کاتێ بوو بەباوك کە نەیدەزانی باوکایەتی چییە.

— وەلید گیان پێم بڵێ چی روویداوە؟! چی نارەحەتی کردووی کەوا دڵت بەم کۆرپەشمان خۆش نییە؟ سەیری کە چەند جوانە، هەر لەتۆ دەچێ.

دەتگوت چاوی بەرایی نادات منداڵ ببینێ، چاوەکانی دەنوقاندو خۆی دەخواردەوە، تائێوارە بێ دەنگ، بێ ئەوەی لەجێی خۆی بجولێتەوە لەسەر چرپاکە پاڵ کەوتبوو، کاتی خۆرنشین کە دیمەنی نارنجی خۆری

٥٦

لەپەنجەرەکەوە بینی هەستایە سەرپێ، هاواری کرد، هاوارێکی بەرز، دیمەنی خۆی لەئاوێنە گەورەکەدا بینی مستێکی توندی لەئاوێنەکەداو وردو خاشی کردو خوێن بەدەستو پەنجەکانیا هاتە خوارەوە، کە خوێنەکەی دەستی خۆی بینیو هەستی بەئازاری برینەکانی دەستو مەچەکی کرد هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشاو لەسەر چرپاکەدا خەوی لێ کەوت.

وەفا حەپەسابوو، نەیزانی بۆ ئەوە رووی‌دا، ئەو کارەی لا گەلێ نائاسایی بوو، شڵەژا، بەڵام دوای ئەوەی گشت خۆرنشینانێك رووی دەداو هاوارو ناڵەی وەلیدی دەبیست پێی راهات، تەنها شتێك کە بووە گرێ کوێرە لەدڵیا ئەوە بوو کە نەیدەزانی هۆی ئەم لە پڕ گۆڕانو ناڕەحەت بوونەی وەلید چییە؟

ساڵێکە لەم ژوورە تایبەتی‌یەی ئەم نەخۆشخانەیە دایەو لەژێر چاوەدێری پزیشکەکاندایە، گشت خۆرنشینانێکیش وەکو بورکان دەتەقێتەوەو شێت دەبێت، کاتەکانی تریش ئاسایی نییە، بەڵام خۆرنشین گیانی دەرزی ئاژن دەکا، دەڵێی بۆمبایەو بەناو جەستەیدا دەتەقێتەوە، حەز ناکا چاوی بەمنداڵە تاقانەکەشی بکەوێ، بەتایبەتی لەکاتی خۆرنشیندا، پێڵاوی سوورو گەورە شێتی دەکا، هەر کە پێڵاوێکی سووری گەورە دەبینێ گشت گیانی وەك ئاگر گەرم دەبێتەوەو تووشی هیستریایەکی توند دەبێو هاوار دەکا تا دەبوورێتەوە.

وەفا سەری سووڕ دەمێنێ لەو کارەساتە، ئەو زۆر جار وەکو یادگارییەکی قەشەنگ باسی جووتە پێڵاوە سوورەکەی منداڵیی خۆی بۆ کردووە، دەیووت هەرچەندە زۆری خایاند تابووم بەخاوەنی ئەوجووتە پێڵاوە، بەڵام یادگارییەکی شیرینی سەردەمی منداڵیمە، هەر کە ئەو یادگارییەشی دەگێڕایەوە بەزەردەخەنەیەکەوە دەیووت ئێستاش حەزم لە پێڵاوی سوورە. ئەی ئێستا بۆ دیمەنی پێڵاوی سوور وا شێتگیری دەکا. سەرسووڕمانی وەفا زیاترو زیاتر دەبوو کە دەیبینی ئەو کۆرپەیەی کە چوار ساڵ بیریان لێ دەکردەوەو هەر لەیەکەم رۆژی زەماوەندیانەوە ناوی (خالید)یان بۆ هەڵبژارد، ئێستا هەر کە دەیبینێ رادەچڵەکێو دەڵێی تارمایی مردن دەبینێ، خوایە ئەمە چییە روو دەدا، چ تیژڕەوە تیرێکە ئەم مرۆڤە واگۆڕاوە. جاران کە بەمۆڵەت دەهاتەوەو دیارییەکی نایابی بۆ دەهێناو هەر کە دەرگاکەی دەکردەوە لە باوەشی دەگرتو دەیبردە ژوورەوەو لەسەر چرپاکە دایدەناو ماوەیەکی زۆر گشت ئەندامەکانی جەستەی ماچ دەکردو پێی دەووت: (هاوسەرە وەفادارەکەم) گوێچەکەی دەنا بەسکی‌یەوەو دەیووت: (کەی کۆرپەکەمان دەبێ؟) وائێستا نەئاوڕ لەئەوو نەش لە کۆرپەکەی دەداتەوە، تەنانەت کە بانگی خۆیشی دەکەن وەڵام ناداتەوە. دەڵێی ناوی خۆی لەبیر چۆتەوە، یان حەز ناکا هەرگیز گوێی لەو ناوە بێت، تەنانەت وەڵامی وەفاش ناداتەوە کە بانگی دەکا، جاران هەر کە وەفا بانگی دەکرد دەیوت ناوەکەم بەدەنگی تۆ زۆر خۆشە هەر کە بانگم دەکەی هەست دەکەم خۆشترین ناوم هەیە.

بەو هەموو نەخشەو خەتە کورتو درێژانەی دەمو چاو و نێوچەوانی کێ دەڵێ تەمەنی سی‌و پێنج ساڵە، ئەوەی ئێستا ببینێ وادەزانێ دوو هێندەی ئەو تەمەنەیە، ئەوەی لەوێنەکانی سەردەمی قوتابێتی‌و وێنەکانی سەربازگەشی ورد بێتەوە دەڵێ ئەوە کەسێکی ترە، جەستەیەکی بەهێزو چوارشانە، باڵایەکی بەرز، دوو چاوی گەش‌و فراوان، پێکەنینێکی ئێجگار سەرنج راکێش، ئێستاش دەڵێی مردوویەکەو گۆڕەوشار دراوە.

حەز دەکا مەرگ ببینێ بەڵام ئەستێرە نەبینێ دەدرەوشێتەوە، ئەو ئەستێرانە دنیایان لێ تاڵ کرد، ئەو ئەستێرانە کردیانە ئەم مرۆڤە شێتەی کە ئێستا پزیشکەکانیش سەریان لەحاڵەتی سووڕ دەمێنێ، ئەو ئەستێرانە وایان کرد رقی لە کۆرپەکەی خۆی هەستێو دیمەنی خۆرنشینی لاببێتە دۆزەخو پێڵاوی سوور شێتی کا، ئەو

ئەستێرانە وایان کرد رقی لەدیمەنی درەوشانەوەی ئەستێرە بێتەوەو رقی لەناوەکەی خۆی بێتەوە.

حەز دەکا گوێی لەسەدای مەرگ بێ بەڵام گوێی لەناوی باوکی نەبێ، تەنانەت لەناوی خۆی زیاتر رقی لەناوی باوکێتی، ئەو باوکەی ڕۆژانەی دوو ڕۆژی ئارەق رشتنی بەر هەتاوی خۆی بۆ دا بەجووتێ پێڵاوی سوور. کێیان هەبوو لەو زیاتر، تەنها ئەوو حەوت کچ، تا ئەمیان نەبوو بوو خۆیان بەئۆجاخ کوێر دەزانی، حەوت کچ لای ئەوان وەك حەوت پووشی دەم با وابوو، تەنها بەلەدایك بوونی ئەم ئەو هەستی خۆ بەبێ پشتیوان زانینو ئۆجاخ کوێرییەیان لا ڕەوییەوە، حەزیان دەکرد بۆ هیچ شتێ دڵی نەشکێنن بەڵام نەداری ڕێی نەدەدان هەرچی ویست بۆی بکڕن، هەر ئەو دەست کورتییە بووە هۆی ئەوەی باوکیشی پیشەی ئەفسەری بۆ هەڵبژێرێ، ڕۆژگارێکی ترسناك بوو ئەو سەردەمی لاوییەی ئەو، چ کارەساتێك بوو کە بێ ویستی خۆی بوو بەئەفسەر.

وەفا لە هەموو شتێ سەری سووڕماوە، چاکی لەبیرە ئەو جارەی کەهاتەوەو دەستی لەملی ئاڵاندەوە بەپێکەنینێکی بەرزەو گوتی:

— (ئەستێرەیەکی ترم وەرگرت).

دەیووت دەبێ سووپاسی باوکم بکەم لەکاتی خۆی پێشنیاری بۆ کردم بچمە کۆلیجی سەربازی، هەر ئەو ڕۆژە چەپکێ گوڵی بردە سەر گۆڕەکەی باوکی.

پیشەکەی خۆی خۆش دەویست، ڕەنگبێ تەنها لەبەر ئەو هەموو ڕێزەبێ کە سەربازەکان لێیان دەگرت، خەڵکیش زۆر بەڕێزەوە سەیریان دەکرد، جار جار گومانی دەکرد لەو ڕێزە بێ پایانە، گومانی دەکردو لەدڵی خۆیا دەیووت ئایا ئەمە ڕێزە یان ترس؟! ئاخۆ ئەم خەڵکە دەترسن یان ڕێزم دەگرن؟! دواجار باوەڕی بەخۆی هێنا کە پیشەکەی گرنگەو شایانی ڕێزە.

لە سەربازگەدا هەموو خۆرنشینانێ لەدیمەنی نارنجیبوونەوەی خۆر رادەماو تا ئەو ئاوا دەبوو ئەم بیری دەچووەوە بۆ لای (وەفا) کە لەبەر دووری‌و کار تەنها مانگێ جارێ دەگەڕایەوەو هەفتەیەکی لە ئامێزیا بەسەر دەبرد، خۆرنشین خۆشەویستییەکەی بیر دەهێنایەوە، ئەو خۆرنشینانەی کە لە کەناری دیجلەدا دادەنیشتن‌و بەچرپە دەدوان، دیمەنی نارنجی خۆر ناسکی دەکردنەوەو دەستی لەناو دەستیا بوو، تا ئەو ئاوا دەبوو ئەمان لەچاوی یەکتر رادەمان‌و جەستەیان دەبووە یەك پارچە سۆزو حەزی ئاوێتە بوون پڕی دەکردنەوە، کە ئەو ئاوا دەبوو دیجلەیان بەجێ دەهێشت‌و هەریەکەو بەرەو ماڵ دەبوونەوە، ئەو شەوانەش خەونیان بەیەکترو ساتەکانی خۆرنشین دەبینی.

ئێستا حەز دەکا مەرگ ببینێ بەڵام دیمەنی خۆرئاوا بوون نەبینێ، دیسان ئێوارەیە خەریکە ساتی خۆرنشین تەقینەوەیەك لەناخیا هەڵدەگیرسێنێ، ئێجگار لاواز بووەتەوە، تەنها ئێسك‌و پروسك‌و پێستێکی جیڕی ماوەتەوە، دەم‌و چاوی ترسناك دەبینرێ، دەڵێی مردوویەکەو گۆڕەوشار دراوە، خۆرنشین لای کات نییە، بورکانێکەو لە ویژدانیدا دەتەقێتەوەو هەر ڕۆژەو کۆمەڵێك خانەی زیندووی مێشکی دەسووتێنێ، لەکاتی خۆرنشیندا ئەو ژوورەی لێ دەبێتە گۆڕستان‌و جەستەشی دەبێتە گۆڕێکی باریك‌و قووڵ بۆ ڕۆحی. تەنها چەند خانەیەکی زیندوو لەمێشکیدا ماوە، دڵی سست بووەتەوەو تەنها بەشی تەقینەوەیەکی تری بورکانەکەی ماوە، دیسان ئێوارەیە، چاو ئەندازەکەی هاتەوە بەرچاو، ئەو چاوانەی کە تەنها بەشی بینینێکی تری ئەو دیمەنە سامناك‌و پڕ مەترسییە دەکەن، لە ژوورەکەیدا دانیشتبوو، سەربازەکە هاتە ژوورەوەو سڵاوێکی سەربازیی بۆ کرد، لیستەکەی دایە دەستی‌و دووبارە سڵاوێکی تری بۆ کردو دەرچووە دەرەوە، لە لیستەکەدا سەدان ناو نووسرابوو، هاتە دەرەوە سێ پاسی درێژ ڕاوەستابوون‌و کۆمەڵێك خەڵك ڕاوەستابوون، ژن‌و پیاوو منداڵ، پیرو لاو، هەموویان سەریان داخستبوو، دەتگوت هەرگیز بەرزیان نەکردۆتەوە، دەتگوت لەترسی چەپۆك بەرزی ناکەنەوە، بشێ

ئەم لیستەیە بەهەڵە نەهاتبێ؟ ناوەکانی یەك یەکی خوێندەوە، دەبوایە ئەوەی ناوی دەخوێندرێتەوە بڵێ: (بەڵێ).

گەیشتە ناوی (شاخەوان) کەس وەڵامی نەدایەوە، پرسیاری کرد: (شاخەوان کێیە؟ بۆ وەڵام ناداتەوە؟)..

دایکی هاتە پێشەوەو مەلۆتکەکەی لەبەردەمیا راگرت، خۆ ئەم منالە زۆر ساوایەو هێشتا چلەی نەچووە، سەیرە! هەبێو نەبێ ئەم لیستەیە بەهەڵە هاتووە، چووە لای رائید (عەلی) سڵاوێکی سەربازیی بۆ کردو لیستەکەی دایە دەستی:

– گەورەم پێم وایە ئەم لیستەیە بەهەڵە هاتووە؟

سەیرێکی کردو نێوچەوانی لێ گرژ کردەوە، داڵەکانی سەرشانی بەجوڵەی جەستە زەبەلاحەکەی بریسکانەوە دەتگوت دەیانەوێ سەری ئەم بخۆن.

– بۆچی پێت وایە هەڵەیە؟

– گەورەم ناوی منداڵێکی ساوای تیایە تەمەنی مانگێکە.

– جا ئەمە هەڵەیە؟

– گەورەم، ئاخر..

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو لیستەکەی دابەنێوچەوانیداو گوتی:

– هەر ئێستا فرمانەکە ئەنجام دە!

هاتنە دەرەوە، عەلی وەستاو دەستەکانی نایە سەر کەمەریو پێکانی بڵاو کردەوە، داڵەکانی سەرشانی دەبریسکانەوە، دەتووت دەمیان کراوەتەوەو دەیانەوێ سەری ئەم بخۆن، شۆفلەکان خەریکی هەڵکەندنی چاڵەکان بوون، ریز ریز خەڵکەکەیان راوەستاند، شاخەوان لە باوەشی دایکیا بوو، توونـد بەسنگی خۆیەوە نووساندبوو، سەری داخستبوو دەتگووت دەچرپێنێ بەگوێیداو پێی دەڵێ رۆڵە بۆچی هاتیتە ئەم دنیا خراپە؟ شاخەوان گریا، عەلی چنگی لێداو دوور دوور تووڕی هەڵدا، هەر کە ئەو دەستی بەگریانێکی توونـد کرد عەلی هێمای بۆ سەربازەکان کردو هاواری هەموان بەرز بووەوەو چەند ساتێکی کورتی خایاندو ئەما تەنها دەنگی واقە واقی توونـدی شاخەوان دەبیسترا، دەتگووت لەجیاتی هەموان هاوار دەکا، عەلی هێمایەکی بۆ وەلید کرد کە پێیەکی لێ بنێو دەنگی ببڕێ، شاخەوان دەتگووت زەرنەقووتەیەکی بێ تووکە، کراسێکی سپی لەبەر کرابوو، سپی.. وەك رەنگی کفن، وەلید چرکەیەك راوەستاو سەیری عەلی کرد، چاوەکانی عەلی رقو ئاگریان لێ دەباری، داڵەکانی سەرشانی دەبریسکانەوە، دەستیشی لەسەر دەمانچەکەی بوو، خانەکانی مێشکی وەلید لە چرکەیەکدا کەوتنە کارکردنێکی زۆر خێرا، لەچرکەی پێ بەرزکردنەوەی تا گەیشتنە سەر سکی منالەکە، سەیرێکی سەرشانی خۆی کرد ئەستێرەکان لەسەر شانی دەدرەوشانەوە، ئەستێرەیەکی تر وەردەگرێو دەبێتە (باڵیۆز). چاوی لە ئاسۆ بڕی، دیمەنی نارجی خۆرنشینی بینی دەڵێی تابووتەو ویژدانی ئەوی تیا پاڵ خراوە، سەری داگرت پۆستاڵە گەورەکەی پێی چەقیبووە سکی منداڵە ساواکە، پێی بەرز کردەوە پۆستاڵەکەی سوور دەچووەوە، دەنگی شاخەوان کۆتایی هات، سەیرێکی عەلی کرد چەپڵەی بۆ لێ دەدا، ئەستێرەیەکی تر لەسەر شانی کەوتە جریوە، داڵەکەش دەمی داخست.

رۆژی دووەم هەمان کات لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە، چاڵەکان داپۆشرا بوون، شۆفلەکان لەدوورەوە دەبینران راوەستێنرابوون، سەری هەڵبڕی، کە دیمەنی نارنجی خۆرنشینی بینی بورکانێك لەدەروونیدا تەقییەوە، ئەوە بورکان بوو یا دەنگی گریانی شاخەوان؟ ئەوە گریانی شاخەوان بوو یان تەقینەوەی بورکان. هەردوو چاوی خۆی نوقاند تادیمەنی نارنجی خۆرنشین نەبینێ، هاواری کرد، هاواری کرد، تاکەوتو بوورایەوە، وچانیان بۆ نووسی تابگەڕێتەوەو ماوەیەك بحەسێتەوە، بەڵام گشت ئێوارەیەك ئەو دەنگە وەك بورکان لەدەروونیدا دەتەقێتەوە، حەز دەکا مەرگ ببینێ بەڵام دیمەنی نارنجی خۆرنشین نەبینێ...

# دوا حیکایەت

**عەتا محەمەد**

نوسینی ئەم چیرۆکە، بەجیا لەوانەی تائێستا هەستاوم بەنوسینیان، ڕێکەوتێکی سەیر تێیدا بەشدار بوو، کەدەڵێم ڕێکەوت مەبەستم لەو روداوانەیە کە ناتوانین شیکارێکی عەقڵی بۆ رودانیان بکەین وەك دۆزینەوەی هێزی کێش کردن لە کەوتنی سێوێکەوە ئەگەرچی بۆچونێکی رۆمانسیانەیە لەوەوە ئەگەر ئەو کەوتنە نەبوایە ئەو هێزەش نەدەدۆزرایەوە؟ یاخود بەشێوەیەکی تر: هۆی کەوتنی ئەو سێوەش لەو سات‌و شوێنەدا جگە لە سات‌و شوێنێکی تر چی‌یە؟ (ناتوانین دەست نیشانی ئەوە بکەین جگە لە سات‌و شوێنی کەوتنی سێوەکە چەند سات‌و شوێنی تر هەیە بۆ کەوتنەکە چونکە دەشێت لەسەروو ئەندێشەمانەوە بێت) یاخود کوشتنی باوکم بەدەستی هاوڕێکەی، وەك بۆیان گێڕاومەتەوە، بەبێ ئەوەی مەبەستی هەبووبێت چونکە بکوژەکە دەیویست گوللەیەکی ترساندن (دەتوانم لە باشترین لێکدانەوەدا وابڵێم) بنێت بەهاوڕێی دووهەمیەوە کە رۆژی پێشوو بەشەڕ هاتبوون، کەچی بەر ناوچەوانی باوکم کەوت‌و مرد، لەگەڵ ئەوەی جۆگای خوێنیان بینی لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو بەڵام کەس باوەڕی نەدەکرد، کەچی ئەو بەیەکجاری‌و بەڕێکەوت مرد. منیش دوێنێ شەو پاش هەست کردنم بەهیلاکی، کەوای بۆ نەچووم لەزیادە رۆییمەوە بێت لە خواردنەوەدا چونکە ئەو شەوە لەکاتی ئاسایم کەمترم خواردەوە، ناچار بەپیاسە بەرەو ماڵەوە رۆیشم تا کاریگەری خورادنەوەکە نەمێنێت. بەتایبەت هەوای ئەو شەوە ساردو وشك بوو، بەدرێژایی رێگاکە بیرۆکەی چیرۆکێك لە خەیاڵمدا بوو، کە چەند رۆژێك بوو بیرکردنەوەمی داگیر کردبوو، وای لێ کردم بێئاگا لە تاریکیەکەی دەورم‌و بێ دوودڵی برۆم چونکە لە منداڵیەوە سامی تاریکی لەدڵمدا بوو ئەویش لەوەوە بوو کە هەردەم واهەستم دەکرد یەکێك بەچەقۆیەکی کلك نەخشاوەوە تێیدا وەستاوە، کاتێك دەگەمە لای توند چەقۆکە لەسەر شانم دەچەقێنێت، منیش هاوار دەکەم‌و ئاوڕ بەلایدا دەدەمەوە، ئەو هێشتا دەستی بەچەقۆکەیەوەیە کە چاو دەبڕمە چاوی، گوێم لێی دەبێت بەدەنگێکی نزم وەك ئەوەی لەژێر لێوەوە بێ ویستی خۆی دەری بکات یاخود بۆ یەکێکی تر قسە بکات کە لە تاریکیەکەدا دیار نیە، دەڵێت: ئەو نەبوو.. لەگەڵ ئەو ترسەمدا، ئەو شەوە بێ ئاگا لە تاریکیەکە دەڕۆیشتم، کاتێکیش گەیشتمە ماڵەوە زانیم ئارەزوی نوسیم هەیە، هەر بۆیە قەڵەم‌و کاغەزم هێنا تاهەوڵی نوسینی چیرۆکەکە بدەم.

چیرۆکەکە لەبارەی خوێنەرێکەوە بوو کە رۆژێك لەیەکێك لە کتێبخانە گشتیەکاندا داوای کتێبێك دەکات بەڵام ئەو فەرمانبەرەی چووە کتێبەکەی بۆ بهێنێت زۆری پێ دەچێت، ناچار خۆی بەو رۆژژمێرو پەندو دێڕە شیعرانەوە خەریك

دەکات کە بەدیواری ژورەکەوە هەڵواسراون تا دەنگی پێی فەرمانبەرەکە لە قوڵایی هۆڵەکەوە دێت. فەرمانبەرەکە کتێبێکی بەرەو روو دەگرێتو دەڵێت:

— زۆر گەڕام بۆ کتێبی ئەو ژمارەیەی نوسیوتە بەڵام دیار نەبوو، لە شوێنیدا ئەم کتێبە هەبوو!

کتێبەکەی دەداتە دەستو بەدوایدا ئەو پارچە کاغەزەشی بۆ دەگێڕێتەوە کە ناوو ژمارەی کتێبەکەی لەسەر نوسی بوو.

پاش گەڕانەوەی بۆ هۆڵی خوێندنەوەو دانیشتنی لە جێگاکەی خۆیدا کەمێك لە بەرگو قەراغی لاپەڕەکانی ورد دەبێتەوە تا دڵنیا دەبێت لە نەبوونی ژمارەی ریزبەندی کتێبخانەکە بەبەرگەکەیەوە، یەکەم لاپەڕەی دەکاتەوەو سەرسام دەبێت، جارێکی تر لاپەڕەکە دەخوێنێتەوە کە بەخەتێکی کوفی ناسك نوسراوە (ظولمەت) لە ژێریشیداو بەهەمان خەت بەڵام بچوکتر نوسراوە (مەحوی)، جارێکی تر دەستنوسەکە دەپشکنێت (لەوێدا دەزانێت کە کتێب نیە) تابزانێت ژمارە یاخود مۆری کتێبخانەی پێوەیە یاخود نا، پاش دڵنیابوونی.. لەژێر سەرسامیدا دەست بەخوێندنەوەی دەکات.

ئەو چەند لاپەڕەیەی لە چیرۆکەکەم نوسی هەوڵمدا بوو تێیدا کورتەی رۆمانەکە لەشێوەی پێشکەش کردنی کتێبدا پیشان بدەم کە ئەو خوێنەرە لە دەفتەرەکەیدا تۆماری کردووەو منیش لەوم وەرگرتووە. ئەو بەم شێوەیەی نوسی بوو:

ناوی کتێب: ظولمەت (رۆمان)

نوسەر (دانەر): مەحوی

قەبارە: ١٠ X ١٥ سنم

ژمارەی لاپەڕە: ١٧٠

پاشان هەوڵی نوسینەوەی کورتەی رۆمانەکەم دا بەهەردوو بەشەکەیەوە وەك چۆن لە دەفتەری خوێنەرەکەوە وەرمگرتووە کە پاش خوێندنەوەی دەستنوسەکە نوسیویەتیەوە (پێی نالێم پاڵەوانی چیرۆکەکەم ئەگەرچی ئامادەیی تەواو و بەردەوامی هەیە چونکە پاڵەوانی سەرەکی کەسێکی ترە یاخود رونتر قسە بکەم نوسەری رۆمانەکەیە). بۆ نوسینەوەی کورتەیەك لەسەر رۆمانەکە دوو شێوە خوێندنەوەی جیا لەبەردەمیدا بوو، یەکەمیان: خوێندنەوەی بەش بەشی رۆمانەکەیە، کە پاشان هەموویان لەیەکەیەکی لێك دانەبڕاودا کۆکرێنەوە کە ئەو ئەم رێگایە پشت گوێ دەخاتو رێگای دووهەم هەڵدەبژێرێت ئەویش بریتیە لە پێچەوانەی رێگای یەکەم واتا لە کورتەی رۆمانەکەوە بەرەو بەشەکانی دەچێت کە دەرەنجامی سەیرو جیاواز لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەمدا دەردەخات، رۆمانەکە لەسەر دێڕە شیعرێکی مەحوی خۆی داڕێژراوە کە دەڵێت:

بەئاوی تێ گەیشتین ئێمە دنیا، هەر سەرابێ بوو

هەموو دەشچن بەخنکانو لە ووشکیشە مەلەی مەخلوق

لەم دێڕەوە پاڵەوانێکی ئەفسانەیی دروست کراوە کە بەردەوام لە گەڕانو سەفەری سەرسوڕهێنەرو خەیاڵ ئامێزدایە بەدوای ئارامی یاخود دڵنیاییدا. بەناو دوو بەشی رۆمانەکەدا (هەریەکەیان سەربەخۆیەو ئەمانیش لەسەر دێڕە شیعری تر بنیات نراون) شۆڕ دەبێتەوە کە گەشتێکی سەیرە بەشوێنی بەخەیاڵ خولقێنراوو زەمەنی وەستاودا.دێڕی یەکەم کە بەشی یەکەمی لەسەر بنیات نراوە بریتیە لە:

دڵ زیندووە بەعیشقو بژی تۆ لە مەرگ ئەمین

بەم دەردە بمرە تا ببیە حي لا یموت

دووهەمیشیان بریتیە لە:

تەنکە توێژاڵێکی کشاوە بەڕوا قوڵزمی مەوت

وەك حەبابێ بەهەوا بەندە نرا ناوی حەیات

لە بەشی یەکەمدا بۆ نەمری دەگەڕێت ئەویش لە رێگای عیشقی خوداوەیە ئەو سەفەرە سەیرانەش لەکاتی دەرچوونیەتی لەلەشی، هەروەها سەرکەوتن بەپلەکانی ئەو عیشقەدا مانای فراوانی شوێنو زەمان دەگۆرێت تا دەگاتە توانەوە لە خوادا کە لە شێوەی خۆیدا دەیبینێت، بەڵام لە بەشی دووهەمدا پاش ئەوەی

پیر دەبێت‌و دەگاتە سەراب بەرەو بچوك بوونەوە دەچێت، بەڕادەیەك كە لەچاو وندەبێت‌و وەك تۆز لەناو دێڕەكاندا بڵاو دەبێتەوە یاخود وەك شەونم بەدەم هەڵهاتنی خۆری مردنەوە دەبێتە هەڵم، لاپەڕەكانی كۆتایی ڕۆمانەكەش دەنگێكی نامۆ دەینوسێتەوە كە لە شێوەی چەند حیكمەتێكدایە.

شوێن لە ڕۆمانەكەدا گرنگیەكی ئەوتۆی نیە ئەگەرچی وەصفی زۆرو وردەكاری وردی بۆ بەكار هاتووەو پاڵەوانەكە بەردەوام شوێن لە زەینیەوە بەرجەستە دەكات تاسەفەری پێدا بكات چونكە ئەو بێ لەو سەفەرانەش دەمرێت، بەڵام زەمان چەقی كێشەكانەو پاڵەوانەكە لە زەمەندا توشی نامۆیی دەبێت نەك لە شوێندا، هەر بۆیە سەفەری سەیر بەڕابردوو، داهاتوودا دەكات‌و تیایاندا شاری غەریب‌و ڕێگای زێڕین دەدۆزێتەوە، سەرجەمی گەشتەكانیشی، كە دەیانكات، لە بەشی یەكەمدا! گەڕانە بۆ نەمری‌و لە دووهەمیشدا گەڕانە بەدوای مردندا پاش نەبینینەوەی مانایەك بۆ ئایندە كە تێیدا نەمرێت.

بەڵام سەبارەت بە كۆتایی چیرۆكەكە چەند كۆتاییەكی جیاواز لەلام هەبوو لەوانە: ئەو كتێبە یاری فەرمانبەرێك بووبێت تا لە وەڕسی ڕزگاری بكات پاش ئەوەی هەست دەكات كە كاتی ناو كتێبخانە قورستر تێدەپەڕێت، ئەویش بەبڕینی وشە وشەی دیوانەكەی مەحوی، پاشان هەموو وشە بڕاوەكان دەخاتە ناو زەرفێكەوەو وشەكان یەك یەك دەردەهێنێت‌و دەیاننوسێتەوە تارۆمانەكە تەواو دەكات، پاشان دەیخاتە جێگای ئەو كتێبەی خوێنەرەكە داوای دەكات.

یاخود بەشێوەیەكی تر بیرم لە كۆتایی چیرۆكەكە كردەوە ئەویش ئەوە بوو كە ئەو فەرمانبەرە دەیەوێت دەستنووسێك لە كتێبخانەكە بدزێت (ئەوەی خوێنەرەكە داوای دەكات‌و لە شوێنەكەیدا نەماوە) ناچار كتێبێكی تر دەنوسێت تایبخاتە جێگاكەی، ڕێگایەكی ترم دانابوو بریتی بوو لەوەی: هەموو ڕوداوەكە داڵغەی خوێنەرەكە خۆیەتی یاخود خەونێكە یاخود كتێبخانەكە مێشكی خوێنەرەكە خۆیەتی، پاش گەڕان‌و پشكنین بۆی دەردەكەوێت كە نەستی فڕێی داوەتە ئەوێوە یاخود دەكرا كۆتایی چیرۆكەكە ئەوە بێت كە مەحوی خۆی نوسیبێتی‌و خوێنەرەكەش بەدوای ئەو سەلماندنەدا بگەڕێت.

زۆربەی كۆتاییەكان سەیرو قورس دەهاتنە پێش چاوم كە ناچاریان كردم بگەڕێمەوە بۆ دەفتەری تێبینیەكانم ئەویش دەفتەرێكی بچوك بوو پرۆژەی چیرۆك‌و تێبینیەكانم تێدا تۆمار دەكرد تا لەبیرم نەچنەوە چووم دەفتەرەكەم هێنا كە لەناو شتە تایبەتیەكانمدا هەڵم گرتبوو بەو هیوایەی لەوێدا كۆتاییەكی جیاوازو گونجاوترم بۆ دانابێت.

پاش دەرهێنانی دەفتەرەكە لە خۆڕا كردمەوە یاخود بەڕێكەوت لاپەڕەیەكم كردەوە كە پرۆژەی چیرۆكێك بوو لەژێر ناوی (دواحیكایەت)دا، پاش خوێندنەوەی پرۆژەكە هەستم كرد بەتەواوی سیمای چیرۆكەكە لەبەر چاومدایە یاخود ڕاستتر ئامادەیی نوسینیم تێدایە هەر بۆیە وازم لەو چەند لاپەڕەیە هێنا كە لە چیرۆكەكەی پێشوو نوسیبووم (دواتر چیرۆكێكی زۆر جیاوازی لێ دەرچوو لەژێر ناوی -نهێنیەكانی دەستنوسێك- دا نوسیم)و هەوڵی نوسینی چیرۆكەكەی ترم دا كە لەژێر ناوی (دواحیكایەت)دا بوو، ئەویش بەم شێوەیە:

پاش داگرتن‌و ڕوخانی دێهاتەكان، لەسەر ڕێگا دەرەكیەكانی گاورسورخ‌و لە ناوچە دەشتاییەكانی نزیك ڕێگاكە چەند ئۆردوگایەكی زۆرەملێ، كە بە(ئۆردوگای نیشتەجێ كردن یاخود شارستانی) ناو دەبران، هەڵتۆقیبوون (ئەوان دروست نەكران بەڵكو كت‌و پڕ لەوێدا بینران). لەیەكێك لەو ئۆردوگا نغرۆیانە لەبێ كاری‌و مەشەقەت‌و نەخۆشیدا دیوەخانێكی گەورە هەبوو، ئەگەرچی تەمەنی كەم بوو بەڵام هەیبەت‌و شكۆی دیوەخانێكی كۆن‌و بەساڵاچووی هەڵگرتبوو، بەڕادەیەك ناوبانگی چەند ڕۆژێك دوور لەخۆی ڕۆشتبوو، تەنانەت توتنە بۆن دارەكەی

که له هه‌نگوین و سێوی گه‌نیودا هه‌ڵده‌گیرا ده‌ماوده‌م به‌ئاره‌زوویه‌کی سه‌یره‌وه باس ده‌کراو خه‌ڵکی بۆ لای خۆی کێش ده‌کرد، دیواره‌کانیشی به‌هه‌مان شێوازی کۆنی، به‌که‌وڵو پێسته‌و تفه‌نگو خه‌نجه‌رو به‌ڕه‌ی ڕه‌نگاوڕه‌نگو فه‌رشی کاشان ڕازێندرابووه‌وه تا ئه‌و یادگاریانه بپارێزێت که له باره‌یه‌وه هه‌یان بوو، ئه‌و چیرۆکه سه‌یرو سه‌رسام که‌رو به‌سه‌رهاته نغرۆیانه له خه‌یاڵدا که له‌وێدا ده‌گێڕدرانه‌وه وای له هاتووچۆکه‌رانی کردبوو له‌ناوچه‌ی دوره‌وه له‌ژێر گه‌رمای ته‌مموز یاخود به‌سه‌ر زوقم و شه‌خته‌ی زستاندا ڕێگه بگرنه‌به‌ر تابه‌ده‌م خواردنه‌وه‌ی چاو کێشانی سیغاره‌وه گوێی لێ بگرن، ئه‌ویش بۆ خۆی وه‌رزی تایبه‌تی گێڕانه‌وه‌ی هه‌بوو، بۆ نموونه: هاوینان ئه‌وکاته‌ی به‌سه‌ر شه‌ماڵدا ده‌کرێته‌وه، له‌ژێر تریفه‌دا (شیرین و فه‌رهاد) به‌ده‌نگێك که گریانی لێ ده‌تکێ، ده‌گێڕرایه‌وه‌و زستانانیش به‌ده‌م نێڵه نێڵی زۆپاکه‌یه‌وه داستانی (ڕۆسته‌می زاڵ) خوێناوی ترو دڵڕه‌قانه له‌شه‌وه بێ کۆتاییه‌کاندا ده‌گێڕرایه‌وه، جگه له‌و به‌سه‌رهات و چیرۆکه زۆرانه‌ی ڕۆژانه باس ده‌کران.

دیوه‌خانه‌که به‌و ڕوبه‌ره بچوکه‌ی له‌ده‌شته‌که‌دا داگیری کردبوو وه‌ك وێنه‌یه‌کی بچوك کراوه‌ی جیهان سه‌یر ده‌کرا، یاخود لێیه‌وه به‌سه‌ر دنیادا ده‌یانڕوانی.

دانیشتنی ناو دیوه‌خانه‌که‌، وه‌ك هه‌ر جێگایه‌کی تر، یاسای خۆی هه‌بوو: لای ده‌رگاوه خزمه‌تکارو تفه‌نگ به‌شانه‌کانی لێ داده‌نیشت، له‌وێشه‌وه به‌ره‌و سه‌ره‌وه ڕیزی میوانه‌کان ده‌ست پێ ده‌کات تاده‌گاته لای ئاغا که له گۆشه‌یه‌کی نزیکیه‌وه ڕادیۆیه‌کی گه‌وره دانراوه‌و، له‌ژێر دوو تفه‌نگی ئاڵتونی و خه‌نجه‌ڕێکی ده‌بان دانیشتووه.



بێ ده‌نگ بێ ئه‌وه‌ی ده‌ست بۆ چاکه‌ی به‌رده‌میان درێژ بکه‌ن دانیشتبوون، وه‌ك ئه‌وه‌ی چاوه‌ڕوانی ئاغا بن، ئه‌ویش پاش ئه‌وه‌ی قومێکی له‌چاکه‌ی داو که‌مێك یاری به‌شه‌کره کلۆکه‌ی سه‌ر زمانی کرد دووباره قومێکی تری لێدا که له هێما ده‌چوو بۆیان چونکه به‌دوایدا ده‌نگی زڕه‌ی پیاڵه‌کانی تر به‌رز بووه‌وه.

ئاغا که‌شانی له‌سه‌ر پشتیه‌کی په‌ڕ دادابوو، ڕوی له‌وه‌ی ته‌نیشتی کردو به‌ده‌نگێکی گڕو به‌رز وتی:

– سێ شه‌وه چاوه‌ڕوانتین.. شتێکمان بۆ بگێڕه‌ره‌وه!

وای وتو چاوی لەسەر ئەوەی تەنیشتی راگرت.

ئەو شەوە سێیەم شەوی تۆفو زریان بوو کە بەفر بەشێوەیەك ڕێگاكانی گرتبوو دڵنیای کردن کە تاچەند ڕۆژێکی تر ناکرێتەوە، ناچار بەدەوری زۆپا دارەکەدا دانیشتنو سەرقاڵی پێچانەوەی جگەرەو خواردنەوەی چا بوون، هەیان بوو بەدرێژایی ئەو سێ شەوە لە جێگاکەی نەجووڵابوو.

ئەوەی ئاغا ڕوی تێ کرد حیکایەتخوانی دیوەخانەکەبوو کە پیرێکی ڕەقەڵی سەرو ڕیش سپی بوو، چاوەکانی ئاوی سپییان لەسەر نیشتبوو بێ ئەوەی هیچ گوێیان پێ بدات چونکە ئەو بەهەموو تەمەنی لە دیوەخانەکە دوور نەکەوتبووەوەو جێی نەهێشتبوو ئەمەش ئەو باوەڕەی لەلا دروست کردبوو کە پێکهاتەی دیوەخانەکە بەشێوەیەکی وایە کە جگە لە قسەکردنو بیستن پێویستی بەچاو نەبێت، ئەگەرچی ئاغا بەدەنگێکی بەرز وتی: (چاوەڕوانتین) بەڵام هەستیان بەجۆرێك لەشەرمو لاوازی کرد لە پشت قسەکانیەوە چونکە دەچوو بۆ شەوی سێهەم لەو تۆفو کرێوەیەدا کە وەرزی قسەکردنە، دیوەخانەکە ساردو وەڕسکەر بوو بەوەی تەنها چیرۆکێك یاخود بەسەرهاتێکی سەیری تێدا نەگێڕرابووەوە تا مەستیان بکات، بەڵکو بێ دەنگ، کز لە تەنیشت ئاغاوە دانیشتبوو.

لەگەڵ ئەوەی بەشێکی ناوبانگی دیوەخانەکە، پاش خواردنە زۆرو هەمەچەشنەکانیو کەلو پەلە تایبەتیەکانی، پەیوەست بوو بەو شتانەی ئەم دەیگێڕایەوە، کەچی سێ شەوە بێ توانایە لەگێڕانەوەو گەرم کردنی دانیشتنەکان.

کەمێك جوڵا پاش ئەوەی سێ شەو لەشەرمدا بێ جوڵە لەسەر چۆك دانیشتبوو بێ ئەوەی سمێڵە زۆرەکەی بواری دەرکەوتنی جوڵەی لێوی بدات وتی:

– هەوڵ دەدەم چیرۆکێك بگێڕمەوە کە بەهەموو تەمەنم شاردومەتەوەو خۆم لەگێڕانەوەی لاداوە، ئەویش دوایین چیرۆکە کە حیکایەتخوانەکان پاش سەفەرو گەڕانە بێ کۆتاییەکانیان، بەخەیاڵدا دەگەڕێنەوە سەری، پاش بێ توانا بوونیان لەبەردەم نهێنیەکانی گێڕانەوەو پیربوونیان لەپەتای خۆ دووبارەکردنەوەدا.

دانیشتنەکەی چاککردو چاوی بەدانیشتوەکانی دەوریدا گێڕا ئەگەرچی نەیدەبینین، لەدەرەوە دەنگی ڕەشەبا دەهات کە چلورەی بەلقی درەختو گوێسوانەکانەوە دروست کردبوو کە هەیان بوو تاسەر زەوی درێژ بووبووەوە، ئەوانەی لەدیوەخانەکە دانیشتبوون بەدیقەتەوە لێی ورد دەبوونەوەو سەرقاڵی پێچانەوەی جگەرە بوون. ئەوان خۆیان دانابوو بۆ پێشەکیەکی دوورو درێژ لەبارەی شارەزاییو گەڕانی بەناوچە جیاجیاکاندا، وەسفی زۆری ناوچەی ڕوداوو ئەو کەسانەی باسیان دەکات، بەشێوەیەك کە وردترین شتی بەسەر دەکاتەوە بەڕادەیەك بەرگی مرۆڤ دەدات بەسەریاندا هەرچەندە دەیانزانی ئەو تەنها لەو دیوەخانە دانیشتووەو چاوەڕوانی پیربوونی کردووە بەڵام ئەو زۆر جار گێڕاویەتیەوە کە چۆن براوەتەوە سەر زیندەبەچاڵ کردنی کچو بەچاوی خۆی موعجیزەی (پیرە)کانی بینیوەو هەنگاو بەهەنگاو لەدوای (مجنون)ەوە بەبیاباندا ڕۆیشتووە، بەڵام ئەمجارە خۆی لە هەموو ئەو شتانە لاداو بەدەنگێکی هێمنەوە بەردەوام بوو:

– وەك پێم گەیشتووەو دەیگێڕنەوە لەناوچەیەکی شاخاوی دوردا، بەدوری حەوت شەوو حەوت ڕۆژ، پاش بڕینی پێ دەشتە سازگارو تەلاییکراوەکانی بە سەوزبوونو بڕینی چیا نغرۆکانی لە هەوردا دەگەیتە حیکایەتخوانێکی کوێر کە پاش بینینی کتێبو ئامێری جۆراوجۆر توشی بێ هودەیی دەبێت لە گێڕانەوە، چەندین شەو بێ دەنگ دادەنیشێت بێ ئەوەی پیتێك گۆبکات تا شەوێکی تۆف چیرۆکێك لەبارەی گاورسورخەوە دەگێڕێتەوە، ئەگەرچی چیرۆکەکەی سامناكو ساردە بەڵام هەوڵ دەدەم

٦٤

وەك خۆی، هەرچۆن لەزمانیەوە هاتووە بیگێڕمەوە.

بەدەستە شارەزاكانی جگەرەیەكی پێچایەوە، پاش چەند جارێك كوتینەوەی لەسەر نینۆكی نەفەسێكی توندی لێ داو بەردەوام بوو:

– لەسەرەرتادا وشە بوو، درەختو چیاو پەیوەندیو شتەكانی بەناسكترینو دلڕەقترین شێوە هێناو بڵاوی كردنەوە، ئاوەكانی هەڵقوڵاند، چیاو بیابانەكانی راخست، جەنگەكانی هەڵگیرساند، شەریعەتە سەختەكانی داڕشت، منداڵانی كردە كوڕو كچو لە سێبەری پیری باوكدا گەوەری كردن، میراتو خێڵو چینی دروست كرد، بەدەریش لە وشەكان یاسایەك نەبوو، تەنها وشەكان خۆیان بوونو هەموو شتێكیش رەنگدانەوەی ئەوان بوو، تەنانەت ئازار جەستەی نوقم بووی ناو خوێنو كێبڵو برینی بەناو زماندا كێش دەكردو خۆشیش لە سنورەكانی ئەودا دەبینرا نەك لەلەشدا، هەموو شتێك، تا نەبینراوەكانیش، لەم فەرهەنگە بچوكەدا كە هەر هێندەی مێشكە پڕ بخوردو ئاماژە سەیرەكانی گژو گیاو خەونە، كە بە گاورسورخ ناو دەبرێت، بەپۆلایی ترین شێوە بەرجەستە دەبوو، گاورسورخ كۆمەڵێك وشەو رستەی سواو یاخود چەند لاپەڕەیەكی زەردو پواوەو وشە لێكدابڕاوەكانی پیربوون، زاوزێ ناكەنو تەنها توانای گێڕانەوەی حیكایەتو داستانیان هەیە، وشەكانی ئەو فەرهەنگە ئیفلیجو پەككەوتەیە كە ڕزین بەناویدا رۆدەچێت بەپێی توانای سەركوت كەرانەیان بەسەرماندا ریز بوونو لەبیركردنەوە سستو روانینە سادەكاندا بۆنێكی ناخۆش لەناوەوە دەهێنن پڕ بەترس، ترسی مردن كە چیتر جێگای مرۆڤو دۆزراوە نوێیەكانی تێدا نابێتەوەو ئەم بچوكترە لەوەی خەونو پێشبینیەكانی پێبنوسرێتەوە، لێرەوە داگیركاریەكانی مەرگ دێت.. لەرووبەڕووبوونەوەی موشەكی كیشوەربڕ و رۆبۆت بەهاو مانا زۆرەكانی رەشماڵ، لە بەریەك كەوتنی فۆتۆنو وەزارەتو رادیۆ بە وشە مردوە زۆرەكانی درۆینەو ئاودێری، ئەو فەرهەنگە كە یادەوەریە هەڵئاوساوەكانی پێ ئاخنراوەو بەسەرهات بەرهەم دەهێنێت لەدوو بەش پێك هاتووەو بەپێی ئەبجەدییەكی سەیر وشەكانی ریز بوون كە شتەكانی لەكاتو شوێنە نەگۆڕەكاندا بۆ هەتا هەتایە داناوەو جێگایەكی بۆ گۆڕان یاخود گومان نەهێشتۆتەوە، یەكەمین وشە لەم فەرهەنگەدا (خوایە) كە تەنها وشەیە زۆرترین پانتایی داگیر كردووەو هەموو وشەكان بەشدارن لە پێناسەیداو بەپەیوەندیان لەگەڵیدا دیاری دەكرێن هەر لەئاكار بۆ جوانیو خۆشیو گۆڕان بەمانای قوڵیەوە، لەبەرامبەریداو لەبەشەكەی تردا وشە دژەكانی بەشی یەكەم هەیە. وشە هاوماناكانیش بەپەیوەندیان بە دەوروبەریەوە مانای تر وەردەگرن وەك: خودا– یەزدان، خوێندكار– قوتابیو... لێرەوە پەیوەندیەكی ئاڵۆز مانا نەگۆڕەكان بەرهەم دەهێنێتەوە كە بەردەوام فرمانەكانی ناو ژیان دەكوژێتو ئاسەوارێكی خۆڵەمێشی لە زمانماندا جێ دەهێڵێت وەك خۆشیەكانی لەش كە لە قسەدایە نەك لە خۆماندا، مرۆڤیش لەو جێگایەی بۆی دانراوە، بەخۆیو زمانیەوە كە وەك ئەندامێكی رزیو و بۆگەن كردو بەلەشیەوەیە، بواری پەلكوتین یاخود گومانی نیە، لەو زمانە پیرەدا كە جۆرەها كەپوی رەنگاو رەنگو برینی لەسەر هەڵتۆقیوەو بێهێزترە لەوەی هەستیشی پێ بنوسرێتەوە، گاورسورخ گیانی دەدا.

یەكێك لای خوارووەوە دانیشتبوو بێ گوێ پێدانو بەدەم بەبادانی دوكەڵی سیغارەكەیەوە وتی:

– بەڵام تۆ ئێستا وتوتە كە (سەرەتا كردار بوو)ە؟

بێ ئەوەی چاوی لەسەر ئەو جێگایە هەڵبڕێت كە لێی رامابوو،و ئاوڕ بەرەو لای دەنگەكە بداتەوە، وتی:

– ئەمە ئەو نهێنیە تاڵە بوو ویستم بۆ دواجار بیڵێم، ئەگەرچی من هەموو تەمەنم سەفەر بوو بەقسەداو لەوێشەوە شارەزا بووم بەزەمانو شوێنەكانو لەقسەدا پیر بووم، ئیدی زەمەنی

گێڕانـەوەو دانیشـتنە گەرمـەکان بـە چـاو سـیغارو گۆرانـی بەسـەرچوو، ئێمـە خۆمـان دایەدەسـت حیکایەتەکان‌و بەجێماین لە ناونـاندا، بـێ ئـەوەی بزانین لە زمانێکی کەنەفتەوە دەڕوانـین، دەشـێت خواش پێش دروست کردنی گەردون بەشـەش ڕۆژ وشـەی دروسـت کردبێـت یـاخود راسـتتر لـە ڕۆژی یەکەمدا تەنها وشەی دروست کردبێت.

لـورەی باکـەی دەرەوە بەشـێوەیەك تێکـەڵ بەقسەکانیان دەبوو کە هەست بەپڕوشـەو سـەرما دەکـرا لـە قسـەکانیانەوە دێـت. یـەکێك کـە پەنجەکانی سەرقاڵی یاری کـردن بـوو بەتـەزبیح، وتی:

– بـەڵام پێـش وشـە سـەربڕین‌و کوشـتارو راو هـەبووە، نەخۆشـی‌و ڕۆیشـتن‌و جـووت بوونیـش هەبووە..

یەکێکی تر قسەکانی پێ بڕی‌و لەسەرخۆ، وتی:

– لێگەڕێن باچیرۆکەکەی تەواو بکات!

ئەویش بێ گوێ پێدان دوکەڵەکـەی بـەبادەداو بەردەوام بوو:

– دەمویست بەسەرهاتی ئەو شارە بگێڕمـەوە کە تێیدا هـەزاران سـاڵە گیـا لەسـەر بنجـی خـۆی دەڕوێتـــەوەو ســـوارە ئەندێشـــەییەکانی ئەسپەکانیانی تێدا تاو دەدەن‌و مشـتێك نموونـەی خەروارێکەو هەمو شتێك ڕەنگـی مردنـی گرتـووە، ئـەویش پـاش ئـەوەی زمانـــە هەڵئاوســـاوو بریناویـەکانیان دەبینـن کـە بۆنـی زبڵدانـی لێـوە دەهـات‌و سیمایەکی مردوانـەی دەدایـە گوڵـەکان بـەڕەنگی ئاڵیانـەوە، جۆگاکـان بـەخوڕەو مـانگ بەتریفەیەوە، دەترسان.. بەتایبەت پـاش بینینـی وتـارو نوسینەکان کـە لـە دووبـارە بوونەوەیـەکی بەردەوامی مانادا بوون‌و دڵنیای کردن لـەوەی کە زمانیـــان پـــیرترو درێوتـــرە لـــەوەی ئێســـتای پێبنوسرێتەوە.

کـەمێك بـێ دەنـگ بـوو کـەوای لەیـەکێك کـرد بپرسێت:

– بڵێ چیان بەسەرهات؟

چاوی بەرەو دەنگەکـە گواسـتەوەو لەسـەرخۆ وتی:

– پاش ئەوەی چیرۆك گێڕەوەکە برین‌و کێمـی زمانە هەڵئاوساوەکەیانی پیشان دان، هەموو بێزار بوون..

ئەوەی پێشتر بەبێزاریەوە وتی:

– دەڵێی ئەو چیرۆکە باسی ئێمە دەکات؟

زۆربەیان بەئاغاشەوە سـەریان بـۆ راوەشـاندو بێدەنگ بوون، بێدەنگییەك بێزاری لـێ دەچۆڕا، ناچار ئاغا خۆی راسـتکردەوەو بـەدەنگێکی بـەرز وتی:

– بڵێ چی بەسەر حیکایەتخوانەکەدا هات؟

– ئـەوان نـەیان دەتوانـی گـوێ لـەو چیرۆکـە سامناکەی بگرن کە لە زمانیانـەوە مردنـی نیشـان دەدان هـەر بۆیـە بردیانـە حەوشـەو بـێ دەنـگ کوشتیان، لێی گەڕان (با) لەژێر درەختێکدا یـاری بەجامانەو توکی سنگی بکات.

بەوپـەڕی سـاردیەوە وای وت، چاوەکـانیش لـەنێوان ئـەو و ئاغـادا دەهـاتن‌و دەچـوون تـا ئەوکاتـەی ئاغـا هەسـتایە سـەرپێ کـە هـەمویان بەدوایدا هەستان‌و چاوەڕوانی بوون، ئەویش چەند جـارێك یـاری بەتەزبیحەکـەی کـرد، پاشـان بەشـێوەیەك کـە پیتـەکان بـەگران لـەنێوان دانەکانیەوە دەهاتنە دەرەوە، وتی:

– بـڕۆ.. تاشـەوی ئـێرە بەقسـەکانت پیـس نەبێت‌و ئاگرەکەمان خامۆش نەبێت!

بێ ئەوەی هیچ بڵێن تەنها چاوەڕوان بـوون تـا حیکایەتخوانەکـــە بـــەناویاندا رەت بـــوو بەدەستەکانی رێگاکـەی بـەردەمی دەبینـی، کـە گەیشتە ناوەڕاستی دەرگاکـەو گـوێی لـە دەنگـی کرێوەکە بوو، ئاوڕی دایەوەو وتی:

– بەڵام ئەوان لە حەوشەکەدا کوشتیان!!

کـەس هیچـی نـەوت، تـەنها چـاوەڕوان بـوون ئەگـەرچی ترسـیان لـە وشـەکانیدا بینـی بـەڵام هەریەکەو لـە جێگـای خـۆی دانیشـتەوە، ئـەویش پاش بێ هیوا بوونـی لـەوەی کـە نـایکوژن چـووە ئـەودیو دەرگاکـەوەو بەهێواشـی کەوتـە ڕۆیشـتن هەرچەندە دەیزانی تاریکی شـەو هـەڵی نالوشـێت بەڵکو سپێتی بەفر قوتی دەدات‌و خوێنـی دەکاتـە شەختە.

* * *

٦٦

## دیدار

# هونەرمەند عەلی جۆلا



# لە بارەی هونەری شێوەکارییەوە دەدوێ

ئامادەکردنی : گەلاوێژی نوێ

- هونەرمەند عەلی جۆلا :

* لەساڵی ١٩٦٦دا بە پلەی ئیمتیاز ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی تەواو کردووە.

* لە پێشانگای (گرافیك)ی دەرەوەی وڵات لە ئەڵمانیاو لە پێشانگای لاوانی جیهان و هونەرمەندان لە ئیتالیا بەشداری کردووە.

* لە پێشانگای گەڕۆك لە موسڵ و بەسرەو بەغدا بەشداری کردووە.

* بەشداری فێستیڤاڵی یەکەمی هونەری کوردی لە بەغداو هونەرمەندانی کوردی لە هەولێر کردووە.

* لەساڵانی ١٩٦٨و ١٩٦٩و ١٩٧٠و ١٩٧١ پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە.

* لە ساڵی ١٩٧١دا لە مەڵبەندی رۆشنبیری سۆڤیەتی جاران لەبەغدا پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە.

**پ: عەلی جۆلا مێژوویەك دروستی کردووە کە هەوڵە جدیەکانی هونەری تێدا کەم بوو، یان مێژوویەك لەکارکردن؟**


و: باوکم جۆلا بوو.. بۆیە من منداڵیەتیم لەناو رەنگا نەش و نمای کرد.. رەنگی بەنەکان رای کێشامە دنیای هونەر.. بۆیە من بەر لەچوونم بۆ قوتابخانەی سەرەتایی هەر وێنەم کێشاوە، من دووەم کەس بووم لە ئەکادیمیەی هونەرە جوانەکان لە بەغداد خوێندوومە، بەر لە ئێمە کورد ئەوەی نەدیبوو. ئەو برادەرەی لەگەڵمدا دەیخوێند، فەوزی رەفیق حلمی بوو. بەڵام هونەرمەندان ئازاد شەوقی و قادر کوردی مامۆستام بوون لەناوەندی و دواناوەندیدا.

**پ: دیدگە (رۆیە).. لای تۆ وجودی هەیە، ئەگەرهەیە چ مانایەك دەبەخشێ؟**

و: هونەر، یاری کردن نیە.. بەڵکو بیرو بۆچوونو.... رەنگەکان لە شکڵدا زۆر مانا دەبەخشن، زیاتر لەو مانا ئاساییەی دەرەوەی تابلۆ.. هونەری شێوەکاری گەمەیە، گەمەیەکی بیری قوڵی هونەرمەندە لەناو رەنگو رووناکی و تاریکی و بنچینەکانی دیکەی هونەر.. هونەر هەرگیز گەمەیەکی بێ ماناو بێ هوودە نیە.. هونەر نامەیەکی ئاراستە کراوە.

**هونەرمەندان ئازاد شەوقی و قادر کوردی لەناوەندی و دواناوەندیدا مامۆستام بوون**

# من دووەم کەس بووم لە ئەکادیمیەی هونەرە جوانەکانی بەغدا خوێندوومە، بەر لە ئێمە کورد ئەوەی نەدییوو



**پ: ئێوە لە چاوپێکەوتنێکدا گوتتان، لەسەر رێبازی تێرامانکاری (التأملیه) کار دەکەن، واتە روانینتان بۆ شکڵ بەشێوازێکی تێرامانی دەبێ، کەچی دوای ماوەیەك چەند نیشێکمان بینی کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ شکڵ لە تابلۆدا دەبینرا، ئایا ئەمە دژایەتی‌یەك نی‌یە لەنێوان بۆچوون و کارکردندا بۆ مەسەلەی تەشخیص و تەشخیص نەکردنی شکڵ لە تابلۆدا.**

و: ئایا مەرجە هەموو کارەکان هەریەك تەرزە کاربن و یەك تەرزە رۆیا بن، بەڵکو قۆناغ و یادگارو رابردوو خۆی فەرز دەکات، رێبازی تەئەمولی زاڵترە بەسەر کارەکانی ترمدا، کەچی هێندێ جار شکڵ حضوری هەیە چونکە لەلای من رووداوی گرنگ پێویستی بەو تەجسیدە هەیە.

**پ: پێشەنگی لە هونەردا لای ئێوە مێژوویەکی کارکردنە یان ئامادەبوونێکی جدی‌یە؟**

و: کاری شێوەکار بریتی‌یە لە جیهانێکی تایبەت.. هەر هونەرمەندە بەشێوەی تایبەتی خۆی دەڕوانێتە نەتەوەو کەلتورو هونەرەکەی، پسپۆڕان و شارەزای دەرەوە لەداهاتوودا دەتوانن دەستنیشانی ئەو هونەرمەندانە بکەن کە هەوڵی رەسەنایەتی و نوێخوازییان دابێ لە هونەری شێوەکاری‌دا. ئەم مەسەلەیە تەنیا بە هونەرمەند ساغ نابێتەوە. چونکە پێم وایە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە. هێندێ لە هونەرمەندان – گەنجەکان– دەڵێن هونەر سیمایەکی جیهانی هەیە پابەندی هیچ نەتەوەیەك نی‌یە، بەڵام بەلای منەوە ئەمە کت و مت پێچەوانەیە، کە دەبێ هونەر مۆرکی نەتەوەیی پێوە بێت. بەلای منەوە خاك و نیشتمان و نەتەوە بڕبڕەی پشتی هەموو هونەری میللەتانە.

لەم روانگەیەشەوە دەتوانین لە پێشەنگ بگەڕێین، پێم وایە هونەری میللەتانی رۆژهەڵات، کوردو تورك و عەرەب و فارس تێکەڵاوەو زۆر زەحمەتە لێکیان جودا بکەینەوە. بەڵام بەشی کورد خوراوە، چونکە کورد خاوەنی کیان نی‌یە.

**پ: هونەرو ناهونەر چۆن جودا دەکەنەوە؟**

و: کۆمەڵێ بنچینەی داڕشتن هەن، هەموو هونەرمەندێك پێویستە قاڵبووی ئەو داڕشتنە بێت، بۆ ئەوەی بەکاری هونەری بژمێردرێ، ئەمەش لە هونەرمەندێکەوە بۆ هونەرمەندێکی دیکە دەگۆڕێ، بنچینەکانیشی بریتین لە رەنگ، بیرۆکە، شێوە، هێڵ، زبری و سافی، دوورو نزیکی، تاریکی و روناکی، ئەم رەگەزانەش بەچەند رەگەزێکی دیکەوە بەندن، هەر تابلۆیەك لەو رەگەزانە بەدەر بوو، لای من ناهونەرە.

**پ: لە پیشانگەی هەشتەمی هونەرمەندانی سلێمانی، سێ تابلۆتان هەڵواسی بوو، کە هەریەکێکیان جیا بوو لەوی تریان لە شێوەی کارکردندا، بەڵام کاتی بەرجەستە کردنیان نزیك بوون.. بۆ ئەم حاڵەتە دەڵێن چی؟ دەمەوێ بڵێم.. سێ تابلۆ، سێ دیدگەی جیا، لەیەك قەترەی زەمەنیدا؟**

و: من وەکو -دایك- هەمیشە حوزورم هەبووە.. بۆیە جاروبار دەگەڕێمەوە باوەشی (دایك). لەوانەیە من بەهونەری دایك ناسراوبم. کاتێ خۆی پێشانگایەکم کردەوە هەمووی دایك بوو، جیاوازیەکەی ئەم سێ تابلۆیە هەر لە شکڵایە، بەڵام لە ئوسلوبدا هەر یەك ئوسلوبە.

**پ: لە چارەکی یەکەمی ئەم سەدەیەدا مرۆڤ رووبەڕووی جەنگی کوشندە بۆوەو شاری سووتاو و لاشەی لە تجن لە تجن کراو و برسێتی بوون بەدیاردەی سەدەی بیستەم و هەروەکو هیرمان هیسە دەڵێ: ئەم سەدەیە مێژووی ئێمەو سەدە رابوردووەکانە.. ژیانێك کە بە مجۆرە بێت، ئیتر هونەرمەند بۆ لەدایك بێ و بۆچی وێنە بکێشێ!**

و: لەم بارودۆخەدا هونەرمەندی شێوەکار لە پێناوی گۆڕانکاریدا وێنە دەکێشێ.. چونکە هونەرمەند ناتوانێ

## هونەر هەرگیز گەمەیەکی بێ ماناو بێ هوودە نییە.. هونەر نامەیەکی ئاڕاستە کراوە

دەسەوسان بێ دەربارەی ئەو کارەساتانەی کە لە جیهاندا بەگشتی و لەجیهانی سێیەمدا بەتایبەتی روودەدەن و دەبنە هۆی چەوساندنەوەی مرۆڤ.. بۆ هونەرمەند تاوەکو دواهەناسە لە پێناوی گۆڕانکاری پێشکەوتنی مرۆڤایەتی هەر لە خەباتدایە.. مەبەستم لە خەبات ئەوەیە هەر نەتەوەیەك رەنگ و رووی هونەریی تایبەتی خۆی هەیەو دەرخستنی ئەو رەنگ و رووە هونەرییە خەباتی درێژخایەنی هونەرمەندەو جگە لە هونەرمەندیش هەموو نووسەرو سیاسی و کەلتوورناسێك هەریەکەو لەبواری خۆیدا لەو خەبات کردنە بەرپرسیارە.

**پ: بیکاسۆ لە ئەنجامی گەڕانیدا بەدوای تاووتوێکردنی کێشەی هونەری شێوەکاریدا چارەسەرێکی نوێی دۆزییەوە (هەستکردنی قووڵ بەنامۆیی تەواو) و لەم روانگەیەوە دژی داب و نەریتە جوانکارییەکانی هونەری شێوەکاری وەستاو ئەو شقڵە هەندەسییە ئامادەکراوانەی تێکشکاند کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا باو بوون و ئەو شۆڕشەی بەتابلۆی (ژنانی ئەفینۆن) دەستپێکرد.. ئایا هونەری شێوەکاری کوردی تا چ رادەیەك لەو شۆڕشە هونەرییەی بیکاسۆ سوودی وەرگرتووە؟**

و: رادەی سوود وەرگرتن لەبەرهەمەکانی بیکاسۆ لە قۆناغێکی هونەرییەوە بۆ قۆناغێکی دی جیاوازی هەیە.. چونکە بیکاسۆ خۆی بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە.. کاتێ کە هونەرمەندێکی نەناسراو بوو بەقۆناغی پەمەیی و قۆناغی شیندا تێپەڕی و دوایی بەتابلۆی (ژنانی ئەفینۆن)ەوە چووە قۆناغی تەکعیبییەوەو توانی لەگەڵ هەندێ هاوەڵی هونەرمەندیدا قوتابخانەیەکی نوێی شێوەکاری دروست بکات و یەکێ لەهاوەڵە هونەرمەندە دیارەکانی لەو بوارەدا -بۆرك- بوو.. دواتریش بیکاسۆ توانی قوتابخانەیەکی نوێتری شێوەکاری بهێنێتە کایەوە




ئەویش (تەکعیبی/ تەعبیری) بوو کاریگەریێتی هونەری بیکاسۆ لەهونەری شێوەکاری کوردیدا هەیە بەلام نەیتوانیووە گۆڕانکاری لە هونەری شێوەکاری کوردیدا بەرپا بکات.. بەڵکو کاریگەرێتییەکی رووکەش و رواڵەتە...و مەسەلەی کاریگەرێتی ئێستا لە رێگەی سەتەلایتیشەوە روو دەدات..

هونەریدام کە کاریگەرێتی هونەری تەعبیری بەبەرهەمەکانمەوە بەدی دەکرێ و پێش راپەڕین بەشێوەی تەکعیبی ئیشی هونەریم دەکرد و لە شەستەکانیشدا شێوازی هونەری واقیعیم رەچاو دەکرد.. بێگومان قۆناغی ئێستام کە قۆناغی تەعبیرییە قۆناغێکی جیاوازە و قۆناغی سەرنجدان و

**هونەرییەکە بەجیاو وەکو قەوارەیەکی سەربەخۆ بەدەر لە مێژوو و سیاسەت و کۆمەڵ شییکەینەوە؟ یا تۆ دەرگای دیت هەیە لەم بارەیەوە؟**

و: بەبێ گومان هەموو رووداوە خۆش و ناخۆشەکانی دەوروبەر کاریگەرێتی لەسەر هونەرمەند هەیە و من کاتێ دادەنیشم بەشەوق و زەوقێکی



B.E.S.L. ANNIVERSARY BOOKS & ART GALLERY

# A GROUP OF KURDISH ARTISTS

SHOW ON VIEW NOVEMBER 11 TO DECEMBER 3, 1994

ئەمەش هەر وەکو لاسایی کردنەوەیەکی رووکەش و رواڵەتی بابەتەکە و هیچی تر.. لەراستیشدا کاریگەرێتی هەموو شێوازە هونەرییەکان بەسەر هونەری شێوەکاری کوردییەوە هەیە و ئەم جۆرە کاریگەرێتییەش کەم یازۆر لە هونەرمەندێکەوە بۆ ئەوی تر دەگۆڕێ.. هەر بۆ نموونە خۆم ئێستا لە قۆناغێکی

تێرامانی هونەریمە.

**پ: گەلێ دەرگا هەیە لێی بچینە ناخی بەرهەمی هونەرمەندەوە ئایا باشترین دەرگا بۆ ئەو مەبەستە کامەیە..؟ دەرگای کاتی پەیوەست بەچوارچێوەی کۆمەڵایەتی و رامیاری و شیکردنەوەی رەگەزەکانی بەرهەمەکە بەپێی بارودۆخی مێژوویی و قۆناغە کۆمەڵایەتیەکان؟ یاخود بەرهەمە**

هونەرییەوە تابلۆیەك دروست بکەم.. ئەم تابلۆیە لەروانگەی هەر بینەرێکەوە خوێندنەوەیەکی جیای هەیە.. رەنگە من لە تابلۆکەدا لەحاڵەتێکی خۆشی بدوێم و لەهەمان کاتدا بینەرێك خەمێکی تیادا بدۆزێتەوە.. هەموو تابلۆیەك خوێندنەوەی خۆی هەیە و دەبێ بەدەربێ لەباری سەرنجی سیاسی و

کۆمەڵایەتی.. ئەگینا لەبەهای هونەریی تابلۆکەو بەرهەمەکە کەم دەکەینەوە.. تابلۆ وەکو بەرهەمێکی هونەری خۆی دەدوێ‌و لەهەمان کاتدا خۆی.. ناخی خۆی بەبینەر دەناسێنێ..

**پ: لەسەرەتای جەنگی دووەمی جیهانیدا هەندێ هونەرمەندی شێوەکاری پۆڵۆنیایی هاتنە عێراقەوە لەوانە: (جابسکی و ماتۆشاك)و کەسانی ترو ئەم هونەرمەندانە کەڵکیان لەم نیشتەجێ بوونە کاتی‌یە بینی‌و ئەم جیهانە نوێیەیان لەگەڵی بەرهەمی هونەرییاندا رەنگی دایەوە.. و لەلایەکی تریشەوە کاریگەرییان لەسەر بەرهەمی گەلێ هونەرمەندی عێراقی چەسپاند.. ئایا بەرای ئێوە ئەو هونەرمەندە شێوەکارە کوردانەی کە روویان لە هەندەران کردووە دەتوانن لەجیهانی تازەیاندا کە ئەوروپایە گەشەیەکی زیاتر بەهونەری شێوەکاری کوردی بدەن؟**

و: لەراستیدا ئێمە تارادەیەکی زۆر لەبەرهەمی نوێی هونەرمەندانی هەندەرانمان دابڕاوین‌و کەمتر ئاگاداری بارودۆخی هونەری یەکدین‌و رەنگە هەندێ لەو هاورێ هونەرمەندانەمان کە روویان لە هەندەران کردووە تارادەیەك سەرقاڵی ژیان بن.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەندی زۆر چاکمان لە هەندەران هەیەو هەر خۆمان لێرە چەند پێشانگایەکی تایبەتیمان بۆ هەندێ لەو هونەرمەندانە کردۆتەوەو بەرهەمی سەرکەوتوویان تیادا خستۆتە روو.. داواکارییشم لە هونەرمەندانی هەندەرانمان ئەوەیە کە دێنەوە بۆ کوردستان بەرهەمە نوێکانیان لەگەڵ خۆیاندا بهێننەوە بۆ ئەوەی پێشانگایان بۆ بکەینەوەو بینەری کورد لەو بەرهەمانە بێ بەش نەبن، ئێمە داوای بەرهەمیان لێ دەکەین.. داوای دۆلاریان لێ ناکەین.

(مامۆستا عەلی جۆلا وتی (ئەم قسەیەم مەنووسە من هەر بۆ خۆشی ئەم قسەیەم کرد).. بەڵام منیش هەر بۆ خۆشی قسەکەم نووسی (ل.ە))

هونەرمەندانی ئێمە لە هەندەران بێگومان هەریەکە قۆرت‌و تەگەرەی تایبەتی ژیانی خۆی هەیەو لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم گەلێ هونەرمەندی گەورەیان کە ئێستا ئاگاداری بەرهەمەکانیان نیم‌و لێیان دابڕاوم لەهەندەرانن‌و نازانم بەرهەمی ئێستایان لەچ ئاستێکدایە بەڵام من دڵنیام کە ئەو دونیا تازەیەیان کاریگەرێتی سەلبی یائیجابی لەسەر بەرهەمە هونەرییە نوێکانیان هەیە.. وەدەتوانم هەندێ لەو هونەرمەندە سەرکەوتووانەمان دەستنیشان بکەم کە ئێستا لە هەندەرانن لەوانە: لالە عەبدەو ئاسۆو سمکۆو مەدحەت کاکەیی‌و رێبوارو عەلی لەتیف‌و عەتا قەزازو رەمزی قوتبەدین‌و عمر چاوشین‌و کامل مستەفاو چەندینی دی‌و داوای لێ بووردنیش دەکەم ئەگەر هەندێ ناوم لەبیر چووبێ.

هەروەها کۆمەڵێکی دی هونەرمەندی شێوەکاری هەڵکەوتووی بەشەکانی تری کوردستان کە مایەی شانازی هونەری شێوەکاری کوردین، ئێستاکە لەهەندەرانن‌و بەداخەوە ئاگاداری بەرهەمی نوێیان نیین.

**پ: هونەرمەندی عێراقی فایەق حەسەن دەڵێ: من بۆ تەکنیکێك دەگەرێم هەستەکانمی تیادا هەڵرێژم بۆ ئەم کارەش هەندێ جار بەشێوازی ریالیزمی‌و هەندێ جاریش بەشێوازی تەجریدی‌و جاری واش هەیە لەیەك کات‌و ساتدا بەهەردوو شێوازەکە کارە هونەرییەکانم ئەنجام دەدەم.. ئایا بەلای ئێوەوە هونەرمەند لەسەر یەك شێوازی هونەری کار بکات باشە یا لەسەر چەند شێوازێك؟**

و: بوونی شێوازێکی تایبەتی بۆ هونەرمەند گرنگە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەند سەربەستەو دەتوانێ بەچەند شێوازێك‌و بەچەند زمانێکی هونەری بدوێ‌و کارە هونەرییەکانی خۆی ئەنجام بدات.. ئەم مەسەلەیەش لە هونەرمەندێکەوە بۆ هونەرمەندێکی تر دەگۆرێ‌و هەریەکەو بەچاوێکی جیاوازەوە دەڕوانینە ئەم بوارە، بەڵام دەڵێم: بەلای منەوە لە هونەری شێوەکاریدا شێوازی تایبەتی هونەری بۆ هەموو هونەرمەندێك گرنگە.

**پ: هونەرمەند حافظ الدروبی دەڵێ: (خۆ خەریك کردنی هونەرمەند لەبواری خوێندنی هونەریدا لەسەر حیسابی بەهرەو داهێنانی هونەرمەندەکە ئەنجام دەدرێ) ئەم قسەیە ئەوە دەگەیەنێ خۆی لەبارەی**

**هونەرەوە خۆی پێبگەیەنێ نەك بچێ لە ئەكادیمیایەكی هونەریدا بخوێنێ.. ئێوە لەم بارەیەوە چ دەڵێن؟**

و: ئەمە ئەكەوێتە سەر ئەو شوێنەی كە هونەرمەندەكەی تیادا پەروەردە دەبێ و لەوانەیە لە ئەورووپاش و لە ڕۆژهەڵاتیشدا هونەرمەندی لەو جۆرە هەڵكەون. هونەر لەبنەڕەتدا بەهرەیەكە لە ڕۆحی مرۆڤەكەدا دروست دەبێ.. بەڵام ئەو بەهرەیە پێویستی بەپەرەپێدانە ئەگینا ئەو بەهرەیە دەوەستێ و دەمرێ.. ئێستا مەسەلەی ڕۆشنبیریو زانستی دەروونیو هزرو بیرە كۆمەڵایەتیو فەلسەفییەكان هەمووی سەرجەم تێكەڵاوی هونەری شێوەكاری بووەو هونەر بەرەو ئەو ڕووگەیە دەڕواتو ئەم كارەش پێویستی تەواوی بەوە هەیە كە هونەرمەند لە پێناوی گەشەكردنی بەهرە هونەرییەكەیدا بەردەوام ئاگاداری ڕوداوو گۆرانكارییەكانی جیهان بێ.

**پ: جەبرا ئیبراهیم جەبرا دەڵێ: ئەفراندن كارێكی سەختە.. بەڵام دووبارەكردنەوەی ئەفراندن سەختترە. برۆستیش دەڵێ: مرۆڤ ژیان بەخەون دێتنەوە بەسەر بەرێ لەوە باشترە تیادا بژی.. هەروەها جیراردی نرفال دەڵێ: خەونەكانمان ژیانی دووەممانن.. ئەی تۆ وەك هونەرمەندێ دەڵێی چی؟**

و: هونەرمەند خۆی لەخۆیدا دروستكەرەو خەڵق و داهێنانێكی خۆی هەیەو بەرهەمەكانی خەلقكرنەوەیەكی نوێی شتەكانن.. دونیاو تەمەنی نووسەران و هونەرمەندان بریتییە لە خەونی جۆربەجۆری بەردەوام و بەبێ بوونی ئەو



خەونانە هەرگیز بابەتە هونەریو ئەدەبیەكان بەكاملێ لەدایك نابن و بەلای منەوە هونەرمەندو نووسەر یەك دونیایان هەیە.. تەنها دونیای خەون.. كە دونیایەكی بێ كۆتاییە.. ئەگینا ژیانی ڕۆژانە بۆ هونەرمەندو نووسەر هیچ بایەخێكی نیە.

**پ: بەچ شێوەیەك دەتوانین بڕیار لەسەر تابلۆیەكی شێوەكاری هونەرمەندێكی كورد بدەین كە ئەمە هونەرێكی كوردیە یا نا..؟**

و: بەڕای من لەدروستكردنی تابلۆی هونەریدا مادام پابەندی ئەو سروشتو هەڵسوكەوتە ڕۆژانەیەی ژیانی جەنجاڵی كوردەوارییین لەبەر ئەوە من خۆم زیاتر لە كەلەپوورو كەلتووری ڕەسەنی نەتەوایەتی نەتەوەكەمەوە سوود بۆ كارە هونەرییەكانم وەردەگرمو بەشێوەیەك لە شێوەكان ئەو سوود وەرگرتنە لە تابلۆكانمدا ڕەنگ دەداتەوەو چەند ڕۆحییەتی كەلەپوورەكەمان لەو بابەتە هونەرییەدا ڕەنگ بداتەوە كە دروستی دەكەین.. ئەوەندە ئەو بەرهەمە لەهونەری كوردی ڕەسەن نزیك دەبێتەوە..

**پ: هەموو كارێكی هونەری خۆی لەخۆیدا موغامەرەیەكە، ئایا موغامەرەی هونەری شێوەكاری كوردی گەیشتووەتە كوێ؟**

و: كاری هونەری بەگشتی ئەركێكی گرانە چونكە پابەندە بەهەستو نەستی ناوەوەی مرۆڤەوە بۆیە ئەگەر بڵێین هونەرمەندی كورد زۆر موغامیرە لەكاری هونەریدا بەهەڵەدا ناچین.. چونكە هەر نەتەوەیەك لەسەر ڕووی ئەم زەمینە خاوەنی قەوارەی خۆیەتی بەڵام كورد بەسەر چەند وڵاتێكدا دابەشكراوەو مێژووی هونەرو بزووتنەوە هونەرییەكەی ون كراوەو لە لێكۆڵەرو شیكارانی بەرهەمی هونەری شاراوەتەوە.. بۆیە دەبێ هونەرمەندی كورد

ئەرك‌و ماندووبوونی زۆر بكێشێ تا هونەرێك بەرجەستە بكات لەئاستێكی وادابێ جێی راكێشانی سەرنجی بینەران‌و هونەردۆستان بێ.

**پ: چ هونەرمەندێكی جیهانی كاریگەرێتی لە بەرهەمەكانتدا هەیە؟**

و: بەهۆی ئەوەوە كە من لەسەرەتای ئاشنایەتیمدا لەگەڵ هونەردا یەكێ لەخولیاكانم گەڕان بوو بەدوای بەرهەمی هونەری هونەرمەندە گەورەكانی جیهان لە مۆزەخانە بەناوبانگەكانی جیهاندا.. توانیم زۆربەی تابلۆ شاكارەكانی مۆزەخانەكان ببینم‌و لێیان وردببمەوە.. بێ گومان ئەو تابلۆیانە بەرهەمی چەند قۆناغێكی مێژووی مرۆڤایەتی بوون‌و تاڕادەیەكی زۆر كاریگەرێتیان لەسەر رەوتی هونەریم‌و قووڵبوونەوەی خەونی هونەری‌و ئەو رێبازە هونەرییانەمدا هەبووە كە لە تەمەنی هونەریمدا رەچاوم كردوون.

**پ: ناتوانی ئەوەمان بۆ دیاری بكەی كە زیاتر چ هونەرمەندێ كاری تێكردووی؟**

و: ناتوانم بڵێم بەتەنها فلان هونەرمەند كاریگەرێتی لەبەرهەم‌و قۆناغە هونەرییەكانمدا هەیە.. بەڵكو دەڵێم ئەو گەڕانانەم لەو مۆزەخانە جیهانیانەداو بینینی شاكاری هونەرمەندانی جیهان بۆ من زۆر سوودبەخش بوون‌و كاریگەرێتی ئەو خولیایەم بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ رەنگە بەدی بكرێ.

**پ: ئەو مۆزەخانانەی كە باست كردن كامانەن؟**

و: گەلێ مۆزەخانەو گەلەری هونەریم لە ئینگلتەراو فەرەنساو ئیتالیاو هەندێ لەوڵاتانی سۆسیالیستی جاراندا بینیوە.. لەوانە (گەلەری لۆڤەر) لە فەرەنساو (تێد گەلەری) لەلەندەن.. لەم دوو گەلەرییەدا گەلێ بەرهەمی شاكاری هونەرمەندانی جیهان دەبینرێن كە بەرهەمی قۆناغ‌و قوتابخانە جیاجیاكانی مێژووی هونەری مرۆڤایەتین‌و زۆر لە رۆشنبیران‌و هونەرمەندان‌و هونەردۆستانی جیهان بەردەوام بۆ سەیركردنیان دەڕۆن.

**پ: ئەگەر خۆت هونەرمەند عەلی جۆلا نەبی.. رەخنەگرێكی هونەری بی.. رات چی دەبێ دەربارەی عەلی جۆلای هونەرمەند؟**

و: لەو باوەڕەدام لە پێش هەموو رەخنەگرێكدا خۆم گفتوگۆم لەسەر هەموو تابلۆیەكی خۆم هەبێ.. چونكە من هەر تابلۆیەو لە بوارێكی زەمەنی‌و حاڵەتێكی تایبەتیدا دروست كردووەو ئێستا رەنگە بیروڕاو قەناعەتم لەبارەی گەلێ تابلۆمەوە گۆڕابێ تەنانەت ئەگەر تازەش دروستم كردبێ هەر پێویستی بەتێڕامان‌و گفتوگۆ لەسەركردن هەیە چونكە هونەر هەردەم لە گۆڕانكاریدایەو بەبێ ئەو گۆڕانكارییە بەخششی هونەری دەوەستێ.

**پ: رات چییە دەربارەی ئێستای هونەری شێوەكاری كوردی؟**

و: ئەم پرسیارە زۆر جار لەهونەرمەندان‌و رۆشنبیران دەكرێ‌و لەو بڕوایەدام تاكو ئێستا پڕ بەقاڵبی خۆی وەڵامی زانستی‌و هونەریی نەدرابێتەوە.. چونكە بەڕاستی هونەری كوردی تەنها بەهونەرمەندانەوە پابەست نیە بەڵكو هەموو شارەزایانی كۆمەڵناسی‌و دەروونناسی‌و مێژوونووسان‌و رەخنەگران‌و شیكارانی بواری هونەرو... هتد، بەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەوە پابەندن.. بەهەرحاڵ ئەوەی پەیوەندی بەمنەوە هەیە دەتوانم بڵێم هونەری كوردی هەیەو تاڕادەیەكی باش بوونی خۆی سەلماندووە.. بەڵام كەی ئەم هونەرە واتا هونەری شێوەكاری كوردی دەگاتە خواستی پرسیارەكە.. بەڕای من ئەمە بەستراوە بەداهاتووی نەتەوەكەمانەوەو لە داهاتوودا دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارەو چەندەها پرسیاری دی لەم جۆرە بدەینەوە..

**پ: بەلای ئێوەوە رەنگێك یازیاتر هەیە كە رەنگی كوردی پێ بڵێین؟**

و: بەلای منەوە هەموو رەنگەكان هەر رەنگن بەڵام هەموو نەتەوەیەك وەكو یەك بەكاریان ناهێنن‌و بەكارهێنانی هەر رەنگێك لە نەتەوەیەكەوە بۆ نەتەوەیەكی تر دەگۆڕێ‌و ئەمەش پەیوەندی بەباری سایكۆلۆژی‌و سروشتی جوگرافی‌و كلتووری نەتەوە جیا جیاكانەوە هەیەو كوردیش كە نەتەوەیەكە دەتوانین بڵێین رەنگی هەڵبژاردەی خۆی هەیەو ئەمەش

پەیوەندی بەسروشتی جوگرافی کوردستان خۆیەوە هەیەو ئەم سروشتە ئەوە لەسەر هونەرمەندی شێوەکاری کورد فەرز دەکات ئەم رەنگە زۆرتر بەکار بێنێ و ئەو رەنگەی تریان کەمتر بەکاربێنێ. هەر هەمان هۆکاریش کاریگەرێتی لەسەر هونەرمەندانی هەموو نەتەوەیەك هەیە.

**پ: هونەری شێوەکاری کوردی تا چ رادەیەك خۆی بەدەرەوەی کوردستان ناساندووە؟**

و: هونەرمەندانی شێوەکاری کورد هەوڵ و تەقەلای زۆریان داوە هونەری شێوەکاری کوردی بەخەڵکی دەرەوەی کوردستان بناسێنن و بۆ ئەو مەبەستە گەلێ پێشانگایان بۆ بەرهەمەکانی خۆیان لە دەرەوەی کوردستان سازکردووە... هەر بۆ نموونە لە حەفتاکاندا پێشانگایەکی گەڕۆك بۆ کۆمەڵێ بەرهەمی ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندانی شێوەکاری کورد ئامادەکراو لە شارەکانی بەغداو بەسراو موسڵ پێشان دراو سەرنجی بینەران و هونەرمەندان و هونەردۆستانی ئەو شارانەی راکێشاو بیروڕای هونەرمەندانی عەرەب لەبارەی ئەو پێشانگایەوە زۆر باش بوو.. جگە لەوەش لەدوای راپەڕین پێشانگای بەرهەمی کۆمەڵێك لە هونەرمەندانی کورد رەوانەی ئەڵمانیا کراو تاکو ماوەی ساڵێك پێشانگاکە دەوامی کردو دەنگدانەوەی چاکیشی هەبوو بۆ کوردو هونەری شێوەکاری کوردی.



**پ: بەڕێزتان وەکو هونەرمەندێك لەهیچ پێشانگایەکی جیهانی و پێشبڕکێیەکی هونەری جیهانیدا بەشداریتان کردووە؟**

و: من وەکو هونەرمەندێکی کورد لە گەلێ پێشانگای دەرەوەی کوردستاندا بەشداریم کردووە.. وەك: ئەڵمانیاو ئیتالیاو ئینگلتەراو هتد.. بەڵام بەشداریکردن لە پێشبڕکێ هونەرییە جیهانییەکاندا وەکو هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد هەتا ئێستا بۆ من نەرەخساوە...


**پ: لە کۆتایی ئەم دیدەنییەدا دواقسەتان چییە؟**

و: هیوادارم ئەم جۆرە دیدەنییانە لەگەڵ هونەرمەندە شێوەکارەکاندا هەر بەردەوام بێ و ئاوڕی تەواو لەهونەرو هونەرمەندانی شێوەکار بدرێتەوە چونکە لەراستیدا هونەرمەندانی شێوەکار لەگەلێ لاوە پشتگوێ خراون و بەدەگمەن توێژینەوەو هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە لە بەرهەمە شێوەکارییەکان نزیك بۆتەوە.. ئەمە جگە لەوەی هەموو دەرگاکانی جیهان لە بواری هونەردا لەسەر هونەرمەندانی شێوەکاری کورد بەتایبەتی و هونەرمەندانی کورد بەگشتی داخراون و لەهەموو سەرچاوەیەکی نوێی هونەری و رۆشنبیری بێ بەش کراون و هیوادارم بواری وابڕەخسێ هونەرمەندان و رۆشنبیرانی کورد بەزوویی لەگۆڕانکارییە هونەری و رۆشنبیرییەکانی جیهان ئاگادارین.

* * *

## بەڵگەنامە

# نامەکەی (بۆدلێر) بۆ دایکی



و: ئومێد ئاشنا

### پێشەکیی وەرگێر

ئەم نامەیە بەڵگەنامەیەکی ویژدانیو ئەخلاقی هەرە راستو زیندووی ژیانو بیرکردنەوەو بۆچوونەکانی بۆدلێرە، زۆربەی نووسەرو رەخنەگرەکانی فەرەنسە کاتێك لەبارەی بۆدلێرەوە نووسیوویانە، ئەم نامەیەی ئەویان بەکلیلی لێکدانەوە دەروونییەکانی زانیوەو جەختیان لەسەر کردۆتەوە. یەکێك لەو نووسەرانەی زۆر پەیوەستی کارەکانی بۆدلیە، نووسەر (لوك دیکون)ە؛ کە وەرگێڕی عەرەب ( کەمیل داغر ) گەلێ لە نووسینەکانی ئەوی کردووە بەعەرەبی بەتایبەت لەبارەی شارل بییر بودلیرەوە. باشترین وەرگێڕی (گوڵە بەدەکان) (ازهار الشر)ی بودلیرە.

شارل بییر بودلیر، کوڕی جوزیف فرنسوا بودلیری هونەرمەندی وێنەکێشە، دایکی بودلیر ناوی (کارولین دوفای)ە.

شارل لە ٩ی نیسانی ساڵی ١٨٢١ لەپاریس لەدایك بووە، تەمەنی شەست ساڵ بوو کە باوکی مردو پاش ساڵێك دایکی شوی کردەوە بە(کومندان اوبیك). لەسەرەتای لاویدا بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتێکی جولەکەدا تووشی (سوزەنك) بوو تامردنی بەو دەردەوە ناڵاندی. شووکردنەوەی دایکی ئاسەوارێکی خراپو کاریگەری لە سەراپای ژیانی بودلیردا هەبووە ساڵی (١٨٤٣) زۆربەی شیعرەکانی دیوانی (گوڵە بەدەکان)ی نووسی، بەرهەمە ئەدەبیەکانی (ئەدگار ئالان پۆ) کاریگەری راستەوخۆی هەبوو لەژیانی ئەدەبی بودلیردا. زۆربەی شیعرو چیرۆكو نووسینەکانی ئەدگاری تەرجەمە کردبوو.

نەخۆشی زۆری بۆ بۆدلیر هێناو گەڕایەوە بۆ پاریس ئەمەش ساڵی (١٨٦٦) بوو. لە ٣١ی ئابی ١٨٦٧ شارل بودلیر لەعیادەی دکتۆر (دوفال) پاش ساڵێك کەنەفتیو گۆجیو نەمانی هێزی نووسینو تەنانەت قسەکردنیش کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی (مونبارناس) لە ٢ی ئەیلولدا نێژرا.

بەرهەمەکانی بودلیر بەتایبەتی شیعرەکانی لەرووی چۆنیەتی (نەوعیەت)ەوە تەماشا دەکرێ. شەقڵی تایبەتی خۆی هەبوو، جیهانێکە جیاواز لەجیهانەکان ناوی جیهانی بودلیر بوو، پرسیاری دەکرد شەڕ بۆ خێر سەردەبڕێ، شەڕ بۆچی ماوە نادات خێر پێ بگات؟، ئەمانە چی دەبەخشن؟

بۆچی شەڕ لانکەی مرۆڤایەتی راژەنێ، با بڕۆین بۆ دۆزینەوەی هەقیقەت، کە تەلە دڕکاویەکان لە گەرومانداچەقیوە.

## نامەکە
## ٦ی ئایاری ١٨٦١

دایکی ئازیزم، ئەگەر تۆ بەراست خاوەنی بلیمەتی دایکێتیت، ئەگەر هێشتا بێزار نەبووی، وەرە بۆ پاریس، وەرە بۆ بینینم، نا، بەڵکو بۆ بەشوێندا گەڕانم، لەبەر گەلێ هۆی ترسناك من ناتوانم بچم بۆ (هونفلور) بۆ بەشوێندا گەڕانی ئەوەی دەمەوێ سەبارەت بەکەمێ ئازاییو گەمە لە کۆتایی مانگی ئازاردا بۆم نووسیبوویت، ئایا ڕۆژێ بەیەك دەگەین؟ من لەیەکێ لەو دۆخە شێواویانەدا بووم کە مرۆڤ تیایدا ڕاستەقینەی ترسناك دەبینێ، من حەز دەکەم نازانم بۆ!! کە چەند ڕۆژێك لەنزیکتەوە بەسەربەرم، تۆ تەنیا کەسێکیت کە پەیوەندیت بەژیانمەوە هەیە، بۆ هەشت ڕۆژ وەرە، بۆ سێ ڕۆژ، چەند ساتێك!

تۆ بەهوشیاریەکی تەواوەوە نامەکانم ناخوێنیتەوە، وادەزانی من درۆ دەکەم، یا هەر هیچ نەبێ زۆری لەسەر دەڕۆم کاتێ باسی بێ هیوایی دەکەم، یاخود باسی تەندروستیو بێزهاتنەوە لەژیان دەکەم، پێت دەڵێم: دەمەوێ بتبینمو ناتوانم بچم بۆ (هونفلور).

نامەکانت هەڵەی زۆرو بیری هەڵەی تێدایە بەڕادەیەك کە تەنها گفتوگۆ ڕاستیان دەکاتەوە، چەندەها تەن لە نووسین ناتوانێ تەفرو تونایان بکات، هەرکات قەڵەم هەڵدەگرم هەتا باسی حاڵی خۆمت بۆ بکەم لەوەدەترسم بتکوژم، دڵی لاوازت تێك بشکێنم! منیش بەردەوام بێ ئەوەی هەست بەمە بکەی لەسەر کەناری خۆ کوشتنم، بڕوام هەیە تۆ بەپەرۆشەوە خۆشت دەوێم، خولقیەتت لایەنێکی بەرزی گەورەی تێدایە، ئەگەریش ڕۆحت نابینابێ لەمنداڵیمدا بەپەرۆشەوە خۆشم ویستووی، لە پاشدا، لە زەبری کردەوە زۆرداریەکانتا وازم لە هەڵسو کەوت هێنا لەگەڵیدا بەڕێزەوە کەچی هەروەك جەوری دایك بتوانێ ڕێز لێ نەگرتنی منداڵ پەروەری بهێنێتەوە سەر دۆخی ڕێز لەمە پەشیمان بوومەوە، هەرچەندە لێوم هەڵنەهێناوەتەوەو وشەیەك لەم بارەیەوە بدرکێنم. هەتا ئێستا وەك خوم پێوە گرتووە.

ئێستا من ئەو منداڵە کەللە ڕەقو توندو تیژە نیم، گەلێ ڕوانینی گەش لەبارەی بەشی خۆمو تەبیعەتی تووە یارمەتیان دام هەتا بتوانم لەهەموو هەڵەکانی خۆمو دڵ نەرمی تۆش بگەم، بەڵام بەکورتی کارەساتەکە ڕوویدا، ئەنجامی ئەوەی پشت گوێت خستمو منیش خاوەن هەڵە بووم. ئێمە تووشی نەخۆشیەك بووین کە یەك ئەوی دیکەی خۆش بوێت، هەتا یەك بۆ ئەوی دی بژی، هەتا ژیانمان بەئەوپەڕی ڕاستیو نەرمیەوە کۆتایی پێ بهێنین.

بەڵام من لەم دۆخە ترسناکەی کە تیایدا دەژیم دڵنیام کە یەکێکمان ئەوی دیمان دەکوژێ، ئێمە لە کۆتاییدا یەکتری دەکوژین، دوای مردنم تۆ ناژیت، ئەمە ئاشکرایە من تەنیا مەسەلەیەکم کە وەهات لێ دەکات بژیت، لەپاش مردنت بەتایبەتی ئەگەر مردنت ڕاتەکاندنێك بێت. کە من هۆیەکەی بووم، ئەوا خۆم دەکوژم، گومان لەمەدا نییە، مردنت کە زۆر جار بەتەسلیم بوونەوە باسی لێوە دەکەین، شتێکی ئەوتۆ لە حاڵەتی من چاك ناکات تەنها ئەوە نەبێت کە پارێزگاری هەڵسەنگاندنی منت بۆ دەکات (بۆچ نا!!). هیچ شتێك پاڵ پێوەر نییە، هەستێکی ترسناکم دەبێت بۆ گۆشەگیرییەکی موتڵەق، بۆ زۆرتر لە ئازار هەتا خۆم بکوژم، ئەمە بێ هودەییە! وانییە!؟ دەڵێیت (ئەگەر دایکە پیرەکەت بەتەنها بەجێ بهێڵیت). لەراستیدا ئەگەریش ڕاستەوخۆ مافی ئەمەم نەبێت ئەوا من بڕوام وایە ئەو ئازارانەی نزیکەی (٣٠) ساڵە هەمن وام لێ دەکات لیم ببوورێت. دەڵێیت (بەخوا) لەهەمو دڵمەوە حەز دەکەم (بەراستیەك کەس وەك خۆم نایزانێت) بڕوا بەوە بهێنم کە کەسێکی جگە لە خۆم بیرم لێ دەکاتەوەو گرنگی دەداتە

چارەنووسم، بەلام چی بکەم هەتا بڕوا بەمە بهێنم. بیری خوا وەهام لێ دەکات بیر لەوکاهینە نەفرەت لێ کراوە بکەمەوە، نامەوێ پرس و رای پێ بکەی، لە کاتێکدا بەو هەستە ئازاراویەوە دەنالێنی کە نامەکەم تووشی هێناویت. ئەم کاهینە دوژمنمە، رەنگە بەهۆی گەمژەییەکی تەواوەوە بێت، بابگەڕێینەوە بۆ خۆکوشتن، ئەمە بیرێکی چەسپاو نییە، بەلام هەمیشە دیدەنیم دەکاتەوە. شتێك هەیە پێویستە دڵنیات بکەم لێی، ناتوانم خۆم بکوژم بێ ئەوەی کاروبارەکانم رێك نەخستبێ، هەموو نامەکانم لە (هونفلور)ەو لەباری گێژاوێکی گەورەدایەو پێویستە کارێکی باش لە(هونفلور) بکرێ، هەر کاتێکیش لێرە بم ناتوانم خۆمت لێ دور بخەمەوە، چونکە دەبێ ئەوە بزانی نامەوێ ماڵەکەت بەکارێکی خراپەوە خەریك بکەم، لەهەموو بارێکەوە ئەمە بەرەو شێتیت دەبات! خۆکوشتن بۆ؟! بەهۆی قەرزەوە؟! بەڵێ بەلام مرۆڤ دەتوانێ قەرزاری چارە بکات، مەسەلەکە بەتایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ ماندوو بوونێکی ترسناك کە بارێکی مەحاڵو درێژخایەن هێناویەتەدی، هەموو چرکەیەك بۆم روون دەکاتەوە کە ناتوانم چێژ لە ژیان وەرگرم، لەمنداڵیمدا تۆمەتێکی گەورەت دایە پاڵم، تۆمەتو هەڵە کۆنەکانم سواری کۆڵم بوونو دەوریان داوم، حاڵم ناخۆشە، ئەگەرچی مەزاجێکی میللیشم نییە هەندێ پارەم دەست دەکەوێ، بەلام ناوبانگێکی گەورە بەجێ دەهێڵم.

ئەمە دەزانم، بەمەرجێك کە ئازایەتی ژیانم هەبێت! بەلام بارو دروستیی رۆحیم بۆگەنە. هیوا بڕاو بووم لێی، هێشتا چەند پرۆژەیەکم هەیە، بەدڵم بێ، چەند رۆمان، چەند شانۆگەری،



یەکێکیان بۆ شانۆی فەرەنسییە، ئەمانە هەموو تەواو دەکرێن؟ بڕوام بەمە نییە! حاڵەتێکیش کە پەیوەست بێ بەکەرامەتی کەسێتیمەوە ترسێنەرە، ئەمە خراپەیەکی گەورەیە، جگە لە لۆمەو جنێوو ئیهانە هیچی کەی تێدا نییە! ناتوانی چارەیەك بۆ ئەمە بدۆزیتەوە، لەکاتێکدا کە ئەمە خەیاڵ دەشێوێنێو لەکاری دەخات، راستە من کەمێ پارە پەیدا دەکەم، ئەگەر قەرزار نەبوومایەو پارەم بەدەستەوە بمایە دەوڵەمەند دەبووم، باش گوێ لەم قسەیە بگرە، دەتوانم پارەت بدەمێ وە (جان)م خۆش بوێت، بێ مەترسی، لە پاش کەمێکی دی ئەمە باس دەکەینەوە، تۆ پاڵت پێوەنام ئەمانە باس بکەم، ئەم هەموو پارەیە بەفیڕۆ دەچێت. چونکە بەشێوەیەکی زۆر خراپ دەژێم، لەڕەت کردنەوەی قەرزە کۆنەکاندا لە سووك کردنی بارێداو لەکرێی راپۆرتی کۆبوونەوەو پولو.... هتد، لەپاش کەمێك بەهۆی هەندێ شتی باشەوە گوزارەت لێ دەکەم، مەبەستم ئێستایە چونکە لە راستیدا من پێویستم بەرزگاربوونە، رزگار بوونیشم لەنێوان دەستەکانی تۆدایە، بەدەست تۆیە، دەمەوێ ئەمڕۆ هەموو شتێکت پێ بڵێم، من تەنیام، بێ هاوڕێ، بێ دڵدار، بێ سەگو پشیلە، هەتا سکاڵای خۆمیان لەلا بکەم، جگە لەوێنەکەی باوکم کە هەمیشە بێ دەنگە هیچی دیکەم، نییە، لەوبارە ترسناکەدام کەساڵی (١٨٤٤) تووشم بوو، بەلام تەندروستیم کە پێویستم پێیەتی لە پێناوی تۆدا، لە پێناوی خۆمدا، لە پێناوی پێویستیەکانمدا، ئەمەش مەسەلەیەکە پێویستە بۆت باس بکەم، ئەگەریش جار لەدوای جار

بێ ئاگاتر دەبیت، نامەوێ باسی ئەو دەردەسەریانەت بۆ بکەم کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وێرانم دەکەن و ئازایەتیم نامێڵن. دەربارەی ڕشانەوەو بێ خەوی و ناخۆشی زۆر جار باسی ئەمەم بۆ کردوی بەڵام شەرم کردن لە ئاستی تۆدا سوودی نییە، تۆ دەزانی کە من هێشتا مێردمنداڵ بووم تووشی سوزەنك بووم، هەست دەکەم تەواو چاك دەبمەوە، ئێستا ئەم دەردە بەشێوەیەکی کە گەڕاوەتەوە بۆم، پەڵە لەسەر پێست و ئازاریش لە جومگەکانمدا. دەتوانی بڕوام پێ بکەی، من شارەزام لەمەدا، لەو خەمەدا، کە تیایدا نوقوم بووم، نەخۆشی ترسم زۆر دەکات، پێویستم بەیاسایەکی توند هەیە ئەم ژیانەش کە ئێستا تیایدام ماوەی ئەوەم نادات. ئەمانە هەموو بخەرە ئەولاوە، دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ هیواکانم، پێش ئەوەی بچمە سەر ئەو پڕۆژەیەی دەمەوێ بۆت باس بکەم. بەمە زۆر دڵخۆش دەبم، کێ دەزانێ ئەگەر جارێ بتوام ڕۆحی خۆمت بۆ بکەمەوە کەهەرگیز پەسەندت نەکردووەو نەت ناسیوە، بێ دوو دڵی ئەمە دەنووسم، زۆر باشیش دەزانم ئەمە شتێکی ڕاستە.

سەردەمی منداڵیم سەردەمی خۆشەویستی تۆ بووە، گوێ بگرەو بێ ترس بخوێنەرەوە، هەتا ئێستا لەم بارەیەوە هیچم پێ نەوتوی، گەشتی ئەو گالیسکەیە بێنەرەوە بیر کە لە نەخۆشخانە هاتینە دەرەوەو ئەو وێنانەت نیشان دام کە بۆ منت دروست کردبوو هەتا ئەوە بسەلمێنی کە بیر لە کوڕەکەت دەکەیەوە، بڕوا دەکەی من خاوەنی بیرێکی ترسناك بم؟! لەپاشدا گەشتەکانی گۆڕەپانی (سانت ئەندرێ)و (وز، ئەی نوبی، یت) لەیادە؟! پڕبووی لەدڵسۆزی هەمیشەیی، ئەو شۆستانەت لەیادە کە ئێواران چەند خەمناك بوون، ئاه ئەو کاتە خۆشترین ڕۆژگارم بوو بۆ هەست کردن بەدڵسۆزی دایك، داوای لێ بووردنت لێ دەکەم کە ئەو ڕۆژگارە بەڕۆژگاری خۆش ناو دەبەم کە ڕەنگە لای تۆ ناخۆش بووبێت، بەڵام هەمیشە لەتۆدا دەژیام، تۆ تەنها هەر بۆ من بووی دەمپەرستی و لە هەمان کاتیشدا هاوڕێم بووی، ڕەنگە سەرت سوڕبمێنێ دەبینی توانام هەیە باسی ڕۆژگارێکی وەها دوور بکەم، من خۆم لەمە سەرم سوڕماوە لەوانەیە جارێکی دی مردنم دیبێ کە ئەم شتانە وەها بەزیندوویێتی لەناخمدا ڕەسم دەکات، لەپاشدا بۆت دەردەکەوێ کە مێردەکەت چ جۆرە مامەڵە کردنێکی ڕەقی لە پەروەردەکرنمدا بەکار دەهێنا، تەمەنم (٤٠) ساڵەو کە بیر لە قوتابخانە دەکەمەوە ناتوانم ئازار نەکێشم. ناتوانم ئەو ترسەم بەسەردا نەکشێ کەمامم دەی ترساندم، لەگەڵ ئەمەشدا خۆشم دەویست، ئێستاش ئەوەندە زیرەکیم هەیە کە مافی خۆی بدەمێ چونکە فرمێسك لە چاوەکانتا دەبینم، دواجار هەڵاتم، لەو ڕۆژەوە بێ ناز کەوتووم، خووم دایە چێژو هەڵچوون و گەشت و ناومالی جوان و تابلۆو... هتد. ئەمڕۆ خاوەنی ئازاری هەموو ئەوانەم.

قسەیەکی دیکەش هەیە دەمەوێ بیڵێم - ئەمڕۆ نرخی گەورەیی پارە دەزانم و هەروەها لە مەترسی هەموو ئەو شتانە گەیشتووم کە پەیوەندی بەپارەوەیە. وابزانم وەهات هەست کردبێ کە ئاگات لە هەمو شتە، هەوڵت دەدا بۆ خێری من بەڵام پرسیارێك هەیە هەمیشە ئارامیی لەبەر بڕیووم چۆن ئەم بیرەت بەسەردا نەهاتووە؟ بڵێیت (ئاخۆ دەشێ کوڕەکەشم ڕۆحی ئەو شتانەی هەبێ کە من خاوەنیم؟! ڕەنگە لە شتی دیکەشدا ببێ بەپیاوێکی بەرز، لەو کاتەدا چی بکەم، بڕیاری بوونێکی دژ بەیەکی بدەم بەسەردا، بوونێکی بەڕێز لەلایەکەوە، هیچ و پووچ و نەفرەت لێ کراو لەلایەکی دیکەوە، بڕیار بدەم بەسەریدا کە هەتا تەمەنی پیریی بەهۆی بێ هێزی و ناپەسەندیەوە بنالێنێ).

ئـەم بڕیارانـەش ئەگـەر وەهـا نەبوونایە هەموو شت دەبڕایەوە. ئەوا هـەموو شتێ کۆتـایی هـات، ئەوەتا ئێستە پـیرو چارەڕەشم، ئایا گەڕانەوە بۆ لاوێتی دەشێت؟ هـەموو پرسـیارەکان لـێرەدان، هەموو مەبەستیش بۆ گەڕاندنەوە بۆ رابـردوو لای من ئەوەیە کـە هـەندێ پۆزشم هەیـە دەمـەوێ بـەدەریان بخـەم، ئەگـەر ئەمـە نـەبێت بـە خواهیشـت هێنانەوەیـەکی تـەواو، ئەگـەر هەسـتت کـرد بەناتـەواوی‌و داڕوخانێك لەوەدا کە دەینووسم ئەوا باشە بزانە ئەمە هەموو شت تێك ناداو لەسەرسامیم بەرامبەر دڵـە گەورەکـەت‌و دان نـان بەدڵسـۆزیت کـەم ناکاتـەوە، هەمیشە قوربانیت بـەخۆت داوە، هیچت نی‌یە جگە لە بلیمـەتی‌و قوربانیدان. زیرەکیەك کە کەمتر بچێتە ئەقڵەوە، لەمـە زیاتر لێت دەپرسـم، پرسـیارێك‌و ئامۆژگاریـەك، پشـتگیرییەك، تێگەیشتنێکی تەواو لەنێوان من‌و تۆدا، هـەتا لـەم گومـان‌و گـیرو گرفتانـە دەرباز بم، (تکات لـێ دەکـەم وەرە، هـەموو هـێزی ئەقڵم، هـەموو ئازایـەتیم، هـەموو پاڕانەوەم ون کردووە، بـەردەوام تـرس دەبینـم، دەبینـم ژیـانی ئەدەبیم هەرگیز گیری خواردووە، بەسـەرهاتێك دەبینـم، دەتوانـی بەهاوڕێکانت بـە(ئانسیل) بڵـێ‌ی بانگت بکات ببیتـە میوانی. بـۆ هەشـت رۆژ مـن ئامـادەم بـۆ بەخشـینی هـەر شـتێك هـەتا بەدیدارت شـادبم، دەست بکەمـە ملـت، هەسـت بـەرووداوی رووداوەکە دەکەم‌و ئێستە ناتوانم بڕۆم، پـاریس خراپـە، کـردەوەی ناپەسەندم نواندووە، دیارە تۆش بەگلەیی دەبی لـێ‌ی، کۆتایی مـن هەر شێت بوونە، رێگـەت دام کـە پرۆژەیەك بکەمەوە.

ئەمـە وایـە تـەگبیرێکی کـاتیم بۆ بکە. چارەم بکە، دوو هـەزارم بەرەو روو بکەرەوە هەتا دەرباز بم، دوو هەزار لە دەستتایە هـەتا دەربازبم؟ بـۆ هـەرچی پێویستی کـە دەشـێ‌و ناشـێ، پێویسـتیەکانی ژیـان، جـل‌و بەرگ... هتد. (جان) بـۆ مـاوەی سـاڵێك دەڕواتـە ماڵـەوە ئـەوەی پێویست بێ پێشکەشی دەکرێت، لەپاشدا باسی ئەوەت بۆ دەکەم، هـەر تـۆش وەهـام لـێ دەکـەی ئەمـەت بـۆ بـاس بکـەم، لـەم دواییەدا شەش هەزار لە دەستی (ئانسیل‌و مـارین)دایە، دەسـت بـڵاوی لـێ ناکـەن‌و لەسـەرخۆ خـەرجی ئەکـەن، ئامـادەن دە هەزاریش خەرج بکەن‌و قەدەغەی هـەچ راتـەکاندن‌و خراپەکارییەکیش بکـەن، ئەمـە ساڵی ئارامیـە. رەنگـە زۆر گێـل‌و خـەتابار بم، ئەگـەر سوود لەمـە وەرگـرم بـۆ گێڕانـەوەی لاوێتیـم. هـەموو ئـەو پارەیـەی بـەدرێژایی ئـەم ماوەیـە پـەیدا دەکـرێ دە هـەزار یـاخود تـەنها پێنـج هـەزار فـڕێ دەدرێتـە دەسـتی تـۆوە، چـەند پـارەمت پێشکەش بکـەم لێـت ناترسـم، ئـەو پارانـە دەچێتـەوە سـەر قـەرزەکان‌و زۆریـان دەکـات لـەبری ئـەوەی بـاری ئـەو قەرزانـەم بۆ سـووك بکـات، بـەم جـۆرە لـە سـاڵانی داهاتووشـدا کـار هـەروەها دەڕوات، بەم جۆرە هەتا دەتـوانم ئـەو گەنجێتیـە بگەڕێنمـەوە کـە لەبـەر چاوتـا روو دەدات، هـەموو شـت بـدەم بـێ ئـەوەی سەرمایەکەم جگە لە دە هەزار لە چوار هـەزارو شـەش سـەد بێتـە خوارەوەو ماڵەکـە رزگـار ببـێ، چونکە ئەمە یەکێك لـەو شتانەیە کـە لەبـەرچاوم لانـاچێت، ئەگـەر ئەم پڕۆژە بەختەوەریـەم سـەری گرت دەمەوێ لـە کۆتـایی مـانگدا یاخود هەر ئێستا خانویەکی نوێ بدۆزمـەوە. ئەوکاتـە رێگـەی ئـەوەت دەبێ ببێـت بەشـوێنما بگـەڕێ‌ی، خـۆت دەزانـی بابـەتی درێژتر هەیە لەنامەکەمدا جێگـەی نابێـتەوە. خۆزگە هیچ پارەیـەکم بـێ رازی بونـی تـۆ خـەرج نەکردایە، لـە پـاش گفتوگۆیـەکی تـەواو لـە نێوانمـاندا، بـەکورتی ببویتایە بـەنرخی راسـتەقینەم، مـرۆڤ دەتوانـێ ناچار بێت کـە جیـاوازی بـیرێکی وەهـا ترسـناك بکات لەگەڵ بـیرێکی زۆر جوان‌و رێکی دایکێکدا؟ ناخۆشـی ژیـانی پـاریس هـەندێ جار وا لـەمرۆڤ

دەکات کەهەندێ پارەو دەستکەوتی کەم لەم لاو لەولا بخاتە لاوە، چونکە هەندێ مامەڵە هەن کە نەبوون لە ئاستیاندا مرۆڤ دەخەنە باری چاوەڕوانیو دواکەوتنەوە. جگە لە خۆت پرسوڕا بەکەس مەکە، ویژدانو خوای خۆت، چونکە تۆ هوشیاریی بڕوا بوونت هەیە، بیروڕاکانی خۆت کەمێکی نەبێ لە (ئانسیل)ی مەسپیرە، ئەو باشە بەڵام بیری تەسکە، خۆش باوەڕەو بڕوا بەوە ناکات پیاوێکی کەللە رەق سەرزەنشتی بکات، پیاوێك کە رەنگە گەورەو گرنگیش بێت، ئەو بەکەللە رەقی بەجێم دێڵێ هەتا بمرم! تۆش بێ ئەوەی تەنها بیر لە پارە بکەیتەوە کەمێك بیر لە دوارۆژو گەورەیی‌و حەسانەوە بکەرەوە، بیر لە ژیانی من بکەرەوە. لەم حاڵەدا وتم پانزە رۆژ یا مانگێك یان دوان لە پاریس نامێنمەوە بەڵکو هەمیشە هەر لەوێ دەمێنمەوە ئەوە نەبێت کە پێکەوە بێین بۆ پاریس. ئەو کاتەش رەنگە تاقی کردنەوەکان بەهۆی پۆستەوە بێت، بیرێکی تریش هەیە هەڵەیە دەشێ راست بکرێتەوەو هەمیشە لە نووسینەکانتا هەیە، من هیچ کاتێ لە تەنیایی بێزار نابم، ئەزانم کە هاوڕێکانت ئازارم دەدەن، دڵنیام لەمە، هیچ کات بەنزیکیت بێزار نابم، هەندێ جار بەبیرما دێت هەموو خێزانەکە بانگ بکەمو لەبەر دادگادا رایان بگرم، دەزانی زۆر شتی چاكو باش هەن دەتوانم بیان درکێنم ئەگەریش تەنها بریتی بێت لەم واتایە (ئەتوانم خۆم بەخێو بکەم، قەرزاری کاتی لاوێتیم دەمکوژێ) من کارێکی خراپم نەنواندووە (تەنها لەبەر تۆ) لەبەر رێز بۆ هەستی گەورەت. بفەرموو بۆ بڕوابوونت بەچاکەو جوانیم، دووبارەی دەکەوە، بڕیارم داوە بەسەر نەفسی خۆمدا کە جگە لە تۆ پەنا بۆ هیچ کەسێکی دی نەبەم، لە ساڵی داهاتووەوە هەندێ پارە بۆ (جان) تەرخان دەکەم، جێگای بۆ مسۆگەر دەکەم هەتا هەست بەتەنیایی‌یەکی هێجگاری نەکات، براکەی لە نەخۆشخانە گۆڕەوشاری دابوو، دڵی ئازار دابوو، هەندێ لەکەلو پەلو جلو بەرگەکانی رۆشتبوو، دوو مانگ دەبێت لەو کاتەوەی لە (نوبی) رام کردووە چوار فرەنگم داوەتێ، تکات لێ دەکەم، ئارامیم پێ ببەخشە! چارەیەكو تۆزێ بەزەییم پێ ببەخشە! شتێکی سەیر نی‌یە کە هەندێ کاری خێرا هەن لەم ماندوێتیو پەشۆکاویەمدا ناتوانم جێبەجێیان بکەم، دیسان بەم جۆرە هەڵەکەم دووبارە کردەوە، هەڵەی دزینی چەند سەد فرەنگێك کە پەیوەندی بەمنەوە نەبوو. تەنها لەبەر ئەو ناچار بووم ئەمە بکەم، وادەزانی ئەویش چارەسەر دەکرێت. پیاوێك هەیە لە لەندەن چوار سەد فرەنگی منی لەلایە نامداتەوە. یەکێکی دیکەش سێ سەد فرەنگی لایە بڕیار بوو بمداتەوەو ئێستا چۆتە سەفەر، هەمیشە هەر شتی چاوەڕوان نەکراو، ئازایەتیم دایە بەر خۆم کە دان پیانانی خۆم بۆ کەسێ بنوسم، چی روودەدات!؟ نازانم، بەڵام ویستم کە ئەو بارە قورسە لەسەر ویژدانم لابەرم، هیوادارم ئەمجارەشیان ئابرووم نەچێ! تکاو پاڕانەوەم قبوڵ بکرێ، تەنها لەبەر ناوو بەهرەکەم!.

خوات لەگەڵ، من تەواو ماندووم. سێ رۆژە نەتوانیومە بخەومو نەنان بخۆم، گەروم وێك هاتۆتەوە، دەبێ کارێك بکەم، ئاه بەوردی بمخوێنەوە، هەوڵێ بدە باش تێم بگەی! نا، پێت ناڵێم خوات لەگەڵ چونکە هیوام هەیە دووبارە بەدیدارت شاد بمەوە، ئەزانم ئەم نامەیە ئازارەکانت دەوروژێنێتەوە بەڵام بەدڵنیاییو راستی نەغمەیەکی خۆشی تێدا دەبینمەوە، دڵسۆزییەکیش نا بەڵکو سکالایەکیش کە بە دەگمەن گوێت بۆ گرتووەو من خۆشم دەوێی!

* * *

# سینەما

## سروودێك، بۆ قارەمانێكی كێشی قورس

نووسینی/ ئالڤین مارێل - و: لە فارسیەوە/ ئەبوبەكر كاروانی

ئەنتۆنی ڕۆدلۆف ئۆگزاكا كوین، ئەو ڕۆژانە دەهێنێتەوە یاد كە منداڵ بوو لە كێڵگەی (ئاڵ پاسۆ) دا، بەكۆكردنەوەی گوێزەوە خۆی خەریك دەكرد. وە لەگەڵ باوكی و شان بەشانی دایكی، وەك كرێكارێك لە كێڵگەی (سان خۆزێ) دا ئیشیان دەكرد. ﴿ بێجگە لەوەش﴾، ئەو ساتانە دەهێنێتەوە یاد كە لەگەڵ مەكسیكیەكانی نیشتەجێی لۆس ئەنجلۆس دا و لە كۆڵانە پیسەكانی ﴿ئەو شارە﴾ دا، پیاسەیان دەكردو... توێژینەوە و سەیركردنی ژیانی ئەو، بەسەرهاتی پیاوێكە كە لە بارودۆخی زۆر هەژار و مەینەت باردا، سەری هەڵداوە و لە منداڵێكی دەست كورت و چێژنەدیووەوە، بووە بە هونەرمەندێكی بەناوبانگی جیهانی كەئێستا لە دیارترین ئەو هونەرمەندانەیە كە ڕۆڵی داهێنەرانەی سینەماییان، لە ژیان زێترە.

جێپێكانی كوین، هەمان داستانی هەمیشەیی هالیودە. كەسێك كە لەپێناوی فێربوونی پیشەكەیدا، تەنانەت ﴿لەو بوارەدا﴾ بە بچوكترین ڕۆڵ ڕازی دەبێت. ئەوەش لەبەر ئەوەی گومانی لەوە نەبوو كە بینەرانی ﴿ڕۆڵی لە سینەمادا﴾ دەبینن. ئەمەش بۆ ئەو جێی شانازیە كە لەو سیستەمە داخراو و تەنگەی دەیەی ١٩٣٠ دا، بتوانێت ئەو ﴿جۆرە ﴾ نواندنە كلێشەییەی كە ﴿تەنیا﴾ لەو زەقبونەوە و مقۆ مقۆ هەمیشەییانەی كە لەكاتی نواندنی دەوری پیاو خراپ و سور پێستاندا كە لە چەند فلیمێكدا نواندبووی و سنورمەند و بەندبووی بوو، بشكێنێت و لەوە زیاتر ﴿كە بۆی دیاری كرابوو﴾ بڕوات.

ئەو كەسەی بەناوی ئەنتۆنی كوینەوە دەیناسین، لە پانزەهەمی ئەپرێل ﴿نیسان﴾ ی ساڵی ١٩١٥ دا، لە شاری (چی هوا هوا) ی مەكسیك هاتۆتە دنیاوە. ئەو كاتە باوكی تەمەنی بیست ساڵ بوو، مانوێلای



دایكیشی ـ ئەو كیژە مەكسیكیەی خوێنی سور پێستەكان بەناو دەمارەكانیدا دەڕۆیشت ـ حەڤدە ساڵ بوو. باپیرەی لە (كانتی كورك) ەوە، چووبووە ئەمریكاو لەوێ توانیبووی كارێك بۆ خۆی، لە ئیستگەی شەمەندەفەری (باسفیك)دا وەك كریكار دەستەبەربكات. هەمان باپیرە، پاشان دەچێتە مەكسیك و كچێك بەناوی (سابینا) ـ كە لە خێزانێكی مام ناوەندی بووـ هەڵدەبژێرێت و مارەی دەكات.

فرانسیسكۆی كوڕی، جل شۆری ماڵی خۆیان دەهێنێت. كوین سەبارەت بە دایك و باوكی دەڵێت:

(( باوكم، كابرایەكی خەیاڵ پلاو بوو و باوەڕی بە شۆڕشەكەی (پانچۆڤێلا) هەبوو. باوك و دایكیشم، هەردووكیان خەباتیان لە پێناو ئەو شۆڕشەدا دەكرد))

خەباتی دایكی كەم بوو، چونكە لەبەر سك پڕی، بۆ (چی هواهوا) گەڕایەوە تا خۆی دووربگرێت لەو مەترسیانەی لەو ڕێگایەدا دامەنگیری دەبێت. سابینا كوین كە هیچ گرنگیەكی بە مانوێلا و منداڵەكانی نەدەدا، لەوێ ڕۆی و مانوێلاش دەیویست دوای ئەنكی



مێردەکەی بکەوێت. سەرەتا چووە (خوارز)، دووبارە لەوێ چاوی بە مێردەکەی کەوتەوە، بۆ ماوەیەکی کورت لەگەڵیدا ژیاو سکی دووەمی لێبوو. پاشان بەرەو (ئال ساپۆ) ڕۆی و (ئەستێلا کوین) ی خستەوە. ئەم ئەستێلایە، کاتێك کە گەورە بوو، شوی بە (مارتن گۆڵد سمێس) کرد ـ لە ئال ساپۆ و لەو کاتانەدا کە مێردی مانوێلا لەگەڵ سابینای نەنکیدا دەژیا و هەمان کاری باوکی (واتە لە ئیستگەی شەمەندەفەر) دەکرد، دۆزیەوە و هەموویان دووبارە بەیەك گەیشتنەوە و پێکەوە ژیان.

پاش ئەوە وەك کرێکارێکی پەنابەر، چوو بۆ (سان خوزێ). ئەو کاتەش ئەنتۆنی پێنج ساڵە بوو، لە گەڵ نەنکیدا تەماتە و خەیاریان (لە یەکێك) لە کێڵگەکان کۆدەکردەوە و سەعاتی دەسەنتی وەردەگرت. پاشان کوینیەکان، بەرەو ئەو شارەی پێی دەگوترا (شاری هەل) و ناوی لۆس ئەنجلۆس بوو، کەوتنەڕێ و لە یەکێك لە گەڕەکە خراپ ناوزڕاوەکانیدا نیشتەجێ بوون. فرانسیس کە بە (فرانك) بانگ دەکرا، ئیشێکی لە باخچەی ئاژەڵاندا، بۆ خۆی دۆزیەوە و پاشانیش لە یەکێك لە تەلارەکانی ئەو شارەدا، بوو بە کرێکار و هەفتانە سێ دۆلاری وەردەگرت. فرانك، لە ساڵی١٩٣٦ دا و بە کارەساتێکی ئۆتۆمبێل، گیانی لە دەست داو ئەنتۆنیش هەتیو کەوت. لەو بارەیەوە ئەنتۆنی دەڵێت:

(( لەو ڕۆژانەدا نەدەژیاین، بەڵکو تەنها دەمانویست بوونێکمان هەبێت. لە پێش تەمەنی هەژدە ساڵیمدا، کاری جۆراوجۆرم کردووە، بۆیاخچی پێڵاو، ڕۆژنامە فرۆشی، دارتاشی، کارەباچێتی، قەسابی، شۆفێری تاکسی، کرێکاری تێکەڵاوکەری چیمەنتۆ، لێخوڕی گەلابە، پینەکاری جلوبەرگ، بۆکسچی، کرێکاری. کاتێك تەمەنم چواردە ساڵ بوو، لە کارخانەیەکی کشتوکاڵی هەلوژەدا، چاودێری کرێکارەکان بوومو سەدو پەنجا کرێکاریشم لە ژێر دەستدا بوو. باشترین کارێکیش کە کردبێتم، چاودێری کرێکارانی کارگەی دۆشەکە سازی بوو))

وەك لاوێکی کۆڵانە خراپ ناوزڕاوەکان، تۆنی ژیانێکی پڕ دەسکەوتی تێدا بردۆتە سەر. هەرئەوە دەڵێت:

(( چواردە ساڵ بووم کە بە سەرنج ڕاکێشەر و دڵگیرترین کەسایەتی سەرتاسەری ژیانم بەرخورد کرد. ساڵانی دواتر و لەو کاتەی هونەری نوانەوانانی مەزنی ئافرەتانم دی، هەموویانم بەو پێیە بەها دەکرد. (ئانا مانیانی) (ئینگرید برێگمان) (لارت تیلەر) و(ئاتل بریمۆر). «بۆیە» هەرچەندە «نواندنیان» مەزن و شکۆدار بوونایە، تەنیا بەشێکی بچوکی لەو سەرەتاترین تەزوە کارەباییەی پێك دەهێنا کە (ئامی سمپڵ مەك فێرسن) لەمندا دەیبزواند ))

لە شانزە ساڵیدا، تۆنی وەك هاوکاری مەشقەکانی (بریمۆ کۆرنرا)ی بۆکسێن، پارەیەکی باش ـ کە پێنج تا دە دۆلار لە هەر یاریەکدا ـ ی بەدەست دەهێنا. تۆنی لاو، لە لیستی کێشی قورسدا بۆکسێنی دەکرد. کابرایەك بەناوی (پوپ فاستەر)ەوە، ئەوی خستبووە ژێر باڵی خۆیەوە و سەرپەرشتی دەکرد. تۆنی لە حەڤدە یاری کە دەچووە لیستی خولیاکارانەوە بەشداری دەکرد. بەڵام لە حەڤدەهەمین یاریدا، «بە بۆنەی مشتێکەوە» دەکەوێتە سەر زەوی، دەبێتە هۆی ئەوەی واز لەو یاریە بهێنێت. سەماکردن، بۆی بوو بە کەناڵێکی پارە پەیداکردن. نمونەی ئەو سەمایانەشی، لەفیلمەکانی وەك Swing high swing Low و دەتوانین ببینین کە لەگەڵ (کارۆل لۆمبارد) و (ڕیتامیورس) لە فیلمی (خوێن و لم) دا و هەروەها لەگەڵ (ئان شریدان) لە فیلمی (شارێك بۆ داگیرکردن) دا تەماشا بکەین. ئەمە ئەگەر هاتو ئەو سەمایەی کە لەگەڵ (ئالان بیتس) لە فیلمی (زۆربای یۆنانی) دا کردی، ڕچاو نەکرێت و بە سەما نەژمێردرێت.

کاتێك تۆنی منداڵ بوو، دایکی لەپاش مردنی باوکی تۆنی،شوی بە پیاوێکی دیکە بە ناوی (فرانك باولن) کرد کە هەرگیز پەیوەندیان گەرمی بەخۆوە نەدی. تۆنی و خوشکەکەی، چوونە لای نەنکیان، ئەمەش لەو کاتەدا بوو کە دایك و زڕ باوکیان، چوونە گەڕەکێکی تری لۆس ئەنجلۆسەوە و ژیانی تازەیان بە دوور لەو شوێنە کۆنە، دەست پێکرد. کوین، لە ئۆتۆ بیۆگرافیەکەیدا کە بە ناونیشانی (یەکەم گوناح) ەوەیە، دان بەوەدا دەنێت کە «بۆ ئەو کارەی دایکی» هەرگیز دایکی نەبەخشیووە. بەڵام دەڵێت:

((تێ دەگەم کە بۆچی ئەو کارەی کرد. کاتێك باوکم مرد، دایکم تەمەنی بیست و شەش ساڵە بوو، فرانك باولز ئاسایش و ئارامی پێدەبەخشی. ڕەنگە دایکم دڵی خۆی بەوە خۆش کردبێت و خۆی بەوە هەڵ خڵەتاندبێت کە ڕۆژێك دێت من و فرانك لە یەك نزیك ببینەوە. بەڵام هەرگیز نەمتوانی بەوە ڕازی ببم کە زڕ باوکەکەم، هەرهەمان ناوی «فرانکی» باوکمی هەبێت. سوێند دەخۆم کە گەر ناوی جۆرج یان هێری بوایە، ڕەنگە بمتوانیبایە ئەوەم پێ هەرس کرایە))

تۆنی تا تەمەنی دوانزە ساڵی نەیدەتوانی بە ئینگلیزی «بەباشی» قسەبکات و ئەو زمانەشی «بە باشی» نەدەزانی. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو تا ئەو کاتە نەچووبووە قوتابخانەی سەرەتایی (بێل فۆدەر) و نەشگەیشتبووە ئامادەیی پیشەسازی لۆس ئەنجلۆس، وە پێویستیشی بەو زمان باشیە نەبوو بوو. «بۆیە» کاتێك بەهەمان کار هەڵسا، تێگەیشت کە گرفتی قسەو زمانی هەیە. هەر تۆنییەو دەڵێت:



((من، زمانم تەتەڵەی دەکرد و دەیگرت و پێوەشی دیاربوو. بە هەر حاڵێك بوو، زمانم نەشتەری کرد و پارەی نەشتەرگەریەکەشی، بەشێوەی مانگانە دەمدا. وابزانم هەژدە ساڵ بووم، لەو شانۆگەریەدا کە قوتابخانەکەمان پێی هەڵسابوو، وە ڕۆڵی دەرگاوانێکم تێدا دەبینی، «لە بیرمە» ئەو کاتانە، مامۆستا خاتو (کاترین همێل) وانەی زمانی پێ دەگوتمەوە. هەر ئەو کاتانە بوو کە بە دوو شانۆگەریەوە خەریك بووم. لە نمایشی (یەك جار تای یونجە) ی شانۆنامەنووس (نوئێل کوڤارد) دا، ئەوەی دەوری سەرەکی دەبینی، نەخۆش کەوت و بەمنیان سپارد. بەڵام زۆر توڕە دیاربووم و لە دەستی خۆمم دا.))

تا پێش ئەوەی خانمی هامیلتۆن وا لە تۆنی بکات، بیرۆکەی بوون بە ئەکتەری تێدا بخولقێنێت و شەیدای ئەو کارەی بکات، خۆی حەزی لە بەشی بیناسازی و نەقشەکێشی بوو. تۆنی دەنوسێت:

((تەنیا کەسێك کە هیوابەخشم بوو، (فرانك لوید رایت) بوو. من نەقشەی سۆپەرمارکێتێکم کێشا بوو کە لە هەڵبژاردنی قوتابخانەکەماندا و لەو کاتەی لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بووم، پلەی یەکەمم بە دەست هێنا. تەلەفۆنم بۆ نوسینگەکەی ڕایت کرد و توانیم کاتێك لەیۆ سەردانی لێبچڕم.))

بەو شێوەیەی کوین دەڵێت، ئەو گفت وگۆیەی کە لەگەڵ ئەم نەقشەسازە ناسراوەدا کردی، وای لێکرد کە بڕیاری بوون بە ئەکتەر بدات. بەڵام نەك بەهۆی ئەوەوە بێت کە نەقشەکانی کوین خراپ بووبن، ڕایت مەسەلەی گرتنی زمانی هێنابووە پێشەوە و پێی وتبوو:

(( ئەگەر تۆ دەتەوێت ببیتە نەقشەسازێکی مەزن، ئەوا ئەمە «نەقشەسازی» بۆ تۆ بەس نیە. چونکە تۆ لەگەڵ خەڵکدا هەڵس وکەوت دەکەیت و پەیوەندیان لە تەکدا دەبەستیت، بۆیە پێویستە کاریگەریت لەسەریان هەبێت و بتوانی بیروڕاو فەلسەفەی خۆتیان بۆ دەربخەیت. لەبەر ئەوە، گەر نەتوانی قسەکانت ڕێك و ڕەوان و بڕشتانە دەربڕیت، ئەوا گوێیەك نابێت کە قسەکانت ببیستێت.))

بەم شێوەیە لە قوتابخانەکەی خاتو همێل دا مایەوەو لە تیپی هونەرمەندانی ((گێت وەی)) دا بوو بە ئەندام. وە لەنمایشەکانیدا ـ وەك نمایشی (لەقولایی گۆرگیەوە) بەشداری کرد. لەو کاتەدا کە لەگەڵ تیپی ناوبراودا بوو، زانی یەکێك لەو هاوکارانەی کەوا دانرابوو دەورێکی هەبێت لە (تاقمە لاتینیەکان)داو ناوی (میوێست) بوو، خەریکی ئەوەیە کە شانۆگەریەك کەخۆی ئامادەی کردووە و ناوی (لە جێگەیەکی پاك و تەمیزدا) یە، دەربهێنێت، چوو بۆلای و توانی دەوری پیرەمێردێکی شەست و پێنج ساڵەی سەنجدار و نامۆ و بەهێز بەدەست بهێنێت:

((یەکەم پیشاندەری ئەو شانۆگەریە لە شانۆی (هالی تاون) لە هالیۆد، لەسەرەتای ساڵی ١٩٣٦ دا بوو. من هەفتەی دە دۆلارم وەردەگرت، ئەویش بۆ ئەو دەورە بوو کە تێیدا وەك لاسایی کارێکی ئاشکرای یەکێك لە دەورەکانی (جان بریمۆر) دەمبینی. بریمۆر و (جان دیکەر) و (جین فاولەر) منیان خستبووە ژێر باڵی خۆیانەوە. هەروەها زۆر خۆشحاڵیشم بەوەی یەکێك لە ئەندامانی سەرەتایی ئەو تیپە بووم.))

سەرەتاترین ڕەخنەی پیشەیی لە کارەکانی کوین، لەلایەن (کاترین ت.فنبلن) لە «ڕۆژنامەی» لوس ئەنجلوس تایمزدا بوو.لەو ڕەخنەیەدا کە لەسەر

شانۆیی (لە جێگەیەکی پاك و تەمیزدا) بوو کاترین ڕۆڵی تونی تێیدا زۆر بەباشی هەڵسەنگاندبوو. لەدوای دەوری لەم نمایشەدا، تونی لە لایەن «کۆمپانیای» (یۆنیڤەر سال پیکچەر)ەوە، بۆ ئەزمونکردن و چاوپێکەوتن بانگێشت کرا. (لیڤ لەندەرن) ی دەرهێنەر، لەکاتی نمایشکردنی ئەو شانۆییەی کە تۆنی تێدا بوو، لەیٚ بوو و دەوری تۆنیشی بەدڵ بوو بوو. لیڤ، دەورێکی بچوکی لە فیلمی Paroles For Sale (بەڵێن بۆ فرۆشتن) بۆ پێشنیارکرد. هەروەها پیٚی گوت:

(دەورەکەتم چاو پێکەوت و بەڕای من زۆر بەهێز بوو، زۆر حەزیش دەکەم لەو فیلمەدا کەڵکت لیٚ وەربگرم. ئەمڕۆ پاش نیوەڕۆ، دیمەنێك وێنە دەگرم، دەورەکە زۆر گەورە نیە و قسەشی تێدانیە، ئەگەر بەوە ڕازی بیت، پێیان دەڵێم لە بەرامبەردا حەفتاو پێنج دۆلار وەربگریت.)

ئەم دیمەنە، نزیکەی چل و پێنج چرکەی خایاند و لەسەرەتای فیلمەکەدا بوو. «ئەویش» ئەوە بوو کە کوین لەگەڵ کۆمەڵە زیندانییەکدا دیاردەکەوێت کە سەیری نمایشێك دەکەن:

(کاتێك سەیری شانۆییەکەم دەبینی، دەستم دابووە قاقای پێکەنین، لە ناوەڕاستی قاقاکانمدا کتوپڕ لە پشتەوە زەلامێك چەقۆیەك دەکات بە پشتمدا، منیش کەوتم و مردم. دەرهێنەر، پیاوەتیەکی باشی لە تەکمدا کردو نمایەکی گەورە «کلۆز ئەپ» ی منی وێنە گرتبوو)

ئەم یەکەمین فیلمەی کوین، لە ژوئێنی ١٩٣٦ دا لە نیویۆرك پێشکەش کرا. ئەڵبەتە خۆی لەو چاوپێکەوتنەدا کە لە ساڵی ١٩٧٤دا کردی، شتێکی تری درکاند:

(یەکەمین جار، وەك «کۆمپارس» لە ڕەشە لەشکرێکدا لە فیلمی (ڕێگەی بەشێربوون) لەتەك (هرۆڵد لوید) دا، بەشداریم کرد و موچەی هەفتانەشم، سەد دۆلار و بیست سەنت بوو!)

لە دوای فیلمی (بەڵێن بۆ فرۆشتن) تۆنی لە دوو فیلمی گانگستەری «عصابە» کە لە فیلم ناسیەکانیدا ناویان نەبراوە، بەشداری کردووە. ئەویش لەبەر ئەوەی ناوی کوین لە ناونیشان بەندیەکانی سەر فیلمەکەدا نەبوو. ئەو دوو فیلمەش (دوژمنی سوێندخواردوو) کە لەگەڵ (ڕۆبرت یانگ) و (فلۆرنس ڕایس) دا بوو. دووەمیشیان (کارەکەری شەو) بوو لەگەڵ (مارگرێت گراهام) ی ئەستێرەی ناسراوی فیلمی (هەوالگر) ی (جین فۆرد) و (گۆردن جۆنز) بوو. لە هەردوو فیلمەکەدا، ئەنتۆنی ڕۆڵی کابرایەکی دڕندەو ناپاکی بینی بوو. لە پاش ئەو دوو فیلمە، بۆ ماوەیەك بیٚکار دەبێت. بەناچاری ئەبێت بە کرێکاری ڕێگاسازی و ڕۆژانە سی و پێنج سەنت وەردەگرێت. پاشان دووبارە بیٚ ئیش دەبێتەوە و ڕۆژانی بیٚ کاری و نەبوونی دووبارە بەرۆکی دەگرێتەوە. لە کاتێکی وا دابوو لە ڕۆژنامەیەکی چاپی لۆس ئەنجلۆسدا - کە لە سوچێکدا فڕیٚدرابوو، هەواڵێکی تێدابوو:

((بابەتێکم خوێندەوە کە (سێسیڵ ب. دمێل) لەو فیلمەیدا کە ناوی (پیاوانی دەشتی) بوو، تووشی نەبوونی ئەکتەر هاتووە. سێسیڵ، نەیتوانی بوو کەسانی سوورپێستی تەواو بەپێی خوازی فیلمنامەکە کە ڕۆڵی گرنگیشیان هەبوو، پەیدا بکات)).


کوین، بەدوای ئەو دەرهێنەرەدا گەڕاو هەوڵی ئەوەی دا خۆی وەك سوورپێستێکی عەیار هەژدە - کە دەتوانێت بە زمانی هۆزی (شاین ڕاسلیس) ، زۆر بەڕەوانی بدوێت - خۆی بناسێنێت و توانیشی ئەو کارە بکات. بڕیار وابوو تونی دەوری جەنگاوەرێکی سوورپێستی لاو ببینێت کە ڕۆڵەکانی هێزەکەی، بە وتارە ئاگرینەکانی بەرەو بەرەکانی جەنگ لە دژ هاوسنورە سپی پێستەکانی دەبات:

((کەم تا زۆر، دەمتوانی ئەو دەورە بهێنمە بەرچاوم. هەزاران سوورپێستی ئامادەی جەنگ لە دەشتێکی فراواندا، «خۆمم دەهاتە بەرچاو» کە لەسەرخۆو ئارام، بە گابەردێکی مەزندا سەردەکەوتم و



سەیری جەماوەرەکەم دەکرد. پاشان دەکەومە قسە. ووتەکانم دەیانهێنێتە جۆش و تا ئەوکاتەی هاوار دەکەم (جەنگ) و ئەوانیش دەنەڕێنن: جەنگ، جەنگ)).

ئەوەی دەستی کوین کەوت، وتارێکی دوورودرێژی سەروگوێ شکاو بە زمانی سوورپێستەکان. ئەمەش لەو کاتەدا دەبێت کە بۆڤالۆبیل (ئەم دەورە، جمیز ئالیسۆن دەیبینی) و وایلد بیل هیکاك (کە کاری کۆپەر ڕۆڵەکەی دەبینی) گەمارۆ درابوو. کەم ڕەنگی دەورەکەی کوین لە ڕۆڵی سوورپێستێکی شاینی لە فیلمی پیاوانی دەشتی دا، دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو ڕایەی کوین بوو کە دەرهێنەرەکەی ئەو فیلمەی لە سەرتاسەری ئەو دیمەنەدا بە هەڵە دەزانی. ئەم مەسەلەیە لە پارامۆنتدا بوو بە مەسەلەیەکی زۆر گەورەو وەك تۆپ دەنگی دایەوە، وە هەمووان باسی ئەو ئەکتەرە تازەیەیان دەکرد کە لەفیلمەکەی دمێل



دا بەشداری کردووە و دەیویست ئەو دەرهێنەرە پیرەمێردە فێربکات. ناوی ئەنتۆنی کوین، یەك شەوە لە ستۆدیۆ و بێگومان لە هالیۆدیشدا، دەنگی دایەوەو کەوتە سەر زاران. لەو بارەیەوە خۆی دەڵێت:

((لە سەرتاسەری وێنەگرتنی قسەکانمدا کەوا دانرابوو هەر خۆم تاك بێژی کەم، گلەییم هەبوو. ڕای خۆمم دەربڕی (و بەدەرهێنەرەکەشم ووت) کە پێم وایە دەبێت لەکاتی کردنی قسەکانمدا، کاری کۆپەرم لە بەرامبەردا بێت. دەستیاران و ئەوانەی لە دەوروبەری دمێلدا بوون، پێیان گوت کە دەبێت دەرم بکات. بەڵام ئەو ووتی (ئەم کوڕە ڕاست دەکات) بۆیە بەو شێوەیەی کە خۆم ویستم، دەورەکەم بینی. پاشان دمێل دەیویست بە قسەی ئەو بکەم و بچمە ژێر ڕای ئەوەوە، منیش ڕەدم دەدایەوەو رازی نەدەبووم)).

یەکێك لەو کەسانەی لەو کاتانەدا لەو دیمەنگە (صحنە) یەدا ئامادەبوو، (کاترین دمێل) بوو. ئەو زڕ کیژەی دمێل کەوەك ئەوەی خوێنی سوورپێستانی تێدابێت، ئەمەی بە فاڵی باش دەزانی:

((باوك و زڕ کیژ، پێکەوە قسەیان دەکرد و دیاریش بوو سەبارەت بەمن (تۆنی) قسەدەکەن. کچە سەیرێکی منی کرد و ئەو کاتە تێگەیشتم کە کچی ئەو پیاوە مەزنەیە)).

ئەو کچە یەکێك لەو چوار زڕ منداڵانەی دمێل بوو. باوکی کچە لە شەڕدا کوژرابوو، دایکیشی لە پاش چەند مانگێك لەدوای کوژرانی مرد. دمێل، کیژەی لە تەمەنی حەوت ساڵیدا گرتبووەخۆ. کاترین لە پاشدا لە چەند فیلمێکی زڕباوکی و فیلمسازانی دیکەدا، بەشداری کرد.

پاش ماوەیەکی کورت، لە ڕێگەی دمێلەوە، (کارۆل لۆمبارد) ی ژنە ئەکتەری بەناوبانگی زەمانی خۆی ناسی. لە یەکەمین چاوپێکەوتنیاندا، لۆمبارد بەتۆنی ووت کە بڕیارە لە هەفتەی داهاتوودا و لە فیلمێکی تازەدا بەشداری بکات، لەو فیلمەشدا بۆ یەکێك لە دەورە گرنگەکان تا ئێستا کەسیان هەڵنەبژاردووە، لۆمبارد بەڵێنی پێدا قسە لەگەڵ دەرهێنەری ئەو فیلمەدا بکات تاییدات بەتۆنی. پاشان لۆمبارد توانی کاریکاتە سەر دەرهێنەرەکەی کە (میچێل لیزن) بوو. ئەوە بوو دەوری کابرایەکی (پانامایی) لە فیلمی **Swing High , Swing low** دایێ کە ئەو پیاوە پانامایییە دەبوایە بە ئیسپانی قسەبکات. وە لە بەرامبەری ئەو دەورەدا، ڕۆژانە دوو سەد دۆلاری بۆ دابین کرد و کارەکەشی پێنج شەش ڕۆژی خایاند. لیزنیش، تونی بە دەرهێنەر (فرانك تاتل) ناساند و بەسەرهاتی کوینی لە بەرامبەر دمێل دا کە پێی گوتبوو (لە کوێدا پێویستە کامێرا دابنێت) بۆ فرانك گێڕایەوە. فرانکیش تۆنی بۆ فیلمە تازەکەی (بوکێنی ڤاکیکی) بە موچەی دوو سەد دۆلار ڕۆژانە و بۆ ماوەی دوو هەفتە هەڵبژارد. ئەم موچەیەی فرانك، پەنجا دۆلار لەو موچە ڕۆژانەیەی کە دمێل بۆ تونی پێشنیار کردبوو، زیاتر بوو. کوین، لەیەك هەفتەدا توانی سێ ڕۆڵ لە سێ فیلمدا دەستەبەر بکات. هەر لەو ماوەیەدا کە بە فیلمی (بوکێنی ڤاکیکی)ەوە خەریك بوو، فرانکی میهرەبان، کارێکی لە فیلمێکی تردا بۆ دابین کرد. ئەم کەڕەتە لەگەڵ سینەماگەرێکی هەڵکەوتووی وەك (هنری هاتاس) دا. ئەمەش لە فیلمی (گیانێك لە دەریادا) کەوا دانرابوو (جۆرج ڕافت) دەوری سەرەکی ببینێت، بەڵام لەبەر ئەوەی جۆرج نەیدەویست لە بەرامبەر کاری کۆپەردا ڕۆڵی هەبێت، دەورەکەی ڕەت کردبۆوە. ئیدی کوینیان بۆ ئەو مەبەستە تاقیکردەوە و قبوڵ کرا. بەهەمان

مەبەست، تونی نوێنەری خۆی بۆ ستۆدیۆ نارد ﴿تا ڕێك بکەون و ڕێکەوتننامەکە ئیمزابکەن﴾ بەلام جۆرج ڕافت لە ڕەتکردنەوەی دەوری سەرەکی پەشیمان بووەوە و دووبارە هاتەوە ناو هاوکارانی. کوین بڕیارنامەیەکی لەگەڵ پارامۆنتدا بەست و لەگەڵ تیپە کەم تازۆرە ئەفسانەییەکەی پارامۆنتدا، تێ هەڵکێش بووەوە. پاشان دەورێکی باش و ئابڕومەندانەی لە فیلمی (دوا شەمەندەفەری مەدرید) دا، وەرگرت و لەگەڵ (دۆرۆتی لامور) و (ڕۆبێرت کامینگەر) دا هاوکاربوو. (هاوبەشانی تاوان) لە ڕاستیدا بە یەکەمین فیلمی لە لیستی (B) تۆنی خۆی دەژمێردرێت، کە لەگەڵ تاقمێك لە نوانەوانانی لەبیرنەکراوی پارامۆنتدا، میلۆدرامە بینەر ڕاکێش و تاوانیەکانیان خوڵقاند.

کوین، بەخێرایی جێپێی خۆی توند و تۆڵ کرد. وە بەو دەم و چاوە درێژ و برۆ پان و چەناگە پتەوەیەوە،بەیەکێك لەنوانەوانە سەرەکیەکانی ڕۆڵە دڕندەو ترسناکەکان دەژمێردرا. هەرچەندە لەدواییدا خۆی وەك زیندانیەکی ئەو دەورانە دەبینی (کچی شانگەهایی) یەکەمین فیلمی ئەو پێنج فیلمە بوو کە (ڕۆبێرت فلۆری) دەری هێنابوو. تێیدا یەکەمین هاوکاری ئەو بوو لەگەڵ (ئانا می وانگ) کە پاشان بە نزیکترین و باشترین هاوڕێیانی کوین دەزانرا. ئانا می وانگ، لە دوا سالانیچالاکیە هونەریەکانی ١٩٦٠ یدا، لە چەند فیلمدا لەگەڵ ئەنتۆنی دا ـ کە ئەو کاتە ببوو بە ئەستێرەیەکی گەورەی سینەمایی ـ بەشداری کرد.

سێسێل ب.دمێل، بۆ جارێکی تریش لە فیلمی (دزی دەریایی) دا کەڵکی لە کوین وەرگرتەوە، هەمدیسانەوە، ئەنتۆنی حەزی دەکرد کە دەوری سەرەکی پێ بدرێت، بەلام سەرنەکەوت. لەدوای بیست ساڵ، کاتێك هەمان دەرهێنەر ویستیەوە هەمان فیلم دووبارەسازی — بەشێوەیەکی ئاوازیانە — بکاتەوە، ﴿دەستی پێکرد﴾ بەلام کار گەیشتبووە ئەوەی چیتر دمێل نەتوانێت ئەو کارە تەواو بکات، ﴿بۆیە﴾ کوین خۆی، وەك دەرهێنەر کارەکەی ئەوی تەواوکرد و بەداواکاری سینەمایی سێسێلیش ژمێردرا.

ئەنتۆنی کوین، لە بیست و حەوتی مانگی دەی ١٩٣٧ دا، کاترین ﴿زڕکیژی سێسێل ب. دمێل﴾ ی هێنا. ئەو کاتە، هەردووکیان تەمەنیان بیست و دوو ساڵە بوو. بەلام زڕباوك، هەرگیز سەیری تۆنی وەك زاوای خۆی نەدەکردو ڕووی خۆشی پێنەدەدا. سێسێل لە ئۆتۆبیوگرافیەکەیدا، هەر ئەم ئاماژە کورتە بە زاواکەی دەدا:

((ئەو نوانەوانەی کە لە فیلمی (پیاوانی دەشتی) دا بەشداری کرد و قەدەر وای دانابوو کە هاوکاری لەگەڵ مندا، پایەدارتر و نزیکتربێت، لاوێك بوو کە دەوری تەنیا وەك سوورپێستێکی شاینی باکوری، ناوی چووبووە لیستی نوانەوانانەوە، ناوی ئەنتۆنی کوین بوو ـ کە ئەمڕۆ بووە بە ئەستێرەیەکی پڕ هێز و خۆشەویست ـ زاواشمە و مێردی کاترینی کچیشمە.)

کوین خۆشی، سەبارەت بەم پەیوەندییەی لەگەڵ دمێلی دەرهێنەردا، دەڵێت:

((با ئەوەش بڵێم کە زۆر خۆشحاڵم بەوەی چاوم ﴿بە سێسێل ب. دمێل﴾ کەوتو سوپاسیشی دەکەم کە ئەوەندە تێگەیشتوو بووە کاترینی بە کچی خۆی دانابوو.)

هەروەك ئەوەی ڕواڵەتی تایبەتی کوین بەو جێ ئێسکە ﴿مەبەست لە دەرپەڕیوی ئێسکی دەموچاویەتی﴾ بڕشتەی ڕوومەتەکانیو مووە ڕەشانەیەوە، ببوونە هۆیەك بۆ ئەوەی ساڵەهای ساڵ، دەورە پاشکۆکانی پێ بسپێردرێتو ڕێگری بن، پێستی زەیتونی ڕەنگو مووی لوس و ڕەشتاڵەیی خێزانەکەشی، وێنەگرتنی سینەمایی ئەویشی –بە تایبەت لە کۆتایی دەیەی ١٩٣٠ و دەیەی گرفتاری جەنگی ١٩٤٠ دا– دەبەستەوە.

ئەنتۆنی کوین لە هەمان ساڵی یەکەمی ژن هێنانیدا، بە شانازی تەواوەوە لە بەرامبەر دمێل دا دەوەستاو دەیویست سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت. سیمای کەسایەتییە گانگستەریەکانی، بۆ هەر کوێیەك بڕۆشتبایە، بە دویدا دەچوو. ساڵانی دواتر بوو کە بە جورئەتی هەمیشەییەوە، توانی خۆی لەو وێنە کۆیلە هێنەرانە دەربازبکات و بە دەور بینینێکی لەیاد ماوەدا، بەلوتکە بگات و بۆ هەمیشە تێیدا بمێنێتەوە.

## تێبینیەکانی وەرگێڕی کوردی :

١– ئەو ووشانەی کە لەم جۆرە کەوانانەدان ﴿﴾ بۆ ڕێکترکردنی داڕشتنەوەی دەقەکە، لەلایەن وەرگێڕی کوردییەوە دانراون.

٢– ئەم بابەتە، بەشێکە لە کتێبی (فیلمەکانی ئەنتۆنی کوین) کە لە ژمارە ٢١٥ی گۆڤاری فیلم کە تایبەت بوو بەشانزەهەمین فیستیڤاڵی سینەمایی (دەیەی فەجر)ی ئێرانی، و لەمانگی دووی ساڵی ١٩٩٨ بەزمانی فارسی لە تاران دەرچووە.

٣– بابەتەکە لە فارسیەکەدا، دوو تایتڵی هەیە، یەکەمیان وردو درێژەو بەناونیشانی (بەشە سەرەتاییەکانی ژیانی –ئەنتۆنی کوین–)ە لە لەدایك بوونیەوە تایەکەمین هەنگاوەکانی لە سینەمادا.. ناونیشانی دووەممان لەبەر کورتی هەڵبژاردووە.



و: محەمەد سدیق سەعید

# پێشڕەوایەتی لەشانۆدا

## رۆلان بـــارت

### پێش وەرگێڕان:

دیارە ئەم نارنیشانە بۆ شانۆکاری کورد جۆرێك لەگواستنەوە دروست دەکات بۆ مانار دەلالەتی لاوەکی تر، کە هێندەی پەیوەندی بەچەمكو گوزارە ئایدیۆلۆژی‌یەکانەوە هەیە، پەیوەست نی‌یە بەمانار دەلالەتی قوولی (پێشڕەو) خۆی لەخۆیدا.

ئەم دەرەنجامە لەتایبەتمەندێتی ئەو نمایشانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە ئێستاو ئێرەی شانۆدا، بانگەشەی نوێخوازی‌و پێشڕەوایەتی دەکەن.

پێشڕەو لێرە مانای چی‌یە؟ کێ هەڵگری مانای پێشڕەوە؟ یان پێشڕەو لێرە هیچ بونیادێکی‌هەیە؟

ئەگەر بەپێناسەکەی (رۆلان بارت) دەست پێ بکەین کە ئەم چەمکە بە(ساتەوەختی دابڕانی هەموو بەرهەمێکی هونەری/ ئەدەبی لەبەرهەمەکانی سەلەف -رابردوو-وە ئەو ئارابوونەی لەو ساتەدا بەرهەمە نوێکە نمایشی دەکات بەرامبەر بەسەلەف ناو دەبرێت بە -پێشڕەو-).

لەمەوە دەتوانین رەدوی بەرهەمە شانۆیی‌یەکانی کورد بکەوین بەگومانەوە، گومان لەوێرانی ئەو بەرهەمانەی کە پێشکەش کراون (مەبەست لەوێران) ئەو لۆژیکی دابڕانەیە کە (بارت) باسی لێوە دەکات (لەنووسینەکەدا هاتووە) لەگەڵ یاسایەکی بنەڕەتی لەگەشەسەندنو پەرەسەندنی هونەری‌دا کە وەك گەشەسەندنی بونیادی زانست نی‌یە.. واتە هونەر بونیادێکی کەڵەکەبووی زنجیرەیی‌یە هەروەها تێکەڵاوبوونی ساتەوەختەکانەو سەرهەڵدانەوەو ژیانەوەی ئەو ساتانەشە کە هەزارەها ساڵ بەر لەئێستا گفتوگۆو دایەلۆژی لەسەر دروست کراوە، بەڵام ئەمە بۆ خۆی نابێتە پاساو بۆ رەتکردنەوەی پێشکەوتنو نوێخوازی لەهونەردا، بەڵکو هاندەرێکە بۆ نوێخوازی.. دیارە رەتکردنەوەی رابردوو.. دابڕان.. دابڕانە لەمانار دەلالەت واتە پرۆسەیەکی میکانیکی نی‌یە یان بەکار بردنو بەرفەرمان خستنی مەقصەلەیەك نی‌یە بۆ سەربڕینی رابردوو.. بەڵکو لەم پرۆسەیەدا ئالاکان سپین.. شانۆکاری کورد لەدەروازەی بچووکی بەرهەمەکانیەوە کە گفتوگۆو دایەلۆژ لەگەڵ بەرامبەر دروست دەکات هەرگیز وێرانی ئەوەی نی‌یە کە ئەو کارە بەرابردوو بکات.

بەڵکو هەمیشە رابردوو دەبێتە (تەوتەم)و لەکۆتایشدا کارە هونەری‌یەکان لەمۆزەخانەکانی عەقڵدا چەند تەوقەیەکی جوانو پیرۆزیان بۆ خۆیان بەرهەم هێناوە، ئەم قسەکردنە لەسەر لۆژیکی (پێشڕەو) هێندە گشتی نی‌یە کە سەرتاپای بزوتنەوەی شانۆی کوردو بەرهەمەکانی بگرێتەوە، بەڵکو تەنها ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە کە لە سنوری یادەوەری‌دا هەن.. لەپاڵ ئاماژە کردنیش بۆ ئەوەی کە چەند ئەزموونێك هەرێنی بە پێشڕەو بوونی نمایشەکان بوون بەڵام (پێشڕەوایەتی) بێ بونیادو رەچەڵەك مایەوە.

من دڵنیام لە نەزۆکی ئەو جووت بوونە فیکری‌و هونەری‌یانەی کە لەم بونیادەدا دروست دەبێت، چونکە بەتایبەتمەندێتی بێت، ئەوا ئێمە بەردەوام سرووده کۆنەکانی رابردوو ، هێماکانی مانشێتەکانی دەپارێزین، چەند کۆنە ئەو مانشێتەی دیواری هەموو تیپە هونەرییەکانی نەخشاندووە (شانۆ قوتابخانەی گەلە).. وەك مانشێتەکانی پۆلیس (پۆلیس لەخزمەتی گەل)دایە، بەڵام هەرگیز ئەم دووانەیە یەك ناگرنەوە.

لەلایەکی تریشەوە هەموو پیرۆزی‌یەك دەدەین بەم جۆرە مانشێتانە لەکاتێکیشدا دەمانەوێت دایەلۆگ لەگەڵ بونیادە شارستانی‌و هونەری‌یەکانی تردا دروست بکەین داوای زۆرمان لێدەکرێت.. داوای شکاندنی هەموو ئەو بەها تەقلیدیانەمان لێدەکرێت کە ژەنگی لەدەوری رۆحمانو قەفەزێکی ئاسنینیشی لەدەوری جەستەمان دروست کردووە.

لێرەوە من بەگومانم لەهەبوونی ئیرادە بۆ دروست کردنی ساتەوەختێك کە ئەو تێکشاندنە تیایدا لەئارادابێت. ئەو ساتەوەختەش ساتەوەختێکی خەون بازانەیە بۆ هەموومان کە تیایدا سفری پێشڕەوایەتی کردنی ساتەوەختێکی نوێ لێرە ئامادە دەکات...

وەرگێڕ

پێشڕەوایەتی مانـای چی‌یـە؟ ئـەم چەمکـە لەبنەڕەتدا ئاڵۆزو نسبی‌یە.

هـەموو بەرهـەمێکی هونـەری ئـەدەبی کـە ئامـادەگی بنوێنـێ بـۆ دابـڕان لەبەرهەمـەکانی رابـردوو لـەو ساتی ئامـادەگی بوونـەدا دەبێتـە بەرهـەمێکی پێشـڕەو، ئەگـەر روانینـی ئێمـەش لەساتەوەختی خۆماندا قسەکردن بێت بەوەی کـە ئەو بەرهەمـە (هونـەری – ئـەدەبی)ە بابەتـەکانی رابردووی تێپەڕاندووە ئەوا دەتوانین ئاماژە بکەین بـەوەی کە هـەر بەرهـەمێکی ئـەدەبی / هونـەری بـەتووندی لـەرێگا ئەدەبی‌یە باوەکـان دابـبڕێت‌و لەستایلی خۆی‌دا وێرانـی بـە (پێشـڕەو) بوونـی خۆی هـەبێت، ئـەوا ئـەو بەرهەمـە لەسـنووری پێشـڕەوایەتی‌دایە بـەڵام هاوکـات بزوتنـەوە ئـەدەبی/ هونەری‌یـە تەقلیدی‌یەکـە کۆڵنـادات لەهەوڵەکانی خۆی‌دا بۆ لـەئامێزگرتن‌و داپۆشینی ئەو بەرهەمە نوێ‌یـە، ئەمـەش لـەو ساتەوەختەدا روودەدات کـە بەرهەمـە (پێشـڕەوەکە) لەسازشـکردندا بێـت لەگـەڵ رەوتـی بزوتنـەوە تەقلیدی‌یەکـەدا (سـەلەف) لـەم پرۆسـەی سازشـکردنەدا بەرهەمـە پێشـڕەوەکە دەبێتـە بەرهـەمێکی کلاسیکی یـان زیـاتر بەرهـەمێك کـە ساتەوەختی خـۆی تێپـەڕاندووە نـەك (پێشـڕەو). ئەگەر (پێشڕەوایەتی) دیاردەیەکی رێك‌و پێك بێت ئەوا بەزەرورەت چەسپاوو ئەزەلی نی‌یە.

دەمـانێکیش لەمەوبـەر هـەبوون کـە بزاوتـی (پێشـڕەوایەتی) نەناسـیوە وەلەوانەشـە رۆژێـك لـەرۆژان هونـەرێکی ئـازاد بێتـە ئـاراوە، ئـازاد لەبەربەرەکانی وەهەروەها لەئەکادیمیەت.

لـەپێناو ژیـان‌و ئامـادەبوونی هونـەرێکی / ئەدەبێکی پێشڕەودا پێویستە لەسەر کۆمەڵگا دوو هۆکاری مێژوویی ئامادە بکات:

یەکەم: هونەرێکی بـاو بەسروشتێکی پـارێزەر بۆ یاساو رێسا کۆمەڵایەتی‌یەکان.

دووەمین: رژێمێکـی بەستراکچەر لیـبراڵی یـان بەمانایەکی دی پێویستە هـەموو پێکدادانێك یـان رووبەڕووبوونەوەیـەك پێداویستی‌و ئـازادی خـۆی لەگەڵ خۆی ئامادە بکات.. هەر ئەمەشە وادەکات کـە سروشـتی پێشـڕەوایەتی یـان بزوتنـەوەی (پێشڕەو) لـەو وڵاتانـەدا کـە رۆشنبیری‌و ئـەدەب تیایدا لەژێر راکێفی سانسۆرو دەوڵەتدابـە مـەحاڵ بێت بەنموونە (لەرژێمێکی وەك رژێمەکەی لویسـی چـواردە) یـان لەسـتایلی ئـەو رژێمانـەی کـە ئـەزموونی دکتاتۆریـەتی کۆمۆنیستی‌یان دووپـات دەکردەوە..* وەرگێڕ.

هـەروەها لەوکۆمەڵگایانـەدا کە هونـەرو کـاری هونـەری تیـایدا رەهایـە کـە لـەم حاڵەتـەدا پێشڕەوایەتی هیچ بەڵگەیـەکی نی‌یـە بـۆ دروست بـوون، بـەڵام ئـەو رەهابوونـەی کـە باسـکرا یۆتۆبیایەکـەو هیچی تـر، بەڵام لەوەیـە ئـازادی بەشێوەیەکی بچـووك بوونـی هـەبێت بەنموونـە هونـەری نیگارکێشـی هاوچـەرخ بەشـێوەیەکی گشـتی ئـازادە کـە (پێشـڕەوایەتی) تیـایدا ناناسرێتەوە.

کەواتە (پێشـڕەوایەتی) پابـەندی سیسـتمێکی پارێزەرە، بەڵام پێویستە ئەو سیستەمە پارێزەرە زۆردارنـەبێت، لێرەوەیـە پێشـڕەوایەتی لەسـەرەتاکانی سـەدەی بیستەمدا زۆر بەئاسـانی لەکۆمـەڵگای سـەرمایەداری لیـبراڵی‌دا گەشـەی سەند.

ئەگەر (پێشڕەو) مانای بەربەرەکانی بێت ئـەوا هـەرگیز (روخێنـەر) نی‌یـە. لـە بەربەرەکانیـەوە نووسەری (پێشـڕەو) لـە دژایـەتی‌دا دەبێـت، ئـەم دۆخەیـە نووسـەر دەشـڵەژێنێ‌و دەیبەسـتێتەوە بـەوەی کـە ئـەو لەلایـەك هـەموو ئیسـتاتیکای کلاسـیکی چینەکـەی رەتدەکاتـەوەو لەلایـەکی تریشـەوە پێداویستی‌یەکی زۆری بەهـەمان چـین هەیـە وەك وەرگرێـك.. لـەم نێوەنـدە کۆمەڵایەتی‌یـەدا نووسـەری (پێشـڕەو) بـەها بۆرژوازیەکانی رەتدەکاتەوە کە دەبێتە جەوهەری بەرهەمەکەشی هاوکات تەنها وەرگر یان خوێنەری بۆرژوازیش ئامادەیە بۆ تێگەیشتن‌و خوێندنەوەی.

سەرەڕای ئەو مانشێتە گەورانەی کە (پێشڕەوایەتی) خۆی پێ داپۆشیوە، بەڵام هێشتا مەسەلەکانی (پێشڕەو) ململانێیەکی خێزانییە وەك لەهەموو ململانێ خێزانییەکاندا کە هەڵگری بەربەرەکانی دەبن ئەوا لەم حاڵەتەی پێشڕەویشدا ململانێی نێوان نمایش و وەرگر یان نووسەر / خوێنەر بەئاشکرا دەردەکەوێت کاتێك زۆربەی بینەرانی لە(چاوەڕانی گۆدۆ)دا هۆڵی نمایش بەجێئەهێڵن.. ئەم ململانێیە سادە نەبوو یان پاشکۆی حاڵەتێکی تر نەبوو بەڵکو ئەتوانین بڵێین (چەپێندراوبوون). هونەری (پێشڕەو) بەتایبەتی شانۆی (پێشڕەو) شانۆیەکی نیگەرانە، ئەوەی کە بۆشی و پووچەڵی شانۆی (پێشڕەویش) دەنوێنێ شانۆی فەرەنسییە، ساڵانێکی دوور لەمەوبەر بارستەیەك نوسین و دەرهێنان لەئارادا بوون کە وەرگری تەقلیدی توشی بێزاری و رەخنە دەکرد وەبۆ سەلماندنی ئەوەشی کە شانۆیەکە هیچ گومانێك لە (پێشڕەوایەتی) ناکرێت، ئەوا ئەمە نموونەی ئەو شانۆیەیە کە لێرەوە قسەی لەسەر دەکەین.

شانۆی پێشڕەو ئێستا بەڕێگایەکی جیاواز بۆتە شانۆیەك بۆ (مێژوو) چونکە ئەمڕۆ زۆربەی نووسەرەکانی ڕێگاکانیان گۆڕیوەو تەسلیم بەشانۆی (رووبەڕووبوونەوە) یان (بەربەرەکانی) بوون.

ئێمە لێرەدا بەنووسین لەسەر (پێشڕەوایەتی) تەنها یادکردنەوەی خۆش دەکەین و بەتێکڕای ئەوەشی کە ئێستا لێیدەدوێین تەنها ئەفسانەی (پێشڕەوایەتی)یە هەر بۆیەشە بێ دوو دڵی ناوە بەناوبانگەکانی ئاشکرا دەکەین:

(ئەدامۆڤ، بیکیت، یونسکو) بەبەقوربانی کردنی چەند نوسەرێکی تر کە ئەوانیش نووسەری (پێشڕەو) بوون بەڵام بەناوبانگێکی کەمتر ئەوانیش (ئۆدیبێتی، غیلدمورد، بیشیت، تاردیو، فوتیی، جورج شحادە، ژان ژینیە).

پێش تێکەڵاوبون بەمانای (پێشڕەو) بابزانین ئەم شانۆیە لەکوێ پێشکەش دەکرا؟

نمایشەکان لەشانۆیەکی بچوکدا پێشکەش دەکران، تەنها لەو هۆڵانەدا بوون کە دەکەوتنە ئەوبەری روباری (سین) کە جێگەی تەنها سەد تادوو سەد کورسی دەبۆوە کە ئەم ژمارەیە لەرووی ئابووری‌یەوە بەقازانجێکی ماددی ناشکێتەوە بۆ شانۆی فەرەنسی. ئەمە مانای وایە لەحاڵەتی سەرکەوتنی تەواوداو بەپڕبوونەوەی گشت کورسی‌یەکانیش بەبینەران (کە ئەم حاڵەتە هەرگیز بۆ شانۆی –پێشڕەو– ناگونجێت)، ئەم شانۆیە بڕیاری مردنی ئابووری بەسەردا دراوە، هۆڵەکانی شڕبوون و کەم بوونەتەوە، هەندێکیان بوونەتە جێگای ئۆتۆمبێل یان هۆڵی سینەما ئەو هۆڵانەش کە هێشتا زیندوون، ئەو داهاتە کەمەی کە پێی دەگات وایلێکردووە هەژاری‌یەکی تەواو لەستایڵی‌دا دروست بکات.

کێ وەرگری/ بینەری ئەم شانۆیەیە؟

زۆر جار بینەرێکی راستەقینەو رۆشنبیرە، یان بەمانایەکی دی چینێکە داخراوە، کە لە بۆرژوازیەتەوە سەرچاوەی گرتووە، رازیش دەبێت بەوەی کە ئەم شانۆیە ناڕەزابێت بەرامبەری وە وەرگری (پێشڕەو) هەرگیز بینەرێکی ئایدیۆلۆژی نەبوون.. مەسەلەی ئەوان لەگەڵ پێشڕەودا تەنها پەیوەندی بەدارمانێکی ئیستاتیکی‌یەوە هەیە یان دارمانێکی ئاکاری (بەنموونە لەنووسینەکانی ژان ژینیە)دا کە هەرگیز شۆڕشگێڕانە نەبوون، لەمەشەوە دوژمنانی ئەم شانۆیە دوژمنایەتی خۆیان لەسەر چەند هۆکارێکی ئاکاری و حاڵاتی دەروونی بوونیاد ناوە:

رەخنەی گرنگیش، رەخنەی ئەو گۆڤارە جددیانەیە کە زۆر بەتووندی و توڕەبوونەوە (پێشڕەوایەتی) رەت دەکەنەوە.

ئەم هەڵوێستەش کاتی بوو وەبەرهەڵستی‌یەکی وای دروست کرد کە بوو بەهۆی درەنگ کەوتنی

هەنگاوەکانی (پێشڕەو) بەڵام نەیتوانی لەبەردەم هێرشی (پێشڕەودا) ڕێگری رووخێنەر دابنێت.

بەڵام ئەم ڕەخنەیە کە پشت ئەستوورە بەهەڵو مەرجێکی ئابووری وەك دەیانگوت (ڕەخنەیەکی باش لەرۆژنامەیەکی بۆرژوازیدا یەکسانە لەئاستی پڕوپاگەندەدا بەملیۆنێك فرەنکی فەرنسی) یان بەرهەمهێنانی چەند ووشەیەك بۆ سەرکەوتنی یان سەرنەکەوتنی نمایشێك لەنمایشەکانی ئەم شانۆیە لەحەزە کاتی‌یەکانی ڕەخنەوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی سەرلێشێواوی، جۆرێك لەمافی ژیان یان مردن دەسەپێنێت بەسەر شانۆی (پێشڕەودا). دەڵێن (دوژمنایەتی توند کاریگەرییەکی خێرای هەیە) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە کە حاڵەتی (بینەرانی پارێزەر)و ڕەخنەکانیشیان بەتوندو تیژی‌یەکی کەمترو بەرهەڵستی‌یەکی فەلسەفی قووڵەوە، رووبەڕووی ئەو شانۆیە بوەستێتەوە کە ناڕەزایی بەخودی ئەوان دەردەبڕێت، ئالێرەدایە ئەو ئاڵۆزی‌یەی کە (پێشڕەوایەتی) پێدەناسرێتەوە کە ئەویش بریتی‌یە لە: ناڕەزایی بەرامبەر بەئەو بینەرانەی کە پێداویستی‌یەکی زیندوویان بەم جۆرە شانۆیە هەیە..

لێرەشەوە دەتوانین بڵێین کە لەنێوان بۆرژوازیەت و شانۆیی (پێشڕەو)دا (بەمانا ئەخلاقی‌یەکەی) شتێك لەئارادایە کە دەکرێت پێی بگوترێت (گەمە) کە مەترسی بۆ دووەم (پێشڕەوایەتی) لەیەکەم (وەرگر) زیاترە ئەویش لەبەر هیچ نا تەنها لەبەر ئەوە نەبێت کە پێشڕەو لەژێر ڕەحمەتی دژەکەی‌دایە (بۆرژوازیەت).

ئیستاتیکای شانۆی پێشڕەو لەیاسا ناوەکی‌یەکانی دروست بوونی‌دا قەرزارباری کتێبەکەی (ئەنتوان ئارتۆیە) (شانۆو پەیوەستەکەی).

ئەم سۆریالیستە گەورەیە (ئارتۆ) ئەزموونی شانۆی ڕادیکاڵ کرد، کاتێك داوای لێکرد کە وێرانی هەبێت بۆ گۆڕانکاری‌یەکی سەرانسەری لەهەموو شێوازەکانی ژیاندا، ئەویش بەڕێگای چەند یاسایەکی نوێ، کە لەبەشێکی گەورەی‌دا یاساکانی شانۆی (پێشڕەو) خۆیەتی:-

(پێویستە بیر لەناو یاسا فیزیاویەکانی کاری درامی‌دا جێگەی ببێتەوە، چونکە هیچ جووڵەیەکی ناوەکی پاشکۆی یاسای هەڵهێنجان یان وێناکردنی دەروون یان هێماکاری نی‌یە.

کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی ئەو ڕوانینەی بۆرژوازیەتە بۆ (پێشڕەو) چونکە لای ئەوان هەموو هێمایەك گوزارشت لەحەقیقەت دەکات یان حەقیقەت خۆیەتی.

ئارتۆ ئالەم جومگەیەوە دەست پێدەکات ئەویش بەتەوتەم کردنی ئامرازە هەستی‌یەکان هەروەها دەخوازێت بینەران بچنە نێو پەیوەندی‌یەکەوە لەگەڵ نمایشدا کە ئەو پەیوەندی‌یە هاوشێوەیە لەگەڵ پەیوەندی مرۆڤی سەرەتایی لەگەڵ کەرنەڤاڵێکی سرووتی‌دا.

ئەم شانۆی ئەنتی - ڕۆشنبیری‌یە، ئارتۆ زۆر بەتووندی‌و قێزەوە شانۆی تەقلیدی ڕەتدەکاتەوە، ئەو شانۆیەی کە مەسەلە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و ماددی‌و سێکسی‌یەکان بەرفەرمان دەخات‌و چارەسەریان دەکات، لێرەوەیە (ئارتۆ) داوای زمانەوانی‌یەکی ئازاد دەکات کە لێرەدا مەبەست ئەوەیە لەسنووری زمانە شیعریەکاندا نابێت تەنها پەیڤ بەهای باڵادەست بێت، بەڵکو ڕاستەوخۆو دوور لەعەقڵانیەت زمانەوانی نمایش بەبێ جیاواز بوونێکی تەواو، هاوارو جووڵە جەستەیی‌و قڕە قڕو کردەکانیش بگرێتە خۆی.

لێرەوە پێکهاتەی هەموونەوانەی ئاماژەی بۆ کرا کوشتارێك لەسەر تەختەی شانۆ دروست دەکات، یان بەشێوازێکی دی ببێتە (شانۆی توندوتیژی) کە ئەمەیان بەناوبانگترین ئاماژەیە لەلایەن ئارتۆوە بۆ ئەو شانۆیەی کە بانگەشەی بۆ دەکات. ئەم ئیستاتیکایە کە لەشانۆی (پێشڕەو)دا ڕەنگ دەداتەوە ناچێتە ناو پڕۆسەی

زۆربەی زۆری ئەو نوسینو بەرهەمانەوە کە بەپێشڕەو ناوبراون، بەڵام پیاوە ناودارەکانی ئەم ئیستاتیکایە کە زۆر بەوەفابوون بۆی بەهاوسەنگی‌یەکی زیاترەوە ئەمانە بوون (غوتییێ، ژان لوی بارۆ).بەڵام لای نوسەرەکانی تر ئەم پرۆسیسە دراماتیکیەی (ئارتۆ) دەبێتە جۆرێك لەوازهێنانی زیرەکانە لەهەموو بەها شانۆیی‌یە تەقلیدی‌یەکان. لەشانۆی (توندو تیژی)یەوە شانۆیەك بۆ (نیگەرانی) لەدایك دەبێت. ئەم شانۆیە هەمیشە شانۆیەکی هەژار بووە یان بەواتایەکی تر؛ لەهەژاری خۆیەوە (لەرووی ئابووری‌یەوە) ستایلێك پێکدەهێنێت کە بەئیرادەی خۆی هەڵبژاردووە، ئەم هەژاری‌یەی شانۆی پێشڕەو بێ توانا نەبوو لەبەردەم سوود وەرگرتن لەهەندێك ئەزمونی ئیستاتیکی رابردوو کە پێش دەرکەوتنی پێشڕەو تواناکانی خۆی سەلماندبوو.

بەنمونەش دەتوانین ئاماژە بۆ (دیکۆرە ناڕیالیستی‌یەکەی شانۆکەی راینهارت) هەروەها پەرەسەندنی کاریگەریەکانی رووناکی لە تیورە بەناوبانگەکەی (أدولف ئابیا) بکەین کە (جان فیلادیش) قەرزاربارێتی. ئەم دوو تیۆرە بەتایبەتی ئەوەی (راینهارت) داوای کەم کردنەوەی (دیکۆر) دەکەن یان وازهێنان لێی وەجێگاگرتنەوەی بەچەند تابلۆیەکی سادە یان چەند پەردەیەك کە هیچ بارستەیەکی راستەقینە نانوێنێت کە تیایدا جێکەوتەی رووناکی مانا بۆ شتەکان دەدۆزێتەوە. مەبەستیش لەوەی سەرەوە ئەوەیە کە (دیکۆر) بەمانا تەقلیدی‌یەکەی کاراکتەری خۆیو مانای خۆی وون دەکاتو تەختەی شانۆش دەخاتە دەرەوەی (کات/ شوێن)ەوە.

لەنمایشی (لەچاوەڕوانی گۆدۆدا) هەموو رووداوەکان تێدەپەڕێت بەبێ ئەوەی بتوانین باسیان بکەین، لەهیچ ناچێتو هیچیشی تیا نی‌یە.

ساموییل بیکیت ئەم دەقەی لە(لیودی لابلانش) نوسیوە، لەدەقەکەدا درەختێك هەیە کە بێ لایەن دیکۆری ئەم نمایشە لەپاڵ بەرجەستەکردنی شوێنێکی ناماقووڵ فەرمانێکی تایبەتی‌یە کە ئەویش لەوانەیە رەهاکردنی پەیڤو بەخشینی شکۆمەندیو پایەبەرزی بێت پێی وەلەپێناو ئەوەی کە (پەیڤ) ئامرازێك بێت بۆ بینین، هەرچی ئاماژە هەیە لەدیکۆر سەندراوەتەوە، کاتێکیش ئەمە تەواو پێچەوانەیە لەشانۆی تەقلیدی‌دا چونکە دیکۆر لێرەدا کەناڵێکە بۆ بەخشینی زانیاری بەوەرگر. لەکاتێکیشدا کە دیکۆر لەشانۆی پێشڕەودا ناسنامەیەکی نەبێتو تێکشکاو بێت ئەوا شتە هەستی‌یەکانیش گرنگی‌یەکی ناکۆتاو تۆقێنەر وەردەگرن، یان دەتوانین بڵێین کە ئەوانەی لێرە لەبۆشایی ئەم شانۆیەدا دەژین کاراکتەرنین بەڵکو شتەکانن کە ژیانیان هەیەو لەزۆر بوونێکی بەردەوامدان کە ناتوانرێت بەربەرەکانی بکرێت. ژیانی شتە هەستی‌یەکان دوژمنایەتی کردنی ژیانی مرۆڤانە چونکە بەبێ مرۆڤ هەموو شتەکان روودەدەن کە ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لەو بیمە (Them) سەرەکیانەی کە لەبێهودەیی بووندایە. لەوانەیە (سارتەر) زۆر بەئاشکرا گوزارشتی لێکردبێت لەدەقی (هێڵنج)دا وەسەبارەت بەهەموو ئەو نووسەرانەش کە لە دەقەکانیاندا سەبارەت بەپەرەسەندنی کاراکتەری مرۆیی (ئارابوونێکی شێرپەنجەیی مرۆڤ لەئارادایە بەرێگای شتە هەستی‌یەکان بەنموونە) بلیاردە کارەبایی‌یەکان لەدەقی شانۆیی (تۆپی سەرمێز)ی ئادامۆفدا هەروەها (کڵاوەکەی لاکی) لەدەقی شانۆیی (لەچاوەڕوانی گۆدۆ)دا یان ئەو کورسیو کەلو پەلانەی ماڵ کە هەموو شوێنێك دادەپۆشێت، یان ئەو کاتژمێرانەی کە بەردەوام بەبێ وەستان لێدەدات، یان ئەو لاشەیەی کە زیاد لەپێویست گەورە دەبێت لەلای (یونسکو).

لێرەوە بەیەك مانا تەنها داواکاری ئەوەیە کە رەگەزە زیندووەکان کاراکتەری خۆیان وون بکەنو هەرچی شتەکانیشە بجوڵێن لەمەشەوە

دەردەکەوێت کە ئەم سیستەمی پێچەوانە کردنەوەیە لەماناادا کاریگەری لەسەر تیوری ئەکتەر بەجێدەهێڵێت لە شانۆی (پێشڕەو)دا: ئەکتەر دەتوانێت هەموو شتێك بێت بەڵام نابێت سروشتی بێت لەوانە: ئەتوانێت لەدۆخێکی نیگەتیڤیانەدا بێت وەك لاشەیەکی مردوو یان داگیرکراو وەك سیحرلێکراوێك. گرنگ ئەوەیە نائاسایی بێت، ئەمەش بۆ خۆی تەنها داواکاری شۆڕشگێڕانەی ئەم شانۆیەیە، چونکە هەر ئەمەشە کە بەهای زانراوی (نیو سەدەو نیو) شانۆی تەقلیدی تێکدەشکێنێت.

لەکاتێکدا کە لە (پێشڕەو) داوا دەکرێت ئەم تایبەتمەندێتییە بپارێزێت و کار پێبکات، ئەوا ئەم کارە زۆر ئاسان نییە بۆ ئەوانەی کە سەرکەوتن بەدەست دەهێنن لەبەردەم بینەراندا.

بەڵام لەساتەوەختی فەرامۆشکردنی نەشوەی سەرکەوتن و خۆنەویستییەکی زۆرداو بەماندووبوونێکی زۆر دەگەنە پەیرەوکردنی یاسایەکی سەخت، دەگەنە ئەو ساتەوەختەی واز لەنەشوەی سەرکەوتن بهێنن.

بەواتایەکی تر جەخت کردنی ئەکتەر لەسەر نواندنی سروشتی کە سەرکەوتن و چەپڵەو نەشوەی زۆری بینەرانی بۆ دەهێنێت فاکتەرێکە بۆ داڕوخانی پێشڕەو.

ئەم جۆرە درامایە مەیلی بەرەو ناڕەزاییە دژ بەکاراکتەری مرۆیی بەڵکو کار بۆ سڕینەوەش دەکات، هەر ئەمەشە هۆی دروست بوونی بێزارییەکی زۆر لەلای وەرگر.

هەروەها لەئامێزی پێشڕەودا نەفی کردنی مرۆڤ پەرە دەسێنێت (لێرەدا مەبەست لە ونکردنی کاراکتەری مرۆییە نەك بەدەستهێنانی گردەیەك بۆ رووخاندنی) ئەم پەرەسەندنەش لەئاستی زمانەوانیدا خۆی دەبینێتەوە.

لەم خاڵە نوێیەشەوە دوو ڕەهەندی تری بینین بەدەردەکەوێت لەنێوان شانۆی (پێشڕەو)و شانۆی (تەقلیدی)دا.

کاتێك دەمانەوێت سەبارەت بەشانۆی (تەقلیدی) قسە بکەین ئەوا شانۆی (تەقلیدی) گوزارشت کردنێکی رووتە لەناوەرۆك کە ئەمیش بریتییە لەگەیاندنێکی رووناك بۆ هەڵگرێکی جیاواز (سەربەخۆ) بەخودی هەڵگرەکەی.

بەڵام لەشانۆی پێشڕەودا ئەم حاڵەتە تەواو پێچەوانەیە چونکە قسەکردن بەخشراوێکی تاریکە کە هیچ پەیوەندییەکی بەهەڵگرەکەیەوە نییە، هەر ئەم تایبەتمەندێتییەشە وادەکات کە (پێشڕەوایەتی) تەواو پەیوەست بێت بەخودی خۆیەوەو وەرگرەکەی هان بداتو کاریگەرییەکی فیزیائی لەسەر بەجێبهێڵێت، لێرەوە دەردەکەوێت کە زمان گۆڕانکاری بەسەردا دێت لەئامرازی بەکار بردنەوە بۆ مەبەستگەرێتی لە بەکاربردندا.

ئەتوانین بڵێین کە شانۆی پێشڕەو شانۆی زمانە چونکە قسە لەپێشڕەودا وەك ڕەهەندی بینین خۆی دەنوێنێت.

(نمایشگەراش) پەیوەستە بەهێرش کردنەوە، چونکە پێشڕەو هێرش دەکاتە سەر خاڵە کۆمەڵایەتییەکان لەجیهانی مرۆییدا واتە هێرش دەکاتە سەر زمان وەك سەرەتایەك وەك بناغەیەکیش بۆ بەکارهێنانی گشتی، (هنری مونیسێ) ئەم تایبەتمەندێتییە ناو دەبات بە(زمانی دەرگاوان) پاشان هێرش دەکاتە سەر ڕێزمانی چینی سەرەوە، هێرش کردنێك بۆ سەر ئەو ویستە جوانانەی کە هەڵقوڵاوە لەهەستێکی ئاکاری بڵند کراوەوە کە لەکۆتاییدا هێرش کردنە بۆ زمانەوانی ڕۆشنبیران.

دەتوانین لەسێ ئاستی گرنگدا باس لەشێوازەکانی رووخاندن بکەین لە (شانۆی پێشڕەودا):

١- ئاستی یەکەم لەساردکردنەوەی پەیڤدا خۆی دەنوێنێ دوای بەتاڵ کردنەوی لەمانا وەك ئەوەی (پەیڤ) لەدایك بوونی جووت بوونێکی میکانیکی بێت: بەنموونە (لاکی) لە (چاوەنواڕی گۆدۆ)دا کاتێك کە خاوەنەکەی داوای لێدەکات بیربکاتەوە.

٩٢

٢- ئەم ئاستە لەزمانێکی سڕبوودا خۆی دەنوێنێ وەك زۆر زیرەکانە لای (ئەداموف) لە (تۆپی مێزدا) بەکاربراوە، چونکە لای ئەداموٚف ئاخاوتنی کاراکتەرەکان تەواو زیندوو نییە، مردووش نییە.

ئەم شێوازی ئاخافتنە زۆر ریالیستییانە بووبێت و پاشان وونیان کردبێت، چونکە زمانێکی زیندوو حەقیقەتەو هەمیشە ئامادەیە.

ئەتوانین بەشێوازێکی فەلسەفیش گوزارشت لەم حاڵەتە بکەین بەوەی کە (پەیڤاندن) وجودی مرۆڤ دانامەزرێنێت، ئەمەش شێواندنێکە دەمانخاتە بەردەم ئەگەرێکی زۆر قوورس.

٣- لەم ئاستەدا رووخاندن زۆر بازاڕیو کەمتر جدیو زیاتر راستەوخۆیە، بەڵام دوای ماوەیەك بڵاودەبێتەوە.

(یونسکو) تایبەتمەندە بەم حاڵەتە کە بەکورتی خۆی بەشداری لەپاراستنی لۆجیکی پێکهاتە زمانەوانییەکانیو پاساکانیدا دەکات، لەهەمان کاتیشدا لەهەڵوەشاندنی مانادا (تاوان پاداشتی نییە، کەواتە تاوان مەکەن تا پاداشت وەرگرن) ئەم گاڵتە جاڕییە کاریگەرییەکی تەواوی هەیەو پەیوەندی دارە بەهەموو یارییە زمانەوانییەکانەوە، بەڵام ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەوەیە لەکاتی پرۆسەی هەڵوەشاندنی زماندا و زۆر شاراوەیە هەڵوەشاندنی زمان لە فۆرمە عەقڵانییەکانیدا واتە لەلۆجیکدا.

یونسکو زۆر جار شێوازێکی باو بەکار دەبات ئەم شێوازەش خواستنی زمانەوانی تایبەت بە(شێتەکانە) کەناو دەبرێت بە(ئامـاژەکردنی هەڵوەشاندن) یان (عەقڵانیەتی نەخۆش). وەنموونەش لەسەر ئەم (بەئاماژەکردنی هەڵە)یە لەم چیرۆکە رۆژهەڵاتییەدا رەنگ دەداتەوە:-

(رۆژێك یەکێك مەنجەڵێك لەیەکێکی تر دەخوازێت دوایی مەنجەڵەکە بەکونی (شکاوی) دەگەڕێنێتەوەو زۆر بەتوندیش داکۆکی لە خۆی دەکات، لەم داکۆکی کردنەدا هەموو رستەیەك تیایدا ئەوەی پێش خۆی رەتدەکاتەوە) ئەمەش داکۆکی کردنەکەیە:

١- من مەنجەڵەکەم وەرنەگرتووە.

٢- کاتێك وەرم گرت خۆی کون بوو.

٣- پاشان من بەساغی گەڕاندمەوە..... هتد.

لەکاتێکدا کە (یونسکو) شانۆیی (گۆرانی بێژە کەچەڵەکە)ی پێشکەش کرد یەکێك لەرەخنەگرەکان تووڕە دەبێت کە لەو شانۆگەرییەدا نەك گۆرانی بێژی کەچەڵ نییە/ بەڵکو هەر کەچەڵیش نەبوو..

ئەم رێگایانە زۆر کاریگەرەو چالاکییەکی زۆر دەبەخشێتە ئەو شانۆیەی کە بەکاری دەبات. هەروەها پاڵنەرێکیشە بۆ پرسیارکردن سەبارەت بەو زمانەی کە بەکاری دەبەین، چونکە کاریگەرییەکی رەخنەگرانەی هەیە.

بەڵام لەکوێدا مەسەلەکان ئاسان دەبنەوە، لە دارمانی زماندا چونکە کە دەست پێدەکات ئەوا هیچ شتێك ناتوانێت رایبگرێت.. تێکشاندنی زمان بەرەو ناماقووڵی مرۆڤ کێشمان دەکات، کێشەکەش لەوەدا نییە کە ئەم حاڵەتە ئەبسۆردە (لەئێمەوە دەردەچێت، ئەمەش دادێکی ئاکارییە) بەڵکو مەسەلەکە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئێمە ناتوانین زۆر داکۆکی لەم حاڵەتە ناماقووڵە بکەین: چونکە مرۆڤ قەدەری ئەوەیە کە گوزارشت لەشتێك بکات هاوکات داوا لەپێشڕەویش دەکرێت کە بەرهەم هێنی مانابێت لەزماندا یان بەتەواوی نەمێنێت.

لەراستیشدا گەر بمانەوێ بەووردی بدوێین: کۆتایی هەموو دارمانێکی پەیڤاندن تەنها بێدەنگییە. چونکە پەیڤاندن چەندە ئاژاوەچی بێت، بەڵام ناتوانێت دوژمنی خۆی بێت.

رامبۆو مالارمێی شاعیریش زۆر بەووردی لەم لۆجیکە نیگەرانە تێگەیشتوون، هەر لەبەر ئەمەشە دەبینین هەریەکێکیان بەرێگای خۆی بێدەنگی دەکەنە کۆتایی ترۆپکی پەیڤاندنی شیعریان.

هەموو نووسەرەکانی پێشڕەویش لەفەرەنسا لەو بانگەوازە تێگەیشتوون کە لەم جیاوازبوونەدا هەیە، یان لەم خۆکوشتنەدا لەئارادایە.

دەقی شانۆیی (کورسی‌یەکان)ی یونسکو گوزارشت کردنێکە لەچاوەڕوانی‌یەکی درێژ خایەن لەڕێگایەوە ئاگادار دەکرێینەوە کە نامەیەك هەیە وەلەو ساتەوەختەدا کەوادەی گفتوگۆ دێت لەسەر خاوەن نامەکە دەردەکەوێت کە خاوەنەکەی لاڵە: لێرەدا ئیدی تاریکی شانۆ دەتەنێت.

بەم شێوازە شانۆی پێشڕەو شانۆیەکی دروستکراوە چونکە دەیەوێت مانای بێدەنگی بەرهەم بهێنێت، ناشتوانێت ئەم کارە بکات بەڕێگای پەیڤ نەبێت، واتە بەدواخستنی بێدەنگی، کەواتە ئەم شانۆیە حەقیقی نابێت تەنها لەساتەوەختی بێدەنگی‌دا نەبێت.

ئەم جیاوازبوونەش لەخودی ئەم شانۆیەدا، لەپاڵ گۆڕاندنی وەرگرو پێشکەوتنی نووسەرانی‌دا مانای تەقینەوەی (پێشڕەوایەتی) بەرهەم دەهێنێت. وەرگرەکانی ئەم شانۆیە بەشێوازێکی بەرچاو زۆر بوون، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەبێت تێکستەکانی شانۆی پێشڕەو مل کەچی ئارەزووەکانی ئەو وەرگرە بێت کە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، لەنەگۆڕی تێکستەکاندا ئەوا ئەکتەرو پرۆسەی دەرهێنان گۆڕاندنیان بەسەردا دێت‌و دەگونجێن بەڕێگایەك لەڕێگاکان.. جا ئەگەر ئەو ڕێگایانە هۆشیارانە بێت یان لەناهوشیاری‌دا بێت بۆ ڕازیکردنی داواکاری‌یەکانی وەرگری نوێ.

ئەو گۆڕانکارییانەی کەباس کران زۆر خێرا دەبێت، بەنموونە (یونسکو)ی نووسەر تاماوەیەکی زۆریش نووسەرێکی ئاسایی‌یەو دەقە نمایشکراوەکانی بۆ چەند کەسێکی تایبەت پێشکەش دەکرا، بەڵام لەگەڵ یەکەم هەنگاوی ڕەخنەگرو نووسەری شانۆیی (ژان ئانۆی) لەرۆژنامەی (فیگارو لیتر) بەنووسینێك سەبارەت بە یونسکۆ کە تیایدا پشتگیری لێدەکات بۆرژوازیەت باوەش بۆ ئەم نووسەرە نەناسراوە دەکاتەوەو بارودۆخ‌و سروشتی شانۆکەش دەگۆڕێت‌و بۆرژوازیەت ئەم شانۆیەش بۆ خۆی بەرنەمان دەخات، بەم شێوازەش (یونسکو) لەدوای نمایش کردنی لەشانۆی فەرەنسی‌دا چیدی نوسەرێکی پێشڕەو نی‌یە.

نووسەرەکان بەسروشتی خۆیان ناتوانن لەشانۆی ڕەتکردنەوەدا زەمەنێکی زۆر بمێننەوە چونکە ئەوان بەپێی ڕۆژ بوون‌و ژمارەی خوێنەریان گەورە دەبن یان بەرەو شانۆیەك دەچن کەخەونە مرۆیی‌یەکانی لەئامێز گرتوە وەك لەدوا (تێکستەکانی یونسکۆ)دا یان ڕۆیشتن دەبێت بەرەو شانۆیەکی ڕامیاری وەك لەتێکستەکانی (ئەدامۆف)دا یان لەبێدەنگی‌دا وەك لای (ساموێل بیکیت).زۆر بەسادەیی ئەوان لە (پێشڕەوایەتی) دوور دەکەونەوە بەبێ ئەوەی بتوانین لەئێستادا هەست بەبوونی بزوتنەوەیەکی تر بکەین کە شوێنیان بگرێتەوە.

هەموو وەرزێکی زستانی لە (پاریس) چەند نمایشێك پێشکەش دەکرێت بەڵام ئەم نمایشانە هیچ نی‌یە تەنها دووبارە بوونەوەی شێوازێکی کۆن‌و سەلەفی نەبێت.

لەم دەروازەیەدا پرسیارێك لەدایك دەبێت، ئەویش ئەوەیە: ئەی ئەنجامی ئەمە چی‌یە؟ بێ گومان ئیجابیە.. چونکە ئەو شانۆیەی کە باسکرا (پێشڕەو) هەڵگری ئازادی‌یەکی زۆر بوو بۆ شانۆی فەرەنسی، ئازادی لەتەکنیك‌و لەزماندا.

ئەگەر هەموو ئەو وانە جوانانەش لەیاد بکەین کە ئەم شانۆیە پێشکەشی کردوون، وە واپێویست بێت لەسەر دراما کە بگەڕێتەوەو مەرایی بۆ شانۆی تەقلیدی بکات، ئەوا مەسەلەکە زۆر ئازار بەخشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاواتمان ئەوەیە کە شانۆی نوێ بزانێت چۆن لەزمانەوانی نوێی خۆی‌دا بیرکردنەوەی نوێ هەڵدەگرێت، هەروەها ئازادبوونی زمانی شانۆش هاوکات بێت لەگەڵ بیرکردنەوەو ڕامان لەجیهانی ڕیالیستیمان نەك لەجیهانێکی بێهودە..

شانۆنامە

# لەخاچ دانەوەی مەسیح



رۆمانی نیکۆس کازانتزاکی

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی



(شەو باڵی تاریکی بەسەر دێی لیکۆفریسی) دا دەکێشێ، جەژنی قیامەت، گۆڕەپانی دێیەکەیە، لای چەپی شانۆوە ڕێگایەک هەیە ڕەوەو کێوی ساراکینا دەچێت، لای ڕاستەوە ڕێگایەک بۆ ئەو لەوەڕگایانەی مانۆلیی لێیە .بەرامبەر بینەران ماڵی ئاغا دیارە.. بالکۆنێکی فراوانی هەیە، لەم لایەوە کەنیسەکەیەو بەتاجە گوڵینە ڕازێنراوەتەوە، لای کەنیسەکەشەوە ماڵی (باباگریگوری) یە. لەو بەریشەوە ماڵی یەکێک لە پیاو ماقوڵانی دێ کە (بەتریارخس) ە، دیارەو هەروەها خانووە بچووکەکەی (کاترینا) ش دەبینن کە هەژاریی پێوە دیارە، چەند ڕێگایەک هەن بەرەو دێکە دێن، لە پێشەوەی شانۆشدا چایخانە (قاوەخانە) بچووکەکەی (کۆستاندی) دەبینین کە کورسیە دارەکانی تێدا پەرش و بڵاو دانراون. مۆسیقایەکی خۆرهەڵاتیمان دێتە گوێ، دوو پیرەمێردەکە پێدەکەنن لە کەنیسەکەوە دێنە دەرێ.. هەروەها چەند پیرەژنێک و دوو منداڵی دیش، گەورەکان نیشانەی خاچ دەکێشن و دەڵێن: (مەسیح لەناو مردووانـدا هەڵسایەوە)، پیرەژنەکان بەرەو دێکە دەڕۆن. دوو پیرەمێردەکە ڕووەو قاوەخانەکە دەچن و هەر یەکەیان و گۆچانێکی پێیە، دوو منداڵەکە شەڕە هێلکە دەکەن و قاقا پێدەکەنن و پاشان بە دوای یەکدا ڕادەکەن و دیار نامێنن. "ماریۆری" لە ماڵی (بابا گریگۆری) دێتە دەرێ و گوڵی ناو ئینجانەکان ئاو دەدات، بانایۆتارۆس دێتە گۆڕەپانەکە، سیمای بیرکردنەوەی پێوە دیارەو هەنگاوی هێواش دەنێت، کۆستاندی لە قاوەخانەکە کورسیەکان پاک دەکاتەوەو مێزەکان ڕێک دەخات، کاترینا پەنجەرەکەی دەکاتەوەو بۆ چەند لاوێک کە دێن و تەماشای دەکەن پێدەکەنێ، گوڵێک لێدەکاتەوەو بۆنی دەکات، لاوەکان پێدەکەنن و لەبەردەم ماڵی قەشەدا کۆدەبنەوەو بە چرپە لەگەڵ یەکدا دەدوێن. چەند کەسانێکی دی خەڵکی دێ دێن و لە بەردەم ماڵی قەشەکە گرد دەبنەوە.. بەدەم هاواری (مەسیح لەناو مردواندا هەڵسایەوە) وە سڵاوی یەکدی دەسەننەوە. ئاغا بە لووت بەرزییەوە دێتە بانێژەکەو پێکێکی بە دەستەوەیە، بە دەم پێکهەڵدانەوەو بۆ خۆ بە گەورە زانین و ڕەزامەندییەوە تەماشای ئەملاو لا دەکات، (یۆسۆفاکی) ی غولام کە گۆزەی بادەی هەڵگرتووە دێتە بانێژەکەو پەرداغەکەی ئاغا پڕ دەکا، ئاغا باوەش بە غولامەکەدا دەکات و پاشان دەخواتەوە.. لەبانێژەکەوە دەڕوانێتە ئەملاو لا و ڕووی گەشاوەتەوەو وا پێدەچێت خەون ببینێ.

**ئاغا:** - ئەم جیهانە شتێکی زۆر رێک و پێک و بێ کەم و کوڕییە، کە پیاو دێتە دنیاوە دەبینێ هەموو شتێکی لەبەردەمدایە.. نان و گۆشت و تەماتەو برنج و... کە تینووشی بوو شەرابی پیرۆز هەیە تا تینوێتیەکەی پێ بشکێنێ.. مەی.. ئەگەر ماندوش بووین ئەوا خوا خەوی پێبەخشیوین.. خۆ گەر تووڕەییش دایگرتین ئەوا خوا قامچی و پشتی یۆنانیەکانی پێمان داوە.. کاتێکیش دڵمان تەنگ دەبێ، گۆرانی هێمن هەیە.. بۆ ئەوانەش کە دەیانەوێ خەم و خەفەتی ئەم دنیایەیان لەبیر بچێتەوە خوا یوسوفاکیی خوڵقاندووە (بەیەک بین پێکەکە هەڵدەدات، یوسوفاکی بۆی پردەکاتەوە) خوا زۆر گەورەیە.. هونەرمەندێکی مەزنە.. چۆن بە بیری داهاتووە شەراب و یوسوفاکی بخوڵقێنێت؟ (پێدەکەنێ) بەڵێ، خوا هەموو شتێکی بێ کەم و کوڕی خوڵقاندووە، ئەوەتانێ منی ناردووە بۆ پارێزگاری کردنی ئەم دێهاتە پیرۆزە؛(لیکۆفریسی)، شوێنێکی خۆشە، زەویەکەی بە پیتەو دانیشتووەکانی خەڵکێکی باشن، کۆمەڵێ فریشتەی خێخوازو ئیشکەرن وا ئیمسالیش بە بۆنەی جەژنی قیامەتەوە گەنجینەکانمیان پڕ کردووە لە دیاری..نانی کونجی.. کولێرە.. هێلکە.. خوا بیانپارێزێ.. کە لەدەوری خۆم دەیانبینم دەست بە بەختەوەری دەکەم.. من شوانی ئەوانم و ئەوانیش مەڕە قەڵەواکانمن (دەخواتەوە) دەی.. یوسوفاکی.. گۆرانی‌یەکم بۆ بڵێ منیش بەرەکەتی خۆمت پێ دەبەخشم.. ئەو گۆرانی‌یەم بۆ بڵێ کە حەزم لێیەتی.. ئەگینا دڵم دەتەقێ.

**دیمتری:** - ئاغا دڵی خۆشە.. ئەمڕۆ ڕۆژێکە لە ڕۆژە خۆشەکانی.

**کۆستاندی:** - هۆی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ شەرابەکە.

**دیمتری:** - نەخێر.. دەگەڕێتەوە بۆ غوڵامەکەی.

**کۆستاندی:** - دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چارەنووسە کوێرەی ئەوی کردووە بە ئاغاو ئێمەش بەکۆیلە.

(نوێژکەرەکان لە کەنیسەکە دێنە دەرێ و دەڵێن "مەسیح لەناو مردووواندا هەڵسایەوە" و یەکدی ماچ دەکەن)

**ئاغا:** - ئادەی مەیتەر، فوو بە شەیپوورەکەدا بکە تا خەڵکی بێدەنگ بن و گوێ بۆ گۆرانی‌یەکەی یوسوفاکی رادێرن.

(مەیتەر فوو بە شەیپوورەکەدا دەکات، خەڵکی دێ بێدەنگ دەبن. یوسوفاکیی غوڵام دەست دەخاتە بنا گوێی و دەست بە گۆرانی وتن دەکات.. کاپتن و بەڕێوەبەری قوتابخانە لە ماڵی بابا گریگوری دێنە دەرێ، هەندێ لە خەڵکی دێ بەرەو ڕوویان دەچن و قسەیان لەگەڵ دەکەن و سەریان بۆ دەلەقێنن، بەڵام ئەوان پشت گوێیان دەخەن و ڕووەو قاوەخانەکە دەڕۆن و هەندێکیان دوایان دەکەون.

ئاغا وردە وردە خەو دەچێتە چاوەکانی و شەرابەکەو گۆرانییەکەش پتر یارمەتی خەولێخستنی دەدەن.. چاوەکانی دەنوقێنن و کاتێک گۆرانیەکە تەواو دەبێت خۆ بەسەر باڵکۆنەکەدا دەدات و خەوێکی قووڵی لێ دەکەوێ، مەیتەرەکە فوو بە شەیپوورەکەدا دەکات ئاغا لە خەوەکەی ڕادەپەڕێ)

**ئاغا:** - خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ یوسافاکی گۆرانییەکەت منی خستە خەونێکی خۆشەوە، ئادەی مەیتەر یارمەتیم بدە هەڵسم و بچم بنووم، دوای ئەوەش بچۆ شەرابی ترم بۆ بێنە.

(مەیتەرەکەو یوسوفاکی هەڵی دەسێنن و دەیبەن)

**دیمتری:** - نەفرەتی خوا لەو ڕۆژەی کەوتینە ژێر دەسەڵاتی تورکەوە.

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە:- (لەگەڵ کاپتنەکەدا لە قاوەخانەکە دادەنیشن)

برایان مەسیح لەناو مردووواندا هەڵسایەوە.. هەروەها نیشتیمانیش زیندوو دەبێتەوەو هەڵدەستێتەوە.

**ماریوری:** - (لە پەنجەرەکەوە دەردەکەوێ، لەوە دەچێ نەخۆش بێت و بیەوێ و هەناسەی پاک هەڵمژێ، بە دەنگێکی لاواز دەڵێت)برایان _ مەسیح لەناو مردووواندا هەڵسایەوە.

بەڕێوەبەری قوتابخانە:- مەسیح لەناو مردووواندا هەڵسایەوە..

ماریۆریی ئازیزم.. ئێستا تەندروستیت چۆنە؟

**ماریوری:** - باشترم.. تۆزێک باشترم مامە.. مایکل هەر لە کەنیسەکەیە؟

**بەڕێوەبەر:** - بەڵێ.. دەسگیرانەکەت ئێستا دێ.. کتوپڕییەکی خۆشم بۆی پێیە.. دەیبینیت.

**ماریوری:** - کەواتە دەچم تۆزێک خۆم ڕێک دەخەم (دەچێتە ژووری)

**بەڕێوەبەر:-** ئای ماریۆری بەسزمان.. دەیەوێ مایکل هەست بە ئازارەکانی نەکات.

**کۆستاندی:-** دەبوایە خوا بەرەکەتی بە کچی قەشەکەمان ببەخشیایە، کەچی ئەمەتا بە دەست نەخۆشیەوە دەناڵێنێ.

**بەڕێوەبەر:-** تۆ بڵێی بتوانێ شوو بکات؟

(کاترینا دێتە ژوورێ، بانایۆتارۆس دوای کەوتووەو دەیەوێ بیگرێت بەڵام ئەو بە توورەییەوە خۆی لە دەستی رزگار دەکات و دەچێتەوە ماڵی خۆی)

**کۆستاندی:-** بانایوپاروس ئەمرۆ لەگەڵ بێوەژنەکەدا شانسی نیە.

**دیمتری:-** بە درێژایی دوێنێ شەو لە بەردەمی ماڵەکەیدا وەستاوە.

**کۆستاندی:-** رۆژی وا هەیە دەرگای لێ دەکاتەوەو رۆژی واشە دەرگا لە کەسانی تر دەکاتەوە.

**بەڕێوەبەر:-** ئەوە شتێکی ناشرینە.. ئەو کابرایە ژنی هەیە.

**کاپتن:-** ئەی دەتەوێ شەو لە کوێ بەسەر بەرێت جەنابی بەڕێوەبەر؟ لە باخەڵی ژنەکەیدا..؟ (هەموو پێدەکەنن) هێی بانایۆتارۆس.. ژیان کورتە.. بەڵام مردن درێژخایەنە.

**بانایۆتارۆس:-** دیمتری.. قاوەیەکی بێ شەکرم بەرێ

**کاپتن:-** لەوەدەچێ میزاجی تەواو نەبێ.. بەهەرحاڵ کاترینا هەقی خۆیەتی هەندێ لە شەوەکانی بۆ پیاوانی تری تەرخان بکات.

(یاناکۆس خۆی و گوێدرێژەکەی نزیک دەبنەوە)

**یاناکۆس:-** هاوڕێیان مەسیح لەناو مردوواندا هەڵسایەوە

**بەڕێوەبەر:-** بەخێرهاتی یاناکۆس.

**دیمتری:-** مەسیح لەناو مردوواندا هەڵسایەوە.

**یاناکۆس:-** کەواتە بەڕێزان بۆ نواندنی "چیرۆکی ئازارەکانی مەسیح" بریاری چیتان دا؟

**بەڕێوەبەر:-** ئێستا دەیزانیت.. دانیشە.

**یاناکۆس:-** هەر ئێستا دێمەوە.. با بچم گوێ درێژەکەم بەستمەوە..

**کاپتن:** یاناکۆس.. ئێستا رۆژانی یەکشەممان و جەژنانیش لەگەڵ خۆتدا دەیگێرێت.

**یاناکۆس:-** ئێی کابتن.. ئەو بەسزمانەم هێناوەتە دەرەوە تا تۆزێک هەوا هەڵمژێ، سێ رۆژی جەژنە لە تەویلەکەدا بەندە.. ئاژەڵیش گیانی هەیە، تۆ باوەڕت بەوە نیە؟ بڕوابکە کابتن، لە ئادەمیزاد باشترن.. ئەوە لەمن زیاتر کەس شک ناباو منیش لەم دنیایەدا لەو زیاتر هیچی تر شک نابەم.

**کاپتن:-** دنیای هەست و سۆزی مرۆڤ گەلێ سەیرە.. هەیە گوێ درێژی خۆش دەوێ و هەشە بێوەژنی خۆش دەوێ.

**بەڕێوەبەر:-** وریابە کابتن.. ئەوە تۆ دەڵێی چی؟.. ئەوەی لەوێدا دانیشتووە حەز بەوجۆرە گاڵتانە ناکات.

(ئاماژە بۆ بانایۆتارۆس دەکات کە بە توورەییەوە دانیشتووە)

**یاناکۆس:-** (دێتەوە) نهێنییەکانتان لا دەدرکێنم بۆ ئەوەی پێبکەنن.

**بەڕێوەبەر:-** ئادەی ئەو نهێنییە چییە؟

**یاناکۆس:-** (بە دەنگێکی نزمەوە) بەڵام وریا بن نەگاتەوە ئاغا... ناوێکی خۆشم لە گوێ درێژەکەم ناوە.. کە بانگی دەکەم هەردوو گوێی قوت دەکاتەوە.

**بەڕێوەبەر:-** باشە - بابزانین ئەو ناوە چی یە؟

**یاناکۆس:-** یوسوفاکی

(تاوێک سەریان سوور دەمێنێ و ئینجا دەدەنە قاقای پێکەنین)

**کۆستاندی:-** وا قەشە هات.. با واز لە گاڵتەکردن بهێنین.

(بابا گریگۆری دێت.. بەتریارس و لاداسی پیرەمێردیش بەدوایەوەن)

**قەشە گریگوری:-** مەسیح لەناو مردوواندا هەڵسایەوە.. بەرەکەتی خۆمتان پێ دەبەخشم.. برایان ئەمە ڕۆژێکی پیرۆزە.. یەزدانیش دەمانبینێ و گوێی لێمانە.. ئەو قسانەی لێرەدا دەیانکەین، پێویستیم بەبەشداری ئێوە هەیە. تۆ بەتریارخسی بەڕێز هەوڵ بدە بۆ تەنها ساتێک ئەم دنیایە لەبیر خۆت بەریتەوە.. سەروەت و سامانێکی زۆرت لە زەوی و زارەکانتەوە دەست کەوتووە.. بەشی خۆت و کەس و کارت دەکات... لە بەشی خۆت زیاتر خواردووتەو خواردووتەوەو ڕات بواردووە.. هیچ نەبێت بۆ تەنها ساتێک با گیانت بچێتە سەروو ماددەوە.

تۆش ئەی لاداسی پیرەمێرد؛ با گیانت لەژێر زەمینە پڕ ڕۆن و شەرابەکانت دوور بکەوێتەوە.. با بۆ تاوێک گیانت لە ئاڵتوونە کەڵەکە کراوەکانی ناو گەنجینەکانت دوورە پەرێز بێت.. تۆش بڕام.. جەنابی بەڕێوەبەر، ئەو ئامۆژگاریانەت ناکەم.. چونکە تۆ بیرت بۆگەن نییەو لەو ئاستەدا نییە خۆی بە ژیانی ڕابواردن و ئاڵتوون و ئافرەتەوە خەریک بکات، ئەوەی تۆ بیری لێ دەکەیتەوە یەزدان و نیشتیمانی یۆنانە. بەڵام تۆش ئەی جەنابی کابتن.. گوناهبارێکی چڵێسیت و تەنانەت دەریای ڕەشیش جێی گوناهەکانی تۆی تێدا نابێتەوە. ئەمڕۆ تۆزێک هەوڵ بدە ڕوو لەخوا بکەیت و یارمەتیمان بدەیت.

**کاپتن:-** بابا گریگۆری واز لە ڕابوردو بێنە... خوا خۆی داوەرە... ئەگەر شەرمیش لە ئارادا نەبووایە ئێمەش وەکو تۆ بەسەربەستیەوە قسەمان دەکرد ؛ وا بزانم شتی زۆریش هەن لە بارەی کەسی پیرۆزی بەڕێزتانەوە بوترێن.

**پەتریارخس:-** بابا.. فەرموو قسە بکە بەڵام لە سنووری خۆیدا.. ئەوەت لەبیرنەچێ، لەگەڵ کەسانێکی بەڕێزدا قسە دەکەیت.

**بابا گریگوری:-** من لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکی زەویدا دەدوێم.. خۆشم کرمێکم لەو کرمانە، کەواتە گوێم لێبگرن و قسەم پێ مەبڕن.. ئێمە بە پێی داب و نەریتی لیکوفریسی هەر حەوت ساڵ جارێک لەناو خەڵکی دێکەماندا شەش پیاوو ئافرەتێک هەڵدەبژێرین بۆ ئەوەی لە هەفتەی پیرۆزی ساڵی ئایندەدا بە گیان و جەستە چیرۆکی ئازارەکانی مەسیحمان بۆ بگێڕنەوە، ئێمەش بۆ جەژنی قیامەتی داهاتوو چەند هاونیشتیمانیەکمان دیاری کردووە کە بە شایستەمان زانیون تاوەکو دەوری سێ پێغەمبەرەکە واتە پەتروس و یەعقوب و یوحەنناو هەروەها یەهوودای ئەسخەریوتی و مریەمی گوناهبارو هەروەها _ خوایە بمانبەخشێ _ ئەوەی کە پێویستە یەک ساڵی ڕەبەق بێگەردی و دڵپاکیی خۆی بپارێزێت تا شایستەی ئەوە بێت کە ببێ بە مەسیحی ڕاستەقینەی لە خاچ دراو.

**بەڕێوەبەر:-** باو باپیرانمان ئەمەیان ناونابوو نهێنییە کەنیسەییەکان، ڕۆژانی یەکشەممان لە دالانی کەنیسەکەدا دەستیان بە پێشکەشکردنی دەکردو لە ڕۆژی شەممەی پیرۆزداو لە نیوەشەودا لە گۆڕەپانەکە کاتێک مەسیح لەناو مردوواندا زیندوو دەبێتەوە کۆتایی دەهات.. بێ باوەڕەکان ئەو چیرۆکەیان بە شانۆ و یاریی سێرک دەگێڕایەوە بەڵام.. مەسیحیەکان بەم شێوەیە...

**بابا گریگوری:-** برام هەموو ئەو شتانە دەزانین.. ئێرەش قوتابخانەکەت نییە.. بهێڵە با قسەکانم تەواو بکەم.. بە پشتیوانی خوا بە چاوی خۆمان ئازارەکانی ڕزگارکەر دەبینین.. ئادەی کۆستاندی نزیک بەرەوە..

**کۆستاندی:-** (دەشلەژێت) من؟ جا من چیم لە توانادایە بیکەم؟

**بابا گریگوری:-** کوستاندی.. تۆمان هەڵبژاردووە ببی بە یەعقوبی پەیامبەر.. هاوڕێکەی مەسیح.. گەرچی ئەرکێکی گرانە، بەڵام دەبێ بە شانازییەوە بگریتە ئەستۆی خۆت.. کوستاندی دەبێ لەمڕۆوە ببیتە پیاوێکی تر، جۆ مەکەرە قاوەکەتەوە، یان هیچ نەبێ کەمی کەرەوە... هەروەها ئەو شەرابەی لە بنی پەرداخەکاندا دەمێنێتەوە مەیفرۆشەرەوە..کڵۆ شەکرێک مەکە بە دوورکەرتەوەو هەر کەرتەی بە نرخی کڵۆیەکی ساغ مەفرۆشە.. لە ژنەکەشت مەدە.

**کۆستاندی:-** بابا گریگوری من لە ژنەکەم نادەم.. ئەو لەمن دەدات (هەموو پێدەکەنن).

**بابا گریگوری:-** بەهەر حاڵ، تۆ لەمڕۆوە هەر کوستاندی نیت.. بەڵکو یەعقوبی قددیسیشیت.. تێگەیشتیت؟ بڵێ؛ بەڵێ تێگەیشتم.

**کۆستاندی:**- بەڵێ تێگەیشتم.

**بابا گریگوری:** ئێستاش تۆ یاناکۆس.. نزیکە بەرەوە.. بۆ دەورێکی گەورە هەڵبژێرراویت.. دەبێ دەوری پەترۆسی قددیسیمان بۆ ببینیت.. ئەوەش پێویستی بەوە هەیە ئینجیل بخوێنیتەوە.. باشە تۆزێک خوێندەواری دەزانیت. یاناکۆس سەرێکی ناشیرینت پێوەیە لە سەری بەراز دەچێت، بەڵام دڵت پاکەو مرۆڤێکی چاکیت.. لەمەودوا لە تەرازووەکەتدا فێڵ مەکە.. پشیلە بە کەروێشک مەفرۆشە.. ئەو نامانەی دەتدەنێ تا بیانگەیەنیت مەیانکەرەوەو خۆت هەڵمەقورتێنەرە شتی خەڵکییەوە گوێت لێ بوو؟ بلێ: بەڵێ گوێم لێ بوو و بە قسەت دەکەم.

**یاناکۆس:**- بەڵێ گوێم لێ بوو و بە قسەت دەکەم

(یاناکۆس دەیەوێ بروات بەڵام دەگەڕێتەوە)

**بابا گریگوری:**-مایکل.. وەرە کوڕە خۆشەویستەکەم).

**یاناکۆس:**- (لەپردا) بوەستە بابا.. داوایەکم هەیە.. دەتوانم بیڵێم؟

**بابا گریگوری:**- بلێ بزانم چی یە؟

**یاناکۆس:**- وا بزانم ئەوە لە ئینجیلدا هاتووە کە لە ڕۆژی یەک شەممەی ئەو هەفتەیەدا مەسیح بە سواری گوێدرێژێکەوە دەچێتە ناو "ئۆر شەلیم" ئینجا ئەڵێم مادامەکی پێوستیمان بە گوێ درێژ دەبێت بە ئەو دەورە بە گوێدرێژەکەی من بدرێت.

**بابا گریگوری:**- باشە با وابێ " بەترۆس" با گوێدرێژەکەشت لە شانۆییەکەدا دەور ببینێت.

(هەموو پێدەکەنن.. مەیتەرەکە دەردەکەوێ و گوێ دەگرێت).

**یاناکۆس:**- سوپاس.. (بە شادیەوە بۆ لای گوێدرێژەکەی دەچێت، ماریوری و مایکل دەستیان لەناو دەستی یەکتردایە.. دێن)



**بابا گریگوری:**- ماریوری.. کچە خۆشەویستەکەم.. هەموومان بڕیاری ئەوەمان دا کە مایکلی داسگیرانت دەوری "یوحەننا" قوتابییە زرنگەکەی مەسیح ببینێت.. مایکل ئەمە شەرەفێکی گەورەیە بۆ خۆت و بۆ بەتریارخسی باوکیشت، تۆ بەسەر سنگی مەسیحدا دەنوشتێیتەوەو دەیلاوێنیتەوە.. تۆ تاوەکو دواساتی لە خاچدانی لە گەڵیدا دەمێنیتەوە.

**مایکل:**- ئەمە بۆ پیرۆزی ی تۆ دەگەڕێتەوە بابا... هیچ ئامۆژگاریەکتان هەیە بۆم؟

بابا گریگوری.. گیانی تۆ لە پاکژیدا لە کۆترێکی سپی دەچێت، تۆ کارێکی وا ناکەیت قددیسەکە شەرمت لێ بکا.. بەرەکەتی خۆمت پێ دەبەخشم (مایکل دەستی بابا ماچ دەکات دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی) ئێستاش خەڵکی دێ.. پێویستە بە هوودای ئەسخەریوتی بدۆزنەوە هەموو سەیری بانایۆتارۆس دەکەن) بانایۆتارۆس نزیک بەرەوە.. دەمەوێ داوای خزمەتێکت لێ بکەم.

**بانایۆتارۆس:**- نەخێر.

**بابا گریگوری:**- تۆ هەموو شتێک بە لنگەو قووچی لێک دەدەیتەوە. خۆ تۆ خۆت ناپاکی لەگەڵ مەسیحدا ناکەیت.. بەڵکو وا دەنوێنیت لە پێناوی ئەوەی جیهان ڕزگاری بێ دەبێ مەسیح لە خاچ بدرێ.. بۆ ئەوەی لە خاچیش بدرێ دەبێ خیانەتی لێ بکرێ.. کەواتە ئێمە پێویستمان بە یەهوودا هەیە.. لە قددیسەکان زاتر پێویستمان پێیەتی لە رووی گرنگییەوە لە دوای مەسیح ئەو دێت..

تێگەیشتیت؟

**بانایۆتارۆس:**- چاک تێ بگەن.. من نابم بە یەهودا

**پەتریارخس:**- ئای لەم کەللەرەقییە.. نەفرەتی دۆزەخت لێ بێت.

**بەڕێوەبەر:**- بانایۆتارۆس ئەم چاکەیە بکە.. ببە بە یەهوودا.. ناوت نەمر دەبێ.

**کاپتن:**- دەی.. لاداسی پیرەمێردیش تکات لێ دەکات.. بۆ قەرزەکانیش پەلەت لێ ناکات و واز لە سووەکانیشی دەهێنێت.

**لاداس:**- کابتن ئەگەر دەتەوێ نێوانمان تێک نەچێت خۆت هەڵمەقورتێنەرە ئیشی خەڵکییەوە.. بانایۆتـارۆس خـوا چی بخاتە دڵییەوە ئەوە دەکات ؛ بەڵام هەر چۆنێک بێ من دەسبەرداری سووەکانم نابم.
(مانۆلی لەگەڵ لینیۆدا دێنە گۆرەپانەکەو بە نزمی لەگەڵ یەکدا دەدوێن)

**کاپتن:**- سوێند بێ بە بیرو باوەڕم دەبووایە دەوری "قیافا"یان بدایە بـە تـۆ.. هـەر شایسـتەی تۆیـە.. دەقـاودەقی قیافای نەفرەتیت.

**لاداس:**- (بە هەڵچوونەوە ؛ ڕووی دەمی لە بابا گریگوری یە) بابا گریگوری بێدەنگی کە ئەگینا دەڕۆم.. پێم دەڵـێ قیافا..

**کاپتن:**- بابا.. وێنەی قیافا لە تابلۆکانی ناو کەنیسەکاندا چۆن دەکێشن؟

بابا گریکۆری:- پێستی بە ئیسـکییەوە نووسـاوە.. هـەردوو ڕوومـەتی بـە قـولا چـوون.. دەچێتـەوە سـەر لاداسـی پیرەمێرد.

**کـاپتن:**- سمێڵیشی لـەملاو لاوە ڕووتـابووەوە.. پـەرداخێک ئـاو چیـە نـەیدەدا بـە سـواڵکەرێک.. پێڵاوەکانیشـی دەخستە بن هەنگڵییەوە تا کۆن نەبن.

**لاداس:**- بەدوا قیافایەکی تردا بگەڕێن.. ئەوە قسەی منە (دەیەوێ بڕوات).

**بابا:**- لاداسی پیرەمێرد (لاداس دەوەستێت) بمێنەرەوە.. ئێستاش.. کوا مانۆلی؟

**پەتریارخس:**- شوانی مەڕەکانم نەهاتووە؟

**کۆستاندی:**- ئەوەتانێ لەگەڵ لینیۆی زرکچتایە  ئەمەش دوو دەسگیرانی تر.

**دیمیتری:**- (بانگی دەکات) مانۆلی.

**مانۆلی:**- (بەسەر سوڕمانەو ئاوڕ دەداتەوە)

**پەتریارخس:**- مانۆلی.. وەرە.

**بابا گریگوری:**- وەرە ڕۆڵە..وەرە با بەرەکەتی خۆمت پێ ببەخشم (مانۆلی بە ڕێزەوە دەستی قەشە ماچ دەکات) مانۆلی تۆمان هە ڵبژاردووە تادژوارترین ئەرک لە ئەستۆی خۆت بگریـت..خـوا تـۆی هـەڵبژاردووە تـا بـە دەنگ و فرمێسک و جەستەتەوە ئەوە هەڵبگریت کە لە ئینجیلی پـیرۆزدا نووسـراوەتەوە.. تـاجی دڕک دەکرێتە سەر نەوچەوانت.. بە قامچی لێدەدرێیت.... بۆیە لەم ڕۆوە تا دوا هەفتە.. واتە بە درێژایی ئەم ساڵ دەبێ بیر لـە هیـچ نەکەیتـەوە تـەنها شـتێک نـەبێ ؛ ئـەوەیش ئەوەیـە:- چۆن وا لـە خـۆم بکـەم شایستەی هەڵگرتنی ئەو قورساییە بم.. قورسایی خاچ؛ 

**مانۆلی:**- بەڵام من شایستەی ئەوە نیم.

**بابا:**- کەس نی یە شایستەی ئەوە بێت.. بەڵام یەزدان تۆی هەڵبژاردووە.

**مانۆلی:**- من شایانی ئەوە نیـم بـەو کـارە هەڵسم.. دەسـتم لـە ئافرەتـەوە داوەو پـاش چـەند ڕۆژێکـی تریش ژن دەهێنم، گوناهـ لە بیرمدا هەیە.. من چۆن دەتوانم بەو ئەرکە سەنگینە هەڵسم کە مەسیح لـە ئەسـتۆی خۆی گرت؟

**بابا:**- نابێ دژ بە خواستی یەزدان بوەستیتەوە.. ڕاستە تۆ.. لە ئاستی ئەو ئەرکەدا نیت، بەڵام یـەزدان بەبـەزەیی خۆیەوە چاوپۆشی دەکات و هەڵدەبژێرێ.. تۆش دەبێ گوێ ڕایەڵ بیت.

**مانۆلی:**- کەواتە با بەخواستی یەزدان بێت.

**پەتریارخس:**- (وەکویەکێک بارێکی گرانی لە کۆڵ بوویێتەوە) سوپاس بۆ ئاسمـان..ئـەو دەورەشمـان بـە کەسـی خۆی سپارد.

**بابا:**- ئێستاش با سێ پەیامبەرەکە بێنە پێشی.. تۆش بانایۆتـارۆس..وەرە کەللەڕەقی مەکـە _ کـەس نـاتخوات (هەر چواریان لە قەشە نزیـک دەبنـەوە.. بەرەکـەتی خـۆی پێیـان دەبەخشـێ) بـا گیـانی قدیسـەکان دابەزێتە ناو گیانتانەوە.. دڵی ئێوەش تەنانەت گەر وەکو بەردیش ڕەق بن با بکرێنەوە.. هـەروەکو ئـەو خونچانەی کاتێ سروەی بـەهار لێیـان دەدات توێکڵـەکانی خۆیـان دەشـکێنن و سـەردەردەهێنن، دەبـا موعجیزەکە بێتە دی.. دوای ساڵێکی دی و لە هەفتەی پێش جەژنی قیامەتدا فەلەکان هـاوار دەکـەن:-

ئەمە یاناکوس نییە.. ئەمە کۆستاندی نییە ئەمەش مایکل نییە.. بەڵکو پەترۆس و یەعقوب و یۆحەننان، کاتێکیش دەبینن تاجە درکەکە لەسەر ناوچاوانێتی و ڕێی خۆی بەرەو " جەلجەتە " تەی دەکا ترس دایان دەگرێ.. دەبا سەر لە نوێ زەوی بلەرزێتەوەو خۆر چارشێو بە رووی خۆیدا بات و پەیکەری ناو دڵی خەڵکی بشکێ و چاوانیان کە فرمێسک شۆردوونی بکرێتەوەو بزانن کە هەموو برای یەکین.. دەبا کوڕی یەزدان نەک لە ناو حەساری کەنیسەکەدا دەبا لەناو دڵماندا زیندوو بێتەوەو با بەم جۆرە موعجیزەکە بێتەدی.

**هەموو:-** با بەم جۆرە موعجیزەکە بێتە دی.

بانا یوتاروس:- (پەستی دایگرتووە) بابا گریگوری.. من دەتوانم بڕۆم؟

**بابا:-** بەڵێ هەمووتان دەتوانن بڕۆن.. پێویستمان پێتان نەما.

(بانایۆتارۆس بە پەلە دەڕوات.. بەر لەوەی ببینێت کاترینا پەنجەرەکەی خۆی دادەخات.. پەیامبەرەکان و مانولی دوور دەکەونەوە).

**پەتریارخس:-** بابا.. هەموو شتێک بە ڕێک و پێکی چووە سەر.

**لاداس:-** باشە.. کەواتە منیش با بڕۆم.. دەچم کێڵگەکانم ئاو دەدەم.

دە بێ بیر لە کاروبارمان بکەینەوە.

**کاپتن:-** (بە ڕاچڵەکینەوە) ئۆ و...

**بابا:-** چی رووی داوە کاپتن؟

**کاپتن:-** شتێکمان لەبیرچوو... مریەمی مەجدەلیمان هەڵنەبژارد.

**پەتریارخس:-** ڕاست دەکات.. باشە کێ ببێ بە مریەمی مەجدەلی؟

**لاداس:** چی.. چۆن نازانیت پەتریاخس.... بێگومان "کاترینا" ی بێوەژن.. ئەو نەفرەتیە هەموو سیفاتەکانی مریەمە مەجدەلی تێدایە.

**پەتریارخس:** ئەمە ڕاستە.. با ئەو ببێ بە مریەم.

**کاپتن:** بانگی بکەین؟

**پەتریارخس:** ئەو کارە بە من بسپێرن.. من قایلی دەکەم.

**گریگۆری:** جەناب ئەگەر نیازی شتێکت هەیە ئەوا بەر لەوەی ئەوەی پێ ڕابگەیەنیت بەجێی بهێنە ؛ ئەگینا دوای ئەوەی بوو بە مریەمی مەجدەلی ئەوە بە گوناهێکی گەورە دادەنرێت.

**کاپتن:** چاکت کرد ئاگادارت کردەوە.. ئەگینا بەلایەوە ئاساییە شەوی جەژنی قیامەتیش بچێتە لای ئەو بێوەژنە.

**پەتریارخس:** ئێمە لە تۆ ناچین کاپتن.. دێیت بچین نان بخۆین؟

**کاپتن:** ڕاستییەکەی لەزەت لە خواردنی تۆ نابینم.. تۆ هەر دەخۆیت و قومێک ناخۆیتەوە..دەچم لای ئاغا نان دەخۆم.. ئێستا چاوەڕێم دەکات..هەست دەکەم هەردووکمان بابەتێکین.. یەکی گۆزەیەکی تەواو هەڵدەقوڕێنین.

**لاداس:** منیش دواکەوتم.. دەبێ بچم کێڵگەکانم ئاو بدەم..خواحافیز (خێرا دەڕوات).

**کاپتن:** ئای لەم پیسکەی چەپەڵە! نەفرەتی خوامان لێ بێت، ئەو شتانە پێویستییان بە دڵی پاک هەیە، ئێمەش لە خەڵکی (سدووم و عمورە) دەچین.

(پیاوماقوولان دەچنەوە بۆ ماڵی خۆیان.. ڕۆشنایی کز دەبێت.. کاپتن دەڕوات و لە دەرگای ماڵی ئاغا دەدات)

هێی مارتا.. ئەو دەرگایە بکەرەوە.. منم

(ئافرەتێکی پشت کۆم کە مارتای کارەکەری ئاغایە دەرگاکە دەکاتەوە)

**مارتا:** هەمدیسان تۆیت کاپتن.. ئەگەر باوەڕت بە مەسیح هەیە بەو سوێندت دەدەم ئەوەندە مەخۆنەوە بەدمەست بن.. خۆم خەفەتم کەم نییە.

**کاپتن:** نا دڵنیابە مارتا.. ئەی ئافرەتە دڵپاشەکە.. هیچ مەترسە.. بەدەمەست نابین.. خۆ ئەگەر بەدەمەستیش بووین ئەوا نارشێینەوە.. خۆ ئەگەریش ڕشاینەوە ئەوا تەشتەکە بێنەو ئەە...

(بە قاقای پێکەنینەوە دەچێتە ژووری، مارتا بە دوایدا دەچێتە ژووری)

(چوار پەیامبەرەکە لە لایەکەوە کۆ بوونەتەوە.. بێ دەنگی)

**کۆستاندی:** بابا گریگۆری ئەرکێکی سەختی بە ئێمە سپاردووە..جاری پێشووت دێتەوە یاد؟ مامۆستا خرالامبیس دەوری مەسیحی بینی.. کابرایەکی خاوەن خێزان و هێمن و سەنگین بوو، بەڵام بۆ ئەوەی شایستەی هەڵگرتنی خاچەکە بێت ئەوەندە خۆی ماندوو کرد تا مێشکی تێک چوو.. ئەوە بوو ڕۆژی هەینی خاچەکەی هەڵگرت و ڕووەو دەیری "ترییبزۆندە" ملی ڕێگای گرت و وازی لە ژن و منداڵەکانی هێنا.. مامۆستا خرالامبیست دێتەوە یاد مانۆلی؟

(مانۆلی وەڵام ناداتەوەو بێدەنگە)

**مایکل:** باشە تۆ بڵێی ئێمەش وامان لێ بێت؟

**یاناکۆس:** چوزانم! ئینسان ئامێرێکی وردو هەستیارە.. کۆستاندی تۆ ڕاست دەکەیت.. کارێکی سەختە.. بابا گریگۆری وادەزانێ شتەکە زۆر ئاسانە.. لە تەرازووەکەتدا فێڵ مەکە.. نامەکان مەکەرەوە.. باشە ئەگەر لە تەرازووەکەتدا فێڵ نەکەیت، چۆن پارە بەیەکەوە دەنێیت و تا وەکوو خەڵکی ببی بە پیاو؟ ئەی باشە کاتێ بێزار دەبم نامەکان نەکەمەوەو نەیان خوێنمەوە چی بکەم؟..لە هەموو دونیادا ئەوەی هەمەو نیمە هەر ئەوەیە.. خۆم و گوێدرێژە بچکۆلەکەم.. دوای ئەوەی لە گەڕانی دێهاتەکان دێینەوە.. دەرگای ژوورەکە لەسەر خۆم دادەخەم و بە هەڵمی کترییەکە نامەکان دەکەمەوەو ئەوسا دەزانم ئەم پیاوە دەیەوێ چی بکات و ئەو ئافرەتە نیازی چی هەیەو ئینجا دایان دەخەمەوەو بۆ لای بەیانیش دەیانگەیێنمە شوێنی مەبەست.. ئێستاش قەشە بەوپەڕی ئاسانی یەوە پێم دەڵێ واز لەوانە بهێنم... وەک ئەوەی زۆر ئاسان بێ گورگ ببێ بەمەڕ.

**مایکل:** بەڵام بەمنی وت پێویست ناکا هیچ خوویەکی خۆم بگۆڕم.

**مانۆلی:** بەڵام کێ دەڵێ وا پێویست ناکات کە گۆڕانێک لە خۆتدا بەدی بهێنیت؟ بۆ نموونە تۆزێک خواردنت کەم بکەیتەوەو بیرێک لە برسیەکانی دێکەت بکەیتەوە.. ناوبەناو دەرگای گەنجینەکانی باوکت بۆ هەژاران بخەیتە سەرپشت.

**مایکل:**- ئەی ئەگەر باوکم پێی زانی؟

**مانۆلی:**- تەمەنت بووە بە بیست و پێنج و لە باوکت دەترسیت، خۆ تۆ منداڵ نیت.. پاشان مەسیح لە باوکت گەورەترە .. ئەو باوکی ڕاستەقینەیە.

**مایکل:**- (تۆزێک پێی ناخۆشە) مانۆلی.. ئەم شتانە لە کوێوە فێربوویت؟

مانولی:- زۆرجارگوێم لە بابا ماناسیس دەگرت.. ئەو ڕەبەنەی پەروەردەی کردم.. باسی ئەم شتانەی دەکرد..

ئەو شتانەی یەکەم جار پێیان ئاشنا بووم ژیانی پیاوە پیرۆزەکان و موعجیزەکان بوون.. کاتێک منداڵ بووم دەهاتنە خەونم.

**مایکل:**- بەڵام تۆ ئێستا شوانی ئێمەیت و لە لەوەڕگاکانی ئێمەدا کار دەکەیت.. ئەمەت لەبیر نەچێ..

**مانۆلی:** لە بیرم ناچێ..

**کۆستاندی:**- پێش هەموو شتێ پێویستە هەر یەکەو ئینجیلێک پەیدا بکەین.

**مایکل:**- ئێمە لە ماڵەوە ئینجیلێکی گەورەمان هەیە، ئەگەر حەز دەکەی هەموو یەکشەممەیەک لە ماڵی خۆمان کۆ دەبینەوەو پێکەوە دەیخوێنینەوە.

**مانۆلی:**- من پێویستم بە ئینجیلێکە لە شاخە کە هەمیشە لە گەڵمدا بێت.

**یاناکۆس:**- منیش، کە لەگەڵ یوسوفیاکی گوێ درێژمدا بۆ ئەو دێهاتە دەچین پێویستە ئینجیلێکی بچووکم پێ بێت.. کاتێک ماندوو دەبم لە ژێر سێبەری سنەوبەرێکدا دادەنیشم و دەیخوێنمەوە.. ڕەنگە بڵێن زۆری لێ تێناگەیت.. بەڵام شتێکی هەر لێ دەکرێنم.

**کۆستاندی:**- ئەوەی لە هەمووتان زیاتر پێویستی بە ئینجیل بێ منم.. کە ژنەکەم قیژە قیژ دەکات بە سەرماو منیش وا هەست دەکەم خەریکم تورە دەبم و هەڵدەچم ؛ لەو ساتانەدا ئینجیل دەکەمەوە بۆ ئەوەی هێمن ببمەوەو بە خۆم دەڵێم:- کۆستاندی.. ئازارەکانی تۆ لە چاو ئازارەکانی مەسیح چییە؟ یاناکۆس لێم مەگرە.. ئەگەر چی خوشکتە، بەڵام بروا بکە دەڵێی ژەهری کوشندەیە.. رۆژێکیان دەستی دایە ئەو مەنجەڵەی شۆربای پاقڵەی تێدا لێ نابوو بە دواما رای کردوو دەیویست قلپی بکاتەوە بە سەرمدا.. ئیتر چی دەکات با بیکات.

**یاناکۆس:**-کۆستاندی ئازیزم.. هەر پیاوەو ئافرەتێک دەبێ لە نسیبی.. ئیتر ئەوە بەشەکەی خۆتەو پێی قایل بە.

**کۆستاندی:** بەڵام هاورێیان من بە هەزار حاڵ دێرێکم بۆ دەخوێندرێتەوە.

**مانۆلی:** قددیسەکانیش کە سانێکی ساکار بوون و خوێندەواریان زۆر نەبوو.

**یاناکۆس:** - قددیس پەترۆس خوێندەواریی هەبوو؟

**مانۆلی:**- هەروەها لێی دەپرسین.. بزانین ئەو ماسییانەی راوی دەکردن دەیفرۆشتن یان بە هەژارانی دەدا.. لە تەرازووەکەدا فێڵی نەدەکرد.. بەڵام ئایا ماسییەکانی دەفرۆشت؟ یان بە دیاری دەیدا بە هەژاران؟

**مایکل:**- پێویستە ژیانی قددیسەکان بخوێنینەوە.

**مانۆلی:** نا.. تا دوایی سەرمان لێ ئەشێوێت و تووشی سەرسامی دەبین..من کە لە دەیر بووم ئەم کتێبانەم دەخوێندەوە.. ئەوەندەی نەمابوو شێت بم.. تووشی نەخۆشیی ترسناکی وەکو گولی دەبووم.... هەندێ جاریش بۆ ئەوەی گومرا بن ئافرەتی جوان دەچووە پێشچاویان.. نا.. چاکتر وایە هەر ئینجیل بخوێنینەوە(لە دەرەوە دەنگی حەشەماتێک دێتە گوێ.. هەروەها دەنگی نزای ئاینیی)

**کۆستاندی:**- ئای خوایە.. وەرن تەماشاکەن.. ئەو حەشاماتە چییە؟ لەوە دەچێ کەژاوە بێ (هەموو رووەو ئەوێ دەچن.. دەنگی حەشاماتەکە بەرزتر دەبێتەوە.. مانۆلی دەچێتە سەر شوێنێکی بەرز، حەشاماتەکە کە کۆمەڵێک پەنا هەندەن نزیک دەبنەوە.. بابا فۆتیس لە پێشیانەوەیەو ئینجیلێکی گەورەی بە دەستەوەیە (لۆقا) ش ئالایەکی بە دەستەوەیە، پیاوان و ئافرەتان بە دوایانەوەن هەروەها منداڵانیش، خەڵکی لیکوفریسی دێن و سەیریان دەکەن)

**یاناکۆس:**- ئەمانە کێن؟

**مایکل:**- ئەبێ لە کوێوە هاتبن؟

**دیمتری:**- خەڵکی لیکوفریسی.. وەرن.. کۆمەڵێک غەریب و روویان کردووەتە دێکەمان.

**ئافرەتێک:**- بۆچی بۆ ئێرە هاتوون؟

**مانۆلی:**- بۆ خاتری خوا بابا ئێوە لە کوێوە هاتوون؟

**بابا فۆتیس:**- برایانم مەترسن، ئێمە مەسیحین و لە خاکی خۆمان دەرکراوین.. ئێمەش وەکو ئێوە یۆنانین، پیرانی دێ بانگ بکەن.. زەنگ لێ بدەن.

(حەشامەتەکە ماندوون و دادەنیشن.. دەنگی هەنسک و گریانیان دێ.. زەنگ لێدەدرێ.. کاترینا دێت)

**کاترینا:**- بابا.. لە شوێنێکی دوورەوە هاتوون؟

بابا فۆتیس:- سێ مانگە بە رێوەین.. پیاو ماقووڵانی دێ کوان؟ قەشەکەتان کوا؟ مەسیحیەکتان تێدا نییە بچێت بانگیان بکات؟

**مانۆلی:**- بابا.. سەبرت هەبێ.. من دەچم (بە مایکل) مایکل بەڵکو بچیت باوکت بانگ بکەیت، ئێمە ش دەچین ئەوانی تر بانگ دەکەین.

(کۆستاندی دەچێت بۆ ماڵی لاداس، یاناکۆس بۆ ماڵی بەرێوەبەری قوتابخانە، مانۆلی دەیەوێ بروات.. دەبینێ کاترینا لەبەردەمیدایە.. زەنگەکە کۆتایی دێ.. مانۆلی بۆ ماڵی بابا گریگۆری دەچێت.. بابا فۆتیس بەناو پەناهەندەکاندا دەگەرێ و دڵنەوایان دەکاتەوە)

**بابا فۆتیس:**- (دەست بەسەری منالەکاندا دەهێنێت) رۆڵەکانم ورەتان بەرز بێت.. وا خەریکە ئەم عەزابەمان کۆتایی دێ.. وا خەریکە یەزدان لە مەرگ رزگارمان دەکات. لێرە لە ئاسایشدا دەبین زەمین

دەوڵەمەندەو هەر سەقامگیر دەبین.. رەگەزەکەمان نامرێت.. ئێمە گەلێکی نەمرین.. (ئاغا لە بانیژەکەدا دەردەکەوێت.. زۆر مەستە..)

**ئاغا:-** ئەمانە کێن؟ دەست و پێوەندەکانمن؟ بۆچی لێرەدا کۆبوونەتەوە.. شتێکی سەیرە.. تۆ لە کوێیت.. کابتن؟ وەرە پێم بڵێ چی ڕووی داوە؟ (کاپتنیش بە سەرخۆشییەوە دەردەکەوێ، سەری بە خاولیەکی تەڕ پۆشیوە) تەماشا بکە؟ ئەوانە چین؟

**کاپتن:-** ئەوانە خەڵکن.

**ئاغا:-** دەزانم خەڵکن.. بەڵام چییان دەوێت؟ بە قامچییەکەوە تێیان بکەوم؟

**کاپتن:-** نا واز بێنە.. ئاغا گیان ئەزیەتی خۆت مەدە، وازیان لێ بێنە.. تۆزێک کاتی خۆمانیان پێ دەکوژین.

**ئاغا:-** راست دەکەیت.. ئەمانە یۆنانین.. ئێستا خۆیان لەناو خۆیاندا دەیکەن بە شەڕ.. ئێستا من چۆن بە روونی تۆ دەبینم و تۆش من دەبینی ئاوەها لەوەش دڵنیام.

(بانایۆتارۆس لەناو خەڵکی دێدا دێنە دەرێ و لە پشتەوە لە کاترینا نزیک دەبێتەوە)

**بانایۆتارۆس:-**هاتوویت لەناو ئەو پیاوانەدا چی دەکەیت.. ها؟

**کاترینا:-** تۆ هەقت نییە بەسەرمەوە.

**بانایۆتارۆس:-** پێم بڵێ هاتوویت بەدوا کێدا بگەڕێیت.. کێ؟

**کاترینا:-** بە دوا ئەوەدا کە خۆم دەمەوێ.. دوور بکەوەرەوە لێم.. بانایۆتارۆس تۆ وەڕسم دەکەیت.

**بانایۆتارۆس:-** جارێکی تر دەرگاکە بە ڕوومدا دابخەیت کارەسات دەقەومێت.. تێگەیشتیت.

**کاترینا:-** بە ڕووتدا دای دەخەم.

**بانایۆتارۆس:-** تۆ شەیتانیت.. شەیتان... با بچینەوە دوو قسە بکەین.

**کاترینا:-** تۆ بیر لە چی دەکەیتەوە؟ تۆ دڵت هەیە؟ ئەو رووداوە کارت تێ ناکات؟ نابینی ئەو مەسیحیانە لە خاکی خۆیان دەرکراون دەربەدەر بوون؟!



**بانایۆتارۆس:-** بە قسەم ناکەیت.

**کاترینا:-** نەخێر..

(قوڵی دەگرێت) یەهوودا...(باناتاریۆس تاوێک دەمی دادەچەقێنێ و سەری سووڕ دەمێنێ، بە رقەوە سەیری کاترینا دەکات.. ئینجا لەناو حەشامەتەکەدا ون دەبێت، مانولی لە ماڵی بابا گریگۆرییەوە دێت)

**مانۆلی:-** برایان سەبرتان هەبێ، وا بابا گریگۆری دێت.

**ئاغا:-** پێکەکەی هەڵدەدات) هێی کابتن.. ئەگەر یۆنانییەکان دەستیان کرد بەشەڕ خەبەرم بکەرەوە تا لە قامچییەکەمەوە بۆیان بچم.(دەنوێت)

**کاپتن:-** ئاغای خۆشەویستم دڵت هیچ نەکات.. من بە ئاگام، دڵت هیچ نەکات.

**کۆستاندی:-** (بە هاوارەوە دێت) مانۆلی.. لاداسی پیرەمێرد دەڵێ نایەم و ئەگەر مەسەلەکە پیتاک کۆکردنەوەیە ئەوا ناوی من مەهێنن.

**مانۆلی:-** وای پێ وتیت؟ (مایکل لە ماڵی خۆیان دێتە دەرێ، کە مانۆلی دەیبینێت لێی نزیک دەبێتەوە) ئەی باوکی تۆ مایکل؟

**مایکل:-** نوستووە.

**مانۆلی:-** ئەی خەبەرت نەکردەوە؟

**مایکل:-** خەبەری نابێتەوە.. لەوە دەچێت زۆری خواردبێت.(یاناکوس دێت)

**مانۆلی:-** ئەی بەڕێوەبەری قوتابخانە؟

**یاناکۆس:-** خەریکی خوێندنەوە بوو.. وتی کەی خوێندنەوەکەم تەواو کرد ئەوسا دێم.. هەروەها وتی بابا گریگۆری هەرچییەک بڕیار بدات منیش رام لەگەڵ ئەودایە.

**کاترینا:-** ئای لەم پیاو ماقووڵانە.. تۆزێک سۆز چییە لە دڵیاندا نییە.. ئەوەتانێ کاپتن لەگەڵ ئاغادا دەخواتەوە، سەیر کەن چ پیاوێکی بەرزە....(لە ماڵی بابا گریگۆرییەوە دەنگ دەنگ دێتە گوێ و پاش کەمێک قەشە دەردەکەوێ)

**یاناکۆس:** وا بابا هات.

**بابا فۆتیس:-** (قەشە فۆتیس هەڵدەستێت و نیشانەی خاچ دەکێشێت)

**بابا گریگۆری:-** (نامێلێت ماچی بکات.. چاو دەگێرێت) ئێوە کێن؟ بۆچی دەسبەرداری حاڵ و ماڵتان بوون و بۆچی بۆ ئێرە هاتوون؟

**بابا فۆتیس:-** من بابا فۆتیسم و.. قەشەی دێیەکی دوورم.. دێی قددیس جورج.. ئەمانەش ئەو گیانانەن کە خوا بە منی سپاردوون تا چاودێریان بکەم.. تورکەکان ئاگریان بەردایە ماڵەکانمان، لە خاکی خۆمان دەریان کردین و زۆریان لێ کوشتین، بەڵام ئێمە توانیمان خۆمان قوتار بکەین و ئەوەتانێ بەدوا زەوییەکی نوێدا دەگەڕێین تیایدا نیشتەجێ بین.. ئێمە فەلەی یۆنانین، ئەوەی ئەو گەلە مەزنەین کە نابێ تەفرو توونابێ.. (دڵی پڕ دەبێ و قسەکەی بۆ تەواو ناکرێ)

**کاپتن:-** ئافەرین.. قەشە تۆ سەرکردەیەکی نموونەییت.

**بابا گریگۆری:-** بابا.. هیچ شتێ لەم دنیایەدا بەبێ خواستی خوا ڕوونادات.. هەر خۆی ئەم خێرو خێرانەی داوە بە لیکۆفریسی و هەر خۆشی دێکەی ئێوەی لە خەمدا نوقم کردووە، بابا.. ڕاستم پێ بڵێ، چ گوناهێکتان کردووە؟

بابا فوتیس:- (بە توورەییەکی فرەوە) بابا گریگۆری.. منیش خزمەتگوزاری ئیرادەی ئاسمانم.. منیش جەستەی مەسیح هەڵدەگرم و ئەو پەرداخەم لە دەستایە کە خوێنی مەسیحی تێدایە.. تۆ دەوڵەمەندیت و من هەژارم، بەڵام لەبەردەمی خوادا یەکسانین.. بگرە ڕەنگە من لە خواوە نزیکتر بم لەبەر ئەوەی من برسیم.. ئەگەر دەتەوێ وەڵامت بدەمەوە بە نەرمییەوە قسەمان لەگەڵدا بکە.

**بابا گریگۆری:-** (نەرم دەدوێ) قسە بکە.. بابا قسە بکەو ئێمەش چیمان لە توانادایە دەیکەین.

بابا فوتیس:- کەواتە بابا گریگۆری گوێ بگرە.. ئەی خەڵکی لیکوفریسی هەموو گوێ بگرن هۆی کلۆلیەکەمان بزانن. (مانۆلی و هاوڕێکانی لە بابا فۆتیس نزیک دەبنەوە) ڕۆژێکیان لە دێکەماندا هاوار بەرز بۆوە (وا سوپای یۆنانی گەیشت، ئەوەتانێ جل و بەرگی نیشتمانیان لە بە ردایە (خەڵکی لیکوفریسی ئاماژەی بۆ ئەکەن و لە ئاغا ئاگاداری دەکەن) منیش کە ئەوەم بیست هاوارم کرد (زەنگ لێ بدەن و وا بزانن جەژنی قیامەتەو لە کەنیسەکە کۆببنەوە تا قسەتان لە گەڵدا بکەم) بەڵام ئەوان ڕوویان کردە گۆڕستان و هاواریان دەکرد (باپیران.. وا هاتن بۆ ئێرە) ئینجا چرایان لەسەر خاچەکان داگیرساندو بادەیان ڕشت و تاوەکو مردووەکان بە ئاگا بێنەوە، ئەوسا پێم وتن(برایانم.. ڕۆڵەکانم.. وا یۆنانییەکان گەیشتن.. وا ئاسمان و زەوی بون بەیەک.. هەمووتان بۆ چەک.. بۆ چەک.. با دوای تورکەکان بکەوین و لە نیشتمانەکەمان دەریان بکەین و ڕووەو دۆزەخیان بنێرین).

**کاپتن:-** لە تەندروستی ئەی یۆنانی پیرۆز... ڕۆژێک دێ پەلاماری دنیا دەدەیت.

بابافوتیس:- ئینجا چەکەکانمان لە چاڵەکان دەرهێناو بەر لەوەی بکەوینە ڕێ سروودمان چڕی (قەشە فوتیس دەنگی گۆرانیی لێ بەرز دەکاتەوە.. هەروەها پەناهەندەکانیش).

**کاپتن:-** (هەردوو باسکی لێک دەئاڵێنێت وەک ئەوەی گۆرانییەکە تەواو بکات)( ..جاران چۆن نەدەبەزین.. بژیت.. بژیت ئەی سەربەستی...).

**یاناکۆس:-** بابا.. دەنگت بەرز مەکەرەوە.. ئاغا لە بانیژەکەیدایە.

**ئاغا:-** لە نێوان ئاگایی و نائاگاییدایە) هێی کابتن.. وا هەست دەکەم گوێم لە قسەی هیچ و پووچ دەبێ.

**کاپتن:-** خۆت سەغڵەت مەکە ئاغا.. چاوەکانم باش کردوونەتەوە.

**بابا گریگۆری:-** بابا..با سروود وتن بەس بێ.. تووشی نەهامەتییەک دەبین.

**مانۆلی:-** ئێ بابا... بەسەرهاتەکە تەواو بکە.

قەشە فوتیس:- جەنگەکەمان دۆڕاند.. تورکەکان بۆمان گەڕانەوەو کەوتنە مـاڵ سوتاندن و سـەربڕین و کوشـتار.. منیش ئەوانەم کۆکردنەوە کە بە زیندوویی مانەوەو ئەوەتانێ کە دەیانبینین... دەستمان بە کۆچ کـرد.. سێ مانگە بەڕێوەین.. زۆرمان لێ مردوو لە ڕێگا ناشتمانن، تا لـە دوورەوە ئـەم دێیـەمان بـەدی کـرد.. زانیمان کە دێیەکی دەوڵەمەندەو نـاوی (لیکۆفریسـی) یـە، ئێمـەش وتمـان(ئەوانـە مەسـیحین و وەکـو ئێمەش یۆنانین.. ناهێڵن بمرین (ئیـتر ئـەوەتانێ هـاتین و پـەنامان بـۆ ئێـوە هێنـا.. ئـەی بـاوەڕدارانی لیکۆفریسی سڵاوی خۆمانتان پێ ڕادەگەیەنین.

**بابا گریگوری:**- هەموو ئەم شتانە تاڵ و ناخۆشن.. بەڵام چاوەڕێی چی لە ئێمە دەکەن؟

قەشە فوتیس:- (ئارامی لێ براوە) زەویمان دەوێ.. زەوییەک لەسەری سـەقامگیر بـین، دەزانـین کـە ئێـوە زەوی زاری نـەکێڵراوتان زۆرە.. بیدەن بە ئێمـە.. دەیکێڵـین و تـۆوی دەکـەین و بـە بەروبوومەکـەی دەژیـن. ئەوەی داوای دەکەین ئەوەیە. (بێدەنگی.. هەموو سەیری بابا گریگوری دەکەن)

**ئاغا:**- (هێشتا خەو دەیباتەوە) گوێم لە هیچ نی‌یە کابتن.. پێم بڵێ یۆنانیەکان دەستیان بە شەڕ نەکردووە؟

**کاپتن:**- ئاغای عەزیزم بنوو.. هێشتا نەبووە بە شەڕیان.

مانولی:- (لە بابا گریگـوری نزیـک دەبێتـەوە) بابـا.. گوێـیان لـێ بگـرە.. ئەمانـە مەسـیحین و برسـیانە.. داوای یارمەتیمان دەکەن.

**بابا گریگوری:**- (قسەکەی پێ دەبڕێت) تۆ دەمت داخە.

**مانۆلی:**- (ڕوو لە هاوڕێکانی دەکات، پاشان لە مایکل) مایکل تۆ بڕۆ باوکت خەبەرکەرەوە.. ئەو دڵی باشە.

**مایکل:**- ناتوانم بڕۆم.

مانولی:- بۆ ناتوانیت؟ تەنانەت تۆش بە زەبیت پیایاندا نایەتەوە مایکل ئێستا هەر تۆ دەتوانیت بـەو کـارە چاکـە هەڵسیت.

**مایکل:**- من بە زەبیم پیایاندا دێتەوە.. بەڵام دەترسم باوکم خەبەر بکەمەوە.

**مانۆلی:**- مایکل.. لە یەزدان بترسیت چاکترە؛ نەک لە باوکت (بێدەنگی..)

**قەشە فۆتیس:**- بابا.. لە هەڵبژاردنی ڕێی ڕاستیدا دوو دڵیت.

**بابا گریگوری:**- بەڵێ.. لەبەر ئەوەی هەر وەکو دەبینیت منیش لە کۆمەڵە گیانێک بەرپرسیارم.

بابا فوتیس:- هەموو مرۆڤێک لە هەموو گیانەکانی جیهان بەرپرسیارە.. لەبەر ئەوە ئەم گیانانە لە گیانەکانی خۆت جیا مەکەرەوە.

**بابا گریگوری:**- (بە دوو دڵی‌یەوە) گوێ بگرە بابا...

بابا فوتیس:- فەرموو..

(بابا گریگوری ڕادەمێنێ وەک ئەوەی بە دوا چارەسەرێکدا بگەڕێ.. لەم ساتەدا کچێکی نەخۆش لـە پەناهـەندەکان هاواری لێ بەرز دەبێتەوەو دەکەوێتە سەر زەوی، فریای دەکەون و هەڵی دەسێننەوە بەڵام مردووە)

**کاترینا:**- ئای خوایە.. تووشی چی بووە؟

**پاناگۆس:**- سەیرکەن.. ڕەنگی زەرد بووە.

(کچە مردووەکە لەسەر پەڕۆ پاتاڵێک دادەنێن، لادێیەکان دەشڵەژێن)

**بابا گریگوری:**- (دەچێت و تەماشای کچە دەکات بەڵام لە دوورەوە، چاوەکانی زەق دەبنـەوە، ئـای خوایـە.. ئـای خوایە سوپاس بۆ تۆ لەم ساتەدا وەڵامت دامەوە، خەڵکینە سەیری کەن.. سک و قاچی ئاوسـاوەو رووی سـەوز هـەڵگراوە.. ئەمـە تووشـی کۆلـێرا بـووە (هـەموو دەکشـێنە دواوەو دەترسـن) بـەڵێ کۆلـێرا... تیاچووین.. ئەم غەریبانە پەتایەکی کوشندەیان بۆ هێناوین.

چەند کەسانێک لە لیکۆفریسی: کۆلێرا.. کۆلێرا..بڕۆن.. دوور بکەونەوە لێمان..

**بابا گریگوری:**- مەسیحی‌یەکان بێدەنگ بن.. گوێ بگرە بابـا.. گوێمـان لـە بەسـەر هاتەکـەتان گـرت و هەسـتمانی بزواند.. ئامادەبووین جێتان بکەینەوە، بەڵام خوا بە زەیی پیاماندا هاتەوەو نیشانەی سامناکی خۆی بـۆ

ناردین.. برایان ئێوە پەتایەکی کوشندەتان لەگەڵ خۆتاندا هێناوە.. فەرموون بڕۆن و بەدبەختی لە دێکەماندا بڵاو مەکەنەوە.
خەڵکی لیکوفریسی:- لێرە بڕۆن.. دوور بکەونەوە.. بڕۆن.
قەشە فوتیس:- (ڕوویان لێ دەکاو کوڵ نادات) ئەمە ڕاست نییە.. بڕوای پێ مەکەن.. پەتامان لەگەڵ خۆماندا نەهێناوە.. ئێمە برسین.. ئەو کچە برسێتی کوشتی.. سوێندتان بۆ دەخۆم (ڕوو لە بابا گریگۆری دەکات) تۆ ئەی قەشە ورگنەکە.. ئەی ریش درێژ.. خوا بتبەخشێت؛ بەڵام من ناتبەخشم.
خەڵکی لیکوفریسی:- بڕۆن... بڕۆن..
(دەکشێنەوەو دەترسن)
**بابا گریگۆری:-** (ڕوو لە فوتیس دەکا) دەنگی گەل دەنگی خوایە.. بڕۆن و بەخت یارتان بێ.(دەڕوات)
بابا فوتیس:- ئێوە بەمە گوناهبار دەبن.. بابا گریگۆری ڕۆژێک دێ ڕوو بەڕووی یەک بینەوەو ڕاستی دەرکەوێ (ڕوو لە پەنا هەندەکان دەکات) ڕۆڵەکانم هەڵسن و ورەتان بەرز بێت... زەوی خوا فراوانە.. با لێرە بڕۆین..
**مانۆلی:-** (لە کاتێکدا ئەوان هەڵدەسن بە شەرمەوە لە فۆتیس نزیک دەبێتەوە) بابا.. هیوا بە یەزدان مەبڕە.. دەسبەردارتان نابێ.
فوتیس:- بێگومان.. ئەی تۆ دەتەوێ هیوام بە مرۆڤ هەبێت؟
**کاترینا:-** (سەرشانەکەی لە خۆی دەکاتەوەو دەیدات بە قەشە فۆتیس) بابا هیچم نییە بتاندەمێ ئەمە نەبێ.. بیگرە تازەیە..
**مانۆلی:-** بابا فوتیس ئێمە یارمەتیتان دەدەین.. چیمان لە تواناداب یارمەتیتان دەدەین.
**قەشە فۆتیس:-** سوپاس کوڕم.. شتی کەم و خۆشەویستیەکی زۆر.. ئەوەمان بەسە.. تۆ ناوت چییە؟
**مانۆلی:-** مانۆلی.
**یاناکۆس:-** ڕێک بەم ڕێگایەدا بڕۆن و لامەدەن.. دەگەنە شاخی ساراکینا.. لەوێ ئەشکەوتی زۆری لێیە.
**کۆستاندی:-** هەروەها ئاویشی لێیە.
**مانۆلی:-** دارو درەختیشی لێیەو دەتوانن ئاگر بکەنەوە.
**بابا فۆتیس:-** لە دەس ئینسان هەڵدێین و دەچین لەگەڵ گیانەوەرە دڕندەکانا دەژین... هەڵسن ڕۆڵەکانم با بڕۆین.. دڵنیام ئەو ئاژەڵە کێوییانە لە مرۆڤ باشتر پێشوازیمان لێ دەکەن.. مەسیح لە نێو مردووانا هەڵسایەوە (بەدەم سروودەوە دەڕۆن)
**مانۆلی:-** مایکل.. تۆ تاکە کەسێت لە ناوماندا کە بتوانێت یارمەتی ئەو برا کڵۆڵانەمان بدەیت.
**مایکل:-** جارێ با بڕۆین.
**کاترینا:-** (بە دوای مانۆلییەوە) مانۆلی ئاوڕ دەداتەوەو دەشڵەژێ. کاترینا لێی نزیک دەبێتەوە، چیم لە توانادایە بیکەم؟ دەتوانم شتێک بکەم؟
**مانۆلی:-** نەخێر ناتوانیت (دەڕوات، کاترین سەیرێکی دەکات و پاشان بەرەو ماڵی خۆی دەڕواتەوە)
**ئاغا:-** (هەڵدەسێ و سەیر دەکات، سەری سوور دەمێنێ، ئەوە من لە کوێم؟ تۆ بڵێی لە خەونما بوو بێت؟ ئەو خەڵکە چیان لێ هات؟ ئەی کابتن کوا؟ (هاوار دەکات) کابتن (بە لەنجەولار خۆی بەسەر پەرژینی بانیژەکەدا دەدات دەبینێ کابتن لە خوارەوە ڕاکشاوە) چووە لە خوارەوە بنوێ.. کابتن.. لە حەوت ساڵان ڕاست بووەتەوە.. هێی کابتن (بە پێپلیکانەکاندا) دەچێتە خوارەوە و مەیتەر دێتە ژووری)
مەیتەر:- ئاغای گەورەم چیتە؟ یوسوفاکی هیچی لێ هاتووە؟
**ئاغا:-** نەء.. دەبەنگ.. قسەی وا مەکە.. بڕۆ بزانە کابتن بۆچی وەڵام ناداتەوە.
(مەیتەر دەچێتە خوارەوەو) کە سەیری کابتن دەکات دەبینێ گیانی دەرچووە)
مەیتەر:- ئاغا.. کاتن تۆ خۆش
**ئاغا:-** وا نەڵێی مەیتەر.. تاریکی

(چوار هاوڕێکە لەماڵی بەتریاخس دێتە دەرێ و هەریەکەیان زەمیلەیەکی پڕی پێیە)
**مایکل:**- کوڕینە خێراکەن تا باوکم خەبەری نەبۆتەوە ئەگینا تیا دەچین.
**کۆستاندی:**- ئەی گوێت لە پرخە پرخی نەبوو؟
**یاناکۆس:**- دڵ لە دڵ مەدەن، ئێستا خەون بەوەوە دەبینێ بچێتە بەهەشتەوە؛ بەلام لە جیاتی ئەوەی چوار فریشتە ڕێگاکەی بۆ خۆش بکەن چوار زەمیلەی پڕە (پێدەکەنن) با بڕۆین بیانخەینە سەر پشتی گوێ درێژەکەم.
**مانۆلی:**- با بڕۆین و فریای بابا فۆتیس بکەوین(بانایۆتارۆس دەیانبینێ ؛ بەلام ئەمان ئەو نابینن)
**مایکل:**- (بە ماریۆری کە لە پەنجەرەکەوە سەیر دەکات) ماریۆری چونکە یارمەتیی پەناهەندەکان دەدەین خوا لێمان خۆش دەبێت.
**ماریوری:**- بێگومان مایکل.
(دەڕۆن.. لەو کاتەدا کاترینا لە پەنجەرەکەیەوە سەر دەر دێنێ و ڕوو لە مانۆلی دەکات)
**کاترینا:** مانۆلی منیش لەگەڵتا دێم و یارمەتی پەناهەندەکان دەدەم.
مانۆلی گوێی پێ نادات و خێرا دەڕوات، پاش ڕۆیشتنیان بانایۆتارۆس دێتە پێشەوەی شانۆ.. دەمەو ئێوارەیە
**بانایۆتارۆس:** یەهودا.. یەهودا.. پێی وتم یەهودا.. هەموویان دەیانەوێ ببمە یەهودا.. زۆر چاکە (ڕووەو ماڵی بابا گریگۆری دەچێت و بەتووڕەیی و توندو تیژییەوە لە دەرگا دەدات) بیکەرەوە بابا.. بانایۆتارۆسم.. بیکەرەوە منم یەهودام.
**بابا گریگوری:** (دەرگا دەکاتەوە) چیت دەوێت؟ هەر خۆتیت؟
**بانایۆتارۆس:** هەر خۆمم.. تاوانێکی گەورە ڕووی داوە بابا.. هاتووم لەوە ئاگادارت بکەم تاکو تاوانی گەورەتر ڕوو نەدات.. گەنجینەکەی بەتریارخسیان تالان کرد.
**بابا گریگوری:** پەناهەندەکان؟
**بانایۆتارۆس:** نەخێر.. مانۆلی و ئەوانەی تر کە دەوری پەیامبەرە پیرۆزەکانت داونەتێ.. خۆزگە بە چاوی خۆت دەتبینی.. مانۆلی ماڵی گەورەکەی دابوو بە کۆڵیداو بەرەو ساراکینا ڕۆی.. شوێن پێی قەشە فۆتیسی هەڵگرت.
**بابا گریگوری:** مانۆلی ئەمەی کردو تۆش ڕێت لێ نەگرت؟
(ماریۆری لە پەنجەرەکەوە دەردوکەوێ)
**بانایۆتارۆس:** هەر خۆی نەبوو.. مایکلیشی لەگەڵدابوو.. تەنانەت کوڕەکەشی فریو داوە.. فێری کردووە دزی لەباوکی بکات.
**بابا گریگوری:** ئەی باوکی؟
**بانایۆتارۆس:** نوستووە.
**بابا گریگوری:** دەڕۆم خەبەری دەکەمەوە.. بزانم چۆن خەو دەچێتە چاوی ووا ماڵەکەی کاول دەکرێت (بانایۆتارۆس دەیەوێ بڕوات) بوەستە شەیتان.. بمێنەرەوە ئیشم پێتە.
**بانایۆتارۆس:** ئەوەی لەسەرم بوو بوجێم هێنا.. من یەهودام.. ئێوە داوای ئەوەتان لێ کردم..(ئەوەت لەبیر نەچێ، پێ دەکەنێ و دەڕوات، ماریۆری لەناو دەرگاکەدایە)
ماریوری (بە هەزار حاڵ خۆی بەسەر پێوە دەگرێ) بابا.. بابا..
(بابا گریگۆری ئاوڕی لێ دەداتەوە)
**بابا گریگوری:** ئەوە بۆچی لەسەر جێیەکەت هەڵساوی؟ دەتەوێ تووشی شتێک ببیت؟
**ماریوری:** بابا. دەترسم مایکل تووشی شتێک ببێت.
**بابا گریگوری:** (بە توورەییەوە) گوێت لێ بوو چی کردووە؟ دەزگیرانێکی زۆر ڕێک و پێکت هەیە.
**ماریوری:** (دەگری) بابا..

**بابا گریگۆری:** نامەوێ گوێم لە هیچ بێت.. برۆ بنوو (پشت گوێی دەخات و رووەو ماڵی بەتریارخس دەچێت.. لە دەرگاکە دەدات) بەتریارخس هەڵسە.. (پاڵ بە دەرگاکەوە دەنێت و دەچێتە ژوورەوە، ماریۆری هەنسکی گریان دەدات، لینۆ بە پەلە دێت و چاوی بە ماریۆری دەکەوێت)

**لینۆ:** ماریۆری؟! (لێی نزیک دەبێتەوە) ماریۆری چیتە

**ماریۆری:** هەست دەکەم دەمرم.

**لینۆ:** ئەم قسانە مەکە.. تۆ وادەزانیت هەروا بە ئاسانی دەمرین؟ تۆ وڕێنە دەکەیت.. پاش ماوەیەکی تر چاک دەبیتەوەو شوو دەکەیت.

**ماریۆری:** (دەگری) ناتوانم شوو بکەم.

**لینۆ:** هەر بەراست تۆ شێت بوویت.. تۆ ئێستا لەسەر شووکردنیت چۆن واز لەو کورە شەنگە دەهێنیت.. من ئەگەر دە جاریش لە پێناوی مانۆلیدا رووبەرووی مەرگ ببمەوە وازی لێ ناهێنم.. سەیری ئەم شەوە جوانە بکە.. سەیری تریفەی مانگ بکە.

**ماریۆری:** لینیۆ.. هەست دەکەم بەم زوانە دەمرم (گوێتان لە دە نگی بەتریاخس دەبێ کە بە توورەییەوە هاوار دەکات) لینیۆ.. ئەوە گەورەکەی تۆیە هاوار دەکات؟

**لینیۆ:** بەڵێ لەوە دەچێ لەمن توورەبێ چونکە دوا کەوتم گەنجینەی بەتریارخسدایە مردوویانەو بە پەنا هەندەکان.. بانایۆتارۆسیش لای باوکم ئاشکرایانی کرد.

**لینیۆ:** بانایۆتارۆس؟

**ماریۆری:**- بەڵێ.. یۆزێک لەمەو پێش هات بۆ ئێرەو بە باوکمی وت.. من لە پەنجەرەکەوە گوێم لێ بوو. (بە ئازارەوە) ئای خوایە.. تۆ بڵێی چی روو بدات؟!



**لینیۆ:**- ماریۆری مەگری.. من دەچم و ئەوە بە مایکل رادەگەیەنم. (مانۆلی و مایکل و کۆستاندی و یاناکۆس دێنەوە)

**مایکل:**- شاخی ساراکینا شوێنێکی باشە بۆ پەنا هەندەکان.(لینیۆ دەچێت بۆ لایان و هەروەها ماریۆریش بە بێ هێزی یەوە بە دوایدا دەچێت).

**لینیۆ:**- مانۆلی.. مانۆلیی خۆشەویستم.. برۆن.. برۆن لێرە مەمێنن.

**مانۆلی:**- بۆچی لێرە نەمێنین؟

**لینیۆ:**- بەتریارخس بە هەموو شتێکی زانیوە.. بانایۆتارۆس ئاشکراتانی کردووە.

**کۆستاندی:**- یەهوودا!

**یاناکۆس:**- پێم نەوتن؟ ئەو هەمیشە یەهوودا بووە.

**ماریۆری:**- (بە هەنسکە برکێوە لە مایکل نزیک دەبێتەوە) مایکل.. تکات لێ دەکەم مەچۆرەوە ماڵەوە.. ئێستا باوکم لەوێیەو هەردووکیان توورەن.. دەترسم بقەومێ، بە زەبیت بەمندا بێتەوە.

**مایکل:**- باوکیشت توورەیە؟ بەڵام ئێمە ئەرکی سەرشانی خۆمان بەجێ هێناوە.

**مانۆلی:**- (بە هێمنی لە مایکل نزیک دەبێتەوە) مایکل.. برۆ با بچین بۆ لایان.

**لینیۆ:**- نەء مانۆلی.. تۆ مەرۆ.. تۆ شوانێکی ئەوێت و هیچی تر.. هەموو لۆمەکە دێتە سەر تۆ.

**مانۆلی:**- نامێڵم مایکل تەنیا بێت.

(دەرۆن.. بابا گریگۆری دێتە دەرێ و هەروەها بەتریارخس لەناو دەرگاکەدا)

**بابا گریگۆری:**- بۆ جارێکی تر ئاگات لەخۆت بێ و ئەوەندە مەخۆ تا خەوەکەت سووک بێ.

**بەتریارخس:**- ئەمە شتێکە ئەقڵ نایبڕێت (مانۆلی و مایکل) دەبینن، ئەوانی تر لە شوێنی خۆیانن، کاترینناش هاتۆتە بەردەرگا.... بێدەنگی.. بەتریارخس لێیان دێتە پێش و مۆڕەیان لێ دەکات و خۆی پێ ناگیرێ) ئەی دزینە.. دزینە.. دزینە (مایکل دەگرێت و رایدەکێشێت) وەرە تۆ.. لەگەڵ ئەوانەدا چی دەکەیت؟..تۆ کوڕی کابرایەکی خانەدانیت.. ئەوەت لەبیر چووەوە؟

**مایکل:**- (بە هێمنی) من خۆم خۆمم.. لە ئێستەشەوە هەرچیەکم بەدڵ بێت دەیکەم.

**پەتریارخس:-** بە نەفرەت بیت.. چۆن پرکێشی دەکەیت ئەم قسانە بکەیت؟! ئەی دەبەنگ.. لە باوکت ناترسیت؟
**مایکل:-** لە کەس ناترسم. تەنها یەزدان نەبێ.
**پەتریارخس:-** (ڕقی هەڵدەستێت) ئەمەوێ بزانم کێ ئەوەی فێر کردوویت (پەنجە بۆ مانۆلی ڕادەکێشێت) ئەو خزمەتکارە؟! سەیرە.. وا دیارە یاناکۆس و کۆستاندیش سەر بە پێری چەتەکانن.. دەبینم وەکە دزەکان لەگەڵ یەکدا ڕێک کەوتوون.. پیرۆزە.. بوون بە پەیامبەرە قدیسەکان تا دزی بکەن.. لە سەروو هەمووشتانەوە مەسیح (پەنجە بۆ مانۆلی درێژ دەکا) بۆچی قسە ناکەیت؟ ها؟.. ئادەی بزانم چیت پێیە بیڵێیت قسە بکە؟
**مانۆلی:-** (بە دەنگێکی نەرمەوە) گەورەم؛ ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە.. ڕێم بدە بگەڕێمەوە بۆ شاخەکە.
**لینیۆ:-** (دەستی دەگرێ) بۆ شاخەکە؟!
**پەتریارخس:-** (سەری سوڕماوە) بۆ شاخەکە؟ دەتەوێ بڕۆیت و ئێرە جێ بێڵیت؟ ئەی ژنهێنانەکەت؟ کەی لینیۆ دەهێنیت.. گەمژە؟
**مانۆلی:-** ناتوانم گەورەم.
**پەتریارخس:-** ناتوانیت؟ مەبەستت چییە؟
**مانۆلی:-** نازانم.. مەبەستم ئەوەیە وا هەست دەکەم ئێستا شیاوی ئەوە نیم؛ چونکە گیانم..
**پەتریارخس:-** دەبەنگ.. تۆ باسی چی گیانێک دەکەیت؟ باسی گیانی دەکات.. جا تۆ گیانت هەیە؟
**مانۆلی:-** نازانم چۆن بۆت باس بکەم.. لە ناوەوەمدا.. لە ناخمدا...
**لینیۆ:-** مانۆلی خۆشەویستم
**پەتریارخس:-** لینیۆ.. وازی لێ بێنە با بڕوات.. ون بە لەبەرچاوم، مادام دەتەوێ بڕۆیت بڕۆ.. بەڵام لە ئێستا بە دواوە پێ نەخەیتەوە ماڵی من.. تێگەیشتیت، مایکل بچۆرەوە بۆ ماڵەوە نامەوێ جارێکت تر لەگەڵ ئەمەدا بتبینم.. ئەوەی لێرەدا فەرمان دەدات منم.. ئەوە باش بخەرە مێشکتەوە.
**بابا گریگوری:-** ماریۆری _ وەرە.
**ماریوری:-** بابا..
**گریگۆری:-** بێدەنگ بەو وەرە..
(دەڕۆن.. بەتریارخس بە تووڕەییەوە دەچێتە ماڵەوە. مایکلیش دوای ئەوەی دەست دەخاتە دەستی مانۆلی یەوە دەچێتەوە ماڵەوە).. بێدەنگی.
کۆستاندی:- مەسەلەکە خەریکە بەرەو خراپی دەڕوات.. بەهەرحاڵ.. مانۆلی.. ورەت بەرز بێت.. من دەڕۆمەوە.. شەوشاد.
**مانۆلی:-** شەوشاد..
**یاناکۆس:-** دەبێ سەبرمان هەبێت.. ئەمەیە ژیان.. خوات لەگەڵ.. (دەڕوات)
**لینیۆ:-** مانۆلی.. کەی دەمهێنیت؟
**مانۆلی:-** لینیۆ کاتمان زۆر بە دەستەوەیە، جارێ.. با هەندێ لە بەرپرسیاریەکانم بەجێ بێنم.
**لینیۆ:-** کام بەرپرسیاریانە؟ تۆ هەر لە شوانێتییەکەت بەرپرسیاریت و هیچی تر.
**مانۆلی:-** بەڵێ.. بەڵام هەندێ لە بەرپرسیاری تریشم لە ئەستۆدایە.
**لینیۆ:-** مانۆلی.. ئادەی سەیرم بکە.. بزانم چی ڕووی داوە؟ مانۆلی.. تۆ بە چاوو نەفەسەوە بوویت.. خۆشەویستەکەم جادوویان لێ کردوویت.. ئێستا دەچم بۆ لای منداڵیکای پیرێژن و ڕووەکێک لەو ڕووەکانەت بۆ دەهێنم کە گیانی بەدخوازی دەردەکات.. چاوەڕێم بکە مانۆلی.. ئێستا دێمەوە.
(دەڕوات.. مۆسیقا.. مانۆلی سەری بۆ ئاسمان هەڵدەبڕێ وەک ئەوەی نوێژ بکات.. دەیەوێ بڕوات کاترینا کە بە پێدزەکەوە هاتووە دێتە بەردەمی)
**کاترینا:-** مانۆلی.. لەبەر ئەوەی من هاتم دەتەوێ بڕۆیت؟
**مانۆلی:-** کاترینا.. تۆ چیت لەمن دەوێ؟

**کاترینا:-** لێم دەترسیت؟ چاوەڕێ بکە دەمەوێ قسەت لەگەڵدا بکەم.

**مانۆلی:-** کاترینا وازم لێ بێنە.. ئەوەت لەبیر نەچێ ساڵی داهاتوو دەبی بە مریەمی مەجدەلی.. واز بێنە.

**کاترینا:-** من لە ئێستەوە مریەمی مەجدەلیم.. ئەو پیرە بەدرەفتارانە تەنها لەبەر قژە زەردەکەم منیان بۆ ئەوە هەڵنەبژاردووە.. مانۆلی.. تۆ هەموو شەوێ لەخەونەکانما دێیتە دیدارم.. گوێ بگرە مانۆلی.. هەموو مرۆڤێک تەنانەت بانایۆتارۆسیش لە ساتێک لە ساتەکاندا دەبێتە یەزدان.. نەک هەر بە قسە.. بەڵکو یەزدانێکی راستەقینەی لە خوێن و گۆشت پێکهاتوو.. (پێدەکەنێت) مانۆلی.. تەنانەت ئەم بەیانیەش خەونم پێوە دیت.. مانگ لەناو دەستەکانتا بوو.. پارچە پارچەت دەکردو دەتکرد بە دەممەوە.. مانۆلی مادامەکی دێیتە خەونم کەواتە تۆش بیرم لێ دەکەیتەوە (مانۆلی سەری داخستووە) مانۆلی.. گۆناکانت سوور هەڵگەڕان.. کەواتە راست دەکەم.. تۆش بیرم لێ دەکەیتەوە وا نییە؟

**مانۆلی:-** با.. منیش بیرت لێ دەکەمەوە.. بە درێژایی رۆژانی هەفتەی پێش جەژنی قیامەت هەر لە خەیاڵمدا بوویت.. بە زەبیم پیاتدا دەهاتەوە.

**کاترینا:-** ئەمە راست نییە.

**مانۆلی:-** بەڵکو راستە.. کاترینا.. من بەزەییم پیاتدا دێتەوە.

**کاترینا:-** راست نییە.. تۆ بە زەییت بەمندا نایەتەوە.. تۆ منت خۆش دەوێ.. دەزانم منت خۆش دەوێ کەچی لینیۆ دەهێنیت.. خۆشت ئەوە چاک دەزانیت..

(مانۆلی دەیەوێ بڕوات)

**مانۆلی:-** دەمەوێ بڕۆم.. وازم لێ بێنە..

**کاترینا:-** دەتەوێ بچیتەوە بۆ شاخەکە.. مانۆلی لینیۆ دەهێنیت.. لینیۆ دەهێنیت؟

**مانۆلی:-** ژن ناهێنم.. نامەوێ هەرگیز ژن بهێنم.. دەمەوێ بمرم (لە کاترینا رادەمێنێت)

**کاترینا:-**(نائومێدانە) کەواتە لە ئێستە بەدواوە بیرم لێ مەکەرەوە.. با نەتبینم و ئازارم مەدە.. مەیەرە خەونەکانم.. من رێگای خراپەم گرتووە دەسبەردارم بە..

**مانۆلی:-** من بە زەییم پیاتدا دێتەوە.. نامەوێ گومڕاو سەراسیمە بیت.. من بەزەییم پیاتدا دێتەوە کاترینا..

(کاترینا ڕەق دەوەستێ و مانۆلی رووەو کێوەکە دەڕوات.. تاریکی)

مۆسیقا

(ڕۆشنایی دەچێتە سەرشاخی ساراکینا)

پەنامەندەکان لەسەر زەوییە بەردینەکە کڕنووشیان بردووەو سرودێکی ئایینی دەڵێن.. قەشە خۆشی لە نێویاندایە، سرووودەکە کۆتایی دێ).

**بابا فۆتیس:-** ڕۆڵەکانم بە پشتیوانی خوا لێرەدا سەقامگیر دەبین.. لە شاخی ساراکینادا.. ڕۆڵەکانم مرۆڤ وەکو درەخت وایە.. پێویستی بە خاکێک هەیە لە سەری بوەستێت.. ئەمشەو شوانی دێکەمان قدیس جۆرج بە سواری ئەسپەکەیەوە هاتە خەونم.. لاوێکی قژ زەردی شەنگە.. کچە شازادەیەکی جوانی لە پشتی خۆیەوە سوارکردبوو.. لە چنگی درندەیەکی نزیک کانییەک رزگاری کردبوو.. شازادەکە گۆزەیەکی ئاڵتوونی بە دەستەوە بوو بۆ لاوەکەی راگرتبوو ئاوی لێ دەخواردەوە.. ڕۆڵەکانم.. ئەو شازادەیە گیانی ئێمەیە.. گیانی گەلەکەمانە.. قدیس جۆرج ئێمەی سواری ئەسپەکەی کردو بۆ ئەو شاخە چۆڵەی هێناین.. ئەمشەو هاتە خەونم و تووی دێیەکی خستە دەستمەوە.. دێیەکی بچکۆلانەو پی~ی ووتم ئەوم تووە لێرە بچێنە

پیرەمێردێک:- ئەمە جاری سێیەمە ببینم دێیەک بمرێت.. جارێکیان بە دەستی تاعوون و جارێکیان بە دەستی بوومەلەرزەو ئەمجارەشیان بە دەستی تورکەکان.. لە هەموو جارەکاندا تووی مرۆڤ هەر رووداوەتەوەو نەشونمای کردووە.

**ئافرەتێک:-** باپیرە تۆ لە مردن بەهێزتریت.

**بابا فۆتیس:-** (دەستەکانی بە زەوییەوە دەنێت) داپیرەی گەورە زەوی.. ئەی ئەو گوڵەی هەرگیز هەڵناوەرێت.. ئەن داپیرەی پیرۆزمان.. ئێمە گەلێکین لەهەوارگەی خۆمان دەرکراوین.. تۆش دایکیت.. دەزانیت ئازارو برسێتی و مەرگ چی دەگەیەنێت.. بە زەییت بەم دێیە نوێیەماندا بێتەوە.. سەبرو خۆشەویستی بە ئافرەتەکانمان ببەخشەو تواناو ئازایەتیش بە پیاوانمان.(سروود) _ تاریکی _

(لە لایەکی شانۆکە نیکۆلیۆی شوانی لاو شمشاڵ لێ دەدات.. ڕۆشنایی لە سەرەو بەدەم شمشاڵ لێدانەوە سەما دەکات و هەڵدەقونێتەوە، ناو بەناو هەڵدەستێ و دەڵێ) دەی ئەی بەرانەکە.. ئەی پێشەوای ڕانەکە.. سبەینێ زۆرانبازی دەکەینەوە.. (شمشاڵ لێدەداتەوە) ئەی بەرانە شەیتانەکە ئەگەر نەمدایت بە زەویدا هەڵبەتە من نیکولیۆ نیم.. ئەی بەرانە پیسەکە.. (مانۆلی دێت)

نیکولیۆ:- مامۆستا هاتیتەوە؟ (وەڵام نییە) گۆشتم بۆ برژاندوویت و نان و پەنیریشمان هەیە.

مانولی:- نیکولیۆ.. هەست بە برسێتی ناکەم.

نیکولیۆ:- چۆن هەست بە برسێتی ناکەیت؟

**مانۆلی:-** هەست بە سەرما دەکەم.

نیکولیۆ:- هەست بە سەرما دەکەیت؟ دنیا گەرمە.. من خەریکم لە گەرما دەپرۆکێم (مانۆلی وەڵام ناداتەوە) لەسەر قەدی دارێک دائەنیشن) دیارە خەڵکی دێکە پەستیان کردوویت.

**مانۆلی:-** بەڵێ.

نیکولیۆ:- جا بۆچی چوویت بۆ لایان.. مامۆستا بە چاوو نەفەسەوە بوویت.. ئافرەت.. ئاخ لە دەست ئەو نەفرەتیانە.. وەرە.. لە پشتتیرەکەدا بنوو..

**مانۆلی:-** نەخێر لێرە دەنووم.

**نیکۆلیۆ:-** حەزدەکەی گوێت لە نەی بێ؟

**مانۆلی:-** بەڵێ.. حەز دەکەم.. نەی ناهێڵێت مرۆڤ خەون ببینێت.. ئادەی دەست پێ بکە (نیکولیۆ نەی دەژەنێت) ئێستا ئەم جەستەیە جەستەی من نییە.. جەستەی مەسیحە.. خوایە یارمەتیم بدە..مەهێڵە ئەمشەو بێتە خەونم. (سەر دەخاتە سەر ئەژنۆکانی.. مۆسیقا.. خەوی لێدەکەوێ.. مریەمی مەجدەلی دێتە لای.. پرچەکانی خاون.. نزیک دەبێتەوە.. لە کاترینا دەچێ)

مریەم:- گەورەم.. من مریەمی مەجدەلی گوناهبارم.. بهێڵە با پێیەکانت ماچ بکەم. (مانۆلی تۆزێک دەجووڵێتەوە).

**کاترینا:-** گەورەم.. بهێڵە چمکی جلوبەرگەکەت بگرم.. بهێڵە دەستە خوێناویەکانت ماچ بکەم.. (مانۆلی دەجووڵێتەوە) با بە پرچم دەموچاوت دابپۆشم، گەورەم بهێڵە ماچت بکەم (مانۆلی دەستی دەجووڵێنێ وەک ئەوەی بیەوێ تارماییەکە دەربکات) مانۆلی.. بۆچی ئەتەوێ لێت دوور بکەومەوە؟ بهێڵە با دەس و پێت ماچ بکەم.. مانۆلی دەرم مەکە.. ڕزگارم بکە.. بهێڵە با بە پرچم دەم و چاوت دابپۆشم.

**مانۆلی:-** (لەخەو رادەپەڕێت) فریام کەون. (تارماییەکە نامێنێت)

نیکۆلیۆ:- (واز لە نەی ژەنین دەهێنێت).. مامۆستام.. هەمدیسان خەوت بینیەوە.. بێگومان دیارە کاری شەیتانە..

**مانۆلی:-** نەخێر.. کاری یەزدانیە دەیەوێ ڕێم پیشان بدات.. تێگەیشتم.. دەچم و قسە لەگەڵ کاتریناندا دەکەم.. خوا بۆ لای ئەو راپێچم دەکات.. ئەی پێی نەوتم مانگم پارچە پارچە دەکردو دەمکرت بە دەمیەوە؟ مانگ.. واتە ڕۆشنایی ئەمە قسەی یەزدانە.. پاش کەمێکی تر گزنگ دەدات.

**نیکۆلیۆ:-** نەخێر.. هێشتا ئەستێرەکان لە ئاسماندا دەجریوێنن.. مامۆستا.. دەتەوێ ئاگرێکت بۆ بکەمەوە؟

**مانۆلی:-** نەخێر.. حەز دەکەم گوێم لە نەیەکە بێ.. نیکۆلیۆ بەردەوام بە.. (نیکۆلیۆ نەی دەژەنێ.. مانۆلی پشتی لە جەماوەرەو سەر لە نوێ خەوی لێ دەکەوێتەوە، پاڵتۆی فراوانی شوانی لەسەر شانەکانیەتی، ئەم دیمەنەی کە دێت تۆمار کراوە)

دەنگی **کاترینا**:- یەزدان؟ مانۆلی.. تۆ دڵنیایت کە یەزدانە؟ ئاە.. مانۆلی.. تۆ بڵێی شەیتان نەبوبێت؟ یان ڕەنگە هەردوکیان بن ئامۆژگاریت دەکەن بێیت بۆ لای من.. لە سەرەتادا باسی یەزدان و بەهەشتم بۆ دەکەیت و پاشانیش وردو وردە بەبێ ئەوەی ئاگامان لە خۆمان بێت لە ئامێزی یەکتریدا خۆمان دەبینینەوە.

ددەنگی **مانۆلی**:- کێیە لە ناخما دەدوێ؟

دەنگی **کاترینا**:- مانۆلی.. گوناهی ئێمە چییە؟ یەزدان وای خوڵقاندووین.. من و تۆ ئافرەت و پیاوێکین دەمانەوێ ببین بە یەک.. ها..ها..ها..

**مانۆلی**:- کێیە پێدەکەنێت؟

**کاترینا**:- ها..ها..ها..

**مانۆلی**:- (هاوار دەکات) مەسیح... دەموچاوم.. (لە پڕێکدا ئاوڕ دەداتەوەو دەکەوێتە سەر چۆک و دەست لە دەموچاوی خۆی دەدات) دەموچاوم چی لێهات.. تووشی چی بووم..! دەمم.. ڕوومەتەکانم.. (هەڵدەستێت و ڕوو لە نیکۆلیۆ دەکات.. نیکۆلیۆ واقی وڕ دەمێنێت).

**نیکۆلیۆ**:- ئەی مریەمی پاکیزە.. لەوە دەچێت مێشکی تێک چوبێت.

**مانۆلی**:- (دەستی درێژ دەکات) هێمن بەرەوە.

**نیکۆلیۆ**:- گەورەم.. تۆیت؟ تکایە نیشانەی خاچ بکێشە تا دڵنیابم کە تۆیت (مانۆلی نیشانەی خاچ دەکێشێت) بۆچی وات لێهات؟ دیارە شەیتان هێرشی هێناوەتە سەرت و ئەو دەمامکەی بە دەموچاوتەوە نووساندووە.. کاتی خۆی باپیرەشم وای لێهات.. ڕاهیب بوو.. حەزی لە ئافرەتێک کردو وای لێهات، پێت دەڵێم ئەمە کاری شەیتانە (نیکولیۆ بە سەرسامیەوە لە شوێنی خۆیدا ئاوڕ دەداتەوە)

**مانۆلی**:- (وەک ئەوەی بە تەنیا بێت) مەسیح. ئەگەر ئەمە کاری شەیتانە پاکژم بکەرەوە.. ئەگەر کاری یەزدانیشە ئەوا بە خۆشحاڵیەوە پێشوازی لێدەکەم. (دەنگی لینیۆ)

**لینیۆ**:- مانۆلی.. مانۆلی.. (دەنگی باعەباعی مەڕو بەرخ و زەنگوڵەکانی ملیان دێت)

**مانۆلی**:- کێیە بانگم دەکات؟

نیکۆلیۆ:- لینیۆ.. تۆیت؟ مامۆستام.. تۆ جێت هێشتووەو ئەویش هاتووە بە دواندا دەگەڕێت.. من دەچم مەڕەکان دەلەوەڕێنم. (دەڕوات)

**لینیۆ**:- (دێتە ژوورێ) مانۆلیی خۆشەویستم (مانۆلی پشتی تێدەکات) مانۆلی.. بۆچی چاوەڕێت نەکردم.. چووم بۆ لای "ماندالیکای" پیرێژن و ئاوی گیایەکی کوتراوم بۆ هێنای.. (مانۆلی بێدەنگە) بۆچی قسە ناکەیت؟ چیتە؟ (هەر بێدەنگەو نابزوێت) مانۆلی.. دیارە ئافرەتێکی تری خۆشدەوێت.. کێیە؟ پێم بڵێ و من وازت لێدەهێنم (لە بێدەنگیەکەی تووڕە دەبێ) ڕاستە من دایکم کارەکەر بووە.. بەڵام باوکم ئێستا کابرایەکی خانەدانە.. لێت ناپاڕێمەوە.. من هێشتا گەنجم و جیهازیی خۆشم هەیە.. کوڕێکی لە تۆ باشتریشم دەست دەکەوێ (هەڵدەچێت) بۆچی پشتت تێکردووم؟

**مانۆلی**:- (لە پڕدا ئاوڕی لێدەداتەوە) سەیرم بکە.

**لینیۆ**:- (هاوار دەکات) ئای مریەمی پاکیزە (دەموچاوی دەشارێتەوە)

**مانۆلی**:- سەیرم بکە لینیۆ.. سەیرم بکە.. تا لێم بترسیت.

**لینیۆ**:- (دەکشێتە دواوە) بۆ وات لێهاتووە؟.. تووشی چی بوویت؟

**مانۆلی**:- گەڕی.

**لینیۆ**:- گەڕی؟!

**مانۆلی**:- بەڵێ.. گەڕی.. ئێستا ئامادەیت شووم پێبکەیت؟ بێ گومان نەء.. ئێستا ئامادەیت منداڵت لە گولێک بێت؟(دەیەوێ لێی نزیک بێتەوە)

**لینیۆ**:- دوور کەرەوە.. دووربکەرەوە لێم.

**مانۆلی**:- حەز دەکەم جارێکی تریش سەیری دەموچاوم بکەیت تا وەکو بە تەواوەتی قێزم لێ بکەیتەوەو ڕزگارت بێت لەمن.

**لینیۆ:**- (دەگری) نەخێر.. نەخێر.. لێم نزیک مەبەرەوە.. دوور بکەرەوەوە لێم..
**مانۆلی:**- من دەڕۆم لینیۆ.. خوات لەگەڵ (دەڕوات)
**لینیۆ:**- (لە گۆشەیەکدا دەکەوێتە سەر زەوی و دەست دەکات بە گریان گولی.. گولی (دەنگی مەڕو زەنگولەکان دێتەوە گوێ.نیکۆلیۆ دێتە ژوورێ. بەر لە مەڕەکان دەگرێت)
نیکولیۆ:- هێی.. هێی.. (فیکە لێدەدات و دەزانێ لەوێن لینیۆش نابینێت) ڕۆیشتن.. (بە سۆزەوە) ئەو لینیۆیە چەند جوانە.. هێی.. ئامادەی پێشەوای ڕانەمەڕ.. گەڕایتەوە؟ (لە پڕێکا بە ئارەزوو داریەوە) دەی بزنە نێرەکە.. ئەوە بزنە مێیەکەیە.. دەی بیگرە.. (بلوێر دەژەنێ و بە سەربەستییەوە سەما دەکات) دەی بیگرەو گاز لە ملی بگرە.. ئاخ لە دەستی ئێوە ئەی مێیینە نەفرەتییەکان.. ئافەرین.. ئافەرین.. (لینیۆ هەڵدەستێت و وەک ئەوەی هێزێکی پەنهان بەرەونیکۆلیۆی بەرێ، نیکۆلیۆ دڕندانە سەیری دەکات و پاشان پڕی پیادەکات و بۆ تاریکیەکەی دەبات) لینیۆ.. لینیۆ..

_ تاریکی _

(لیکۆفریسی.. ڕۆشنایییەکی کزە.. مانۆلی لەبەردەم ماڵی کاترینا دایەو دەموچاوی بە لۆکە داپۆشیوە، بە سڵەوە سەیری ئەملاو لای خۆی دەکات و ئینجا لە دەرگا دەدا)
**مانۆلی:**- (بانگی دەکات) کاترینا.. کاترینا
**کاترینا:**- (پەنجەرەکە لا هێڵ دەکات) کێیە؟
**مانۆلی:**- منم.. مانۆلی..
**کاترینا:**- (دەرگاکە دەکاتەوەو) تۆیت مانۆلی؟بوەستە هەر ئێستا دێم (دێتە دەرێ) مانۆلی.. ئەوە بۆچی دەموچاوت پۆشیوە؟ دەترسیت خەڵکی بتبینن کە بۆ لای من هاتوویت؟ وەرە ژوورەوە..
**مانۆلی:**- ناتوانم.. پەلەمەو دەبێ بڕۆم.
**کاترینا:** مانۆلی.. من شەوو ڕۆژ بیرت لێدەکەمەوە.. هەر چەند دەکەم خەو ناچێتە چاوم.. هەر کە لە ناو جێدا ڕادەکشێم یەکسەر تارماییەکەت دێتە خەونم (بە خۆشیەوە) کەچی وا ئێستاش خۆت هاتوویت.. من لە دنیادا هەر تۆ شک ئەبەم.. مانۆلی بەبێ ئەوەی تۆ حەز بکەیت و بەبێ ویستی خۆم خۆشم دەوێیت و سەرفرازی لە تۆدا دەبینمەوە.. ئەمە جەستەم نییە قسەت لە گەڵدا دەکات.. بەڵکو گیانمە.. مانۆلی منیش گیانم هەیە.
**مانۆلی:**- تەماشاکە کاترینا.. سەیرم بکە.. (دەموچاوی خۆی پیشان دەدات)
کاترینا (بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکات و بە پەلە دەچێت و باوەشی پێدا دەکات) مانۆلی خۆشەویستم.. مانۆلی خۆشەویستم.. ئەوە بۆچی وات لێهاتووە؟(دەگری)
**مانۆلی:** سەیرم بکە.. مەگری.. لە دەموچاوم وردبەرەوە.
**کاترینا:**- (بە گریانەوە) خۆشەویستم.. خۆشەویستم.
**مانۆلی:** قێزم لێناکەیتەوە؟
**کاترینا:**- منداڵە بچکۆلانەکەم من چۆن قێزت لێدەکەمەوە.. من خۆشم دەوێی؟
**مانۆلی:**- پێویستە قێزم لێ بکەیتەوە.. بۆ ئەوەی هەردوکمان ڕزگارمان بێ
**کاترینا:**- من نامەوێ ڕزگارم بێ.. ئەگەر تۆم لە دەست بچێ وون دەبم مانۆلی..
**مانۆلی:**- کاترینا.. یارمەتیدەم بدە.. منیش بیر لە تۆ دەکەمەوە.. ناشتوانم دەسی بەردارت بم بەڵام هەوڵ بدە یارمەتیم بدەی..
کاترینا (پاش تاوێک بێدەنگی) دەتەوێ چۆن یارمەتیت بدەم؟ منداڵە بچکۆلانەکەم دەتەوێ چی بکەم (بێدەنگیەک) خۆم بکوژم؟ ئەگەر بە خۆکوشتنم سەرفراز دەبی خۆم دەکوژم؟
**مانۆلی:**- (بە ترسەوە) نا..نا.. گیانی خۆت لە دەست مەدە..
**کاترینا:**- مانۆلی.. من گیانم بۆچییە ئەگەر بۆ تۆ نەبێت.. با گیانی من لە دەستەکانی تۆ دابێ بیر لە مەسیح بکەرەوە.. ئەویش گیانی مریەمی مەجدەلی لە دەستەکانیدا بوو.

**مانۆلی:-** من شەوو ڕۆژ بیر لە مەسیح دەکەمەوە.

**کاترینا:-** مریەمی مەجدەلیی چۆن ڕزگار کرد؟ من نازانم.. تۆ دەزانی..؟ کەواتە تۆش وا لەمن بکە.

**مانۆلی:-** دەڕۆم.. قسەکانت خەمەکانمی ڕەواندەوەو سوکنایی بە دڵم دا.

**کاترینا:-** تۆش هەروەها.. قسەکانت سوکناییان دا بە دڵم.. ئادەی پێم بڵێ.. خوشکێ..(مانۆلی دەموچاوی دەپۆشێتەوە)

**مانۆلی:-** بە هیوای دیدار خوشکێ.. دێمەوە لات..(کاترینا دەستی دەگرێت و هەندێ گوڵ لێ دەکاتەوەو دەیداتێ)

**کاترینا:-** ئەم گوڵانە بگرە.. لە پەنای مەسیحدا بیت.. چاوەڕێتم.. لەمەو دوا دەرگا بۆ کەس ناکەمەوە..

(کاترینا دەچێتەوە ماڵەکەی، مانۆلی خەریکە دەڕوات..بانایۆتارۆس بە مەستییەوە لەبەر دەمیدا قوت دەبێتەوە)

**مانۆلی:-** بانایۆتارۆس!!

**بانایۆتارۆس:-** کەواتە تۆ ژیانی منت دەوێ؟ باشە.. دەتدەمێ.

**مانۆلی:-** من؟ بۆ.. چیم لێ کردوویت؟

**بانایۆتارۆس:-** گەورەترین ئازارت داوم... هەموو بەشی من لەم دنیایەدا تۆزێك شادی بوو.. تروسکاییەك بوو تۆ کوژاندتەوە.. نەفرەتت لێ دەکەم.

**مانۆلی:-** بانایۆتارۆس.. تۆ بیر لەچی دەکەیتەوە؟.

**بانایۆتارۆس:-** لەو قسانەی دوایی.. کە وتی چیتر لەمەودوا دەرگا بۆ کەس ناکەمەوە. گوێم لێ بوو.. دەمێکە دەرگا لەمن ناکاتەوە.. هەمووشی بە هۆی گوڵێکی وەکو تۆوە.. دەموچاوت بشارەوە.. بەڵام من بینیم و پێشیم خۆش بوو.. وتم ئێستا قیزی لێ دەکاتەوە کەچی زیاتر خۆشی ویستیت ووتی چاوەڕێت دەکەم.. پێم بڵێ چی تۆی گەیاندە لای ئەو.. ها گوڵە؟ بگرە.. ئەم چەقۆیە بۆتۆ.. بمکوژە..

**مانۆلی:-** بانایۆتارۆس برام...

**بانایۆتارۆس:-** پێویستم بە ئامۆژگاری نییە ئەی جادووگەر.. زۆر پەستم ئێستا هەر خەریکی خواردنەوەم و کوچەو کۆڵانان تەی دەکەم. لەژن و منداڵەکانم دەدەم.. کەچی هیچی سوودی نییە.. منداڵان دوام دەکەون و بەو ناوە بانگم دەکەن کە دەیزانیت چییە.. من برای تۆ نیم.. برای تۆ نیم. من یەهوودام.. ئەگەر ڕاست دەکەیت بمکوژە.. هانێ ئەوە ملم.. دەی..

**مانۆلی:-** ئەی باشە تۆ بۆچی من ناکوژیت؟

**بانایۆتارۆس:-** چ سوودێك لەوە دەبینم؟ ئەو کاتە هەتا هەتایە کاترینام لە دەست دەچێت.. ئەوساش من ژیانم بۆ چییە؟ مانۆلی.. لێت دەپاڕێمەوە.. بە زەبیت پیامدا بێتەوەو بمکوژە.

**مانۆلی:-** (باوەشی پێدا دەکات و دەیەوێ هێمنی بکاتەوە) بانایۆتارۆس بمبەخشە.. چونکە ئازارێکی زۆرم بۆ خوڵقاندوویت.. ئیتر لەمەودوا ناچم بۆ لای.. لەمەودوا هەوڵ دەدەم نەیبینم.. ئەوەی دەیەوێ مەرگ ڕاپێچی بکات منم..ئەوسا تۆش لەدەست من دەحەوێیتەوە.

**بانایۆتارۆس:-** (بەتوندی) وازم لێ بێنە..(ڕادەکات)

**مانۆلی:-** ئای خوایە.. ئەویش ئازار دەچێژێت.. یارمەتی بدەو لەو ئازارە ڕزگاری بکە.

(ڕۆژە.. دیمۆس و ئەنتۆنی بۆ قاوەخانەکە دێن، کۆستاندی کورسی و مێزەکان چاك دەکات، یەك دوو ئافرەت کە یەکێکیان گۆزەی لەسەر شانە تێدەپەڕن.. لینیۆ جلێکی تەر لە پەنجەرەکەوە ڕادەوەشێنێت.. لە پڕێکدا.. دەنگی تەقە لە ماڵی ئاغاوە دێتە گوێ.. مایۆری لە پەنجەرەکەوە سەر دەدەهێنێت)

دەنگی ئاغا:- یوسوفاکی _ یوسوفاکی.. ئەی تاوانبارینە.. چ زیانێکی بە ئێوە گەیاندبوو؟

(دەرگاو پەنجەرەکان دەکرێنەوەو ئافرەت و پیاو بە مەیدانەکەدا بڵاو دەبنەوە.. و بە ترسەوە دەڕواننە ماڵی ئاغا سەر لە نوێ دەنگی تەقە دەبیسترێتەوە..)

**مارتا:-** (بە ترسەوە) دێیەکەمان تیاچوو.. بڕۆن... بڕۆن خۆشتان بشارنەوە.

**کۆستاندی:**- چی رووی داوە مارتا؟
**مارتا:**- (بەترسەوە) یوسوفاکی.. یوسوفاکی.. لەناو جێگەکەی خۆیدا سەر براوە..
دیمۆس:- چۆن؟
یەکێک:- کێ سەری بڕیوە مارتا؟
(بەڕێوەبەری قوتابخانە دێتە ژوورەوە)
**مارتا:**- نازانم.. نازانم.. ئاغا دێکەمان دەسوتێنێت..هەموومان دەکوژێت..
**لاداس:**- (بە ڕاکردن دێت)چی ڕووی داوە؟
دیمۆس:- یوسوفاکی کوژراوە.
**لاداس:**- ئەی هاوار مەسیح.. ئەی مریەمی پاکیزە.. ئەوەی کوشتوویەتی یۆنانییە؟
یەکێک:- بەڵێ یۆنانییە.. جگە لەی یۆنانییەکان کێ شتی وا دەکات؟
**بەڕێوەبەر:**- ئەی هاوار مەسیح.. هەموومان تیا دەچین.. با بچینەلای بەتریارخس..
**پەتریارخس:** (دێتە دەرێ) چی ڕووی داوە؟
(دەنگی تەقە دێتە گوێ)
**ئافرەتێک:** رابکەن.. بڕۆنەوەماڵەوەو دەرگاکانتان دابخەن
(بڵاوەی لێ دەکەن.. کۆستاندی قاوەخانەکە هەڵدەگرێ و دەڕوات.. دەنگە دەنگ دێتە گوێ)
**پەتریارخس:** بڵاوەی لێ بکەن.. بڕۆنەوە..
(لەگەڵ بەڕێوەبەرو لاداس دا دەچنەوە ماڵی بەتریارخس.. بابا گریگۆری دێتە دەرێ و بەرەو ماڵی بەتریارخس دەڕوات)
**ماریوری:** (لای پەنجەرەکەوە) بابە.. بۆ کوێ دەچێت؟
**بابا گریگۆری:** پەنجەرەکە دابخەو برۆ ماڵەوە..
[دەنگی تەقە دێتەوە گوێ.. دەرگای بانیژەکەی ئاغا دەکرێتەوەو مەیتەر دێت و فوو بە کەڕەناکەدا دەکات]
مەیتەر: گوێ بگرن خەڵکی دێ.. گوێ لە فەرمانی ئاغا بگرن.. پێویستە بە زووترین کات بابا گریگۆری و بەتریارخس و لاداس و بەڕێوەبەری قوتابخانەو بانایۆتارۆس کە پێی دەڵێن یەهوودا لەبەردەمی ماڵی ئاغادا ئامادەبن.. لەوان زیاتر نابێ کەسی تر بەدەرەوەبێ.. نابێ کەس هاتوچۆ بکات..
[پاش کەمێک ئەوانەی ناویان برا ئامادەبن]
**بابا گریگوری:**- مەترسن، خوا گەورەیە..
**لاداس:**- (بە بەتریارخس)قوربان وەرە لامەوە..
**پەتریارخس:**- چییە دەڵێی دەترسیت..
**لاداس:**- ب..ب. بەڵێ دەترسم.
**پەتریارخس:**- ڕاستییەکەی منیش دەترسم.. بەڵام دەبێ وا پیشان نەدەیت.. ڕاست بەرەوە..
**بەڕێوەبەر:**- مەشڵەژێن.. ئەو خەڵکە سەیری ئێمە دەکەن.. (قەشە لە پێشەوە دەڕوات و لاداس لە دواوەو خۆی بە شانی بەتریارخسدا هەڵواسیوە.. پەنجەرەو دەرگاکان لاهێڵ دەکرێن..) دەگەنە ناوەڕاستی شانۆ و سەیری بانیژەکەی دەکەن..)
**ئاغا:**- (ئاغا دەردەکەوێ و دەموچاوی گڕی لێ دەبارێ) ئەی تاوانبارینە..(دووان پەلی بانایۆتارۆسیان گرتووەو دەهێنین) ئادەی مەیتەر خۆت و شمشێرەکەت ئامادەبن.
**بابا گریگوری:**- گەورەم ئاغا.
**ئاغا:**- بێدەنگ.. ئەی تاوانبارینە.. کامتان یوسوفاکیی کوشتووە؟ دیارە ئەوەی کوشتوویەتی یۆنانی بووە، هەر یۆنانیە چەپەڵەکان ئەو شتانە دەکەن.. تۆیت ئەی بانایۆتارۆسی سەرخۆش؟(دێتە خوارێ و لێیان نزیک دەبێتەوە) ئەگەر ئەوە نەدۆزنەوە کە غولامەکەمی کوشتووە هەمووتان دەکوژم.گوێتان لێ بوو ئەی بەرازینە... هەمووتان لە سێدارە ئەدەم.. ئافرەتەکانیش.. ئەگەر ئەو تاوانبارە نەدۆزنەوە دێکە

هەمووی ئەسوتێنم.. باشە یوسوفاکی چی کردبوو؟ هەر لە بانیژەکەدا دادەنیشت و گۆرانی دەوت.. بۆ کوشتتان؟

**بابا گریگوری:** گەورەم ئاغا سوێند بێ بە..

**ئاغا:** وس سەگسار.. فەرمان دەدەم بتبەستنەوەو دارکاریت بکەن..

بەترارخس: گەورەم ئاغا.. خۆت دەزانی من چەند دڵسۆزی جەنابتانم..

**ئاغا:** بێدەنگ بە بەراز... خۆم دەزانم چی لە تۆش دەکەم.. ئەوە کێیە لە پشتەوە خۆی شاردۆتەوە؟

لادا س:(بەترسەوە) قوربان.. ئاغا گیان ئەوە منم..

**ئاغا:** تۆیت پتسکەی پیر.. گەنجینەکانت دەکەمەوەو چیبیان تێدایە دەری دەهێنم تا تەرمێکی شایانەی بۆ یوسوفاکی پێ دروست بکەم..

**لاداس:** ئاغا گیان بمکوژەو ئەو کارە مەکە..

**ئاغا:** غولامەکەی من بمرێ و ئێوە بژین؟ (قامچییەکەی رادەوەشێنێت) بۆ؟ بۆ؟ ئەی تاوانبارینە.. پێم بڵێن یوسوفاکی چی لە ئێوە کردبوو؟ ئەو هیچی نەدەکرد.. هەر گۆرانی دەووت.. (قورگی پڕ دەبێ لە گریان و قامچییەکەی لێ دەکەوێ و بە تورەییەوە.) بیانبەستنەوە (مەیتەرو دووانەکە دەیانبەستنەوە)

**ئاغا:**- بانایۆتارۆس.. بەتۆ دەست پێ دەکەم.. بە داردا هەڵت دەواسم.. پیسکە سبەینێش نۆرەی تۆیە.., تۆش خاوەن شکۆ بەرێوەبەری قوتابخانە هەینی نۆرەت دێ، تۆش ئەی پیرەمێردی بێ ئابرو.... بەتریارخس رۆژی شەممە... ئەی سەگی پیر.. گریگۆریی قەشە.. تۆش لە رۆژی یەکشەممەداو لە کاتی نوێژدا نۆرەت دێ کە شێوەش تەواو بوون..نۆرەی هەموو دێکە دێت

(دەچێتەوە سەر بانیژەکە)

**ئافرەتێک:**- تیاچووین.. تیاچووین

**لاداس:**- یەهودا بەو کارە هەڵساوە.. دێکەمانی تەفرو تونا کرد (ئافرەتان نیشانەی خاچ دەکەن)

**ئافرەتێک:**- (رووەو بانایۆتارۆس دەچێت) قسە بکە.. دان بە تاوانەکەدا بنێ و دێکەمان رزگار بکە.. بە زەبیت بە منداڵەکانمدا نایەتەوە؟

یەکێکی دی:- ئەگەر تۆیت قسە بکە..

هەموو:- پێی لێبنێ.. قسە بکە..

**یەکێکی دی:**- بە زەبیت پیاماندا بێتەوە..

یەکێکی دی:- ئەی دوژمنی مەسیح قسە بکە.

هەموو:- قسە بکەو بە زەبیت پیاماندا بێتەوە.

**بانایۆتارۆس:**- (لەپەردا هاوار دەکات) ئەی من _ کێ بەزەیی بەمندا دێتەوە؟

**گریگۆری:**- ئەی یەهوودای نەفرەتی.. قسە بکەو هەموو گوناهەکانت دەسرێنەوە.

**بانایۆتارۆس:**- ئێوەو دێکەش بۆ دۆزەخ.. با هەموتان بسوتێن.. حەز دەکەم هەمووتان بسوتێن.

هەموو:- (توورەن و ناوێرن دەنگیان زۆر بەرز بکەنەوە لەبەر ئاغا) ئەی دوژمنی مەسیح.. ئەی یەهودا.

**بانایۆتارۆس:**- ئێوە واتان لێکردم ببمە یەهوودا.

**بابا گریگوری:**- دان بەوەدا بنێ کە تۆ کوشتوتە ; ئیتر مەسیح لێت خۆش دەبێت.. ئێستا ژیانی خەڵکی دێ لە دەستی تۆدایە.. قسە بکە تا ژیانیان رزگار بکەیت.

هەموو:- قسە بکە.. قسە بکە

**بانایۆتارۆس:**- هەمووتان.. ئەی قەشە چەپەڵەکە.. تۆش ئەی پیسکە.. حەزدەکەم هەمووتان لەگەڵ مندا لەدار بدرێن.. لەگەڵ مندا.. لە گەڵ یەهوودادا.. (پێدەکەنێت)

**لاداس:**- (لە ترسدا دەلەرزێ) قسە بکە یەهوودا.. قسە بکە منیش قەرزەکە.. نیوەیت لێ ناسەندمەوە.

**بانایۆتارۆس:**- ئەی پیسکە

مەیتەر:- (فو بە کەرەنادا دەکات و هاوار دەکات) بە فەرمانی ئاغا دەبێ پیاوان و ژنانی دێ لە گۆرەپانەکەدا کۆببنەوە(هەموو کۆدەبنەوەو ئاغا دێتە خوارێ و بە دوایە دوو خزمەتکارەکە لەسەر داردەست تەرمی یوسوفاکیان هەڵگرتووەو دەیهێنن.. بە گوڵ داپۆشراوە هەر دەموچاوی نەبێ..)

**ئاغا:-** ئەی تاوانبارینە.. یوسوفاکی لە لایەک و ئێوەش هەمووتان لە لایەکی تر.. بانایۆتارۆس.. تۆ کوشتت؟ بۆچی.. چەپەڵ؟ (لێی دەدات و بە قامچی تێی دەکەوێت) بۆ؟ بۆ؟.. ئادەی مەیتەر بیبەو لە داری بدە (مەیتەر دەیبات)

هەموو:- قسە بکە.. یەهوودا.. قسە بکەو رزگارمان بکە (لە پڕدا مانۆلی دێت)

**مانۆلی:-** بوەستن.. بوەستن.. من دەزانم کێ کوشتوویەتی.

**ئاغا:-** ئەمە کێیە

**مانۆلی:-** (رێگای خۆی لەناو خەڵکەکەدا دەکاتەوە) منم.. مانۆلی..

**ئاغا:-** (رایدەوەشێنێت) تۆ دەزانیت کێ کوشتوویەتی؟

**مانۆلی:-** بەڵێ

**ئاغا:-** کێ؟ قسە بکە

**مانۆلی:-** من..

**ئاغا:-** تۆ..

**ئافرەتێک:-** (لە خۆشیدا) خۆیەتی، راست دەکات.

یەکێکی دی:- تەواوە.. ئەوە

هەموو:- ئەوە.. ئەو کوشتوویەتی...

**یاناکۆس:-** نەخێر ئەو نەیکوشتووە ئاغا..

**کۆستاندی:-** بروای پێنەکەیت ئاغا.

هەموو:- ئەو کوشتوویەتی.. ئەو کوشتوویەتی.

**ئاغا:-** بێ دەنگ بن (بە مانۆلی) تۆ کوشتت..؟

**مانۆلی:-** بەڵێ.

**ئاغا:-** بۆچی؟

**مانۆلی:-** شەیتان هانی دام بیکوژم.. دەنگێک هاتە گوێم ووتی غوڵامەکە بکوژە.. منیش نیوەشەو هاتم و کوشتم. (مایکل و یاناکۆس و کۆستاندی لای ئاغاوەن)

**مایکل:-** ئاغا ئەمە مرۆڤێکی پاک و پیرۆزە.. شوانی ئێمەیە.. راست ناکات ئەم نەیکوشتووە..

**یاناکۆس:-** ئاغا ئەمە قددیسە..

**کۆستاندی:-** قددیسە

(هەموو دەیکەن بە هاوارو دەڵێن:- ئەو کوشتوویەتی، ئاغا بە دەمانچەکەی تەقەیەک بە ئاسماندا دەکات)

**ئاغا:-** (بەهێمنییەوە لەگەڵ مانۆلیدا) دەڵێی من کوشتوومە تا دێکە رزگار بکەیت.. لە پێناوی ئەمانەدا کە دەیانەوێ بە کوشتت بدەن.. دیارە تۆ یان شێتیت یان قددیسیت.. ئارەزوی خۆتە مادام حەز دەکەیت دەتکوژم.. بەڵام دەمەوێ بزانم هەر بەراست تۆ یوسوفاکیت کوشتووە؟ (کاترینا دێتە ژوورێ و بەسەر پێیەکانی ئاغا دەکەوێت)

**کاترینا:-** نەخێر.. ئاغا.. ئەو نەیکوشتووە.. من کوشتوومە، لەوە زیاتر ناتوانم ئەو نهێنییە بشارمەوە.. کەس لەو تاوانە بەرپرسیار نییە) من کوشتوومە.

**ئاغا:-** تۆ ئەی چەپەڵ

**بانایۆتارۆس:-** درۆ دەکات، دەیەوێ مانۆلی رزگار بکات.

**مانۆلی:-** درۆ دەکات.

**کاترینا:-** من کوشتوومە ئاغا.. لەبەر ئەوەی تۆم خۆش دەویست.

**باناپۆتارۆس:-** درۆ دەکات

**مانۆلی:-** درۆ دەکات.

**کاترینا:-** بەڵام تۆ بایەخت بە یوسافاکی دەداو بە منت نەدەدا.. منیش غیرەم لەو کردو رقم لێ بووەوە.. هەرچییەکم کرد بۆ ئەوەی منت لەبیر نەچێتەوە بەڵام بێهوودە بوو.. ئیتر منیش نیوە شەو..

**ئاغا:-** تۆ ئەی چەپەڵ.. تۆ؟

**مانۆلی:-** نەخێر ئاغا.. من کوشتوومە.. من.

**کاترینا:-** راست ناکات ئاغا.. دەیەوێ دێکە رزگار بکات.. من کوشتم.. بەم.. بەم چەقۆیە کوشتم.. هانێ (ئاغا چەقۆکەی لەدەست دەسەنێت و کاترینای پێ دەکوژێت)

**مانۆلی:- کاترینا:-..** (لاشەکەی دەکەوێتە خوارەوەو بەردەم لاشەکەی یوسوفاکی)

**ئاغا:-** ئادەی مەیتەر.. هەر ئێستا ئەو قددیسەش لەدار بدەن..

(مەیتەرەکە دێت و پەلی مانۆلی دەگرێت تا بیبات، لەم ساتەدا مارتا دێتە ژورێ و بوخچەیەکی بە دەستەوەیەو هاوار دەکات)

**مارتا:-..** گەورەم.. تەماشا بکە ئاغا(بوخچەکە دەکاتەوەو جل و بەرگی خوێناوی تێدا دەردەکەوێ) سەیر بکە چیم دۆزییەوە.. شەرواڵ و کراسێکی خوێناوی..

**ئاغا:-** هینی کێن؟

**مارتا:-** هی مەیتەرەکەن.. مەیتەرەکە رەنگی زەرد دەبێ، ئاغا لێی دەروانێت و لە پڕدا بە هەرچوونەوە بەرەو رووی دەچێت و بە توورەیی دەست لە ملی گیر دەکات، مەیتەرەکە دەتۆقێت و دەکەوێتە سەر چۆک، بەڵام ئاغا توند دەیگرێ)

**ئاغا:-** ئادەی تەماشام بکە..(تاوێک بێدەنگی) بۆچی؟ ها؟

مەیتەرەکە:- (دەلەرزێ) لەبەر ئەوەی حەزی بە چارەی من نەبوو.. لێی پارامەوە.. رقی لێم دەبووەوە.

**ئاغا:-** هەڵسەرە سەر پێ.. (بە ترسەوە هەڵدەسێت)

**ئاغا:-** (قامچییەکە بە دەستەوە دەگرێ) راکە.. (کە دەیەوێ رابکات دەکەوێت.. خەڵکەکە دەترسن و بڵاوەی لێ دەکەن.. مەیتەرەکە هەڵدەسێتەوە..) وەرە ئەی سەگ.. بوەستە (بە شمشێرەکەی دەیەوێ لێی بدات.. مەیتەرەکە رادەکات، ئەویش بە دوایدا،، ون دەبن)

مانۆلی و یاناکۆس و کۆستاندی و مارتا لە لاشەکەی کاترینا نزیک دەبنەوە)

**یاناکۆس:-** زۆر جوان بوو..

**مارتا:-** تازە مرد.. چی لە جوانی بکات.. (مانۆلی بە بێدەنگییەوە لە لاشەی کاترینا رادەمێنێت و، باناپۆتارۆس لە پڕدا دێت و لای لاشەکەوە دەکەوێتە سەرچۆک و باوەشی پێدا دەکات)

**باناپۆتارۆس:-** وازی لێ بێنن بۆمن (مانۆلی و هاوڕێکانی دوور دەکەونەوە)

**کۆستاندی:-** مانۆلی.. بەزەییت بە کاتریناداا دێتەوە؟

**مانۆلی:-** ئێستا مریەمی مەجدەلی دەستی گرتووەو پێکەوە لە بەهەشتدا دەگەڕێن.. لەو کێڵگانەدا کە مەرگیان تێدا نییە..کۆستاندی من بە زەییم پێدانایەتەوە.. بەڵکو بەخیلیی لێ دەبەم

_تاریکی _

بەشی دووەم

(پاش تێپەڕبوونی چەند هەفتەیەک.. رۆژی جەژنی قددیس (ئیلیا) و ئاڵایەک ئەوە پیشان دەدات، لەبەردەمی ماڵی بەتریاخسدا مێزێکی نانخواردنی گەورە دانراوە و خواردنی جۆراو جۆری لەسەرە، لاداس و بەتریارخس و بەڕێوەبەری قوتابخانە لەسەر مێزەکە دانیشتوون، لینیۆ خزمەتیان دەکات، لەبەردەمی ماڵی ئاغادا هەندێک لە خەڵکی خەریکی سەمان و دەنگی مۆسیقا دێت، قاوەخانەکەی کۆستاندی هەندێ کەسی لێیە لەوانە باناپۆتارۆس کە بە تەنیا لەسەر مێزێکەو شووشەیەک شەرابی لەبەردەمدایە.. پێک هەڵدەدەن و پێدەکەنن)

**پەتریارخس:-** (لینیۆ قاپێکی پڕ گۆشت لەبەردەمیدا دادەنێت) هەرچی لە مووبەقەکەدایە بیهێنە.. ئافەرین.. بەم زووانە شاییەکەت بۆ دەکەم (بە میوانەکان) ئا پێم نەوتوون.. لینیۆ دەدەم بە شوو.

**لاداس:-** بە کێی دەدەیت؟ خۆ لەگەڵ ئەو مانۆلییە شێتەدا ئاشت نەبوویتەتەوە؟

**پەتریارخس:-** نەخێر.. ئەو تەواو.. وازی لە دنیا هێناوە.. دەیدەم بەنیکۆلیۆ.

**بابا گریگوری:-** نیکۆلیۆ؟ شوانە بچکۆلەکەت؟

**لینیۆ:-** (قسەکەت پێ ناخۆشە) نیکۆلیۆ بچکۆلە نییە.. گەورەیە.. پیاوێکی تەواوە.. بە تووڕەییەوە خێرا دەڕوات، ئەمان پێدەکەنن)

**پەتریارخس:-** ئەم پێکە لە چاوی ئاغا.. ئێستا لە خزمەت پاشادایە.

**بەڕێوەبەر:-** هیوادارم زوو نەگەڕێتەوەو ئەم جەژنەمان لێ تێک نەدات. (سەما هەر بەردەوامە.. مایکل و یاناکۆس دێن.. کۆستاندی کە دەیانبینێ دێت بۆ لایان)

**کۆستاندی:-** مانۆلیتان نەبینی..؟

**مایکل:-** نەخێر.. نەماندۆزییەوە.

(یاناکۆس و کۆستاندی بۆ قاوەخانەکە دەچن، مایکلیش بەرەوماڵەوە)

**بابا گریگوری:-** زاواکەم چۆنیت؟

**مایکل:-** بابا ماریۆری چۆنە؟

**گریگۆری:-** (تۆزێک دەشلەژێ) ماریۆری هەر لەناو جێدا کەوتووە.

**مایکل:-** بە تەنیاش جێت هێشتووە؟ دیارە زۆر نەخۆشە ئەگینا بۆ ئاهەنگەکە دەهات.

**پەتریارخس:-** تەماشاکەن.. هەر کە دەیبینێت وەختە گڕی تێ بەربێت.. تا زووە بەشوو نەدرێ جێی بێوەژنەکە دەگرێتەوە..

(نیکۆلیۆ و لینیۆ دەچن سەما دەکەن و بەتریارخس لەگەڵ ئیقاعی سەماکەدا چەپڵە لێدەدات، هەروەها ئەوانی تریش.. پەنامەندەکان دێن.. قەشە فۆتیس و مانۆلی لە پێشەوەن.. سەماکەوجمو جۆڵ دەوەستێت)

**فۆتیس:-** (بە پەنامەندەکان) ڕۆڵەکانم با بچین بۆ کەنیسەو بە بۆنەی جەژنی قددیس ئیلیاوە نوێژ بکەین.

**گریگۆری:-** ئەم بێگانانە دێکەمان کاول دەکەن..

فۆتیس:- (ڕوو لە کەنیسەکەدەکات) ئەی قددیس ئیلیا تۆ لە ئێمە تێ دەگەیت.. چونکە وەکو خۆمان هەژار بوویت.. (دەچنە کەنیسەکە)

(مانۆلی دەمێنێتەوە)

**نیکۆلیۆ:-** مامۆستا بەیانیت باش..

**مانۆلی:-** بەیانیت باش

**نیکۆلیۆ:-** (دوو دڵە، سەیرێکی لینیۆ دەکات تاوەکو ئازایەتیی بەبەردا دێتەوە) مامۆستام.. دەزانیت لینیۆ دەهێنم

**مانۆلی:-** دەزانم. (خەڵکی لێیان کۆدەبنەوە)

**نیکۆلیۆ:-** (بە سەرسوڕمان و کەف و کوڵەوە) دەزانیت؟. ئەی چۆن پەلامارم نادەیت و نامدەیت بە زەویدا؟.

**مانۆلی:-** بۆچی؟

**نیکۆلیۆ:-** ئەی ئەوە نییە خۆشەویستەکەی تۆ دەهێنم.. ئەگەر من لە جێی تۆ دەبووم سوێند بێ بەو زادەی دەیخۆم دەمکوشتیت..

**مانۆلی:-** هیوادارم ژیانێکی بەختەوەر پێکەوە بەسەر بەرن.

**کۆستاندی:-** مانۆلی لە کوێ بوویت؟

**مایکل:-** لە دوێنێ شەوەوە بە دواتدا دەگەڕێین.

**مانۆلی:-** لە شاخی ساراکینام.. بڕیارم داوە ئیتر لەوێ بم. چونکە کاتی دیاری کراو هاتووە.

**یاناکۆس:-** مەبەستت چییە؟

**مانۆلی:-** مەبەستم ئەوەیە کاتی ئەوە هاتووە ئەو خەڵکە ڕاپەڕێت و دەمەکان هاوار بکەن.

١٢٠

**پەتریارخس:**- خەڵکی دێ ئەوە بۆچی سەما ناکەن و گۆرانی نالّێن؟ هەروا زوو ماندوبوون؟ ئای لە گەنجی ئەم زەمانە. (مۆسیقاو گۆرانی و سەما دەست پێ دەکاتەوە قەشە فۆتیس و هاوەڵەکانی لە کەنیسەکە دێنە دەرێ، پەتریارخس و لاداس هەر خەریکی خواردنن.. بابا گریگۆری ناثارامە )

**مانۆلی:**- (دەست دەخاتە سەرشانی هاورێکانی) هەر چییەک رووبدات ئێوە ئامادەن؟

**کۆستاندی:** - ئێمە بۆ ژیان و مەرگ لە گەڵتداین.

**مایکل:**- مانۆلی.. ڕێگای خۆت بگرەو ئێمەش بە شوێنتەوەین.

**مانۆلی:**- (دەچێتە سەر شوێنێکی بەرزو لەگەڵ خەڵکی لیکۆفرکیسی دەدوێت) برایان.. (دەنگی بەرز دەکاتەوەو بە سوربوونەوە) نزیک دەبنەوە.. بابا گریگۆری هەڵدەستێت )

**کۆستاندی:**- مانۆلی دەیەوێ قسەتان بۆ بکات.

**بابا گریگوری:**- قسەی هیچ.. مانۆلی ناتوانێ قسە بکات.

**مانۆلی:**دوو قسە بۆ ئەو خەڵکە بکەم.

**بابا گریگوری:**- تۆ؟ لە بارەی چییەوە؟

**مانۆلی:**- لە بارەی مەسیحەوە

**بابا گریگوری:**- مەسیح ئیشی منە نەک هی تۆ..

**مانۆلی:**- مەسیح خۆی فەرمانی پێداوم قسە بکەم.

**مایکل:**- بابا گریگۆری با قسە بکات..

**پەتریارخس:**- باباگریگۆری با قسە بکات..

**بابا گریگوری:**- ئامادەی قسە بکە.. بەڵام مەیکە بە هات و هاوار..

**کۆستاندی:**- با گوێ لە مانۆلی بگرین.

(باباگریگۆری بەرامبەر مانۆلی دەوەستێت / مانۆلی کە هەموو بێدەنگ بوون.. ئینجا قسە دەکات)

**مانۆلی:**- برایان.. دەمەوێ لە بارەی مەسیحەوە بۆتان بدوێم.. بمبوورن من کابرایەکی ساکارم و هەر بە شێوەیەکی ساکاریش شتەکانتان بۆ دەگێڕمەوە.. ئێوارەیەکیان دەمەو خۆرنشین لەبەردەمی ئەشکەوتەکەدا خەریکی خوێندنەوەی ئینجیل بووم مەسیح بەوپەڕی ساکاری و نەوازشەوەو هەروەکو هاورێم بێت هاتە لامەوەو دانیشت.. پێیەکانی خوڵاوی بوون.. هەردوو لەپی دەستی شوێنەواری لە خاچدانەکەیان پێوە مابوو و خوێنیان لێ دەتکا.. توورەکەیەکی بەتاڵی بە دەستەوە بوو و بە زمانێکی غەمگین پێی وتم:- (ئەی مەسیحی هێمن.. دەمەوێ لە پێناوی تۆدا بمرم.. دوای بێدەنگییەک پرکێشیم کردو وتم:(گەورەم ماندوو دیاریت.. لەکوێوە هاتوویت؟ وتی (نەوەکانم برسیانە.. بەم توورەکەیەوە ئەم دێ و دێ دەکەم تا شتیان بۆ کۆبکەمەوە.. کەچی کاتێ چوومە لیکۆفریسی دەبینم توورەکەکە بەتاڵەو هیچی تێدا نییە..

کە قسەکەی تەواو کرد نەمزانی چی بڵێم.. بەڵام مەسیح هاواری بە سەرمدا کرد:(تۆ خۆت واپیشان دەدەیت کە منت خۆش دەوێ، کەچی بێ دەربەستانە دانیشتوویت و.. دوای ئەوەی تێرت خواردووەو خواردووەتەوە دەس دەدەیتە ئینجیل قسەکانی من دەخوێنیتەوەو دەگریت لەبەر ئەوەی لە خاچ دراوم.. کەچی دوایی دەچیت دەنوویت.. وا دوزانیت خەبات لە ڕێی مەسیحدا بە تەنها خوێندنەوەی قسەکانێتی؟ یان بە تەنها گریان و قسەی زلە.. هەڵسە هەڵسە برۆ ناو خەڵکییەوەو لە ئازارەکانیان بگەو بیاندوێنە منیش وتم ئاخر گەورەم چیان پێ بڵێم! وتی: برۆ هاوار بکە من برسیم.

**لاداس:**- (بە گریگۆری) خەریکە بە قسەی نەرم سۆزی خەڵکی بەلای خۆیدا رادەکێشێت.

**یەکێک:**- ئای یەزدان.. ئەمە مانۆلیە.. شوانی مەرو بزنەکان؟؟

**مانۆلی:**- براینە مەسیح هاوار دەکات، من برسیمە.. یارمەتیی بدەن یەزدان یاداشتتان دەداتەوە..

**لاداس:**- یاداشتی ئەو دنیا؟! بەوە ئامۆژگاریمان دەکەیت؟ئەو نانە نانە ئێستە لە خوانە..

**یاناکۆس:**- لاداسی پیرەمێرد.. بهێڵە قسەکانی تەواو بکات

**لاداس:-** تۆ چاکتر وایە بێدەنگ بیت یاناکۆس.. چونکە قەرزی منت لایەو ئەبێ لەم دنیاشدا بمدەیتەوە.
**بەڕێوەبەر:-** کوڕەکەم ئەمەی تۆ دەیڵێیت کاری قدیسەکانە نەک مرۆڤ.. ئێمەش مرۆڤین و خاوەن وزەیەکی دیاریکراوین.
**مانۆلی:-** منیش داوای شتێکم نەکردووە ستەم بێ.
**دیمتری:-** باشە مانۆلی چی بکەین؟ فەرمانەکانی مەسیح چین..
**یەکێک:-** ئێمە ناتوانین هەموو شتەکانی خۆمان ببەخشینەوە.
**مانۆلی:-** بەروبوومی ئەمساڵ باش بوو.. منیش دەڵێم:- گوێ لە هاوارەکەی مەسیح بگرن کە دەڵێت:- بەم زستانە براکانتان لە بەردەمی دەرگاکانتاندا وا خەریکن لە برسانا دەمرن.. من ناڵێم چیتان هەیە بیبەخشنەوە.. بەڵام دەتوانن هەر یەکەو دەیەکی بەروبوومەکەی بە هەژارەکانی ساراکینا بدات تا وەکو ئەوانیش خۆیان رادەگرن.. یان ئەو هەموو زەوی و زارە بەیارە هەیە کە هەروا پشتگوێ خراون با بدرێن بەوانە تا بۆ خۆیان بیانکێڵن و لە بەروبوومی بخۆن.. ئێوە چۆن دەتوانن تێربن لە کاتێکدا مناڵەکانی ساراکینا لە برسانا دەمرن..ئەوەی لە بەردەرگای ئێمەدا لە برسانا بمرێت.. دەبێ بە تەوقێک و دەچێتە گەردنمان.
**ئەنتۆنی:** - من قایلم.. مانۆلی ناوی من بنووسن.. ئەنتۆنی یانیدیس.. ئەگەر چی سەرتاشم و زەوی و مێوم ئەوەندە نییە ؛ بەڵام دەیەکی بەروبوومەکەم دەدەم بەو پەناهەندانە.
**دیمتری:-** منیش هەروەها..
**ئافرەتێک:-** منیش
**بابا گریگوری:-** ئێی.. ئەی دێ.. وریابن..بروا بەو درۆزنە مەکەن.. هەڵتان دەخەڵەتێنێ.. ئەم دنیایە لەسەر چوار شت بەندە.. ئیمان و نیشتمان و شەرەف و هەروەها پارە.. خوا خۆی یەکێک دەوڵەمەند دەکات و یەکێکی تر هەژار.. ئەمە لە دەسەڵاتی خوادایە نەک ئێمە.. ئەوەی سەرپێچی ئەو دەسەڵاتەش بکات یانی سەرپێچی خوا دەکات..
**پەتریارخس:-** (بە تووڕەییەوە) بڕۆ خەریکی شوانێتییەکەت بە مانۆلی.. خۆت هەڵمەقورتێنەرە ئەو کاروبارانەوە.
**بابا گریگوری:-** ئەی جەنابت قەشە فۆتیس.. پێش هاتنت هەموو شتێ لە باری ئاسایی خۆیدا بوو.. بەڵام بە هاتنت ئاژاوە کەوتە ناو دێوە.. هەژارەکان دەمیان درێژ بووە و ئارامتان لە دەوڵەمەندەکان بڕیوە.
**بابا فۆتیس:-** راست دەفەرموویت بابا.ز هیچ شتێ بەبێ دەسەڵاتی خوا روونادات.. (ئاو ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر بە ئارامی و بێ جووڵە مایەوە بۆگەن دەکات.. گیانی مرۆڤیش هەمان شت گەر بۆ ماوەیەکی زۆر بە ئارامی مایەوە بۆگەن دەکات).. خوا ئێمەی کرد بەو رەشەبایەی بەسەر ئێوەدا هەڵبکەین و گۆماوەکان بشڵەقێنین.. برایینە.. ئێمەش لە خۆشگوزەرانیدا بووین و وامان لێ هات.. من مردنی خۆمم بەلاوە گرنگ نییە.. هەروەها مردنی پیرەکانیشم بەلاوە گرنگ نییە ؛ چونکە تەمەنی خۆیان بەسەر بردووە.. بەڵام هەموو رۆژێک یەکێک لە منداڵەکانمان لە برسا دەمرێت.. ئەو پاشماوانەی کە ئێوە دەیدەن بە سەگەکانتان ئەگەر بدرێن بەوان لە برسا نامرن.. من لە پێناوی ئەو مناڵانەدا داوای یارمەتی لە ئێوە دەکەم.(قسەکان کار لە خەڵکی دێ دەکات)
**دیمتری:-** من گوێرەکەیەکم سەربڕیوە.. گۆشتەکەی بەسەر ئەواندا دابەش دەکەم.
**ئەنتۆنی:-** منیش دەچم بە خۆرایی سەریان دەتاشم.
**بەڕێوەبەر:-** منیش قەڵەم و کتێبیان بۆ دەبەم و فێری خوێندنەوەو نووسینیان دەکەم.. هەروەها نەخشەیەکی یۆنانیش دەبەم و ئەو ناوچانەی وڵاتەکەمانیان پێ نیشان دەدەم کە زەوت کراون.
**مانۆلی:-** بابا.. دەبینی.. کەواتە هێشتا مەسیح نەمردووە.
**قەشە فۆتیس:-** رۆڵەکانم با بڕۆین.. ئەی خەڵکی لیکۆفریسی سوپاستان دەکەین.. (مانۆلی و مایکل نارۆن)

**پەتریارخس:**- مانۆلی.. وەرە.. ئەی دەبەنگ شێت بوویت.. دەوری قدیس دەبینیت.. ئاگری شۆڕش. خۆش دەکەیت؟

**مانۆلی:**- (بەسەرسورمانەوە) من؟

**بابا گریگوری:**- بەڵێ تۆی تاوانبار.. دەتەوێ ئاگر لە دێکە بەر بدەیت.

**پەتریارخس:**- بەسەرهاتی ورگت نەبیستووە کە ویستی خۆی لە جێی سەر دابنێ بەڵام کە ویستی بدوێ پیسایی لە دەم و چاوییەوە هاتەدەرێ.. هێی شوانە.. ورگ شوێنی خۆی هەیەو سەریش شوێنی خۆی (بە تووڕەییەوە دێت و دەچێت) تۆ دەڵێی پێویستە دەوڵەمەندەکان نەمێنن.. وانییە؟ ئەی باشە دەبەنگ ئەگەر ئەوان نەمێنن کێ سواڵ بە هەژارەکان بکات؟ها؟ کێ تۆ بە شوان رابگرێت؟ (بە تووڕەیی و گاڵتەپێ کردنەوە) ئێمە هەموو برای یەکین.. بۆ ئەوەی سامانەکانمان لە نێوان خۆتاندا بەش بکەن.. ئەی بێ مێشک.. کێ ئەمەی خستووتە ئەقڵتەوە..

**مانۆلی:**- مەسیح..

**پەتریارخس:**- کام مەسیح هەی ئاژەڵ ئەوە مەسیحی ئێوەیە نەک ئێمە... مەسیحێکە بە خەیاڵ لەسەر شێوەی خۆتان دروستتان کردووە.. مەسیحێکی هەژارو یاخی.. ئادەی با نانەکە بکەین بە دوو لەتەوەو بە یەکەوە بیخۆین.. نەخێر نایخۆین.. تێگەیشتیت (تورەیەو ئێخەی مانۆلی دەگرێت) لاچۆ ونبە لەبەرچاوم..

**بابا گریگوری:**- ئەمە شتێکی ترسناکە.. ئەبێ لە دێکە دەری بکەین.. ئەمە شوان نیە.. مەڕ نییە.. گورگە.

**مایکل:**- بابە.. ئەگەر مانۆلی دەربکەن منیش لە گەڵیدا دەڕۆم..

**پەتریارخس:**- مایکل..!

**مایکل:**- لەبیرم دێ کە دێکەمان پێویستی بە رزگارکردن هەبوو چ تۆ و چ بابا گریگوری بیرتان لەدێ نەدەکردەوە.. بەڵکو بیرتان تەنها لە بەرژەوەندیی خۆتان دەکردەوەو هیچی تر.. بەڵام مانۆلی بە پێچەوانەی ئێوەوە بوو..

**پەتریارخس:**-.. ئەمە تۆیت ئاوەها لەگەڵ باوکتدا قسە دەکەیت؟ تۆ کە لە خوێنی خۆمیت لە پێناوی جانەوەرێکی وادا جوێنم پێ دەدەیت و دەسبەردارم دەبیت؟ لە نێوانی من و ئەودا ئەو هەڵدەبژێریت؟

**مایکل:**- من ئەو هەڵنابژێرم.. من مەسیح هەڵدەبژێرم.. هەر لەبەر ئەوەش دەسبەردارت دەبم..

**پەتریارخس:**- (لە تووڕەییدا خەریکە شێت بێت) ئاوەها.. زۆر چاکە.. کەواتە تۆش ونبە لەبەرچاوم.. لەمڕۆ بە دواوە نامەوێ بتبینم.. حاشات لێ دەکەم.. تۆش بچۆرە پاڵ ئەو گەجەرو گوجەرانە.

**مایکل:**- مانۆلی.. با بڕۆین..

**پەتریارخس:**- نەفرەتی منتان لێ بێ..

**بابا گریگوری:**- نەفرەتی خواشتان لێ بێ..

**مانۆلی:**- نەفرەتی باباگریگۆری و پیاو ماقوڵانی تری دێش هەیە.. ئێوە ئەی ئەوانەی مەسیحتان لە خاچ دا.. تەنانەت ئەگەر ئەمجارەش بێتەوە سەرلەنوێ لە خاچی دەدەنەوە (لەم ساتەدا بەرتریارخس هاوارێکی خنکاوی لێ دێ)

**پەتریارخس:**- کوڕەکەم.. کوڕەکەم بۆ وازم لێ دەهێنێت؟ چیم لێ کردووە؟ (دەکەوێتە سەر زەوی)

**مایکل:**- (ڕووەو باوکی دەچێت) باوکە..

**بابا گریگوری:**- (بە مانۆلی و مایکل بە توندو تیژییەوە) ئێوە کوشتتان.. (مایکل دەیباتەوە ماڵەوەو مانۆلیش یارمەتی دەدات) (بەخەڵکی دێ) بڕۆنەوە ماڵەوە.. جەژن و سەما تەواو..تا ئەو پەناهەندانە لێرەبن ئەم دێیە خۆشی بە خۆیەوە نابینێت (دەڕۆن)

**ئافرەتێك:**- (لە ماڵی بەتریارخس دێتە دەرێ) بابا فریاکەوە.. بەتریارخس هیلاکە.. لەشی دەڵێی بەفرەو زۆر بە قورسیش هەناسە دەدات.. داوای تۆ دەکات. (گریگۆری دەڕوات)(لەم کاتەدا ئاغا و غوڵامە تازەکەی دێن، خزمەتکارێکیش باوڵەکەی بۆ هەڵگرتووە، خزمەتکارەکە باوڵەکە دەباتەوە ماڵی ئاغا)

**ئاغا:**- غولامەکەم ئەمە دێکەمانە بە دڵتە؟
**غولام:**- کەس نابینم.. ئەڵێی چۆڵەو کەسی تێدا نیە..
**ئاغام:**- (پێدەکەنێت) پڕە لە خەڵکی.. چون بۆ درەو.
**غولام:**- ئەی ئافرەتی جوانی تێدایە..
**غولام:**- من ئافرەتی جوانم دەوێ..
**ئاغا:**- بەسەرچاو..
**غولام:**- ئەبێ هەر ئێستا بۆم پەیدا بکەی.
**ئاغا:**- باشە .. باش.. تۆ جارێ با بچینە ماڵەوە..
**غولام:**- لێرەدا ناجوڵێم تا ئافرەتم بۆ پەیدا نەکەیت
**ئاغا:**- هەزار رەحمەتت لێ بێ یوسوفاکی.. تۆ داوای هیچت نەکردو گۆرانی خۆت دەوت.. مارتا.. مارتا..(مارتا دەردەکەوێت) برۆ بە قەشە گریگۆری بڵێ ئافرەتێک بۆ غولامە تازەکەم بدۆزێتەوە.

تاریکی

(مانۆلی دێتە ژوورەوە.. بە سۆزو خۆشەویستی و دڵنەواییەوە دەستی خستووەتە سەرشانی مایکل)
**مانۆلی:**- مایکلی برام دەبێ ورەت بەرز بێ..
**مایکل:**- (قورگی پڕ گریانە) باوکم..
**مانۆلی:**- خوا لێی خۆش بێت.
**گریگۆری:**- (لەماڵی بەتریارخس دێتە دەرێ) دەگریت.. ها؟بگری و ئازار بچێژە بۆ ئەوەی ئەرکی خۆت بزانیت و ببیتەوە بە کورەکەی جاران.
**مایکل:**- بابا.. من پەشیمان نیم لەوەی کردوومە
**گریگۆری:**- لە کوشتنی باوکت پەشیمان نیت؟ تۆ کوشتت.
**مانۆلی:**- ئەوە راست نییە.
**گریگۆری:**- (ناتوانێ بەسەر خۆیدا زاڵ بێت).. مایکل.. ئەگەر لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا پەیوەندی نەپچڕێنیت ئەوا نەدەتناسم و نەدەمناسیت.
**مایکل:**- ئەوان برای منن.. ئێستا من هەر ئەوان شک دەبەم.
**گریگۆری:**- چاکە.. کەواتە منیش ئەڵقەی مارەیی کچەکەمت بۆ دەگەڕێنمەوە.. ئەی دەبەنگ.. دەبینیت.. ئەوانە چاویان لە سامانەکەتە..
**مانۆلی:**- ئەوانە یەزدان دەناسن و مەسیحیان لەگەڵدایە

تاریکی

رووناکی دەچێتە سەر ساراکینا، قەشە فۆتیس قسە بۆ پەناهەندەکان دەکات
**قەشە فۆتیس:**- رۆڵەکانم ورەتان بەرز بێت.. ئێمە هەر لە ژیاندایین.
**یەکێک:**- بابا.. تا کەی بەم جۆرە بژین ؟
**یەکێکی دی:**- کەی ئەمە ژیانە ئێمەی تێداین.
**یەکێکی دی:**- تاکەی؟!
**یەکێکی دی:**- وا زستان هات..(مانۆلی و مایکل و کۆستاندی و یاناکۆس دێنە ژورێ)
**مانۆلی:**- بابا نائومێد مەبە.. هێشتا مەسیح لە ناوماندا دەژی..
**مایکل:**- بابا فۆتیس، باوکم مرد.. بەشێکی دڵم بوو و مردنەکەی ئازاری دام.. بەڵام یەزدان ویستی لە ساتی ئازار چەشتنمدا بمبەخشێت.. لە پڕێکدا هەستم کرد بارێکی گران لەسەر شانم لاچوو.. لەمڕۆ بەدواوە من لە هەموو شتەکانی خۆم بەرپرسیارم.. ئێستاش هاتووم دەمەوێ راوێژت پێ بکەم.
**قەشەفۆتیس:**- فەرموو کورم..

**مایکل:**- باوکم دەوڵەمەنترین پیاوی لیکۆفریسی بوو، زەوی و زارو باخ و بێستانێکی فراوانی هەبوو، منیش ئەمڕۆ بڕیارم دا هەموو ئەو شتانە کە بە میراتی بۆم ماونەتەوە بدەم بە پەناهەندەکان.. دەیدەم بە هەژارو برسییەکان.

**فۆتیس:**- کوڕم تۆ بەو کارە ژیانی سەدان مرۆڤ ڕزگار دەکەیت.. ژیانی ئەوان هی نەوەکانی داهاتووشیان.

**پیرەمێرد:**- گوێتان لێ بوو؟.. دەبین بە خاوەن کێڵگەی خۆمان..

**یەکێک:**- ئیتر کاردەکەین..

**هەموو:**- سوپاس مایکل.. سوپاس..

**مایکل:**- نەخێر سوپاسم مەکەن.. ئەوەی دەیکەم بۆ ئەوەیە ویژدانی خۆم قایل بکەم. (مانۆلی هەڵدەستێت و بە بێدەنگییەوە ماچی مایکل دەکات)

**کۆستانۆدی:**- منیش زەوی و زار شک نابەم بەڵام ئەم پەنیرو پسکیتەم لە ژنەکەم دزیوەو بۆ منداڵەکانم هێناوە.

**یاناکۆس:**- منیش بە گوێدرێژەکەم ئەم دیاریانەم بۆ منداڵەکان هێناوە.. وەرن منداڵان ،، (منداڵەکان بە پێکەنینو شادییەوە بەرەو رووی دەچن)

**ئافرەتێک:** - (لە مایکل نزیک دەبێتەوە) برام وەرە با ماچت بکەم، تۆ مردن لەم هەوارە ڕاودەنێیت.

**فۆتیس:**- ئەی خەڵکی ساراکینا.. ئەی لانەوازەکان وا یەزدان فریشتەکانی خۆی بۆ ناردین.. خوشک و براکانم لەمێژە زەردەخەنە سەر لێومانی نەدیوەو گۆرانیمان نەچڕیوە.. دەبا ئەمشەو هەموو پێکەوە گۆرانی بڵێین و سەما بکەین پاشانیش دەچین بۆ ڕنینەوەی میوەکان (گۆرانی و سەما دەست پێدەکات، لەولاوە بانایۆتارۆس چاودێریان دەکات)

**بانایۆتارۆس:**_ (بەتەنیا) ئاوەها.. زۆر چاکە... دەبینین یەهوودا چیتان بەسەر دێنێت. (رووناکی لەسەر سارکینا نامێنێت و لیکۆفریسی ڕۆشن دەبێتەوە..)(بانایۆتارۆس رووەو ماڵی گریگۆری دەچێت)

١٢٥

**بانایۆتارۆس:**_ (لە دەرگا دەدات) بابا گریگۆری.. بابا گریگۆری

**گریگۆری:** (دەردەکەوێ) چیتە بانایۆتارۆس؟.. چی ڕوویداوە؟

**بانایۆتارۆس:** فریا بکەون.. مایکل زەوی و زارەکەی باوکی دا بەو قەلەندەرانەو تۆزێکی تر دێن بۆ ڕنینەوەی میوەکان..

**گریگۆری:** کەواتە ئەمە جەنگە؟ ناهێڵم بێنە ناو دێکەوە.. ناهێڵم.

**بانایۆتارۆس:** گەورەم خۆ پێویستت بە من نییە؟

**گریگۆری:** نەخێر.. بە ئاغاش دەڵێم بتکات بە مەیتەری خۆی.. (بانایۆتارۆس دەڕوات) (گریگۆری بەرەو ماڵی ئاغا دەچێت، ئاغا لە بانیژەکەدا بەدەم پێکێک شەرابەوە دەردەکەوێت)

**ئاغا:** ها باباگریگۆری... هەمدیسان چی ڕوویداوە؟

**گریگۆری:** ئاغا هاتووم شتێکی ترسناکت پێ بڵێم..

**ئاغا:** ئادەی قسە بکە.

**گریگۆری:** گەورەم ئاغا.. خۆتان دەزانن ئەم دونیایە بە تاڵێک دەزوو بەندە.. جا ئەگەر بێت و ئەو دەزووە بپچڕێ ئەوا دنیا ژێرەو ژوور دەبێت.

**ئاغا:** هەر دەبەنگێک بگرێت ئەوە دەزانێت.. ئێ...

**گریگۆری:** بەڵام گەورەم هەیە دەیەوێت ئەو دەزووە بپچڕێنێت.

**ئاغا:** کێیە؟ تا سەری لە لەشی جیا بکەمەوە..

**گریگۆری:** دووژمن..

**ئاغا:** کام دووژمن..؟ دوژمن لێرەوە دوورە..

**گریگۆری:** بەڵام گەورەم پیاوی خۆی بۆ یۆلسیکۆفریسی ناردووە.

**ئاغا:** کێیە؟

**گریگۆری:** مانۆلی..

**ئاغا:** ئەو شوانە شێتە؟
**گریگۆری:** ئاغا.. لە ریزی کەنیسە دەری دەکەم.
**ئاغا:** باشە بۆچی؟ کورێکی ئازایەو تەنانەت ویستی لە پێناوی رزگارکردنی دێیەکەدا خۆی بە تاوانبار دابنێ..لە کاتێکا ستەمە تۆ شتی وا بکەیت.
**گریگۆری:** گەورەم ئەوە هەمووی درۆ دەلەسە بوو، بۆیە ئەوەی کرد تا سۆزی خەڵکی بەلای خۆیا رابکێشێت، ئاغا.. مایکلی کوڕی بەتریارسی هەڵخەڵەتاندووەو ئەویش چی زەوی و زارو بێستان و میراتی باوکی هەیە بەسەر پەناهەندەکانا دەیبەخشێتەوە.. ئەمڕۆ دێن بۆ رنینەوەی میوەکان.. بۆیە ئەگەر هاتن ئەبێ دەریان بکەیت .
**ئاغا:** بەلام مادام موڵکی خۆیەتی ئێمە دەتوانین چی بکەین؟
**گریگۆری:** ئاغا گیان لەوە دەبێ زۆر مەست بێت.. بڕیارێ دەردەکەین کە مایکل مێشکی تێک چووەو ئەو موڵک و سامانە دەبێتە موڵکی دێکەمان..واتە موڵکی ئاغا و پیاوماقووڵانی.
**ئاغا:** تێگەیشتم..تێگەیشتم..ئافەرین (پێ دەکەنێت) قەشە سەرپشک بە.. دەنگی تۆ دەنگی منە.. هەرچییەک دەکەیت بیکە.

تاریکی

(دەنگی زەنگی کەنیسە دێت.. خەڵکی لەبەردەم کەنیسەدا کۆدەبنەوە.. باباگریگۆری لەبەردەم دەرگای کەنیسەدایە.. لەم کاتەدا خەڵکی ساراکینا دێن.. مانۆلی لەپێشەوەیە کە دەیەوێت بەرەو کەنیسەبڕوات) برایان.. بڕیارمان دا مانۆلی لە ریزی کەنیسە دەربکەین.. برایان مانۆلی لە دژی مەسیح وەستاوەتەوە، دەیەوێت زەوی و زارەکانتان لێ زەوت بکات.. دەیەوێ بەرو بوومی دێیەکە بەرێت.. دێکەمان لە مەترسیدایە. من لە کەنیسە دەری دەکەم.. هەموو لەگەڵمدا هاوار بکەن " مانۆلی لە ریزی کەنیسە بەدەرە "
**خەڵکی لیکۆفریسی:** (مانۆلی لە ریزی کەنیسە بەدەرە) (ئاغا لە دەرگای بانیژەکەوە دەردەکەوێ..)
**ئاغا:-** ئەو دەنگە دەنگە چییە؟ ئێوە.. (مەبەستی لە خەڵکی ساراکینایە) بۆچی هاتونەتە دێکەی منەوە؟
**مانۆلی:-** (لێی دەچێتە پێشەوە) ئاغا هاتووین میوەی بێستانەکانمان بڕنین.. موڵکی خۆمانە.
**ئاغا:-** بە چ مافێک موڵکی ئێوەیە؟
**مانۆلی:-** مایکل پێمانی بەخشی.
**ئاغا:-** هەژارینە.. لێرە قسەی مایکل ناخوات.. چونکە ئەو مێشکی تێک چووە.. لێرە بە تەنها قسەی من دەیخوات.. تێگەیشتن (بە مانۆلی پێدەکەنێ) مانۆلی تۆ کوڕێکی ئازاو بە جەرگیت.. پێم بڵێ چویتەتە ریزی دوژمنانەوە؟
**مانۆلی:-** (بێدەنگە)
**لاداس:-** گەورەم ئاغا.. قسە ناکات.. ئەمەش یەعنی وایە.. قوربان دەزانیت ئەمانە چیان دەوێت.. دەیانەوێت دەوڵەمەندو ئاغایان نەمێنن و سروسواڵکەرەکان فەرمانڕەوایی بکەن..
**ئاغا:** ئاوەها.. دەیانەوی~ ئاغا نەمێنیت؟(تووڕە دەبێت و قامچییەکەی دەسی دەوەشێنێت و خەڵکی ساراکینا لە ترسا دەکشێنەوە تەنها مانۆلی نەبێت) ئەی نەفرەتتان لێ بێت (بە مانۆلی ، بە هێمنییەوە) ناترسیت؟ ئەگەر دەتەوێ ملت هەڵ نەکێشم دوور بکەوەرەوە لەبەر چاوم وون بە.
**مانۆلی:** ئاغا من باوەڕم بە مەسیح هەیە.. لەکەس ناترسم.
**ئاغا:** (پێ دەکەنێت) ئەم کابرایە تا شێتە.. یا قدیسە.. باشە بۆچی نایەیت لە ماڵەکەی مندا بیت و خزمەتم بکەیت.. چیت دەوێت بۆت دەکەم، ئاقڵ بەو واز لەم گەجەرو گوجەرانە بێنە و دەسبەرداریان بە ..
**مانۆلی:** ئاغا دەسبەرداری مەسیح نابم.
**ئاغا:** (هەڵ دەچێت و قامچییەکە دەوەشێنێت) لەبەر چاوم ون بن.

تاریکی

(ساراکینا.. چەند ئافرەتێک بەسەر تەرمی منداڵێکی مردوودا دەگرین)

**ئافرەتەکان:** وەکو ڕۆشنایەک هاتە ژیانەوەو وەکە سەهۆڵێک توایەوە..

**یاناکۆس:** ئەمە دووەم منداڵە ئەمشەو بمرێت.

**یەکێک:** باشە منداڵان تاوانیان چییە تا بمرن.. بۆچی خوا نایەتە قسە؟

**یاناکۆس:** تەواو من لەوە زیاتر بەرگە ناگرم.. بەرگە ناگرم.. ئەو منداڵە بێ تاوانانە بۆ بمرن.. دەچم دێکە دەسوتێنم.. بە ماڵی لاداسی پیرەمێردیش دەست پێ دەکەم چونکە لە جیاتی قەرزەکە گوێ درێژەکەی لێ سەندم.

**ئافرەتێك:** با بیبەین و لای منداڵەکەی ترەوە بینێژین.. (ئافرەتەکان هەڵدەسن و بەدەم ووتنی.. وەکو ڕۆشناییەک هاتە ژیانەوەو.. هتد تەرمەکە دەبەن، دایکەکە تەرمی منداڵەکەی هەڵدەگرێت). مانۆلی دێت دەمامکێکی مەسیحی بەدەستەوەیە خەریکی دروست کردنێتی)

**یاناکۆس:** مایکل لەکوێیە؟

**مانۆلی:** لە ئەشکەوتەکەیە.. کە بیستی ماریۆری خۆشەویستی مردووە ئیتر لەوساوە لە ئەشکەوتەکەدا دێت و دەچێت و وورتە ناکات و کە سەیریشت دەکات وەک ئەوەی نەتبینێت وایە..

**یاناکۆس:** بێدەنگ بە وا هات.. (مایکل بە ماتی و نیگەرانییەوە دێت)

**مایکل:** بابا فۆتیس لە کوێیە؟

**یاناکۆس:** چوو تاوەکو ئیلهام لە قدیس ئیلیا وەربگرێ بۆ ئەوەی دەست پێ بکەین.. چونکە ئێستا کاتی خۆیەتی..

**مایکل:** (بێ ئاگایانە) کاتی چی؟

**یاناکۆس:** کاتی ئاگر تێ بەردان.. شووشەیەکی گەورەی پڕ لە بەنزینیشم دزییەوە.

**مایکل:** بەنزین؟

**یاناکۆس:** بەڵێ بەنزین.. بڕیارم داوە گڕ لە ماڵی لاداسی چاوچنۆک و پیسکە بەردەم.

**مایکل:** تۆ دڵت زۆر ڕەقە.

**یاناکۆس:** نا من زۆر دادپەروەرم.. ئەگەر ئەمجارە مەسیح بێتەوە سەر زەوی بە ڕای تۆ چی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت؟ خاچ؟ نەخێر.. بەڵکو شوشەیەکی پڕ لە بەنزین. (کۆستاندی بە هەناسە بڕکێوە دێتە ژوورێ)

**کۆستاندی:** هەواڵی ناخۆشم پێیە..

**یاناکۆس:** پێی ڕاهاتووین.. چییە؟ قسە بکە

**کۆستاندی:** دوای ناشتنی ماریۆری.. بابا گریگۆری بە پێی ڕووتەوە گەڕایەوە بۆ ناودێ و کە قسەی دەکرد چەناگەی هەڵدەلەرزێ و.. هاواری کرد: (ئەو پەنا هەندانە لە گەڵ خۆیاندا شوومیان بۆ دێکەمان هێناوە.. هەمووتان چەک هەڵگرن دەبێ دەریان بکەین) لەبەر ئەوە پێویستە ئاگامان لە خۆمان بێ.. ئەو قەشە بەدفەڕە خەڵکی دێکەی خرۆشاندووەو خۆیان بۆ هێرش ئامادە دەکەن.

**مانۆلی:** (بە دەمامکەکەوە مەشغولە) با بێن..

**کۆستاندی:** (سەیری دەمامکەکە دەکات) ئەم ڕووە دڕندانەیە چییە بە دەستتەوە.

**یاناکۆس:** خواوەندی جەنگە..

**مانۆلی:** مەسیحە.(قەشە فۆتیس دێت)

**فۆتیس:** خەڵکی ساراکینا.. وەرن هەموو لە دەورم کۆببنەوە.. ڕۆڵەکانم ژیان ئاوێکی وەستاو نییە.. ئیتر با سەر دانەواندن و سەبریش بەس بێت.. پیاوی ئابڕومەند کە دەبینێ منداڵان لە پێشچاویدا لە برسانا دەمرن ناتوانێ لە ئاستیدا بێدەنگ بێ. ئەمشەو ڕوبەڕوو لەگەڵ قدیس ئیلیا قسەم کرد.. باسی ئازارەکانی ئێوەم بۆ کرد.. باسی سەرماو برسێتی و نەخۆشی ئێوەم بۆ کردو بەسەریدا قیژاندم " قدیس ئیلیا..

ستەمکاریی دەوڵەمەندەکان لە سنوور تێ پەڕیوە و وا نەوەکانمان خەریکن لە برسانا دەمرن.. " لە پڕدا دەنگێک هاتە گوێم و ووتی " هەڵسن.. هەڵسن "

**کۆستاندی:** بابا کەی دەست پێ بکەین؟

**یەکێک:** کەی بابا.. کەی؟

**فۆتیس:** (بە هێزەوە) هەر ئێستا.. هەر یەکەو دەست بداتە شتێک.. دار بێ یا چەک.. بەرگری لە دادپەروەری دەکەین.. ئێمە دەست بە شەڕەکە ناکەین، بەڵام ئەگەر ئەوان پێشدەستییان کرد ئەوا ئێمەش وەڵامیان دەدەینەوە.

یەکێک: کەواتە با بڕۆین.. با بڕۆین.

فۆتیس: با مانۆلی لە پێشەوە بێت و مەسیحی لەخاچ دراو بەدەستەوە بگرێت (ئاماژە بۆ مەسیح دەکات) ئەو دەبێتە پێشەواو پیاوان و ژنان و منداڵانیش لە دوایەوە.(سروودی ئەی مەسیح گەلەکەت رزگار بکە) تاریکی

(لیکۆفریسی.. خەڵکی دێ لە گۆڕەپانەکەدا بە تێڵاو چەکەوە ڕووبەڕووی پەناهەندەکان وەستاون ئەولا گریگۆری و ئەملا فۆتیس لە پێشەوەن)

**قەشە فۆتیس:** (دێتە پێشەوە) ڕوو لە خەڵکی لیکۆفریسی دەکات) برایان.. بە ناوی مەسیحەوە داواتان لێ دەکەم با خوێن نەڕژێ.. بابا گریگۆری دەمەوێ قسەت لەگەڵا بکەم ,

**بابا گریگوری:** منت بۆ چییە شەیتان؟ ئادەی بزانم (دوو هەنگاو دەچێتە پێشەوە)

**فۆتیس:** بابا.. گوناهێکی گەورەیە ئەگەر ئێمە ئاگری جەنگ لەنێوان ئەم برایانەدا هەڵگیرسێنین، هەموو گوێم لێ بگرن.. ئێمەی قەشە هەریەکەو نوێنەری پێڕەکەی خۆیەتی.. هەردوکمان لێرەداو بەبێ چەک زۆرانبازی دەکەین.. ئەگەر بابا گریگۆری منی دا بە زەویدا ئەوا بە دوڕاوییەوە دەکشێینەوە دواوە.. ئەگەر منیش ئەوم دا بە زەویدا.. ئەوا دەست بەسەر ئەو زەوی و بێستانانەدا دەگرین کە مایکل پێمانی بەخشیوە.. (خەڵکی لیکۆفریسی پێ دەکەنن)

**یەکێک لە ساراکینا:** نەخێر بابا.. تۆ لاوازیت.. هەرکامێکیان دێن من ئامادەی زۆرانبازیم.. یەهوودا تۆ وەرە..

**بانایۆتارۆس:** (دەمانچەکەی دەردەهێنێت) ئەی چەپەڵ..وا هاتم

**گریگۆری:** چاوەڕێ بکەن.. بابا فۆتیس من بە مەرجەکەت قایلم.. ئەگەر من تۆم دا بە زەویدا ئەوا دەکشێنە دواوە.. خۆ ئەگەر تۆش منت دا بە زەویدا ئەوا موڵکەکانی ئەو دەبەنگە بۆ ئێوە.

**فۆتیس:** کەواتە بەرگە ئاسنییەکەت دابکەنە تا نەبێ بە گوناه.. ئێستا فۆتیس و گریگۆری زۆرانبازی دەکەن، نەک بابا فۆتیس و بابا گریگۆری. نیشانەی خاچ بکێشە.. من ئامادەم.. (هەردووکیان نیشانەی خاچ دەکێشن).(هەردوکیان زۆران دەگرن و تاوێک گریگۆری خەریکە فۆتیس بە زەویدا دەدات و تاوێک بە پێچەوانەوە تاوەکو لە کۆتاییدا فۆتیس سەر دەکەوێت و خەڵکی ساراکینا هاوار دەکەن.. برایان مەسیح سەرکەوت..

**فۆتیس:** مەسیح سەرکەوت.. (بانایۆتارۆس ناکاو فرسەت دەهێنێ و دەچێت بە فۆتیسدا دەکێشێ.. یەکێک لە خەڵکی ساراکیناش دەچێت لە بانایۆتارۆس دەدات..)

**بەڕێوەبەر:** (بە هەناسە برکێوە دێت) برایانم ئەمە شوورەییە. بوەستن.. بوەستن.. بۆ بە گژ یەکدا چوون؟ نەتەوەکەمان تیا دەچێت شوورەییە..(بانایۆتارۆس لە بەڕێوەبەر دەدات، خەڵکی لیکۆفریسی لەوێ نامێنن.. هەروەها خەڵکی ساراکینا.. گۆڕەپانەکە چۆڵ دەبێت هەر لە گریگۆری نەبێت کە لەولایەوە لاشەی بەڕێوەبەر کەوتووە.. گریگۆری بەرەو ماڵی خۆی دەڕواتەوە.. خەڵکی ساراکینا بەسەرکەوتوویی دێنەوە)

**مانۆلی:** بەڕێوەبەری قوتابخانە کوژرا.. بەڕێوەبەر کوژرا.

**فۆتیس:** دەیویست ناوبژیمان بکات.. ببەن بۆ ماڵی مایکل.. مرۆڤێکی باش بوو.. با ئێمەش بڕۆین و دەس بەسەر زەوییەکانماندا بگرین.. (هەموو دەڕۆن.. کۆستاندی و مانۆلی لاشەی بەڕێوەبەر دەبەنە ماڵی بەتریارخس..

تاریکی

**بانایۆتارۆس:** باباگریگۆری.. بابا گریگۆری (قەشە دێتە بەر دەرگا) براکەت..
**گریگۆری:** چییەتی؟
**بانایۆتارۆ:** کوشتیان..
**گریگۆری:** کێ؟ کێ کوشتی؟
**بانایۆتارۆس:** نازانم..
**گریگۆری:** بێگومان ئەو شەیتانە کوشتوویەتی..
**بانایۆتارۆس:** مەبەستت کێیە؟
**گریگۆر: مانۆلی:..** گوێ بگرە بانایۆتارۆس.. ئەبێ لە بەردەمی ئاغادا شایەتیی ئەوە بدەیت .. باشە؟ (ناکاو لاداس بە هەڵەداوان و هاوارەوە دێت)
**لاداس:** ئاغای گەورەم.. ئاغا..(ئاغا دەردەکەوێ)
**لاداس:** (بۆی دەکەوێتە سەر چۆک) گەورەم.. هاتووم بۆ دادپەروەری.. دادپەروەری.
**ئاغا:** چیتە لاداسی پیرەمێرد؟
**لاداس:** گەورەم ئاگریان لە ماڵەکەم بەرداوە.. ئاغا گیان فریام بکەوە.. هەر چیم هەیەو نییە سووتاندوویانە.
**ئاغا:** کێ سووتاندوویەتی؟
**لاداس:** مانۆلی.. گەورەم.. مانۆلی
**ئاغا:** (بانایۆتارۆس دەبینێت) ئۆ.. (پێدەکەنێت)
**گریگۆری:** گەورەم گاڵتەت پێ نەیەت.. ڕاستە.. هەن دەیانەوێت دەس بەسەر دێکەماندا بگرن و زەوتی بکەن.. دەیانەوێ دژ بە تورکیای گەورە بوەستنەوە.. مانۆلیمان بدەرە دەست.
**بانایۆتارۆس:** ئاغا بە چاوی خۆم بینیم نەوتی بە دەست یاناکۆس دا بەدەست و گوێم لێ بوو پێی وت جارێ ماڵی ئەو سەگە بسوتێنە ؛ دوای ئەوە ماڵی ئاغا دەسووتێنین و دێکە لەژێر دەسەڵاتی تورکی ڕزگار دەدەین.
**ئاغا:** تۆ دڵنیایت کە شتی وای وتووە؟
**بانایۆتارۆس:** گەورەم سوێندبێ ئەوەی وتم ڕاستە.
**ئاغا:** ئاوەها.. کەواتە مەسەلەکە خەریکە قووڵ دەبێتەوەو بە تەنها شەڕی ناو یۆنانیەکان خۆیان نییە.
**گریگۆری:** بێگومان ئاغای گەورەم.. تۆ مانۆلی بدەرە دەست ئێمە.. دەبێ گەل خۆی داوەری بکات و حوکمی بەسەردا بدات.
**ئاغا:** بانایۆتارۆس..برۆ بیدۆزەرەوەو بیهێنە بۆ ئێرە (ئەڕوات) غولام تۆش بچۆ بۆ بەندەرو لەوێ پێشەوای هەیە.. (دەڕوات) (لەولاوە مانۆلی و کۆستاندی دێن، بانایۆتارۆس لە دوایانەوەیە)
**مانۆلی:** (بە دەنگێکی بەهێزەوە) جەنابی ئاغا.. دەتەوێ من ببینیت؟
**گریگۆری:** جەنابی ئاغا وریابە.. ئەمە شەیتان خۆیەتی (ئاغا لەسەر بانیژەکەیە.. خەڵکی لیکۆفریسی دێن و هەموو تووڕەن)
**لاداس:** (بەخەڵکەکە) ئەوەتانێ.. بیکوژن.. بیکوژن..
**هەموو:** (دەوری مانۆلی دەدەن)ئەی پیاوکوژ.. ئەی.. دز.. ئەی خراپکار..
**بانایۆتارۆس:** (درندانە) لاچن.. وازی لێ بێنن.. بۆ منی دابنێن.
**ئاغا:** بێدەنگ.. مانۆلی وەرە سەرەوە (مانۆلی سەردەکەوێت)
**گریگۆری:** (بە دەستی ئاماژە دەکات و بێ ویستی خۆی هاوار بکەن دەبێ بیکوژی..
**هەموو:** دەبێ بیکوژی.. دەبێ بیکوژی. (ئاغا بە دەمانچەکەی تەقە بە ئاسماندا دەکات و بێدەنگیان دەکات)

**ئاغا:** گوێ بگرە مانۆلی.. ئاگاداربە.. ئەمجارەیان گاڵتە نییە.. ناردوومە لە بەندەرەوە سوپای تورکی بێن.. دزیت کردووە.. پیاوت کوشتووەو.. ئاگریشت لە ماڵی لاداس بەرداوە.

**مانۆلی:** بەڵێ ئاغا.. هەر خۆم هەموو ئەوانەم کردووە..

**ئاغا:** ئەمەش وەکو جاری پێشوو یاری نییە.. تێگەیشتیت؟ ئەو شتانەت هەمووی کردووە..

**مانۆلی:** بەڵێ.. ئێستا شەیتانێک وا لە ناخمدا.

**هەموو:** مانۆلیمان دەوێ.. مردن بۆ مانۆلی

**ئاغا:** گوێت لێیە؟ ئێستا ئەگەر بتدەمە دەستیان بە زیندوویی لە چنگیان رزگارت نابێ، باش بیر بکەرەوە.

**مانۆلی:** باش بیرم کردووەتەوە ئاغا.. من بدەرە دەستیان و واز لە خەڵکی ساراکینا بێنن، ئەوان دڵباش و ئابڕومەندن.. من هانم دان پەنابەرنە بەر توندو تیژی.

**ئاغا:** وا دیارە تۆوی یاخی بونت لە دڵیاندا چاندووە.

**مانۆلی:** ئاغا.. ئەوانە خەڵکێکی هەژارن و دەیانەوێ بژین و پێویستیان بە زەوی هەیە.. ئەوە هەموو مەسەلەکەیە.

**گریگۆری:**- مانۆلی بدەرە دەستمان..

**هەموو:** مانۆلی.. مانۆلی.. مەرگ بۆ مانۆلی

**ئاغا:** گوێت لێیە؟.. تۆ یا شێتیت یا قددیسیت.. من بە زەییم پیاتدا دێتەوە.تا چاویشم بتدەمە دەستیان..

**مانۆلی:** (بە هێمنی) ئاغا بمدەرە دەستیان،

**ئاغا:** نامەوێ وا بە هێمنی ئەوەم پێ بڵێی.. تووڕەم بکە.. بڵێ من دژ بە دەسەڵاتی تورکیم تا بەبێ ئەوەی هەست بە پەشیمانی بکەم بتدەمە دەستیان.. من بە دەست ئێوەوە ئارامم لێ براوە.. بڵێ من دژ بە فەرمانڕەوایی تورکیم و هەموو شتێ کۆتایی دێت.

**مانۆلی:** ئاغا من کابرایەکم مەترسیم بۆ دەوڵەت زۆرەو ئەگەر بۆم بکرێ تێک و پێکی دەدەم.

**ئاغا:** دەی بەردەوام بە.. ئەی سەگ.. توندو تیژتر بدوێ..

**مانۆلی:** (ڕوو لە خەڵکەکەش دەکات) ئاغا ئەم جیهانە زۆر پیس و پۆخڵە.. پیاوچاکەکان تیایدا لەبرسان دەمرن و خراپەکارەکانیش بەبێ ئەوەی خۆشەویستی لە دڵیاندا هەبێت و بەبێ ئەوەی کەس لێتان بپرسێتەوە دەخۆن و دەخۆنەوەو فەرمانڕەوایی دەکەن.... ئیتر توانای بەرگرتنی ستەمکاری نەما.. کوچەو شەقامەکان تەی دەکەن و دەچمە سەر سەربانەکان و لە هەموو شوێنێک هاوار دەکەم.(ئەی ستەم دیدەکان.. ئەی خەڵکە ئابروومەندەکان.. هەمووتان لە گەڵما وەرن با ئاگر لەم دنیایە بەردەین و زەوی لە چنگی ستەمکارو ئاغاکان رزگار بکەین..

**هەموو:** مەرگ بۆ مانۆلی.. بیکوژن..

**ئاغا:** ئێستا لەسەر ڕێگای ڕاستیت.. دەی بەردەوام بە.

**مانۆلی:** دەمویست لە هەموو جیهاندا خەڵکی بۆ شۆڕش هان بدەم و سووپایەکی بە هێزیان لێ پێک بهێنم.. سوپای برسیتی.. بچێتە ناو کۆشک و تەلارە پڕ لە خراپەو بەدرەفتاریەکانەوەو ئاگریان تێ بەردا.. بەڵام چی بکەم.. من جوویارێکی هەژارم لە جووتیارەکانی ئەنادۆڵ و دەنگم بە تەنها دەگاتەخەڵکی لیکۆفریسی و ساراکینا بۆیە هاواریان بەسەردا دەکەم (ڕاپەڕن.. دەس بدەنە چەک.. ئێستا ساتی یان سەربەستی یان مەرگە.. ئەوان مافی ئێمە دەخۆن.. یەک بن تا بە یەک هێز لێیان بسەنینەوە.. بچنە ئەم دێیە دەوڵەمەندەوەو هەرکەسێ بەرهەڵستی کردن بیکوژن.. ئاگر لە ماڵی لاداسی چاوچنۆک بەردەن.. ماڵی بەتریارخس موڵکی ئێوەیە.. بچنە ناوی بیکەنە سپەر.. ئینجا کە هێزتان پتەو بوو هێرش بەرنە سەر ئاغاو لە زەویی یۆنان دەری بکەن و ڕاوی بنێن..

**ئاغا:** (لە ملی دەگرێت) ئەی سەگ.. ئەی سەگ.

**هەموو:** (بە دەنگی بەرز) بیکوژن.. مەرگ بۆ مانۆلی..

**ئاغا:** (بە توندی پاڵی پێوەدەنێت و بەسەر قاڵدرمەکەدا لێژ دەبێتەوە) ببەن،.. چی لێ دەدەن لێی بکەن.. دەچێتە ناوەوەو بە توندی دەرگاکە دادەخات.. (خەڵکەکە هەموو هێرش دەکەنە سەر مانۆلی و

دەبیەنە بەردەم کەنیسەکە، هەندێک تفی لێ دەکات.. هەندێک لێی دەدات.. و ناکاو یەکێک خەنجەرێک دەردەهێنێت )

**گریگۆری:** چاوەڕێی بکەن.. ئێمە باوەڕمان بە مەسیح هەیەو دەبێ بە شێوەیەکی مەسیحیانە داوەریی بکەین.. بە بۆنەی ئەمەوە من برایەک و کچێکم لە دەس چوون.. هەر بە هۆی گوناهی ئەمەوە ئاشتی لەناو دێدا نەماو دوژمنی نەماو دوژمنی مەسیح هاتە ناو دێکەمانەوە.. ئەی لە سۆزی کەنیسە بەدەر هەڵسە سەرپێ ( بانایۆتارۆس هەڵیدەسێنێتە سەرپێ و ڕووبەڕووی جەماوەرەکە، باباگریگۆردەچێتە پشتی مانۆلیەوە و خەڵکەکە لە خوارەوە لەبەردەم کەنیسەکەدان ) ئەی نەفرەت لێکراو خۆت گوێت لێ بوو چەند تاوانت کردووەو چیت بەسەر ئەم خەڵکەدا هێناوە.. هیچت هەیە بیڵێیت؟

**مانۆلی:** ( بەهیمنییەوە ) نەخێر هیچم نییە بیڵێم.

**گریگۆری:** دان بەوەدا دەنێیت کە ئاگرت لەماڵ بەرداوەو دزیت کردووەو پیاوت کوشتووە؟

**مانۆلی:** بەڵێ..

**لاداس:** کات بە فیرۆ مەدەن.. بیکوژن..

**مانۆلی:** بمکوژن..

**هەموو:** بیکوژن..

**بانایۆتارۆس:** چاوەڕێ کەن.. ( بە ڕق و کینەوە خەنجەرەکەی دەردەهێنێت ) تۆ منت لە بەختەوەریی ڕاستەقینە بێ بەش کرد.. بگرە ( خەنجەرەکەی لێ دەدات ) ( هەموو هێرش دەکەنە سەر مانۆلی و لێی دەدەن.. بەڵام لە پڕدا هەموو بە ترسەوە دەگەڕێنە دواوەو مانۆلی وەکو مەسیحی لە خاچ دراو لەسەر پێپلیکانەکان دەکەوێت ) ( لەم کاتەدا پیرەکەی قەشە فۆتیس کە لەوپەڕی تووڕەییدا دێن )

**فۆتیس:** ( هاوار دەکات ) ئەی پیاوکوژان.. ئەی تاوانباران.. ( خەڵکی لیکۆفریسی بە ترسەوە بەملاولادا بڵاودەبنەوە، یاناکۆس دەچێت و لاشەی مانۆلی هەڵدەگرێتەوە.. )

**یاناکۆس:** ( بەدەنگێکی جەرگبڕانە ) برام.

**خەڵکی ساراکینا:** ئەی پیاوکوژان.. ئەی پیاوکوژان.

**فۆتیس:** خوێنی لە ملی مناڵەکانتان ( بەسەر مانۆلیدا شۆڕدەبێتەوە، بە ئازارەوە ) مانۆلی بێهوودە کوژرایت.. ئێمە لەسەر ئەم زەمینە نیشتمانمان نییە.. ئەی مەسیح بێهوودە کوژرایت.

**فۆتیس:** ئەی مەسیح کەی سەرلەنوێ لە دایک دەبیتەوەو لە خاچ نادرێیتەوەو هەتا هەتایە لەگەڵ ئێمەدا دەژیت؟ ئادەی ڕۆڵەکانم لاشەکەی هەڵگرن.. دەیبەین و لەسەر شاخی ساراکینا دەینێژین و پاشان دەڕۆین و لێرە کۆچ دەکەین.. تۆزێکی تر سوپای تورک دێت.. نابێ ئەم کەمایەتیەی کە ماوە لەناو بچێت.. ئێمە خوێی زەمەنین.. ( لاشەکە هەڵدەگرن و دەڕۆن )

**ئافرەتەکان:** ( بەدەم ڕێوە ) ناوی ئەم کوڕە لەسەر هەورەکان نووسرا کاتێکیش خۆر هەڵهات گەرمییەکەی ئەو هەورانەی تواندەوەو بوون بە باران و ناوی کوڕەکە سڕایەوە ئینجا سەر لەنوێ خاک و خۆڵ ڕووی باخچەکانی بەهاری پۆشی

تاریکی

کۆتایی

× بۆ ئامادەکردنی ئەم شانۆنامەیە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتم بەستووە بەو ئامادەکردنەی نووسەری فەرەنسایی (فرانسوا داڤیل) ئەنجامی داوەو لە ژمارەیەک لە ژمارەکانی گۆڤاری (المسرح) ی میسریدا بڵاوبۆتەوە، بۆیە لێرەدا بە پێویستم زانی لە ڕووی ئەمانەتەوە ئەم ئاماژەیە بدەم. هەروەها لەبەر ئەوەی ئەم دەقەی لەبەر دەستتدایە وەرگێڕانی دەقاو دەقی ئامادەکردنەکەی نووسەرە فەرەنساییەکە نییەو لە زۆر شوێندا دەسکاریم کردووە یان دیمەنەکانم چڕ کردۆتەوە، یاخود دیالۆگم لێ لاداوەو هی ترم بۆ زیاد کردووە بۆیە تەنها بە وەرگێڕانم لە قەڵەم نەداوە.

× شایانی ئاماژەکردنە کە ساڵی ١٩٨٨ ئەم شانۆنامەیە ئامادە کراوەو وەرگێڕاوەو ساڵی ١٩٩١ هونەرمەند بەکر ڕەشید پاش دەسکاری بۆ شانۆ دەریهێناو تیپی نواندنی سلێمانی لە هۆڵی هونەرمەندان پێشکەشی کرد.

# گەشتی رووناکبیری

## پێشگەشت

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

من کەسێکم زۆر نزیکم لەجیهانی کتێبەوە، رۆژێك کتێب نەگرم بەدەستمەوە ئیسراحەت ناکەم. ئەو شتەی منی بەم جیهانەوە بەستۆتەوە کتێبە کتێب، بەڵام گەڕان بەدوای کتێبو خوێندنەوەدا وایان لێکردووم سڵ لە نووسین بکەمەوە. ئەو هەموو نوسینو بەرهەمە قووڵانەی میللەتانی تر دەبینم هەست بە بێهودەیی نوسینی خۆمان دەکەم، زۆرن ئەوانەی ئەم حاڵەتەی منیان بەسەرا دێت، زۆرن ئەوانیشی کە نوسینیان بەکارێکی سوك گرتووە چونکە ئاگایان لە دەوڵەمەندیی بەرهەمو کتێبو ئاستی رۆشنبیری میللەتانی تر نییە.

نوسەری ئێرانی (بابك احمدی) لەهەر بەشێك لەبەشەکانی کتێبی (ساختار وتأویل متن)دا یا(حقیقت وزیبایی)دا یا (کتاب تردید)دا شەست پەنجا سەرچاوەی بەکارهێناوە، مالك المطلبي لەنوسینێکی (٣٠) لاپەڕەییدا هەواڵەی ١١٢ سەرچاوەمان دەکات، ئەگەر نوسین وابێت ئەوە ماندووبوونو شەونخونیو بەدواداچوونی بەردەوامی دەوێت، ئەگەر ئەو رەشکردنەوە زۆرەی لای خۆمانیش بێت ئەوە.......

نوسین لێپرسینەوەیە، لێرەدا مەبەستیشم لە لێپرسینەوە هەڵوێست وەرگرتنی سیاسیو کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو مەبەستی تایبەتیم، خۆ ئامادەکردنی نوسەرە بۆ ئاستی نوسین، شاعیر بزانێت شیعر چییە؟ چیرۆکنووسە بزانێت چیرۆك چییە؟ مێژوونووسە بزانێت مێژوو و مەنهەجەکانی خوێندنەوەی مێژوو چییە؟ رەخنەگرە هەر لەسەرەتای ژیانی ئەدەبییا چوار سەد پێنج سەد کتێبێکی رەخنەیی خوێندبێتەوە.

بەلامەوە سەیرە یەکێك مێژوو وەربگێڕێتو لەوەرگێڕانی رستەیەکی وەك (ساسانیو سلوکی)دا بێژێت (ساسانیو تانجییەکان) یا لە وەرگێڕانی رستەی (بەم تەرزە خۆشم ویستی)دا بڵێت (بهذا الحالوب أحببتك) یا لەوەرگێڕانی (یتعذر علی المجیء)دا بێژێ (بۆ هاتنی سازش ناکات).

بەلامەوە سەیرە فەرهەنگی فارسیو کوردیو عەرەبی دابنێینو دەیەها فەرهەنگی فارسیو عەرەبیمان لانەبێت، بۆ مانای وشە پرسیار لەکەسانێك بکەین کە متمانەیان پێناکرێت، کەسێك فەرهەنگ دابنێت کە نەزانێت سەرهەڵدانی فەرهەنگدانان چۆنە، فەرهەنگی کوردیو فارسی بخاتە بازاڕاوەو ئاگای لە فەرهەنگی (لسان العرب)و (تاج العروس)و (قاموس المحیط)و (کتاب العین)و فەرهەنگی (معین)و (دهخدا)و دەیەهای تر نەبێت.

کەی بێت بگەینە ئاستی راستەقینەی نوسین، نوسینێك لە چوارچێوەی رەشکردنەوە دەرباز بێت.

* * *

١٣٢

# رۆلان بارت و تۆماری دەنگ

* تۆمارکەری دەنگ، شڵەژێنەرە! بیرکردنەوەی رۆشنبیران لەم وەختەدا دەشێوێنێ، ئایا تۆیش هەمان هەستت هەیە بەرامبەر تۆمارکەری دەنگ؟



رۆلان بارت: راستە شریتی تۆمارکەر تاڕادەیەك توشی دڵەڕاوکێم دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم کارە دەخەمە ئەستۆی خۆم، شریتی تۆمارکەر نایەڵێت ئەو شتە بخوێنیتەوە کە ئەو لای دەبات، لەنوسیندا ئەتوانیت ئەو شتانە بسڕیتەوە کە بەدڵت نابێت، ئەمە شتێکی سەرسوڕهێنەرو جوانە، هەروەها وشە جفرەی هەیە، توانا بەمرۆڤ دەبەخشێت بۆ سڕینەوەی هەر شتێك کە دەیڵێت. بەڵام لە کاتی قسەکردن بۆ تۆمارکەر زیادەڕۆیی لە قسەکردنا هەیە، بەڕادەیەك کە گرانە بتوانیت هەڵەی خۆت چاکبکەیتەوە، لەو کاتەیشدا قسەکردن دەبێت بەکارێکی پڕ لەمەترسی.

* شریتی تۆمارکەر بەمەترسی دەژمێردرێت بۆ نوسین پاشان بۆ ئەدەبیش.

رۆلان بارت: گۆڤاری (نوفیل لیترین) فایلێکی دەربارەی ئەم بابەتە ئامادە کرد. شایەتی چەند گەنجێکی تیا بوو خۆشحاڵ بوون بەڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ شریتی تۆمارکەرا، بۆ من، وەك نوسەرێکی سەربە نەوەیەکی جیا هێشتا حەز بەوە دەکەم دەسەڵاتی تەواوم لە زماندا هەبێت، پاشان لای من رەخنەی ئەو زمانەی کە بەرهەمی دێنم کارێکە بایەخێکی ئێجگار زۆری هەیە، دواجار ئەمە پەیوەستە بەتەبیعەتەوە، ئەو جەستە مرۆییەی کە نوسین بەهۆی دەستەوە دەکات بەنێوەندی دەربڕین بۆ خۆی جیایە لەو جەستە مرۆییەی کە دەنگ دەکات بە وەسیلەی دەربڕین بۆ خۆی. دەنگ ئەندامێکی بەستراوە بەئەماری وێنەوە، مرۆ بە بەکارهێنانی تۆمارکەر دەتوانێت دەربڕینێکی دەستکەوێت کە چاودێری لێ ونو شاراوە بووەو لە داپڵۆسینو خەفەکردن دەرباز بووەو کەمتر ملکەچی یاسا ناوەکییەکان بووە. بەڵام نوسین بەپێچەوانەی ئەمەوە جۆرە بەیاسابونێك دەچەسپێنێت بۆ دەربڕین، جۆرێك جفرەی زبرو وشك قورسایی خۆی بەسەر رستەدا بەشێوەیەکی تایبەتی بڵاو دەکاتەوە. ئەو رستەیەی دەنگ بەرهەمی دێنێت ئەو دەنگە نییە کە لە نوسیندا بەرهەم دەهێنرێت.

* لەبەر ئەمەیە تۆ شریتی تۆمارکەر بەکار ناهێنیت، باشە چی دەربارەی تایپ دەڵێیت؟

رۆلان بارت: هەموو کاتێك دەقەکانم بەخەتی خۆم دەنوسم چونکە من شت زۆر لائەدەمو دەیسڕمەوە، پاشان دەبێت هەر خۆم بەتایپ چاپی بکەم چونکە تەوژمێك راستکردنەوەی تر دێتە پێشەوە، بەزۆری شێوەی لابردنو فەرامۆشکردن وەردەگرێت بەشێوەیەکی مەوزوعی: نوسین لەم ساتەدا نابێت بەکتێبو گوتار، بەڵام سوپاس بۆ پیتی چاپکردن کە شێوەیەکی مەوزوعی بەدەق دەبەخشێت.. ئەم قۆناغە لای من زۆر گرنگە.

* * *

# پزیشکە تایبەتیەکەی ماو چی دەربارەی ماو دەڵێ؟

(لی) پزیشکی تایبەتی ماو بوو لە یاداشتەکانیا بەوردی باسی خوو رەوشتو نهێنییەکانی ماو دەکات، ناونیشانی کتێبەکەی لی (ژیانی تایبەتی ماو)ە.

لی دەڵێ: ئەگەرچی ماو غەرقی گیروگرفتی رامیاری بوو بەڵام هەرهەوڵی ئەدا لای من زمانی ئینگلیزی فێربێت. بەرامبەر بەرۆژئاوایش رەشبین بوو وای بۆ دەچوو کە رۆژئاوا هەموو کاتێك خەریکی پیلان دانانە بۆ رۆژهەڵاتو نایەوێت پەرە بسێنێت.

هەروەها دەڵێ: ماو ئەوەندە سەرقاڵی کاری حیزبیو سیاسی بوو کە دانشۆردنی لەبیر دەچوو. بۆ خۆشۆردنیش ماوەی وای نەدەبوو،

لەجیاتی ئەمە بەخاولی تەڕ لەشی پاکدەکردەوە، لەسەر تەختەی رەق دەخەوت و خواردنی سوکی پەسەند دەکرد، شەو بووە نەخەوتووە.

ئاشکرایە ئەدیبی وا هەیە کە لەرۆژنامە یا گۆڤارێکدا هەڵە لەنوسینی بڵاوکراوەی خۆیدا دەبینێت وەك شێتی لێدێت. جا دەبێ ئەو لێپرسراوانەی لە کاتی خوێندنەوەی رۆژنامە چاپیان بەهەڵەی چاپ دەکەوێت چی بڵێن؟

لی، لەم بارەیەوە دەڵێ: ماو بەوردی رۆژنامەی ئەخوێندەوە کە هەڵەی چاپی ببینیایە زۆر دڵگران دەبوو و دەکەوتە باسی ئەوەی کە دەبێت رۆژنامە بێ هەڵەبێت، چونکە وەك مامۆستاو قوتابخانە وایە ئەرکی فێرکردنی لەسەرە، فێرکردنیش دەبێ بێ هەڵەبێت.

* * *

## کۆچی هەمیشەیی لە (١٩٩٨)دا

روناکبیرو نوسەری گەورەی ئەڵمانی ئێرنست یۆنگەر پاش ١٠٢ ساڵ تەمەن ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

ئەم نووسەرە، بەنوسینەکانی جەنجاڵیی ئەم سەردەمەی دەخستە روو.

ساڵی ١٩٢٠ یەکەم کتێبی بەناوی لە(باو بۆارنی پۆڵادا) چاپکرا، ئەم کتێبەی کارەساتە جەرگبڕەکانی جەنگی جیهانی یەکەمی دەخستە روو، ئەگەرچی نوسینەکانی کردیان بەنوسەرێکی میللی و خستیانە ریزی ئەو نوسەرانەی کە نوسینەکانیان بوون بەبنەمایەك بۆ دەرکەوتنی رایشی سێیەم بەڵام پاش ماوەیەك یۆنگەر بێزاری خۆی لە هیتلەرو پەیامە رەگەزپەرستانەکەی دەربڕی.

ئێرنست یۆنگەر بەنوسینەکانی جێگای خۆی لەدڵی خوێنەرانی جیهانیشدا کردەوە، لە فەرەنسا میتران یەکێك بوو لەوانەی بەرهەمەکانی ئێرنست یۆنگەر سەرنجیان راکێشتبوو. هلموت کوڵ، ئێرنست یۆنگەری بەدەنگێکی گەورەی ئەم سەدەیە دەژمارد.

یۆنگەر ساڵی ١٨٩٥ لەهایدلبرگ لە دایك بوو، هەر لەسەرەتای گەنجییەوە دەچێتە سوپاوە، لەشەڕی جیهانی یەکەمدا چواردە گوللەی بەرئەکەوێ بۆیە بەرزترین میدالیای سوپا وەردەگرێت. یۆنگەر ئەوەندە وەستایانە وێنەی کارەسات و ژیانی جەنگی جیهانی یەکەمی دەنەخشاند تا وای لێهات رەخنەیان لەوەی دەگرت گوایا شەڕ بەکارێکی باش لەقەڵەم دەدا.

ئەم نووسەرە لەجەنگی جیهانی دووەمیشدا بەشدار بوو بەڵام لە پاریس ئەوەندە گوێڕایەڵی فەرمانی سەربازی نەبوو بەڵکو بەخۆشییەوە خەریکی ئەوە بوو نوسەرانی فەرەنسا بناسێت و سەر لە بارەگای کۆمەڵەو رێکخراوە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکانی فەرەنسا بدات، بەرادەیەك وای لێهات دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی بەیاننامەی دژ بەجەنگ، وەك دەڵێن روملی فەرماندەی سوپای نازی چاوی لەم کارانەی دەپۆشی.

لە تۆڵەی ئەمانەدا، پاش کۆتایی جەنگ چوار ساڵ بەرهەمەکانیان قەدەغە کرد، ساڵی ١٩٨٠ خەڵاتی (گوتە)یان پێبەخشی، ئەم خەڵاتە سەر لەنوێ ژیانی ئەدەبیی یۆنگەری سەندەوە، ئەگەرچی خەڵکێکی زۆر ئەم کارەیان پێناخۆش بوو. ساڵی ١٩٨٤ لەئاشتی ئەڵمانیاو فەرەنسادا بەشدار بوو.

یۆنگەر بەرهەمی زۆری کراوە بەفارسی، بەڵام بەزمانی عەرەبی ئاوری بەپێی پێویست لێ نەدراوەتەوە.

* * *

## (١٠) فەرمانی هونەرمەندانەی گابریلا میسترال

١- جوانیت خۆشبوێت جوانی سێبەری خوداوەندە بەسەر بوونەوەرانەوە.

٢- هیچ هونەرێ بێ خودا نییە، کاری تۆ لایەنگیری کردنە لەخودا چونکە تۆیش وەك ئەو شت دەئافرێنی، تەنانەت ئەگەر دۆستی ئەویش نەبێت.

٣- بەجوانی هەستی خۆت مەجولێنە. جوانی بکە بەخۆراکی سروشتی هەستی خۆت.

٤- جوانی مەکە بە بەهانەی هەرزەیی و بێکاریش دروست مەکە. جوانی راهێنانێکی خودایییە.

٥- لە بازارا بەدوای جوانیدا مەگەڕێ، مەیشی بە بۆ ئەوێ، جوانی شۆخێکە، فاحشەی بازاڕ نییە.

٦- دەبێت جوانی گۆرانی تۆ بێت، لە دڵتەوە هەڵقوڵابێت.

٧- جوانی بەزەییشە، تەسەلای دڵی بەنی ئادەمە.


٨- کارو بەرهەمی خۆت وەك منداڵی خۆت بهێنە جیهانەوە، لەگەڵ خوێنی هەزارەها رۆژا.

٩- جوانی ئەفیونی خەوهێنەر نییە، جوانی شەرابێکی رەوانە، دەروونت پاك دەکاتەوە.

١٠- شەرمەزاری هەر کارێکی خۆت بە، چونکە ناگاتە پێی خەونی تۆ.

* * *

## (فضاءات)ی یوسف سەعید لەکۆتایی هاویندا چاپدەکرێت



یوسف سەعید لەشاعیرە نوێخوازەکانی عێراقە، هەر لەزووەوە عێراقی جێهێڵا. تائێستا دیوانی (الموت واللغة، یأتي صاحب الزمان الشموع ذات الاشتعلال المتأخر، وطبعة ثانية للتأريخ)ی هەیە. یەکەم دیوانی ساڵی ١٩٦٨ لە بەیروت چاپکراوە، یەکێکە لە گروپی کەرکوك (جماعة كركوك) کە کۆمەڵێك گەنجبوون و لە شەستەکاندا لە کەرکوك دەژیان وەك فازیل عەزاوی و سەرکون بولص و ئەنوەر غەسانی و زوهدی داودی و جەلیل قەیسی و سەلاح فایق و یوسف الحیدری.. گوریان بەرەوتی ئەدەبی نوێی عێراق دا.

یوسف سەعید لەنامەیەکدا کە بۆ برای نوسەر تەیب جەبار ئەمینی ناردووە دەڵێ: (سەرم سورماوە لەوەی تۆ هەواڵی من دەپرسی ئەوە بۆ ٤٠ ساڵێك دەچێت دەنوسم و واهەست دەکەم لە چەند برادەرێك زیاتر کە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن کەس نامناسێت) نازانم کەسێکی وەك یوسف سەعید چۆن وا قسە دەکات؟ کێ هەیە لە عێراقدا رۆشنبیریی شیعری هەبێت و یوسف سەعیدی شاعیر نەناسێت؟

کێ‌هەیە نەزانێت ئەم شاعیرە نوێخوازە بنەمایەکە لە بنەما پتەوەکانی گروپی کەرکوك و شەستەکانی شیعری عێراقی؟ تەنانەت نوسەرانی کوردیش، بەتایبەتی رۆشنبیرانی ساڵانی شەست و حەفتاو هەشتا دەنگی یوسف سەعید دەناسنەوە، لای ئێمە کەسی وامەیە شتێك دەنوسێ خۆی بەدنیا ناگۆڕێتەوە کەچی شاعیرێکی وەك یوسفیش بەو تەوازوعەوە سەیری خۆی و جیهانە شیعرییەکەی دەکات، شایانی باسە لە کتێبی (انفرادات)ی (عبدالقادر الجنابی)دا بەدرێژایی باسی ژیان و شیعری یوسف کراوە هەروەها (فازل العزاوی)یش لەکتێبی (الستينيون) لە رەوتی شیعریی یوسف سەعید دواوە.

لەکۆتایی هاوینی ئەمساڵیشدا دیوانێکی تری بەناوی (قضاءات)ەوە چاپدەکرێت:

### کیسەڵێکی هۆگرو ماڵی

بەتەنیا خۆم لەم جیهانەدا،
مێشکێکم دەوێ
لە گوندەوە بێت،
لەسەر چەند تایەیەك کە لە
ئێسقانی
کیسەڵێکی هۆگر دروست کرابن
ئەم جیهانە بپێوێ
بەتوندی بەگژ ئارەزوی
لاشەکاندا بچێت
بەسەر ئەو شورایانەدا بڕوایە کە
لە
((قاقای گورگەکان دروست
کراون)).

### خێزان

**هیچ شتێك هانم نادات بۆ قووتدانی**
**شتەکان**
**لەناو دەروازەی ئەم جیهانە شێتەدا**
**تەنها ئەم دارستانە نەبێت کە بەگژ**
**دەریادا چوو،**
**لەبەر دووربوونی لێی**
**بەهۆی کەوتنی لەماڵی خێزاندا.**

* * *

# باچیرۆکەکانی سەلاح زەنگەنە بخوێنینەوە!

سەلاح زەنگەنە گەنجێکی کوردە بەعەرەبی دەنوسێ، حاڵی حازر لەدیالە دادەنیشێ، سەرەتای نوسینی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هەشتاکان، ئەو وەختە چەند چیرۆکێکی لە گۆڤاری (اسفار)و (آداب)دا نوسی، لەم چەند ساڵەی دواییدا کۆمەڵێك نوسەری گەنجی وەك عەلی سودانیو سەلاح زەنگەنە لەعێراقدا بەگوڕ هاتنە گۆڕەپانی چیرۆکنووسینەوەو ڕەخنەیش تاڕادەیەك دەستنیشانی ئەو توانایانەی کرد.

یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی سەلاح زەنگەنە ساڵی ١٩٩٤ لە بەغداد بەناوی (کائنات صغیرە)وە، واتە (بونەوەرە گچکەکان)ەوە دەرچوو. چیرۆکەکان لە بیست تێناپەڕن. ئەوەی شایانی باسە روبەریان لەلاپەڕەیەك یادوو لاپەڕە زیاتر نییە، بونیادێکی کورتیان هەیە بەڵام سەدەها مانای فراوانیان لەخۆگرتووە. هەریەك لە چیرۆکەکانی لەمشتێکی نوقاو دەچێتو ئاسمانێك لە مانا و جیهانێك لە خەونی گەورەی تیا حەشار دراوە. هەست بەتێخنینو زۆر لەخۆکردن ناکەیت، دەقیقەیەكو دوانو سیان بەهەر یەك لەو چیرۆکانەوە خەریك دەبیت مانای دەقێك بەرهەمدێنی کە دوورە لە پێچو پەنار فشبوونەوەو ئاوسانی نائاسایی. چیرۆك لای سەلاح وەك ئاو وایە بەشێوەیەکی سروشتیو ئاسایی دێتو ڕێگای خۆی دەکاتەوە. سەرچاوەی روداوەکانی نزیکن لەواقیعەوە بەڵام لەو سەرچاوانە جیهانی فەنتازی پێکدەهێنێتو لایەنە رەشەکانی واقیع بەهونەری ڕاست دەخاتە ڕوو.

ئەگەرچی سەلاح زەنگەنە چەند ساڵێکە دەنووسێت بەڵام دەڵێی وەستایەکی کارامەیەو خاوەن تاقیکردنەوەی درێژە.

ئەو چەند دێڕەی شاعیری بەناوبانگ (کافافی) کە سەلاح زەنگەنە لەلاپەڕەی یەکەمی کتێبەکەدا نوسیونی وەك دەروازیەك وان بۆ ناو جیهانی چیرۆکەکانی، یابڵێین وەك کلیلێکیان لێهاتووە بۆ ناسینەوەی جیهانی ئەم چیرۆکنوسە. کافافی لەوێدا دەڵێ: (ئومێد بەپارچەیەك زەوی تر مەبەستە نەڕێگایەك هەیە بۆ تۆ نەکەشتییەکیش، لەبەر ئەوەی ژیانت لەم سووچە گچکەیەی جیهاندا هاتۆتە بوونەوە بۆ هەر کوێیەکیش مل بنێی وێرانەیە).

کەسەکانی چیرۆکەکان داماوو کلۆڵن، هەموو کاتێك جوانیو هێمنیو ئارەزوو سەربەستییان لێ زەوتدەکرێت، خراونەتە بازنەیەکەوەو ویستیان دەخنکێنن بەڵام ئەوان بە بەردەوامی خەونی خۆش بەرهەمدێننو لەم کارە ناکەون، ئیشی بەرامبەرەکانیان ئەوەیە ئەو خەونانە لەقوتو دەنو لێیان داگیر کەن. لێرەوە سێبەری ئەدەبی کافکا بەسەر چیرۆکەکانی سەلاحدا دەکشێ. سەلاح دەتوانێت بەشێوەیەکی چاك، لە چیرۆکی نیو لاپەڕەیشدا واز لەهەندێك نەریتی چەسپاوی چیرۆك نەهێنێت، هێشتا هەر بایەخ بە سەرەتاو ئەنجام دەدات بەڵام لەنێوان ئەو سەرەتاو ئەنجامانەدا خەیاڵو فەنتازیا تووشی سیحرمان دەکەنو نامەعقولیەتی ژیانمان لائاسایی دەکەنو دەیگۆڕن بەمەعقول.




## گاوڕ

(چیرۆکێکە لە کۆمەڵە چیرۆکی -بوونەوەرە گچکەکان-ی سەلاح زەنگەنە).

... چەند رۆژێکە هەست دەکەم توكو خوریو مو لەپێستم دەڕوێ، ئەمڕۆیش دوو شاخ بەپۆپەی سەرمەوە دەبینم. وردە وردە قایل بووم بەم روداوە.

جلەکانم لەبەر کردو کڵاوێکم لەسەرناو هەردوو شاخەکەم لە ژێریا پەنهانکردو بەرەو شەقامەکە ملمنا، کە هاوسێکەم بینی سەڵاوێکم لێکرد، لەجیاتی (بەیانیت باش) کەوتمە باعە باعو باڕەباڕ بەڕویدا.. هەستم بەشەرمو

پەشۆکاوی کرد بەوپەڕی خێراییەوە بەرەو فەرمانگەکەم کەوتمە رێ.

چوومە ژوورەکەی خۆمو لەسەر مێزو کورسیی کارەکەم دانیشتم، فەڕاشەکە هاتە ژوورەوەو بەپەلە چووە دەرەوە، پاش کەمێك لەگەڵ بەڕێوەبەردا هاتەوە، بەڕێوەبەرەکەمان بەپێچەوانەی رەوشتی جارانیەوە دەستی کرد بەپێکەنین:

– ئەرێ ئەمە چییە؟! کاوڕێك لەجێگاکەی کاك وەدیعا دانیشتووە!

ویستم بڵێم ((من وەدیعم کاوڕ نیم)).. بەڵام لەوە دەترسام سەر لەنوێ بیاڕێنمەوەو کارەکە خراپتر بێت.

بەڕێوەبەر لەفەڕاشەکەی خوڕی:

– دەی بیبەرەوە بۆ ماڵ.

فەڕاشەکە هەڵیگرتمو بردمی بۆ ماڵی بەڕێوەبەر، ژنەکەی بەخۆشییەوە بەرەو رووم هات، منداڵە بچکۆلەکەشیان یاریی پێدەکردمو دەستی پیا دەهێنام.. ئێوارە بەڕێوەبەر قەسابێکی تێکسمڕاوی هێنا چەقۆیەکی تیژی بەدەستەوە بوو، دەستی بەسەر شانما دەهێنا:

– چەند کاوڕێکی قەڵەوە!

لەو کاتەدا کە بڕیارمدا هاوار بکەمو بڵێم من کاوڕ نیم.. چەقۆی قەسابەکە لە گەردنم ئاڵا.

* * *

## جەنگەڵ

## نامە بەجێماوەکانی پیاوێك

منەکانی ئەم کۆمەڵە شیعرەی رامیار مەحمود کە ساڵی ١٩٩٨ لە سلێمانی چاپکراوە لەسەر تەوەرەی ژیان لەجەنگەڵو دەربازبوون لەجەنگەڵا بەرز دەبنەوە.. شوێنێك هەیە بەوێرانی داخکراوە هەناسەیش هەیە خەون بەچونە ناو پانتاییە پاکەکانەوە دەبینێ، لەنێو وتەکانی ئەو منانەدا چەندین پێکهاتەی زمانەوانی دەبینین لە دژ پێکهاتوونو هیچگەرایی ئەم سەدەیە دەنوێنن:

ئەفسانەیەکم پێیە پڕە لە خۆکوشتن

ئاوێنەیەکم هێناوە هەموو شتێکی لێوە دیارە

دەمو چاوم نەبێت

## جەنگەڵ

رامیار محمود

نامە بەجێماوەکانی پیاوێك



رامیار لەم دیوانەدا دەنگێکی شیعریی دوای راپەڕینە، لەنێو سەدەها ناوی دوای راپەڕینا هێمنانە دێتە بەر گوێ. جەستەی شیعرەکانی پڕە، دوورە لەو ئاژاوە دوور لە هونەرەی کە بەروخساری شیعری سەدەها ناوی ئەمڕۆوە لکاوە. توانای ئەوەی هەیە بەئاگاییەوە شەکڵی شیعر بەبوونەوەرەکان ببەخشێت، رێز لە ئەندازەی رێكو پێکی شیعر بگرێت.

ئەگەر هەندێك گرفت لە شیعرەکانیشیا هەبێت ئەوە تەنها ناگەڕێتەوە بۆ ئەم بەڵکو سەرجەم رەوتی نوێگەری کوردی گرتۆتەوە.

بۆ یەکەم شەوی باران.. بەیانی چی ئەکەیت

کە باخچەیەکت نییە بۆ بەخێرهاتنی پاساریییەکان

کە کچۆڵەیەك لە شەقامەکانی تۆدا پیاسە ناکات

سڵاوێکی گەرم تەنیاییت راناچڵەکێنێ!

* * *

بیابانێك دانیشتبوو

سەرابەکانی خۆی دەژمارد

ئاسمان لە شەوێکی عەبەسیدا

ئەستێرەکانی خۆی ئەتروکاند

شەقامێك بەتووڕەییەوە

خۆی لە پیاسەی موسافیرەکان بزر کرد

* * *

## چ دەبێت؟

لە ٩٥ پەڕەدا دکتۆر مورتەزا محیط باسی قەیرانی ئابووریو ئارامی جیهانو ئایندەی دەکات، کاك (ئەکرەم ئەحمەد) لەسەر ئەرکی خۆی ساڵی ١٩٩٨ لە چاپخانەی رەنج – سلێمانی– چاپیکردووە. کتێبەکە ئەم بابەتانەی لەخۆگرتووە:



گرفتی ئارام لە گێژاوی سەرمایەداریدا، چارەنووس و بۆچوونە ئەمەریکاییەکان، هەژاران هەژارتر دەبن، ئەمریکای ماندوو ئەورووپاو ژاپۆن، جیهانی سێیەم... وەرگێڕ کتێبەکەی بەوانە پێشکەش کردووە کە لە بواری ئابووریدا کار دەکەن.

* * *

## رحلات الامير الشفافة فى عزلته

رۆمانی برای چیرۆکنووس (عەتا محمد)ە ساڵی ١٩٩٨ لە چاپخانەی داناز لە سلێمانی چاپکراوە. کاک عەتا پاش نوسینی چەند چیرۆکێك رووی کردۆتە تاقیکردنەوەی رۆمان، بەڵام سەرەتای بەزمانی عەرەبییە.

ئەم رۆمانە درێژ بوونەوەی ئەو ناونیشانە جوانەی سەرەوەیە، بونیادی رۆمانەکە لە شێوازی گێڕانەوەی (الف لیلة ولیلة)ەوە نزیکە.

لەسەرەتادا وەسفکردنی ئەو شتانەی کە پەیوەندی بەشوێنەوە هەیە، جۆری ئینتیمای چینایەتی گوێگری سەرەکی یائەوەی کە شتی (بۆ دەگێڕدرێتەوە) دەردەخات بۆمان. ئافرەتە بەختخوێنەکە دەبێت بەقسەکەرێکی سەرەکی، میریش دەبێت بەگوێگرو زۆر جاریش قسەکەر، واتا تەواصول و بەردەوامبوونی رۆمانەکە لە قسەکردنی حیکایەتبێژو گوێگرتنی میردایە، حیکایەتبێژەکەی رۆمانەکە لە جۆری حیکایەتبێژی فرە زانایە چونکە ئاگای لە شوێن و ئایندەو دورەپەرێزی میرە، لە مەملەکەتەکەی خۆیدا. وەك لە رۆمانەکەدا هاتووە (میر سەیری بەختگرەوەکەی دەکرد، ئەو ئافرەتەی کە هەر خۆی بوو توانای هەبێت بەتەنیایی میردا بەبێ ترس رێبکات) ئەگەر ئەم ئافرەتە حیکایەتخوانە نەبێت میر بوونی نامێنێت.




رۆمانی (رحلات الامیر الشفافة فی عزلتە) گێڕانەوە لەناو گێڕانەوەدایە، بەڵام وەك وتمان بەردەوامی و هەڵچوونی روداوەکان لە بەردەوامی قسەکردنی ئافرەتە بەختگرەوەکەو گوێگرتنی میردایە، ئەم جۆرە گێڕانەوەیە، ئامێتەی روداوی هاوچەرخ بووە، واتە هاوچەرخیی رۆمانەکە لە مەرجەعیەتە دەرەکییەکەیدا رۆشندەبێتەوە. عەتا محمد لەم رۆمانەدا توانایەکی چاکی هەیە بەسەر تەکنیك و شێوازی گێڕانەوەو وەسف و هەڵچنین و جوڵانی روداودا، ئەم شێوازانە واتە شێوازی هەزارو یەك شەوەو گێڕانەوە لە گێڕانەوەدا لە چیرۆك و رۆمانی ئەم دەیانەی سەدەی بیستا باوە، بەتایبەتی لای عەرەبەکان. ئەگەر عەتا بەکوردی بینوسیایە تامێکی تری دەبوو چونکە کەم چیرۆکنووسی کورد بەکاری هێناوە. بەڵام شێوازێکی وا بەعەرەبی لەناو دەیەها هەوڵی چیرۆك و رۆمانی عەرەبیدا وندەبێت.

زمانە عەرەبیەکەی عەتا چاکە بەباشی واژەو رستە دەچنێت بەڵام لەلایەن دەستووری زمانەوە (نحو) هەڵەی زۆر بەرچاو دەکەوێت. هیوادارم لەچاپی دووەمدا ئەو هەڵانە نەمێنن.

* * *

## حیکمەتەکانی بەقەرەج بوونم

کۆمەڵە چیرۆکی کازیوە ساڵحەو لەبڵاوکراوەکانی پرۆژەی پاراستنی دەستنوسەکانی زاموایە، ساڵی ١٩٩٨ لە سلێمانی چاپکراوە، هەردوو هونەرمەند ئاری بابان و بازیان جەلال هەڵساون بەکاری مۆنتێڤ و مۆنتاژی کتێبەکە کە ئەم چیرۆکانەی لەخۆگرتووە:



خەونــە عورفیــەکانو گەمــەی ئەهریمەن، مەملەکەتی پــەڕۆ، چوار چرکە لەحیکمەتی بەقــەرەج بوونم، بــەفر کوژەکــان، بوونــە ونــەکان، شــەهید بوونــی گوڵــەکانی ســەر شورای باخچــە، دەرەوەی خەونــە شووشــەییەکان، تراویلکــە، تارمــایی دۆزەخ، ئافاتــەکانی ڕۆح، پــەژێن. لـە چیرۆکـەکانی کـازیوەدا، وێنــەی زمان لە وێنەو جوڵەی ڕوداو زیاترە، بگرە بەیــەکجاری ئــەم جێگای ئــەو دەگرێت. چیرۆکنووس بەرهەمەکەی پێشکەش بە ئیسماعیلی برایو ئــەو موسـافیرانە کـردووە کـە لـەوێ بــۆ نیشــتمان دەگــەڕێنو ئەوانــەش کــە لێرە هەست بەنامۆیی دەکەن.

* * *

## خەونە دارماوەکانی

**محەمەد رەنجاو**




دارمــانی خەونــەکان کۆمەڵــە شیعرێکی کاک محەمەد ڕەنجاوەو لە پرۆژەی پاراستنی دەستنووسەکانی گەلــەری زامواپە، ســاڵی ١٩٩٨ لــە ســلێمانی چــاپکراوە، دیــاری محەمــەدو بازیان جــەلال مۆنتێــڤو مۆنتاژی دیوانەکــەیان کــردووە. زۆر جــار شــیعر لای ڕەنجــاو لــەو ســەرچاوانە نزیــك دەبێتــەوە کــە دەقەکانی پێکدەهێنن:

بەکوچەکانی ئاگردا ڕائەکا  
وەك منالێکی شەڕانی نیشتمان ڕائەکا  
ڕائەکاو سوێند ئەخوا، بەکۆڵانە جوانەکانی  
عزورا ڕەت نابێ  
سوێند ئەخوا بۆ گەمەی ئێواران  
بەدوای عیشقو ئازارا وێڵ نابێ

* * *

## ژمارە دووی جریوە

ژمــارە دووی گۆڤــاری جریــوە کەوتــە بــازاڕەوە، جریــوە بایــەخ بەنوســین بــۆ منــداڵو ڕۆشــنبیری منــداڵ دەدات. لــەم ژمارەیــەدا چەندین چیرۆكو شیعرو بابــەتی ڕەنگاو ڕەنگ دەخوێنیتەوە.

خــاوەنی ئیمتیــازی جریــوە مامۆســتا جــەمال عەبدولــە، سەرنووسەریشی چیرۆکنووس تاهیر ســاڵح ســەعیدە، دەســتەی نووسەرانیشی بریتین لە: (عومەری عەلی ئــەمینو ســەلام مــەنمی). کــاك ئیسماعیل خــەیات سەرپەرشتیاری هونەرییــە، کــارە هونەرییەکانیشــی ستار قــادرو شــاهۆ عــەبدولڕەحمان جێبەجێی دەکەن.

گۆڤــاری جریــوە وەزارەتــی ڕۆشــنبیری بەکۆمــەکی ڕێکخــراوی سۆســیال دیموکراتــی مەســیحی سویدی دەری دەکات.

## چالاکیی ناوخۆ

ئا: هۆمەر

## بۆ هاتنەدی خەونە پەمەییەکانی منال

لەکەشو هەوایەکی منالانــەداو لــەنێو بــزەو خــەندەو تریقانــەوە دڵڤێنککەرەوەکانی منالداو لــەژێر دروشمی:

باهــەموو تواناکان بۆ هاتنــەدی خەونە پەمەییەکانی منال بێ

بەشی منالانی تەلەڤیزیۆنی گەلی کوردســتان بەهاوبەشــی تیپــی ئەستێرەو مەڵبەندی چالاکی منالە ئاوارەکان لە ڕۆژانــی ٢٨ تــا ٣٠ی مایسی ١٩٩٨ بۆ مــاوەی ســێ ڕۆژ. فێستیڤاڵێکی مۆسیقاو گۆرانیــی بــۆ منــالان ســازکرد لــە هۆڵــی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری سلێمانی، ئەم فێستیڤاڵە ١٢ گۆرانیی گرتبووە خۆ کە بریتی بوون لە (گۆرانیــی جەژن) بــەدەنگی شیلان عوسمان. گۆرانی پەپوولە بــەدەنگی شــەهێن نــامیق، گۆرانیــی دواڕۆژ بــەدەنگی جوانەو سهیلە عبداللــە، گۆرانیــی جگەرگۆشــەو ڕۆژی جــەژنو پێنوســەکەم بــەدەنگی کــانی فــەرەیدون. گۆرانیی پشــە ڕەشــە بەدەنگی کۆژینو هێشوو، گۆرانیی چەپلەڕێزان بــەدەنگی جوانە عمر، گۆرانیــی گوڵــی ژیــان بــەدەنگی شــەهێن نــامق، گۆرانیــی بــەهار بەدەنگی ابراهیم نجم، گۆرانیــی

پێبکەنە بەدەنگی شانیان سامان، گۆرانیی دنیا بەدەنگی ئەڤینو جوانە..

زۆربەی گۆرانییەکان هونەرمەند سەلام ڕەشید ئاوازی بۆ دانابوونو هەر خۆیشی سەرپەرشتیاری هونەری بەرهەمەکانی دەکرد.

لیژنەی بالای فێستیڤاڵ بریتی بوون لە هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغیو نەوژین جلالو تاهیر عبداللە. شایانی باسە ئەم فێستیڤاڵە ماوەی دوو سەعاتی خایاندو لەلایەن منالی ژیکەڵە (گوڵان)ەوە پرۆگرامەکان بەڕێوە دەچوون. واش بڕیارە بەم زووانە سەرجەمی بەرهەمەکان بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان تۆمار بکرێت.

* * *

## چوارەمین پێشانگای زامـوا

گەلەری زاموا لە ڕۆژی ١٩٩٨/٥/٢٨ پێشانگای هەمیشەیی شێوەکارانی لە هۆڵی زاموا کردەوە.. لەم پێشانگایەدا ١٣١ هونەرمەندی ناسراو بەجیاوازی قۆناغو تەمەن هاوبەشییان تیا کردبوو. بوارەکان بریتی بوون لە (تابلۆ، گرافیك، پەیکەر، سیرامیك).

لەمەوبەر کوردستان هیچ هۆڵو گەلەرییەکی بۆ نمایش کردنو پیشاندانی هونەرمەندانی شێوەکاری بەخۆوە نەگرتووە بەشێوەیەکی هەمیشەیی.

یەکەم جارە گەلەری زاموا هەنگاوێکی وادەنێ، ئەمەش بەنیازی بەدی هێنانی مۆزەیەکی هونەری هاوچەرخە کە لە ڕۆژی ١٩٩٥/٩/١٧دا یەکەم پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندانی شێوەکاری کردۆتەوە.

کۆی چالاکیو هەواڵەکانی ئەم گەلەرییە خزمەتکردنە بەهونەرو کلتوری نەتەوەیی.. بەدوور لەتەنیا بۆچونێكو نزیك لەهەموو ڕێچکەو ڕێبازە هونەریەکانەوە. ئەمە چوارەمین پێشانگای گەلەریی زاموایە، لە ڕۆژی ١٩٩٦/٢/٩ پێشانگای دووەمو لە ڕۆژی ١٩٩٦/١١/٩دا پێشانگای سێهەمی کردۆتەوە.

* * *

## کۆڕێك بۆ منالانی ئاوارە

لە ڕۆژی جەژنی منالانی جیهانیدا پرۆژەی منالانی ڕێکخراوی T.D.C بەیارمەتی مەلبەندی چالاکی منالە ئاوارەکان کۆڕێکی بۆ مامۆستای شێوەکار حسام عبدالحکیم سازکرد لەژێر ناوی (بەراوردێك لەنێوان منالانی ئاوارەو منالانی گەڕەکەکانی سلێمانی) لە ڕۆژی ١٩٩٨/٥/٣١دا لەهۆڵی ژووری بازرگانی بەڕێوەچوو..



مامۆستا حسام بەشێوەیەکی فراوان باسی لە کێشەی خێزانە ئاوارەکانی کەرکوك کرد کە لە ئۆردوگای معسکر سلامو بنایەی حسیب صالحدا نیشتەجێنو بەژمارە منالانی نەخۆشو نەخوێندەوارو کەم دەرامەتی باسکرد بەم جۆرە: لەکۆی ١٨٨ منالّ ١٧ منالی ئیش کەر، ١٤ منالی نەخوێندەوار، ١٧ منالی بێ باوك، ١٢ منالی کەم ئەندامو ١٥ منالّ کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە، ئەمجا باسی لە کۆمەڵێك ڕوداوی منالّ کەوتنە خوارەوە کرد کە لەنهۆمە بەرزەکانەوە بەربوونەتەوە، لەکۆی ٩ ڕووداو دوو منالّ مردووەو ٧ منالّ تووشی نەخۆشی چاوکزبوونو شێوانی عەقلیو جەستەیی بوون، بەدرێژییش لە هەموو ئەو لایەنانە دوا کەمنالانی ئاوارە بەرەو چارەنووسێکی ڕەش دەبات.

دواجار بەراوردێکی مەیدانیی لەنێوان منالانی ئاوارەو منالانی دوو گەڕەکی سلێمانیدا کرد کە هەردوو گەڕەکی شارەوانیو تووی مەلیك بوون.

کۆڕەکە لەلایەن نەرمین عوسمانەوە بەڕێوەبراو دواجار گفتوگۆیەکی گەرمی لەلایەن ئامادەبووانەوە خولقاند کە نزیکی دوو کاتژمێری خایاند.

* * *

## منالێکی شێوەکار

پرۆژەی منالانی (T.D.C) سەر بەمەلبەندی لاوانی میدیا لەڕۆژی جەژنی منالانی جیهاندا ڕۆژی ١ی حوزەیرانی سالی ١٩٩٨

کاتژمێری (٥)ی ئێوارە پێشانگای تایبەتی بۆ منالی بەهرەمەند زاموا سالار کردەوە، کە بریتی بوو لە نیشاندانی ١٢ تابلۆی زەیتی.

زاموا تەمەنی ٨ ساڵەو قوتابی پۆلی چوارەمە لە قوتابخانەی کانێسکانی سەرەتایی‌و تائێستا هاوبەشی چالاکیەکانی قوتابخانەو پێشانگای یاریەکانی ئەتلەنتای کردووە لە مۆزەخانەی سلێمانی.

زۆر کەمن ئەو منالانەی بەسەلیقەیەکی هونەری دەتوانن تابلۆ بنەخشێنن.

زاناکان دەڵێن وێنەکێشان لای منال هونەر نییە بەڵکو زمانەو لەرێیەوە دەیانەوێ ئێمەی گەورەکانی پێ بدوێنن‌و گوزارشتەکانی خۆیانی تیا نیشان بدەن. هەموو منالێکیش بەبێ جیاوازی رەگەزو تەمەن‌و تەندروستی وێنە دەکێشن بەلام هەندێك منال هەلدەکەون کە وزەو تواناو سەلیقەو تەمەنی هونەرییان لە تەمەنی سروشتییان هەلکشاوتر بێ.



ئەم منالانە بلیمەتن‌و وەك هونەری شێوەکاری لای گەورەکان کار دەکەن.. بەلام ژمارەیان کەمە.. تابلۆ زەیتییەکانی زاموا پێیان دەگوترێن هونەرمەندێکی بچکۆلەی پڕ ئەزموون‌و توانا خولقاندوونی.

بینەریش دوای بینین پێشبینی داهێنانی گەورە لە زاموا دەکات.

مۆرین غەریبی شانۆکار دەربارەی زاموا گوتی: (پیرۆزبایی لی دەکەم لەبەر ئەوەی عالەمی خۆی تیا ئەبینم‌و هەموو ئیشەکانی دلخۆشیم ئەداتێ هەروەکو چۆن رەئیەکانی ئیستقلالیەتێکم ئەداتێ کە گوێی لێ دەگرم).

سالار مەجیدی باوکی دەربارەی زاموا دەلێ: (کاریگەری من لەسەر زاموا ئەوندەیە کە لە جەوێکی هونەریدا لەدایك بووەو کوراسەکانی لەبەر دەستا بووە، لەکاتی چوونە دەرەوەشدا هاورێمە، وەك هونەرمەندێك پێی دەلێم دلت بەو ئامانجە خۆش نەبێ تائەمریت هەر هەست بکە هێشتا بچکۆلەیت).

زامواش خۆی دەلێ: هەست بەخۆشی دەکەم کە ئەم هەموو خەلکە بۆ پێشانگاکەم هاتوون‌و ئامادەم شتەکانی ناو تابلۆکانم بۆ خەلکی باس بکەم، هیوادارم لەم رۆژەدا هەموو منالانی کوردستان بۆ بینینی تابلۆکانم بێن.

* * *

## نیشاندانی فیلم

هەموو رۆژانێکی (٥) شەموان پرۆژەی نیشاندانی فیلمی ڤیدیۆ لە مەلبەندی لاوانی میدیا فیلمێك نمایش دەکات، ئەم پرۆژەیە تاوەکو ئێستا ئەم فیلمانەی نیشانداوە:

* رۆژی (٥) شەممە رێکەوتی ٥/٢١ کاتژمێری ٤ی ئێوارە فیلمی: ئیندو چینی لەنواندنی (کاترین دینۆف‌و فنستن پیریس) و لەدەرهێنانی ریجیس ڤاکنەر.



* رۆژی (٥) شەممە رێکەوتی ٥/٢٨ کاتژمێری (٥) ی ئێوارە فیلمی لەژێر دار زەیتونەکاندا لە نواندنی (محمد علی کشاوەرزی‌و زەریفەی شیڤا)و لە دەرهێنانی عباسی کیا روستەمی.

* رۆژی (٥) شەممە رێکەوتی ٦/٤ کاتژمێری (٥)ی ئێوارە فیلمی ئەریزۆنا لەدەرهێنانی ئیمیرکۆستوریکاو لەنواندنی (جونی دیپ - جیری لویس - فای دوناوای).

* رۆژی (٥) شەممە رێکەوتی ٦/١١ کاتژمێری (٥،٣٠)ی ئێوارە فیلمی (حب الفاشل) ئەم فلمە دەربارەی ژیانی بتهۆڤنە.

* رۆژی (٥) شەممە رێکەوتی ٦/١٨ کاتژمێری (٥،٣٠)ی ئێوارە فیلمی یادەوەری تۆزی ئەستێرەکان لەنواندنی (چارلۆت رامپلینگ - جیسیکا هارپەر - وودی ئالان)و دەرهێنانی وودی ئالان.

* رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٦/٢٥ کاتژمێری (٥،٣٠)ی سەر لە ئێوارە بەشی یەکەمی فیلمی ١٩٠٠ لەنواندنی (برت لانکستەر - روبەرت دونیرۆ - جیراردو باردیو)و دەرهێنانی بیرناردو بیرتولۆچی، شایانی باسەی کەسانێکی زۆر ئامادەی بینینی ئەم فیلمانە دەبن.

* * *

# رۆژمێری براکان

لەئەزمونێکی نوێداو لەپاش زنجیرە شانۆیی (گۆرانیی چایکا)و (گەشتەکەی حەسەن)و (چرا)و (شالیر)و (باڵندەی دەریا)و (وێرانە) کامەران رەئوف لە بیرۆکەی شانۆیی (خەونەکانی یوسف)ی بەرزان فەرەج شانۆیی (رۆژمێری براکان)ی پێشکەش کرد.



ئەم شانۆییە بەرهەمی تیپی شانۆی نەتەوەیی سەر بەوەزارەتی رۆشنبیرییەکە بەهاوکاری کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان و تیپی نواندنی سلێمانی و تیپی هونەری شار هاتۆتە بەرهەم و رۆژی ١٩٩٨/٦/٤و رۆژانی دوایی لەسەر هۆڵی شانۆیی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد هاتە نمایش کردن.

هەر لەم دەقە شانۆییەی بەرزان فەرەج پێشتر هونەرمەند ئومێد حسێن بەناوی خەونی گورگەکانەوە خوێندنەوەیەکی تری بۆ کردبوو.

ئەو ئەکتەرانەی کە لە رۆژمێری براکاندا هاوبەشییان کردبوو هونەرمەند ئازاد جلالە کە لەدوای شانۆیی گالیگۆلای هونەرمەند هادی مەهدییەوە یەکەم جارە دێتەوە سەر شانۆ. هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی کە پێشتر لە شانۆیی دادگادا هاوبەشی کردبوو، هونەرمەند ڤیان کەمال کە پێشتر لە فیلمی تەلەفزیۆنی شاردا هاوبەشی کردبوو بەهاوبەشی هونەرمەندان ئاشتی کەمال و سهیلە حەسەن و عزت رەئوف و میران عەلی و بەختیار جەلال و تاریق رەئوف و رێبین رەشیدو کاژاو محمد.

شایانی باسە کۆژین کامەران یەکێك بوو لەو منداڵانەی کە زۆر جوان لەشانۆییەکەدا جێی خۆی کردبۆوە.

بۆ ئەوەی ئەم شانۆییە بەبێ دەنگی بەسەرماندا تێ نەپەڕێت هەوڵمدا بیرو بۆچوونی چەند ئەدیب و هونەرمەندێك وەربگرم، لەسەر ئیشەکە.

شانۆکار طه محمد دەربارەی ئەم شانۆییە گوتی:

خۆ خواردنەوە لەساتە رابردووەکان .. کوشتنی هەموو سەعاتە ئیستاتیکییەکانمانە. تێرامان.. باسکردن.. دەنگە دەنگ.. ئاژاوەکانی ئەوسا، وەستانێکی بێ واتا لەبەردەمی داو گریان بۆی دیسانەوە کوشتنی ئیستاو داهاتووە.. ساتە رزیوەکانی ئەو ساتان لاجوان کردم.. منتان خستە گریان و پرسیارەکانی ئیستاتان لێ ون کردم.. ئەو پرسیارانەی دەیەوێ زەمەنە رزیوەکانی ئەوسا لە ناوەوەمدا بکوژێت و واتای ئیستام لاجوانتر بکات، گریان بۆ ئەوسا دەمانکاتە سۆزو لەساتەوەختی شانۆییەکەدا هەموو واتایەکی عەقڵانی ون دەکەین.

هونەرمەند حەمە عەلی خان دەربارەی ئەم شانۆییە گوتی:

دەکرێ بڵێین وێرانە یاوەخود ماڵە بەرهەڵوەشاوەکەی کامەران. دەرهێنەر لەزمانی کارەکتەرەکانەوە بابەتیانە باسی کێشەیەك دەکا کە ئێستا ماڵی کوردی تیا دەژی.

خاوەن هەقەکان هەمو بێ دەسەڵات و ئیفلیجن.. ئینتهازیەکانیش پاراستنی کورسی و پلەو پایەکانیان لامەبەستە.

ژن بێ دەسەڵات و بەستەزمانە.. نەوەی نوێش سەری لێ شێواوە.

ئیتر هیچی تر نەماوە بیڵێین.

کاك ئارام ئیسماعیلی رۆژنامەنووسیش زۆر بەگەرمییەوە دەربارەی شانۆییەکە گوتی:

هەر لەسەرەتاوە دەبێ ئەوە دیاری بکرێ کە ئەم دەقە شانۆییە کرانەوەی دەقێکی ترە، کە چەندین سیفاتی خۆی وون کردووەو بەخشیویەتی و هەندێکی تری زەوت کردووە، دیارە ئەمەشیان بۆ نزیك کردنەوە بووە لە کرداری نواندن، یاخود مەرجێك هەبووە، بۆ پابەندبوون و گرێدانەوەی بەچمکە کۆمەڵایەتیە باوەکانەوە، بۆ ئەمەش دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ کە دەقی دووەم، ئەگەر لە ئاستی دروست بوونی هوشیاریەکدا نەبێ، تەواو پێچەوانە دەبێتەوەو کە لە کۆتاییدا دەشێت وەهمێکی شانۆیی لەتەك خۆیدا هەڵگرێ. نمایشی رۆژمێری براکان ئیش کردنێکی واقیعانەی سادەیەو کەسایەتیەکانی بوعدی واقیعانەی خۆیانی دراوەتێ، لەیەکەم دیالۆژەوە موخاتەبەی یادەوەری خێزانی کوردو فەردی کوردی دەکات لەنێو وێناکردنەوەی

کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا. هەروەها لەنمایشەکە دوو زمانی جیاواز هەست پێ دەکرێ کەیەکێکیان توانای ناساندنو گەیاندنی فەرمانە ئایدیۆلۆژیەکانی هەیە، لەنێو کڵێشەیەکی دوویارە بوونەوەی چەندین دەقی تردایە، ئەویتریان زمانێکی گرانەو دەیەوێ جێی پرسیاری خۆی بکاتەوە. لەنمایشی رۆژمێری براکاندا چەند وەحدەیەکی نمایشی جیا جیا دەبینرێ کە ئەمەش بونیادی دروست بووە بنچینەیەکەی (بنیە تأسیسیە) ئیلغا کردۆتەوە. کە (سارایە) لەدەقی یەکەمدا.

—ئەکتەرەکان—

ئازاد جەلال، لەجەنگی عێراقی– ئێرانیو پاشان لە ئەنفالەکانیشدا بەشداری کردووەو کە تیایدا هەردوو قاچەکانی براونەتەوەو بۆتە کائینێکی خەسێنراو کەئەمەش دەرگاکردنەوەیە کە بۆ ئیحتیوا کردنی (ژیان) لەلایەن براکانیەوە کە هەموویان غەریزەی مانەوە پیادە دەکەن، ئەم کەسایەتیە دابڕ بووە لەهەموو جوڵەیەکی دەرەوە لەگەڵ ئەوەشدا مەرکەزیەتی لەدەست نەداوە، هەموو ئەو شتانە ئاشکرا دەکات، کە لە پشت کەوالیسەوەیە.

یاسین بەرزنجی– کەسایەتیەکی سیاسی، تازە پێگەیشتووی ئینتیهازیە، هەرچەندە ئەوانەی لەو جۆرەنو لەواقیعدا دەبینرێن دەمامکەکانیان مەحکەمترو جوانتر هەڵگرتووە.

ڤیان کەمال– خاڵی کراوەتەوە لە فیکرو کەسایەتییەکی ئافرەتی کوردە کەهەموو بەها جوانیەکانی لەدەست داوە.

عیزەت رەئووف– قاچاخچیەکی کاریکاتێریە، بەدووی بەرژەوەندیە تایبتیەکانی کەوتووە.

میران عەلیو ئاشتی کەمال دەیانەوێ دەستبەرداری ماڵەکەیان بن کە قەدەرەی ئەوانیشە.

سوهەیلە حەسەنو کۆژین کامەران– دووئەکتەری دیاری شانۆییەکە بوون، لەکۆتاییدا دەمەوێ ئەوەش بڵێم دەربارەی ئەوانەی لەسەر تێزەکانی ئەزموونی تازەگەری ئیش دەکەنو بەدوای پێناسێکدا دەگەڕێن بۆ نوێ کردنەوە، زۆر جار وای کردووە کە بکەونە نێو چاڵێکی وەهمیەوە لە تازەگەری..


* * *

## مەملەکەتی رەنگ

لەهۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی لە رۆژانی ١٠ مانگی حوزەیرانی ١٩٩٨ بۆ ماوەی ٤ رۆژ بەشی شێوەکاری بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری سلێمانی لەژێر ناونیشانی (مەملەکەتی رەنگ)دا پێشانگای تایبەتی یەکەمی بۆ هونەرمەند (سەربەست حەمە ساڵح) کردەوە.

سەربەستی هونەرمەند لەدایک بووی ساڵی ١٩٧٦و لە ساڵی ١٩٩٧ بەشی شێوەکاری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی تەواو کردووە.. تائێستا بێجگە لە هەموو پێشانگاکانی ناو پەیمانگا هاوبەشی ئەم پێشانگایانەی کردووە:

– پێشانگای پۆستەری هەردوو ساڵی ١٩٩٦–١٩٩٧ی ساڵرۆژی هەڵەبجەی شەهید.



– پێشانگای یادی ئەنفال ١٩٩٧.

– پێشانگای یادی مەمو زین ١٩٩٥ لە هەولێر.

– پێشانگای هاوبەشی ئەنفال ١٩٩٨.

– پێشانگای هاوبەشی چوارەمی زاموا ١٩٩٨.

* * *

## پێشانگایەکی هونەری

لەرۆژی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٩٨ مەڵبەندی لاوانی میدیا لەگەڵەرییەکەی خۆیدا پێشانگای پێنجەمی بۆ هونەرمەند (بەهادینی شێخ کەریم) کردەوە کە پێک هاتبوو لە ١٤ تابلۆ.

بەهادینی هونەرمەند پێشانگای یەکەمی لە ساڵی ١٩٩٣دا لە هۆڵی مۆزەخانە کردۆتەوەو ئەندامی دەستەی تەمە کە یەکەم

پێشانگایان لە سلێمانیو هەولێر لەساڵی ١٩٩٣دا کردوتەوە.

جەمال غەمباری شاعیر دەبارەی ئەم پێشانگایە ئەمە دەنوسێ:

سوپاس کە رەنگت هێنابووە قسە.. کە دەستو پەنجەکانت والێکردبوو قسەمان لەگەڵدا بکەن، گلەیی لە ئێمەی خاوەنە سەقەتەکانیان بکەن.



بینەرێکی ئاسایی بەناوی شادان دەڵێ: بەهادین دەیەوێ ئەو شتانە ببینێ کە نەبینراون.. ئەو شتانەش هەست پێ دەکات کەهەر خۆی هەستی پێ دەکات.

بینەرێکی تر دەربارەی ئەم پێشانگایە گوتی: دەهەمین ئیشی زۆر جوانە هەرچەندە لەماناکەی تێ ناگەم.

* * *


## پاراسایکۆلۆجیو وەهمو سیحرو خورافە

بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری سلێمانی رۆژی ١٧ی حوزەیرانی ١٩٩٨ لەکاتژمێری ٥ی ئێوارەدا لە هۆڵی رۆشنبیری مێزگردێکی تایبەتی بەزانستی پاراسایکۆلۆجی سازدا بۆ هەرسێ پاراسایکۆلۆجی ناس عبداللە قەرەداغیو مەریوان ئەبوبەکر هەڵەبجەییو جبار عوسمان.

هەرسێکیان هەوڵیاندابوو لەو تەوەرانەی خۆیاندا ئەو کارە نابەجێیانە هەڵوەشێننەوە کە بەناوی پاراسایکۆلۆجییەوە دەکرێن.

لەبەر گرنگی ئەم مێزگردە هەوڵماندا سەرەتا لەگەڵ بەرێز مەریوان ئەبوبەکردا قسە بکەین و دەربارەی کارەکەیان گوتی:

وەك رێك کەوتنێکی خۆمانو وەك تەوەرەیەکی سەرەکی باسی وەهمو سیحرو خورافەیان بەمن سپارد. دیارە ئەم کارەش لەخۆوە نەبووە، ماوەیەکی زۆر دراسەی سیحرم کرد. ئەو وەهمەی لە خەونی موگناتیسیدا دروست دەبێ کە دەرچوون لەلەشو رۆیشتنە بۆ شوێنی دوورو بینینی جنو مەلیکە تاووسو شەنحوتو پاشاو... هتد.



لە راستیا ئەم کارانە زیاتر لەلا کۆڵانەکاندا جێبەجێ دەکرێو چەند کەسێك بەناوی زانستەوە پیادەی دەکەنو پارەیەکی زۆری پێ پەیدا دەکەن.

ئەم کارانە کاریگەری زۆر خراپی کردۆتە سەر خەڵکی. خەونی موگناتیسی لەلای زانست خوازان دەبێ بەچەند پلەیەکەوە، لەسەرەتای پلەکاندا هەر پێنج هەستیارەکەی خەو لێ خراو کۆنترۆڵ دەکرێ، خەوە لێ خەر دەتوانێ لەرێی ئەم پێنج هەستیارەوە گۆڕانکاری دروست بکات، بۆ نموونە گەر پەرداخێك ئاو بدات بە خەولێخراوو پێی بڵێ ئەم شەربەتە بخۆرەوە، ئەوا لای خەولێخراو ئاوەکە دەبێ بەشەربەتو تامی شەربەتەکە دەکات.

بەهەمان شێوە هەستیارەکانی تریشی گۆڕانکارییان تێ دەکەوێ لەوانە بینین، بۆ نموونە گەر خەولێخەر پێی بڵێ ئێستا تۆ لەباخێکدایو کانیەکی سازگار دەبینی. خەولێکەوتووەکە یەکسەر دەیبینێ، یاوەخود پێی بڵێ ئێستا تۆ دەڕۆی بۆ ئەوروپا یان فلانە کەس دەبینی ئەویش یەکسەر دەیبینێ.

ئالەمەوە جنو مەلیکە دروست بووە، بۆ نموونە خەولێخەر پێی دەڵێ (ئێستا کابرایەکی پیری ریش سپی کورتە بالای .... هتد دێت بۆلات) یەکسەر لای خەولێکەوتوو ئەم حالەتە دروست دەبێ، تەنیا بەئیحاو تەلقین ئەمانە دەبینێ، هەر

ئاواش جن و مەلیکە تاووس دەبینێت کە ئەمەش وەهمە.


لە کۆڕەکەدا باسم لە فەسلەجە کرد.. میکانیزمی مێشک لەڕووداوو گۆڕانکاری یەکاندا. بەپێی ئایەتی قورئانی پیرۆز جن هەیە بەڵام ئەو جنە ئەم جنە نی یە کە لەخەونی موگناتیسی دا هەیە، ئەمیان وەهم و خورافەیە.

دەرچوون لەلەش و هەندێ حاڵەتی تر لەخەونی موگناتیسی دا هەیە، بەڵام نەك بەوشێوە ئاسانەی کەهەموو کەس بتوانێ بیکات بەڵکو زۆر زۆر گرانەو لەتەواوی کوردستاندا ٤ تا ٥ کەس توانای ئەم کارەیان هەیەو ئەم کەسانەش لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستا ناسراون.

تەوەرەی دووەم سیحر بوو.. سیحرێك بەو پێگەیەی خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی لێی تێگەیشتوون، واتە شتێك لەنەبوونەوە بۆ بوون یان لەبوونەوە بۆ نەبوون، ئەم مانایە زۆر هەڵەیەو هەرگیز لەتەواوی جیهاندا ئەم کارە رووی نەداوە.

بۆ نموونە کەسێك کە لەناو پەڕۆیەکدا کۆترێك باڵە فڕە پێ دەکات و پاشانیش وونی دەکات، لێرەدا کۆترەکە نەلەنەبوون هاتە بوون و نەلە بوون بوو بەنەبوون بەڵکو کۆترەکە خۆی هەر هەیەو ساحیرەکە بەشێوەیەکی هونەری و فڕوفێڵاوی کۆترەکەی لە شوێنێکی خۆی دا شاردۆتەوەو بەهۆی نەرم و نیانی و خێرایی جوڵەی دەستی یەوە بەشێوەیەك جێ بەجێ دەکات کە تۆ هەستی پێ نەکەی.

ئەوەی منی هاندا باسی ئەم تەوەرە بکەم دوعانووس و نوشتەبازەکان بوون کە بەهۆی فێربوونی چەند فڕوفێڵێکەوە کە گوایە دوعا لەناو هێلکەدا دهێننەوە یاوەخود دوعا لە مەنجەڵە ئاودا دەهێننەوە.. هتد.



دەستی خەڵکی دەبڕن و خوێنی خەڵکیان مژیوە، من لەو مێزگردەدا سێ کاری دەست بڕی ئەو کەسانەم ئاشکرا کردو سەلماندم کە نەمرۆڤایەتی و نەویژدان و نەقورئان بەم کارە رازی نابن.

بۆیەدەڵێم سیحر واتە فڕوفێڵ و هیچ راستیەك لەم دیاردەیەدا نی یە.

ئەمجا جبار عوسمان دەربارەی تەوەرەکەی خۆی گوتی: جیاکاری باراسایکۆلۆجی لەروانگەی مادیەت و میسالیەتدا،هەڵبەت قسەکردن لەسەر ئەم تەوەرەیە زۆر قسەو باس هەڵدەگرێ، ئەوەندەی بەمن کرابێ زیاتر هەوڵمداوە لەروانگەی زانستی یەوە شیکارێك بۆ باراسایکۆلۆجی بکەم، دیارە بەزانست بوونی ئەم بوارە بۆ خۆی دەبێ پشت بەستێ بەکۆمەڵێك بنەمای زانستی و کاری تاقیگەیی بەو مەبەستەی کە بتوانرێ جیاکاری یەك لەنێوان بۆچوونە میسالیەکەو بواری زانستی دا بکرێ. بنچینەی هەموو ئەو دیاردانەی کە لە رێگەی ئاین و تەصەوفەوە دەکرێ دەبەستمەوە بەزانستەوە لێرەدا زانست دەبێ بەتیئۆرێك بۆ ئەم جیاکارییە کە لەنێوان ئەو دوو بۆچوونە جیاوازەدا روودەدات.

دەکرێ ئەقڵی زاتی ئەو پێوەرە زانستی یە بکاتە پێوەرێك بۆ بڕیاردان و تێ گەیشتن.

لەکۆتایی دا بەڕێز عبداللە قەرەداغی دەربارەی تەوەرەکەی خۆی گوتی: تەوەرەکەی من دەربارەی پەیوەندی نێوان پاراسایکۆلۆجی و تەسەووف بوو، دیارە ناکرێ لەماوەی (٢٠) دەقیقەدا کە بۆ هەریەکێکمان دیاری کرابوو، ئەو پەیوەندی یە بەهەموو لایەنەکانیەوە بخرێتە بەرچاو، بۆیە تەنها لەرووی مەنهەجەوە ئاماژەم بۆ لایەنە هاوبەشەکان و خاڵەکانی جیاوازی ی نێوان هەردوو بوارەکە کرد، لەو تەوەرەیەی خۆمدا دە خاڵی هاوبەشم دیاری کردو پێنجیش خاڵی جیاوازی بوون، بەلای منەوە، هەر لەو کۆڕەشدا دوپاتم کردەوە، خاڵەکانی جیاوازی لەرووی مەنهەجەوە گرنگترن و دەبێ زۆر سووربین لەسەر ئاماژە بۆ کردنیان، چونکە دەربڕینی ئەو خاڵانە دەتوانن کۆمەڵە راستی یەکمان بۆ روون بکەنەوە، وەکو: بۆچی سۆفی یەکان ئامادەنین هێزە نائاسایی یەکانی خۆیان دەربڕن؟ بۆچی ئەو کردەوانەی کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ تەعبیر لەو هێزە نائاساییە دەکەن، لەبواری

تەسەووفدا، پایەدارترو چەسپاوترو کاریگەرترو قووڵترن لەوانەی پاراسایکۆلۆجی؟ بۆچی لەبواری تەسەووفدا هەموو کەسێك جێگای نابێتەوە؟و... هتد.


* * *

## شەوێکی تابان

لەرۆژی ٢١ی حوزەیرانی ١٩٩٨ بۆ ماوەی سێ رۆژ یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتووی کوردستان لقی کەرکوك بەناوی شەوێکی تابان.

لەهۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی ٣٤ کاری خۆشنووسی بەشێوەی میناتۆر لە پێشانگایەکی خۆشنووسیدا بۆ هونەرمەند (ئاری پەروەر) تەرخان کردبوو.

لەم پێشانگایەدا کاری خۆشنووسیو تابلۆ تێکەڵاوکرابوون، بەئەندازەیەکی ورد کە بە حوکمی چاو نەدەبینران و دەبوو بەزەرەبین تەماشا بکرێن.



لەوێ مامۆستا قادر میرخان تەماشای کارەکانی دەکرد چوومە نزیکییەوەو پێم گوت ئەم کارانە بەخووشنووسی دەژمێردرێن، مامۆستا میرخان گوتی: خۆشنووسی یانی قامیش. ئەمە نەرەسمە رەسم بێو نەخەتە خەت بێ چونکە خۆشنووسی یاسای خۆی هەیەو هەندەسەیە.

قامیش پێوانەیە بۆ خۆشنووس، کاك ئاری ویستوویەتی ئیشی ورد بکات بەڵام میناتۆر نییە. دواجار گوتی: بەنیەتی خەت هاتم بەڵام خەتم نەبینی.

جاف پانی نییە بۆیە تەنیا شکڵی زاهیری پیتەکانی وەرگرتووە ئەمەش حساباتی قیاسی لەگەڵ ناکرێ بەڵکو تەنیا لاسایی نماذجی خەتە.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی کاك میرخان لەکاك ئاریم پرسی: ئایا ئەم کارانە بەهونەری خۆشنووسی دەژمێردرێ؟

ئاری گوتی: بەڵێ ئەمە شێوازی میناتۆری خۆشنووسییە، ئەم کارانە بەقەڵەم نەکراون بەڵکو بەنوکی سوچەر.

لە کوردستاندا ئەمە یەکەمین جارە بەم شێوازە کار بکرێ، لە ئێران لەیەك پێشانگای لەم جۆرەدا هاوبەشیم کردووەو پلەی یەکەمیم بەدەست هێناوە.

هەر لەو پێشانگایەدا دوو هونەرمەندی ئەفغانی بەتوانا هاوبەشیان کردبوو بەناوی (محمد میر عەلەوی و جاویدان).

عزت رەئووفی شانۆکار دەربارەی ئەم بەرهەمانە گوتی: بەڕاستی سەرنجم بۆ میناتۆر تەنیا لە شێوەکاردا بەرچاو کەوتبوو بەڵام ئێستا لەم پێشانگایەدا چاوم بەتابلۆی هارمۆنی کەوت لەنێوان هونەری شێوەکارو خۆش نوسیدا.

مامۆستا ئیسماعیل خەیات دەربارەی ئەم کارانە گوتی: هیوام وایە ئەم تاقی کردنەوەیەی کاك ئاری کە تایبەتە بەقەوارەی میناتۆر لەداهاتوودا زیاتر دەوڵەمەندی بکات.

* * *

## شەوێك بۆ جنۆکەکانو چاوپێکەوتنێك

هونەرمەند سالار مەجید رۆژی هەینی بەرواری ٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٨ لەخۆئامادەکردنێکی پێش وەختدا شاری سلێمانی بەجێهێشتو لە سەفەرێکی ٢٤ کاتژمێریدا بۆ نیشاندانی چوارەمین ئەزموونی لەدەرەوەی گەلەرییەکاندا بەرەو شاخی پیرەمەگرونو هەسێری پیرێ کەوتەرێ، دواتر بەئامادەبوونی کۆمەڵێك جنۆکە لە ئەستێلێکی ئاودا کە لە بەرزاییەوە تافێکی دەرژایە سەرو لەو پانتاییە بچکۆلەیەداو لەژێر توێژاڵێکی ئاوی جوڵاوەدا ١٣ تابلۆ یاوەخود بەرهەمی چوراوە دەجووڵانەوە.

ئەم بەرهەمانە لەسەر پلێتێکی بازنەیی (کاسێتی گرامافۆن) نەخشێنرابوون. شایانی وتنە ئەزموونی یەکەمی سالار لەناوچەی پێنجوێنو دووهەمیان بەهاوبەشی هونەرمەند سامان کەریم لە ئەشکەوتی هەزارمێردو سێهەمیان لەشاخی ئەزمەڕ لەناوچەی قوولەڕەشدا نیشاندراوە.



سالاری هونەرمەند لە سالی ١٩٦١ لەدێی هاوار لەدایك بووەو لەنێوان سالی ١٩٨٠ تاكو ئێستا یازدە پێشانگای كردۆتەوەو هاوبەشی ٢٤ پێشانگای دەرەوەو ناوەوەی ولاتی كردووە.

لە فلندەو ئەلمانیاو بەریتانیا كارەكانی بینراوە، بۆ زیاتر ناسینی دیدو جیهانبینی سالاری هونەرمەند ئەم چاوپێكەوتنە تایبەتیەمان خولقاند.

پ/ بۆچی پێشانگای چوارەمت پێشكەشی جاكسۆن پۆلۆك كردوە؟

سالار/ پێشكەش كردنی ئەم ئەزمونە نوێیەم بۆ جاكسۆن پۆلۆك سوپاس گوزاریو قەرزاری كاركردنو تێڕوانینی منە بۆ دونیای هونەر بەتایبەتی لە سالانی سیزان بەدواوە تاكو ئێستا.

تەكنیكی كاركردن لەم ئەزموونەدا هاوشێوەی تەكنیكی كارەكانی پۆلۆكە لەرووی بەكارهێنانی كەرەستە شلەكانو داچۆڕانیان بۆ سەر رووبەری تابلۆ. ئەو پێشكەش كردنە بەپۆلۆك بەشەرمەوە راوەستانە لەڕوناكیداو لەبەردەم تابلۆكانی ئەو هونەرمەندەدا، ئەگەر ناوی ئەو بەڕێزەم نەهێنایە.. ئەگەر پێشكەشم بەو نەكردایە لەو چەتە چاوكوێرانە دەچووم كە بە شمشێرێكی تەختەوە لەپەڕتوكو گۆڤارو هەوالەكاندا بەدوای كەشتی هونەردا دەگەڕێن تاتالانی بكەن، بەتەنیا هەر پۆلۆك نابەلكو وەك لەسەرەتادا باسم كردوە لەسالانی سیزانەوە ئەوان دەرگایان كردەوە.

من پێكهاتەیەكم هەول ئەدەم هەموو جوانیەكانی گەردوون لەخۆم بكرم. ئەمەوێ هەناسەیەك وەربگرم تاهەناسەیەك ببەخشم.

پ/ لەگەلەرییەكانەوە بۆ سروشتو لەهەواوە بۆ ئاو وەك جۆرێك لەیاخی بوون ئەم ئەزموونە چ گریمانەیەكی لەگەل خۆی هەلگرتووە؟

سالار/ من بەدوای گومانو گەڕانو پرسیارەكانی خۆمدا دەڕۆم، مندالیم دێتەوە یاد لەهۆزێكی زیندوودا گۆش كرام كە رۆحیان لەبەردو دارو گشت شتەكانی بووندا دەبینی (مال) نەبووە تەنیا جێگای ژیانو پەیوەندیەكانم.

ئەو پیاوە سمێل ئاوریشمیانەی گۆشیان كردم هەمیشە دوپاتیان دەكردەوە كەجیهان مالی ئێمەیە، ئەوان بەیانی باشیان لەخۆر ئەكرد. بۆنی گەلای هەنجیریان ئەكردو ماندوو نەبوونیان لەگاكان دەكرد. ئەو یاخی بوونەی بەڕێزت باسی دەكەی یاخی بوونی منە لەو هەموو وانە بێ مانایانەی كە دوای منالیم فێركرامو جگە لە تەمەلی هیچی تریان فێرنەكردم، یاخی بوونە لە بازاڕە بێ بەزەییەكانی شار كە سۆفیەكانیان فێری پارە كۆكردنەوە كرد.

رەنگە ئەمە یاخی بوون بێ لەئاستی ژیانی بچوكی ئێمەدا كە بۆمان هەیە تەنیا لە شارێكداو لە شەقامێكداو لەگەلەرییەكدا بەفیڕۆی بدەین بەلام ئەمە لە ئاست ژیان خۆیدا رەنگە تەنیا هەولێك بێ بۆ هەناسەیەكی بچكۆلە.

پ/ ئایا بینەرێكی ئاسایی دەتوانێ لەگەل ئەم ئەزموونانە تێكەلاو بێ یاوەخود لەگەڕاندای بەدوای رەهەندێكی تری بینەردا وەك خۆت ناوت لێ ناوە جنۆكە؟

سالار/ من لە گەڕاندا نیم بەدوای رەهەندێكی تری بینەردا، من لەگەڕاندام بەدوای گومانو پرسیارەكانی خۆمدا. بینەر پێویستە بەدوای گومانو پرسیارەكانی خۆیدا بگەڕێ.

من وەك بینەری كارەكانی خۆم زۆر بەسادەیی دەتوانم تێكەلاو ببم.. كارەكە قورس نییە، ئامادەبوونی ئەوێ، سوهراب دەلێ كەسێك نییە چۆلەكەی سەركێلگەكان بەجدی وەربگرێ، ئەگەر كەسێك شوێنی فلچەیەكی بەجدی وەرگرت دەتوانێ تێكەلاو بێ، ئێمە بۆ بینینی جوانیەكان سەرەتاكانمان لەدەست داوە.

پ/ ئەبستراكت چ پێگەیەك لەناو سروشتدا داگیر دەكات یاوەخود تۆ چۆن دەتەوێ پەیوەندی لەگەل سروشتا بەستی؟

سالار/ قسەكردن لەسەر ئەبستراكت ئاگاییەكی زۆری دەوێ، كارەكە تەنها ئەوەندە نییە دوو قسەی كاندسكیو موندریانو دیلۆنی كە بەزمانی عەرەبی پێت گەیشتبێتو دلنیاش نەبیت كە

وەرگێڕانەکەی کاری پێ بکەیت، بۆیە بەوپەڕی شەرمەوە ئەگەر بوێرم تەنها ئەوە بڵێم کە دەکرێ لە سروشتدا کار لە ئەپستراکا بکرێت لەو روانکەیەی هونەرمەندەکە مەبەستیەتی وەك لایەنی رەنگو ریتمو دابەش کردنو... هتد وەك ئەوەی موندریان یان کاندسکی لەسەرەتادا کردیان، من بۆ خۆم سروشت وەك ئەو جێگەیە تەماشا ناکەم کە شتەکان چاوەڕێی من بکەن تەماشایان بکەمو مانایان پێ ببەخشم بەپێچەوانەوە من سروشت وەك ئەو شێوانە تەماشا دەکەم کەخۆیان دەیانەوێ لە ریتمی گەردووندا خۆیان بنو بەوپەڕی زیندووییەوە لەهارمۆنیو کۆنتراستی خۆیاندا جوانترین ریتمی من کە نازانم لەکوێوە سەرچاوەی وەرگرتووە دەجوولێنن، من ئەو کاتەی لە سروشتدا وێنە ئەکێشم رەنگە چەند فلچەیەکی سەرەتام پەیوەندیم بەدیمەنی بەرامبەرمەوە هەبێت دوای ئەوە کارەکە دەگۆڕێ زۆربەی جار ئەو فلچانەی سەرەتاش نامێنێت من ئێستا سروشت وەك ئەو بەرزاییانە تەماشا دەکەم کە یارمەتی فرینم ئەدەن.

پ/ ئەمە چوارەمین ئەزموونتە لەدەرەوەی گەلەرییەکان.. ئەم ئەزموونانە بەرەو کوێت دەبا.. ئایا بەدوای چ ئومێدێکا دەگەڕێی؟

سالار/ ئەم ئەزموونانە وەك لەسەرەتادا ووتم گومانو گەڕانو پرسیارەکانی منە من چۆن چۆنی بزانم بۆ کوێم دەبات ئەگەر من ئەو ئەزموونانەم بگەڕاندایە ئەڵبەتە ئەمزانی بۆ کوێ دەڕۆم بەڵام ئەوان من بانگ دەکەن، پەلکێشم دەکەن بۆ هەر کوێیەکم بەرن دەڕۆم ئەوانە ئەو دەنگەی رۆحن کە درەنگ دەیبیستیو کە دەشی بیستی درەنگ بڕوای پێ دەکەی لەنێوان ئەو هەموو جوڵەیەی نێو گەردوون کامە خولگەی تۆیە ئەمە کێشەکەیە...

لەم پرسیارەی دوایی زیاتر مەبەستم ئەوە بوو کە کەسی داهێنەر نەخشەی ئامادەی نییە، ئەوەندەی بەردەوام لەگەڕاندایە. ئەشێ ئەمە وەڵامێك بێ بۆ ئەو کەسانەی کە وادەزانن کاك سالار بەمەبەستێکی پێشبینی کراو کاردەکات.

کۆتایی سوپاس.

* * *

# کەرەستە بێ کەڵکەکانو ئیسماعیل خەیات

لەمۆزەخانەی سلێمانی رۆژی ٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٨ بۆ ماوەی پێنج رۆژ بەڕێوەبەرێتی گشتی رۆشنبیریو هونەری سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری پێشانگای ٢٣ هونەرمەندی کردەوە.



لەم پێشانگایەدا ئەم هونەرمەندانە هاوبەش بوون (اسماعیل خەیات، رۆستەم ئاغالە، محمد فتاح، حەمەسەعی باپیر، ئاشنا عبدالله، شیلان جەبار، هیوا دۆمان، بەهار حەسەن، دیاری محمد، پەری ئەحمەد، چیا محمد، ستار قادر، شاهۆ عبدالرحمن، بهادین کەریم، شوان رەباتی، سەربەست حەمەسالح، اسماعیل عمر، جلال ئەحمەد، خسرەو حسین، ئەرسەلان ئەحمەد، شیروان فتاح، نوری محمود، کاوە بابان).

لە پشت ئەم ئەزموونەوە هونەرمەند ئیسماعیل خەیات خۆی شاردۆتەوەو بەگلۆپە بێ کەڵكو سوتاوەکانی مۆزەخانەی سلێمانی ئەم ٢٢ هونەرمەندەی جوڵاندەوە.

ئەمەش ئاوڕدانەوەیەکی زیرەکانەیە بۆ ئەو کەرەسە بێ کەڵکانەی دەوروپشتمان کە دەشێ چاوی هونەرمەند بێ ئاگابێ لێیان.

یاوەخود هونەرمەند ئەو کەسەیە لەنەبوو یاوەخود لەکەرەسە ناهونەرییەکان دەتوانێ ئەو کەرەسانە بەدەست بهێنێ کە بەکەڵکی هونەر بێنو جوانکاریان تیا بخولقێنێ.

هونەرمەند پەری ئەحمەد گوتی: کاتێك اسماعیل خەیات ئاگاداری کردم بەراستی هیچ فکرەیەك لەهۆشمدا نەبوو. کە دەستم دایە ئیشەکەو کەرەسەکانم ئامادەکرد هێشتا نەمدەزانی چی دەکەم)

هونەرمەند جلال ئەحمەد وتی: (رەنگە کرداری بەپیرۆزکردنی کەرەستە فڕێ دراوەکان یان بێ کەڵکەکان هەروا ئاسان نەبێ بەڵام زیندووکردنەوەی لەکارێکی

هونەری‌دا داهێنانە) کە ئەو گڵۆپە سوتاوەشیان دابووە هونەرمەند شیلان جەبار وێنەی لەسەر بکێشێ سەری لێ شێوابوو چونکە شێوەیەکی بازنەیی هەبوو نەیدەزانی چی لێ بکات تاوەکو وردە وردە لەگەڵی رامات.

لە کۆتاییدا هونەرمەند ئاشنا عبداللە گوتی: (هەرچەندە پێش ئەم ئەزموونە من بیرم لەم جۆرە کارکردنە کردۆتەوە واتە بەکارهێنانی کەل‌و پەلی بەکارهاتووی بێ‌کەڵك بۆکاری هونەری. بەڵام بەمجۆرەی ئێستاناکە ٢٣ کەس یەك ماددە کۆیان کاتەوە، وەکاتێ کاك ئیسماعیل داوای بەشداربوونمی کرد راستەوخۆ رازی بووم چونکە هەستم کرد ئەو شکڵە یارمەتیم دەدات بەڵام پاش لێخوردبوونەوەیەکی زۆر ئەوجا توانیم کاری تیا بکەم.

* * *

## کۆڕێک بۆ مەحوی

رۆژی ١٩٩٨/٧/١ بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری سلێمانی لەهۆڵەکەی خۆی‌دا کۆڕێکی بەناونیشانی (جیهانی مەحوی‌و سەرەتایەك لەرێگای تێگەیشتنی شیعری مەحوی‌دا) بۆ مامۆستا عبداللە قەرەداغی سازکرد.

لەبەشی یەکەمی باسەکەی‌دا دەربارەی دامەزراندنی سەرەتایەك دوا بۆ لێکۆڵینەوەو تێگەیشتنی شیعری مەحوی کە بەبڕوای ئەو باشترین هەوڵ بۆ تێگەیشتن لە مەحوی تێگەیشتنی میتۆدی ناخە لە شیعرەکانی مەحوی‌دا.



دواتر رۆشنایی خستە سەر ئەوەی کە دەبێ مەحوی وەکو یەکێك لە شاعیرە سۆفیگەرەکانی کورد بناسرێ، بەبڕوای ئەوە لە ٥٠٠ زاراوەی سۆفیانە ٢٧٠ دەستەواژەی سۆفیانەی بەکاربردووە لە شیعرەکانی‌دا گە دیارە ئەمە زیاتر لەخانەی سۆفیاندا پۆلێن دەکرێ.

هەروەها لەمیانەی بابەتەکەی‌دا تیشکی خستە سەر ئەو شێوە لێکۆڵینەوانەی تا ساڵی ٨٠کان لەسەر مەحوی کراون‌و نەیانتوانیوە لە چەند شیعرێکی پارچە پارچە زیاتر تێ پەڕێنن بەڵام دەبێ هەوڵی مامۆستایان مەلا کەریمی مدرس‌ومحمدی مەلا کەریم بەرز بنرخێنرێت لە کۆکردنەوەو شیکردنەوەی شیعرەکاندا.

دواتر لەلای ئامادەبوانەوە گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل خوڵقاو بەڕێزان مەریوان هەڵەبجەیی‌و دکتۆر ئەکرەم‌و ئاوات حەسەن ئەمین هەریەکەیان بەجۆرێك لەسەر باسەکە دوان.

شایانی باسە کۆڕەکە نزیکەی دو سەعاتی خایاندو بەڕێز سەروەر کریم کۆڕەکەی بەڕێوەبرد.

* * *

## [illegible]

## رۆستەم ئاغالە

هونەرمەندێکی ناسراوی کوردستانە هەتا ئێستا.. جگە لەوەی (١٠) پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە کە چواریان لەشاری سلێمانی پێشکەش کراوون، پێشانگایەکیشی ساڵی (١٩٩٥) لە پاریسدا بۆ کراوەتەوە، گەرچی خۆیشی نەیتوانیبوو بگاتە ئەوێ. لە (نەمسا)شدا چوار تابلۆی کراوەتە پۆست کارت. ساڵانی (١٩٩٣-١٩٩٤) نمایشی سلایدی لە کوێت‌و ئیتالیادا بۆ کراوە.




ئەم دواپێشانگایەی رۆستەم، لەلایەن بەڕێز (مام جەلال) سکرتێری گشتی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)ەوە رۆژی ١٩٩٨/٧/١٠ کرایەوەو هەتا ٧/١٥ خایاند.

رۆستەم.. ئەمە دوا پێشانگایەتی، بەڵام یەکەمین پێشانگای دوای

ئاسوودەیی ژانو هەژانێتی.. ژانو هەژانی دڵو گوڵ!

لەم پێشانگایەدا، ئاغالە، هەوڵیداوەو بەتابلۆکانیشیەوە دیارن، کە ئەگەر ژانی دڵی ئاسوودە بووبێ، ئاوا ژانو هەژانی هونەری هەر جۆش دەخوا.

هونەرێکی بەرز تێکەڵاو بەهێمای رەهەندەکانی رەسەنایەتی، رەسەنایەتی هەتا رادەی بەکارهێنانی (کورتان)یش لە خزمەتی هونەرو رەسەنایەتیدا..

لەم پێشانگایەشدا.. رۆستەم سەرکەوتوو بوو. هۆگرانی هونەری هێنایەوە خزمەتی هونەری وێنەکێشانی ریالیزمی ئازاد.

رۆستەم.. لەو هونەرمەندانەیە کە لەسەرو بەندی راپەرینەوە سەری هەڵداوەو هەتا هاتووە نائومێدی رۆژگار کاری نالەباری تێنەکردووە. بەڵکو ماوشانی چەند هونەرمەندێکی هاوتەمەنی لە پێشکەوتندایە.

* * *

## عەلی مەردان:

# ساباتی مەقام و گۆرانی رەسەنی کوردییە

رۆژانی (٢٤ تا ١٩٩٨/٧/٢٦) تیپی مۆسیقای سلێمانی، بەهاوکاری بەشی هونەری (مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان) کۆنسێرتێکیان بۆ یادی هونەرمەندی هەڵکەوتووی کورد، (مامۆستا عەلی مەردان) سازکرد.

لەم کۆنسێرتەدا، (١٠) بەستەو (٣)



مەقامی ئاشنا بەهەموو هونەردۆستێکی کورد، لەسەر شانۆی (کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد- مەڵبەندی گشتی) لەچوارچێوەیەکی فۆلکلۆری رازاوەدا، پێشکەش کران.

هەرچەندە سازدانی کۆنسێرت بۆ هەڵکەوتوویەکی وەکو (عەلی مەردان) بۆ مەقامو بەستەی ئەم هونەرمەندە، کارێکی ئاسان نییە.

بەڵام تیپی مۆسیقای سلێمانی، وەك ئەمەکێکی هونەری، وەکو وەفایەك بۆ مامۆستای گۆرانیو مەقامی کوردی، لە رێگەی هونەرمەندان (محەمەد رەئوف کەرکوکی، فازیل خالید، ئەیوب عەلی، سابیر کوردستانی) بەپێی توانا هەوڵیاندا ئاشقانی عەلی مەردان، دڵخۆش بکەن. سەرکەوتووش بوون.

هەرچەندە (عەلی مەردان) کاری زۆر گەورەتر دەهێنێ. بەڵام یادکردنەوەی خۆی لەخۆیدا نواندنی وەفایەکی گەورەیە. بۆ تیپی مۆسیقای سلێمانیو ئەو هونەرمەندانەی بەشداریان لەم کۆنسێرتی یادەدا کرد.

ئەوەی مایەی سەیرە.. چەند هونەرمەندێك بۆ ئەم کۆنسێرتە داوەت کرابوون. کەچی هەریەکە بەپاساوێك خۆی دزیوەتەوە، تۆ بڵێی لەناو هونەرمەندانی ئێستادا، هەبن خۆیان لە (عەلی مەردان) بەگەورەتر لەهونەری گۆرانیدا.. بزانن!

* * *

## راستکردنەوەی هەڵە

لە بەرگی دووەمدا نووسراوە (First) راستیەکەی (Second).


کۆمپیوتەری بنکەی گەلاوێژ
جلیل حسین

ئۆفسێت
چاپخانەی داناز

پەیوەندیکردن لەهەندەرانەوە بەم ژمارەی فاکسە دەبێ:
FAX: 00873 683 025930 - سلێمانی - نوسینگەی ئاسیا
00871 761 314196 گۆڤاری گەلاوێژی نوێ

نرخ
- بۆ ناو وڵات: (١٥) پانزە دینار
- بۆ هەندەران: (٧) حەوت دۆلار

ئەدرەس
سلێمانی - بەرامبەر ساحەی ترایەکە
بارەگای بنکەی ئەدەبیی و روناکبیری گەلاوێژ